# یەکگرتن

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیۆرییە

ژمارە 10 1989

# یەکگرتن

YEKGIRTIN

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیۆرییە

**١٠**

پایزی ١٩٨٩

هەواڵنامەی کتێب

سەرنووسەر

هەڵکەوت عەبدوڵا

دەستەی بەڕێوەبردن

ا.ی توانا

ڕزگار ئاوارە

ئەنجام محەمەد

بنکەی ڕۆشنبیری یەکگرتن بڵاوی دەکاتەوە

# ناوانخن


- ووتەی ژمارە ( یەکگرتن ) . ٥

- سەرەتایەک بۆ تەنگوچەڵەمەی دیموکراسیەت ـ ( ڕزگار ئاوارە ) . ٩

- دین ئەفیونی گەلانە ، بڕۆخێ خوا و خوایەتی ( حەمەسالح بانیخێلانی ) . ٢٠

- ووتاری سترۆکتۆرالیزمی ( بەشی دووەم )- ( ئازاد حەمە ) . ٦١

- پێناسەیەک بۆ ئەزمەی کەسایەتی لەواقیعی ئەمڕۆی جیهاندا ( بەشی دووەم )-( پ. نوری ) . ٩٢

- ئایا مارکسیزم لە تەنگوچەڵەمەدایە ؟ نووسینی : نیکۆلای پۆلانتزاس - وەرگێڕانی ( ر. ح. ح ) . ١١٧

ئەدەب و هونەر :

- دیموکراسی یان قرتاندنی تێکست ؟! ( ئەحمەدی مەلا ) . ١٣٥

- گەنجینەی شیعری و تەنگوچەڵەمە لە تێڕوانینماندا . . . ( ڕێبوار سیوەیلی ) . ١٣٧

- ئەحمەدی مەلا و گفتوگۆیەکی شیعری ـ ( موحسین ئەحمەد عومەر ) . ١٥١


نەخشەکێشانی بەرگی ئەم ژمارەیە : ڕزگار عەبدوڵا .

# یەکگرتن


- لانگستۆن هیۆز - وەرگێڕانی (دانا . ك) ١٦٠
- ڕۆژە خۆشەکان (شیعر)-(فەرهاد پیرباڵ) . ١٦٦
- کۆچی تەنیایی (شیعر) - ( پشکۆ ) . ١٧٠
- میرات (شیعر) - ( ت . یونسی ) . ١٧٥
- پەیکەر (شیعر) - (حەمەسەعید حەسەن) . ١٧٧
- ڕۆنین ( شیعر )- (زریان کاکەیی) . ١٧٨
- ڕاگرتن (چیرۆك) - (خەلیل دهۆکی) . ١٨٠
- ئەگەر دڕەماسیەکان مرۆڤ بوونایە - نووسینی : بریێشت ، وەرگێڕانی ( ڕەزا حەمە فەرەج ) . ١٨٥
- وون بوون (پەخشان) . ١٨٩
- هونەرمەندیك و پرۆژەی نوێکردنەوەی مۆزیکی کوردی (لێدوانێکی فراوان) . ١٩٢
- دوو هونەرمەند ٢١٧
- چەند هەواڵێك ٢٢٤
- لەیادی " نوشا فەرهی " دا - (هیوا . م) . ٢٢٨
- پەندی پێشینان لەناو میللەتاندا - وەرگێڕانی لەئەڵمانیەوە : ( ڕەزا حەمەفەرەج ) . ٢٣٠


بابەتەکانی بلاوەکرێنەوە دەربڕی بیروڕای نووسەرەکانیانن و مەرج نیە لەگەڵ ڕێبازی گۆڤار و بنکەی ڕۆشنبیری یەکگرتن دا جووت بن

هەواڵنامەی کتێب

# بۆ نووسەر و ڕۆشنبیرەکانی کوردستان

* "یەکگرتن" گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیۆرییە ، دامەزراوە بۆ هاندانی لێکۆڵینەوەی زانستی دەربارەی لایەنە جۆربەجۆرەکانی کۆمەڵگای کوردەواری و ناساندنی فکری هاوچەرخی جیهانی بە ڕۆشنبیرەکانی گەلەکەمان .

* "یەکگرتن" پێشوازی لە بەرهەمی هەموو نووسەر و ڕۆشنبیرێك دەکات و زیاتر بایەخ بەو بابەتانە دەدات کە لە مەسەلە تایبەتییەکانی تایبەت بەکۆمەڵگەی کوردەواری دەکۆڵنەوە .

* "یەکگرتن" جگە لەو بابەتانەی بەناوی خۆیەوە بڵاویان دەکاتەوە، بەرپرسیار نییە بەرامبەر هیچ ووتار و بابەتێکی تر . بڵاوبوونەوەی هەموو بابەتێکیش گرێدراوە بە ناوەرۆکی بابەتەکە و بوونی مەرجەکانی بڵاوکردنەوەوە .

* "یەکگرتن" ئاواتەخوازە لەکاتی ناردنی بابەتدا ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێ :

- قەبارەی ووتار ( ٢٤٠٠ - ٤٠٠٠ ) ووشە بێت و قەبارەی لێکۆڵینەوەش ( ٤٥٠٠ - ٧٠٠٠ ) ووشە بێ .
- سەرچاوە و پەراوێزەکان بەشێوەیەکی زانستی و ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانە دیاری بکرێن و لەکۆتایی بابەتەکەدا و سەربەخۆ بنووسرێنەوە :
  ناوی نووسەر ، ناونیشانی سەرچاوە ، دەزگای چاپکردن ، شوێن و کاتی چاپکردن ، لاپەڕە .
- لەکاتی ناردنی بابەتێکی وەرگێڕدراودا وێنەیەکی دەقەکە ڕەوانەبکرێت لەگەڵیدا . لێرەشدا بایەخی زیاتر بەو بابەتانە دەدرێ کە لەزمانی یەکەمەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی .
- تکایە بابەتەکە بەدەستنووسێکی ڕوون و ئاشکرا بنێردرێت و ماوەی نێوان دێڕەکان زۆر بێ بۆ تێبینییەکانی چاپکردن و مۆنتاژ .
- لەماوەی دوو مانگدا، پاش گەیشتنی بابەتەکە، وەڵامی نووسەر دەدرێتەوە و لەکاتی بڵاونەبوونەوەشدا بابەتەکە ناگێڕدرێتەوە بۆ خاوەنەکەی .

* "یەکگرتن" ئاواتەخوازە لەرێگەی یەکێك لەم دوو ناونیشانەوە پەیوەندی پێوە بکەن و نرخی ژمارەکانیش بەشیك یان نامەی سجل ڕەوانە بکرێت :


YEKGIRTI
P.O BOX ( 227 )
1502 Kobh. V
DANMARK

YEKGIRTIN
P.A 1080 Wien
Postfach ( 68 )
AUSTRIA


نرخی (30) کرۆنە جگە لەپارەی پۆست

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

ساڵێك زیاتر بەسەر تەقە وەستاندن و قبووڵکردنی بڕیاری ژمارە (٥٩٨) دا تێدەپەڕێت ، بەڵام هێشتا بەڵگەیەکی ئەوتۆمان بەدەستەوە نییە تا بۆ سەلماندنی ئارامی لەناوچەکەدا بەکاری بهێنین . جۆرێك دوو دڵی خۆی سەپاندووە ، لەهەورێکی بێدەنگی ڕەش دەچێ کە بەری ئاسمانی گرتبێت ، دەکرێ چاوەڕێی گەلێك کارەساتی لێبکرێت : ڕەنگە داکاتە بارانێکی خەست و خۆڵ و ڕەهێڵە و لەم دوورگەی زەوییەوە لافاو هەڵمانگرێتە دوورگەیەکی دی ، یان ئەوەتا لەگومانێکی ڕەش باوی ئەبەدی دا بمان هێڵێتەوە و ڕێگەی ئاسۆ زەردباوەکانی دوورە دەستمان لێبگرێت و بەسەرگەردانیمان بسپێرێ ...

ئەڵبەتە وەستاندنی جەنگ، خۆی لەخۆیدا بواری ئەوەی هێنایە دی کە هەناسەیەك بێتەوە بەبەرماندا ... ترسی کوژرانی هەزاران مرۆڤ لە بەرەکانی جەنگدا لەسەرمان بڕەوێتەوە ، بەڵام مانەوە لەدووڕیانی چاوەڕوانیدا ، ئاکامەکەی چیدەبێت ؟

قبوڵکردنی ئەو بڕیارنامەیە لەلایەن هەردوو ڕژێمی عیراق و ئێرانەوە ، پێویستە وەك جۆرێك لەکات کوشتن بەسیاسەتەوە تەماشای بکرێت ، وەك جۆرێك لەبازیکردن بە ڕیشی " بڕیارنامەکان "! سەیری بکرێ . ئەو بێدەنگییەی ماوەی ساڵێکە لە بەرەکانی جەنگی عیراق - ئێراندا هەستی پێدەکرێ ، جۆرێکە لەڕواڵەتبازی و ڕاستی ڕووداوەکان ئەوەتا لەناو خودی

هەردوو ولاتدا خۆی دەنوێنێ . ئەو ڕاستی‌یەی ئەوڕۆکە لەکوشتن و سووتاندن و ڕیسواکردنی مرۆڤی کورددا بەرجەستەبووە . ڕاستی‌یەك کە بەرگی برسێتی و قات وقڕی و گرانی پۆشیوە . ڕاستی ئەو ژیانی‌مەرگەسانەی کەمرۆڤی‌کوردی لە خوێی و ژینگەکەی نامۆکردووە .

بە بەر چاوەوە دیارە ڕووداوەکان درێژەیان پێدەدری ، هەر ئەمەش وای‌کردووە ئارامی و ئاسایش ڕوو لە ناوچەکە نەکات و فایلی بڕیارنامەکان دانەخرێن . ڕووداوە یەك بەدوای یەکەکانی جیهانیش، بەتایبەتی بلۆکی ڕۆژهەلات ، ڕێکخراوە دەوڵەتیەکانی هێندەی دی سەرگەرم کردووە . ئەگەرچی ئەو بڕیارنامانەی ئەوان دەریان دەکەن لەئاست چارەنووسی کورددا زۆر لاواز و بێ‌دەسەلاتن ، بەلام ئەو سەرگەرمیەی ئەوانیش خۆی لە خۆیدا زیانێکی گەورە دەگەیەنێت و مەسەلەی مرۆڤی کورد لەنێو ئەو گۆڕانکاری‌یە جیهانیانەدا بەرەو لەبیرچوونەوە دەبات .

هەواڵنامەی گێژ

لەلایەکی دیکەشەوە ، ئۆپۆزسیۆنی ناوچەکە دووچاری تەنگوچەڵەمەیەکی هەمەلایەن هاتووە و هەمیشە دوای ڕوودانی کارەساتەکان بەئاگادێتەوە ، لەدوای ڕووداوەکانەوە دەڕوات . ئەمەش لەئاست چارەسەرکردنی کێشەی کورددا نەك هەر بەس نی‌یە ، بەڵکو ڕاستی ڕووداوەکان دەشێوێنێ . چونکە کێشەکان هەردەم لەنوێ‌بوونەوەدان و شتی تازە و تۆقێنەریان دەچێتەسەر ، بەلام لێکدانەوەکان هەر ئەوەکانی پێشوون ، نەلەسەر خەڵکی کورد و نە لەسەر خەڵکی ناوچەکەش کاریگەریان نی‌یە . ئەو فشارەی دەبوو دوای ڕەستاندنی جەنگ، لەبەرژەوەندی چارەنووسی کورددا بخرابایەتە سەر ڕژێمە داگیرکەرەکان، بەدی ناکرێ و هەنگاوەکانی دیش تا ئێستا بەرهەمێکی بۆ کورد نەداوە بەدەستەوە . کار بەگرتنی سیمینارێك لێرە و یەکێکی تر لەوێ یاخود دەرکردنی ڕۆژنامەیەك یان گۆڤارێك مەیسەر نابێت . ڕووداوەکان بەو هەولانە بەتەنیا دەستەمۆناکرێن و پێویستە کاری شێلگیرانەتر بێتەئاراوە . پێویستە کار بۆ دوارۆژێکی دوورتر بکرێت و کێشەکە هەروا لە زۆنگاوی چاوەڕوانی‌دا نەهێلرێتەوە . پێویستە ئەو خورافەیە لە مێشك فرێدرێتە دەرەوە کە دەلێ:کورد دەتوانێ بەیارمەتی دەرەکی و گەمەی دیبلۆماسی

بـــەشـــــى خۆی ببچڕێت ، چونکە ئەو خورافەیە هەر لەسەر حیسابی سەرپانکردنەوەی خۆمان تەواو دەبێ ، هەڵەبجە باشترین بەڵگەیە .

دەرکەوتووترین بەڵگە کەدەکرێ بۆ کات بەسەربردنی هەردوو ڕژێمـــــی عیراق و ئێران بە سیاسەت هیمای بۆ بکرێت ئەو لافاوی خوێنەیە لـــــە کوردستاندا ، کۆچکردن و نەبوونی شوێنی ئاسایشە ، چاوەڕوانیەکی بـــێ تروسکەی مرۆڤی کوردە ، کوشتاری ڕۆژانەیە ... کەس و کارمان - گەرمابن- هەریەکەیان کەوتونەتە شوێنێکەوە ، هاوڕێ و ئازیزەکانمان بێدەنگن ، ئـــەم بێدەنگیەش جۆرێکە لەترس و سامناکی .. ئەگەر جاروباریش نامەیـــەك ، ڕاسپاردەیەك ، یان پرپاسکەی هەوڵێکمان بگاتێ ، زۆر بەئاستەم بـۆنـــی ناخۆشی لێدێت و بەئاشکرا ئەو هەستە پاکەی تێدا دەخوێندرێتەوە کــــە نایەنەوێ بمانخەنە عەزابەوە ! سەیرە ، گەورەیی و پاکی لەجیهانێکدا کـــە مەرگ گەمەی پێدەکات هێشتا زیندوون ، هێشتا مرۆڤ پیرۆزی خـــۆی لەدەست نەداوە و بەپیرۆزیش مامەڵە لەگەڵ شتەکاندا دەکات . ئەمـــەش ئەو پیرۆزییەیە کە لەخودی مرۆڤدا ڕیشەی هەیە و پەیوەندی بەبیر و ئایدیا و لێکدانەوەی شاخ و باڵدارەوە نیە . ئەوان ڕۆژانە ئەزموونی مەرگ دەگوزەرێنن و لەمەرگێکەوە دەپەڕنەوە بۆ مەرگێکی تر ، بەڵام هێشتا نایانەوێ بمانخەنـــە ناخۆشی‌یەوە . ئەمەش جۆرێکە لە دووچەمکی : خۆشەویستی و مەرگ !

بەڵام ڕەوتی کارەساتەکان ڕوودەکاتە کوێ و لەکوێ و لەکوێدا دەوەستێ ئەمە شتێکە لەدەرەوەی ئەم پەیوەندیەی نێوان ئێمە و ئەوانە . ئەوان سیزیفی سەردەمن و هەموو ڕۆژێ بەردی چارەنووس بەدوای خۆیاندا ڕادەکێشـــن ، ئێمەش دەمانەوێت لەم دوورەوە عارەقی ناوچەوانیان بسڕین . هـــەردوولا تاوانباری ژیانین ، ئەمەش گوناهێکی نەبەخشـراوە ...

چیمان پێدەکرێ و تاکەی دڵدانەوەکانی ئەوانیش جێی خۆیان دەگرن و ئەم گوناهی ژیانەمان دەسڕنەوە ؟ ئەم چاوەڕوانی‌یە هەمیشەییە تاکـــەی درێژەی هەیە ؟ ئەم خۆشەویستی‌یە تاکەی ڕازی خۆی بەنهێنی دەهێڵێتەوە؟ مەرگ ، دەنگە یاخود دەنگدانەوەی ئەشکەنجە هەمیشەیی‌یەکانە ؟

ئەم پرسیارانە چارەنووسیان بەو هەورە ڕەشەوە بەستراوە کە ئەوەتانـــی

کرژ ، کرژ ، چرپۆتەوە ، کێ دەزانێ نیازی چی یە؟ دەڕوا . . یاخـــــود دێتە خوارێ یان خۆرمان بیر دەباتەوە ؟!

ژمارە (١٠)ی یەکگرتن لەناو ئەو هەموو هەست و سۆزە مرۆڤی یانـەوە لەدایکبوو کە هەر مرۆڤێک لەئاست کارەساتەکاندا هەیەتی . لەدوور و نزیکەوە ڕووداوەکان کاریگەری خۆیان لەسەر ئەندێشەمان هەیە و بەشێک لە ئاسۆی بیرکردنەوەمان داگیر دەکەن . ئەو نائارامی یەی لەناووەوە دڵـــــی بەشێکی زۆر لەئازیزانمان بەپشکۆی کارەساتەکان دەسووتێنێت ، ئێمەشـــــی لەبەرامبەر غەمێکی سەنگین دا نیگەران کردووە ، بەڵام ئەم غەمە بەلای ئێمـــەوە پیرۆزە و لەبەری دەرناچین .

هاوکاری نووسەران و خاوەن قەڵەمەکانمان لەگەڵ " یەکگرتـــــــن " دا بەشێکی زۆر لەئازارەکانمان ئەهوەن دەکەنەوە ، نامەکانیان و باس و ڕاز و گلەیی یەکانیان ڕووبەرووی ئەرکێکی پیرۆزمان دەکەنەوە ، ئەرکێک کە شانـــازی پێوەدەکەین و خۆشحاڵمان دەکات . . وامان لێدەکات بە ڕۆحیەتێکــــــــی شێلگیرانەترەوە ، بەسنگ فراوانیەوە پێشوازی لەو خاوەن قەڵەمانە بکەیـــن و ئەنجامەکەیشی ژمارەکانی ئەم گۆڤارەیە کە دێتە بەردەستی ئێوەی بەڕێز .

ئێمەش ڕاز و دەردەدڵی خۆمان هەیە ، لەسەروو هەموویانەوە دارایـی ئەم گۆڤارە و تاقەباڵی و ئەو شوێنگە نامۆیەی تێی کەوتووین ، ئەو دەور و بەرەی ڕەخنەی نامەوزوعی و تەسکبینی لێوە سەرهەڵدەدات و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاتمان دەگرێت . .

مەنفا ژینگەیەکی ناسروشتی یە و هەناسەش ڕەوتی سروشتی یانەی خۆی لەدەست دەدات ، مرۆڤ تووشی هەناسەسواری و دڵگیران دێت ، بەڵام ئێمە دڵمان بە بەرهەمە فیکری و ئەدەبی و هونەرییەکانی ئێوە دەکرێتەوە ، سروشتی یانە هەناسە دەدەین و هەست بە گەرم و گوڕی و جۆرێک زیندوویێتی دەکەین ، بەزیندوویێتیش مامەڵە لەگەڵ ڕووداو و کارەساتە جۆرا و جۆرەکاندا دەکەین ، وشە لەلامان سەنگینی خۆی هەیە و بەردەوامیمان پێ دەبەخشێ !

* * * *

# سەرەتایەك بۆ تەنگوچەڵەمەی دیموكراسیەت

## ڕزگار ئاوارە

لەم سەردەمەدا ، دیموكراسیەت بوەتە مەبەستێكی گرنگ و كێشەیەكی ڕۆژانەی جەماوەر لەهەموو جیهاندا و كاری كردۆتە سەر هەموو لایەنەكانی ژیان . دیموكراسیەت كە لەسەدەی نۆزدەهەمدا داواكاریەكی ڕادیكالانەی خەباتگێڕەكان بوو ، ئەمڕۆ بوەتە جێی مشت و مڕی گشتی ناو كۆمەڵ و خۆراكی ڕۆژانەی خەڵك كە بەبێ ئەو ژیانی ئاسایی ناچێتە ڕێوە .

هەموو لایەنێك هەوڵ دەدات خۆی بەدیموكراتخواز و پشتگیریكەر و بەرگریلێكەری دیموكراسیەت نیشان بدات ، هەرچەندە زۆربەی ڕژێمەكان هەوڵ دەدەن بەفێڵ و تەڵەكەبازی و چاوبەستەكی ناوەڕۆكی دیموكراسیەت پوچەڵ بكەنەوە و لەناوەڕۆكەكەی لابدەن . هەروەها هیچ كەس و لایەن و دەوڵەت و سیستەمێكی كۆمەلایەتی ئەم ڕۆژگارە بەئاشكرا دژی دیموكراسیەت ناوەستێتەوە و ئەوە دەرنابڕێ كە پێشێلی دەكات و ڕازی نابێت بە دوژمنی دیموكراسیەت ناوببرێ ، ئەگەرچی زۆربەی ڕژێمەكان دەیان بیانو دەدۆزنەوە بۆ پێشێلكردنی دیموكراسیەت و گوناهی ئەوەش دەخەنە سەر جەماوەر كە دەیەوێ لەدەستور و یاسا و شەرعیەت لابدات وهەموو جۆرە ڕێگایەك بەكار دێنن بۆ هێمنكردنەوەی جەماوەر و "پاراستنی" كۆمەڵ و شارستانیەت .تەنانەت ڕژێمە فاشیستی و سەربازیەكانیش خۆیان بەدیموكراتخواز نیشان دەدەن ، لە كاتێكدا كە نەك گاڵتەیان بەدیموكراسیەت دێ و پێشێلی دەكەن ، بەڵكو كەمترین نرخ بۆ ژیانی خەڵك دانانێن و ویستی تاكەكەسێك یان تاقمێكی

کەم دەسەپێنن بەسەر ویستی جەماوەردا و ئارەزووی دیکتاتۆر دەبێتە حەکەم و یاسا و هۆی هەڵگیرساندنی جەنگ و قەلاچۆکردنی خەڵکی هەمان وڵات .

ئەوەی پێویستە بخرێتەڕوو ئەوەیە کە ویست و ئارەزووی کۆمەڵێک کەس جێگای ویستی زۆربەی کۆمەڵ ناگرێتەوە ، ئەگەربێت و جەماوەر بەهوشیارییەوە پشتگیری لێنەکات . چونکە ئەگەر مەبەستێك بەزۆرەملی لەسەرەوە بەسەر کۆمەڵدا بچەسپێنرێ ، ئەوا هەرچی ناوێ لەخۆی بنێ و بەهەر ڕەنگێک خۆی بپۆشێ ، دەبێتە دیکتاتۆریەت و کارەکان دەبنە کاری سەپێنراو و لە نزیکترین دەرفەتدا جەماوەر دژی دەوەستێتەوە و هەوڵی خۆلێ ڕزگارکردنی دەدات .

لەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە ، تەنگوچەڵەمەی دیموکراسیەت ئەوەندە قووڵە کە هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتۆتەوە، لێرەشدا ئەگەرچی گەلانی ئەو وڵاتە بەگشتی بێبەشن لەهەموو مافێکی دیموکراتی و ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی و ڕووبەڕووی گەورەترین تەنگوچەڵەمەی ئەم سەردەمە بوونەتەوە و قوڵترین ناکۆکی لەنێوان ئەوان و ڕژێمەکاندا سەری هەڵداوە ، بەڵام ناگاتە کارەساتی گەلی کورد ، بەتایبەتی لەکوردستانی خواروو ، کە جگە لەوەی لەهەموو مافێکی دیموکراتی بێبەشکراوە ، دوچاری مەترسی لەناوچوون بۆتەوە .

کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لەهەریەکێك لەو پارچانەدا بەشێکە لە مەسەلەی دیموکراسیەت لەو وڵاتانەدا و چارەسەرکردنیشی بەندە بە چارەسەرکردنی مەسەلەی دیموکراسیەتەوە لەو وڵاتانەدا . کێشەی دیموکراسیەتی ئەو وڵاتانەش گرێدراوە بە مەسەلەی دیموکراسیەتەوە لەسەر ئاستی جیهان ، ئەگەرچی هەر شوێنە تایبەتێتی خۆی هەیە و بەستراوەتەوە بە ئاستی گەشەکردنی مێژوویی و بەرهەمهێنان و کەلتووری باو و ڕۆڵی ئایین و جۆری پەروەردەکردن و سروشتی دانیشتوان و داب نەریتەکانیەوە .

ئەگەر بمانەوێ لە تەنگوچەڵەمەی دیموکراسیەت لە کوردستان بدوێین ، ئەوا دەبێ لە مەسەلەی دیموکراتی لە عیراقدا بکۆڵینەوە ، بۆ ئەوەی ئەم مەبەستەش ئەنجام بدەین پێویستە لەناوەڕۆکی تەنگوچەڵەمەی دیموکراسیەت لەجیهاندا بگەین . بێگومان جێبەجێکردنی ئەم مەبەستەش پێویستی بەوە

هەیە چاوێك بخشێنینەوە بە مێژووی کارپێکردنی دیموکراسیەتدا لە ڕێـــرەوی ژیانی مرۆڤایەتیدا و لە لایەنە جۆربەجۆرەکانی تێبگەین و هۆکانـــــــی سەرهەڵدان و ئینجا لەناوچوونی دەست نیشان بکەین ، چونکە ئەو مەسەلەیە هەمیشە لەگۆڕان و بەرەوپێشەوەچووندا بووە .

بێگومان قسەکردن لەسەر هەموو ئەو مەسەلانە ناکرێ بەنووسینێکی وەهـا و لەچەند لاپەرەیەکدا ئەنجام بدرێ و هەریەکێ لەو مەسەلانە پێویستی بـە لێکۆڵینەوەی قوڵ و هەمەلایەن هەیە . وامن لێرەدا تەنیا دەرەگایەك لەسـەر تەنگوچەڵەمەی دیموکراتیەت دەکەمەوە و هەوڵ دەدەم لەژمارەکانی داهاتــووی یەکگرتن دا و لەکاتی دەرفەت بووندا زیاتر لەو لایەنانە بکۆڵمەوە و هیوادارم نووسەر و ڕۆشنبیرانی تریش لەو مەسەلە گرنگە بکۆڵنەوە و زیاتر قوڵی بکەنەوە .

* * *

لەم سەردەمەدا باس لەکۆمەڵگای شارستانیەت و مرۆڤایەتی دەکرێت و کۆمەڵێك چەمکی نوێ جێگای خۆیان لە ناو کۆمەڵدا کردۆتەوە ، وەك: ئازادی بیروباوەڕ دەبرین ، مافی هەڵبژاردنی گشتی ، مافە کەسایەتیەکانی مرۆڤ ، یەکسانی ئافرەت و پیاو ، لەگەڵ دەیان واتەی تری کۆمەڵایەتی و سیاسی کە نرخ بۆ مرۆڤی سەردەم دادەنێن . ئەم مەبەستانە زیاتر لەو وڵاتـــــــە پێشکەوتووانەدایە کە شۆڕشی بۆرجوازی دیموکراتیان تا دوایلە تیا ئەنجـــام دراوە یان خەباتی چینی کریکار تیایاندا میزوویەکی تایبەتی هەیەو هوشیاری جەماوەر گەیشتۆتە پلەیەکی بەرز، بەڵام لەوڵاتە پاشکەوتووەکاندا کەمتر بەرچـاو دەکـەوێـت .

لەکاتێکدا کە دەیان یاسای نێونەتەوەیی بۆ پاراستنی مافی مـرۆڤ و مسۆگەرکردنی ئازادی و چەسپاندنی دیموکراسیەت دانراوە و تەنانەت بـاس لە پاراستنی دارودرەخت و سروشت و ژینگەش دەکرێت ، کەچی هێشتا لـە زۆر شوێنی جیهان نەك هەر مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ ناپارێزرێت و ئـەو یاسایانەی هەموو دەوڵەتەکان مۆریانکردووە پێشێل دەکرێ و دەگۆڕدرێـت ، بەڵکو بێنرخانە سەیری ژیانی مرۆڤ دەکرێ و دەست پارێزی لەمنداڵ و پیرو پەك کەوتەش ناکرێ و قەلاچۆکردنی گشتیش ئەنجام دەدرێ . بەو جۆرەش ئەو ڕاستییە خۆی لەبەردەمی جیهاندا قوت دەکاتەوە کە ئەو گەلانە نەك هـەر

بەدیموکراسیەتی ڕواڵەتی و ساختەی بۆرجوازیش شاد نەبوون ، بەڵکو وەك مرۆڤیش ناژین .

ئایا هیچ دەوڵەتێك هەیە کەم تا زۆر پێشێلی دیموکراسیەتی نەکردبێت، تەنانەت لە دەوڵەتە " هەرە دیموکراتیەکانیشدا " . ووشەی دیموکراسیەت لە لای سیستەمی سەرمایەداری و ئەو دەوڵەتانەی خۆیان بەدەوڵەتی شارستانیو پێشکەوتوو و هاوسەردەم نیشان دەدەن، زۆرجار لە پرۆپاگەندەدە و چاوبەستەکی تێپەڕی نەکردووە . با سەیری یاسا بنەڕەتیەکان بکەین ، تەنانەت لە چاکترین شێوەی دەوڵەتی دیموکراسی بۆرجوازیدا ، ڕەچاوی کۆمەڵێك کەڵێن دەکرێت کە ڕێگا دەدات بە ڕووبەڕووبوونەوەی کرێکاران بەرێگەی زەبر و زەنگ و لێدانی خۆپیشاندەران و مانگرتووەکان و زەمینەخوشکەرە بۆ سەپاندنی دیکتاتۆریەت لەناوەوە و سیاسەتی تالانکردن بەرامبەر گەلانی تر . جەماوەری چەوساوە هەمیشە ڕووبەڕووی ناکۆکی زەقی نێوان یەکسانی ڕواڵەتیانەی ئەو دیموکراتیەتەی سەرمایەداران ڕایدەگەیەنن و هەزاران بەند و داوی بە کردەوە دەبێتەوە ، ئەمەش وایان لێدەکات ئەوەندە گوێ بەدیموکراسیەت و سیاسەت نەدەن و لەڕێڕەوی ڕووداوەکاندا دووربن لەبەشداریکردنی جیدی لەژیانی سیاسی و کومەلایەتیدا . لەڕووی شانۆگەری هەرچوارساڵ جارێکی هەڵبژاردنیشەوە ، کەلەڕاستیدا کەمتر لە ٥٠٪ بەشداری تێدا دەکەن و چەند پارتێك تیایدا دەکەونە ململانێوە ، جۆرێکی ترە لەچاوبەستنی جەماوەر و پێشێلکردنی مافی بەشێکی زۆری هەڵبژێرەرەکان . لە ڕووی ئابووریشەوە ، چەوساندنەوەی بێوێنەی کریکاران و دروستکردنی قەیرانی ناوبەناو و داخستنی کارگە و دەرکردنی بەکۆمەڵی کریکاران، ناتەبایی ووتە و کرداری ئەو دیموکراسیەتە دەسەلمێنێ . بابڕوانینە سیاسەتی دەرەوەی ئەو ولاتانە : لەڕووی ئابووریەوە ، تالانکردنی سامانی ولاتانی دواکەوتوو و بەستنەوەیان بەکۆمەڵێك بەند بەبازاڕی سەرمایەداری جیهانیەوە، کڕینی کەرەسەی خاو لێیان بەهەرزانترین نرخ و فرۆشتنەوەی بەرهەمەکانیان بە چەند قات گرانتر پێیان ، بەکارهێنانی ئەو ولاتانە بۆ ساغکردنەوەیکەرەسەی چەك و تەقەمەنی بەبێ گوێدانە قوربانیەکانی چەکی گشت کوژەکانیش. . . هتد .

لەڕووی سیاسیەوە : دەست بەسەراگرتن و قەلاچۆکردنی گشتی ، سەپاندنی

دەستکردەکانی خۆیان ، یارمەتیدانی ڕژێمە دواکەوتوو و دیکتاتۆریەکان دژ بە ویستی گەلانی ئەو وڵاتانە ، لێدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلان ، سازکردنی کۆدەتا لەو شوێنانەی دەوڵەتەکانی نایەنە ژێر باری سیاسەتیانەوە، ڕێخوشکردن بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆریستانەی نێودەوڵەتی .

ئەوەی شایانی باسە ، لەگەڵ هەموو ئەوانەدا ئەوە ناشاردرێتەوە کە ڕژێمە سەرمایەدارەکان و لەئەنجامی خەباتی دەیان ساڵەی جەماوەری چەوساوە، ناتوانن بەئاسانی و ئاشکرا لە مەبەستە دیموکراسیە ناوخۆیەکان لابدەن بێ ئەوەی بەتووندی ڕووبەڕووی جەماوەر نەبنەوە ، بەڵام سەبارەت بەسیاسەتی دەرەوە و ئەوەی پەیوەندی بەگەلانی وڵاتەدواکەوتووەکانەوە هەیە ، جەماوەر زۆرجار بێموبالاتی نیشان دەدات . لەبەر ئەوەشە دەوڵەتە سەرمایەدارەکان لەسیاسەتی ناوخۆیاندا هێندی مل بۆ جەماوەر شۆڕدەکەن بۆ ئەوەی زیاتر ئەو بێموبالاتیە بچەسپێنن . بێگومان ئەم تەنگوچەڵەمەیە شێوەی توند بەخۆیەوە ناگرێت هەتا ئەو کاتەی گەلانی وڵاتە دواکەوتووەکان لەلایەن ئەو وڵاتانەوە بچەوسێنرێنەوە .

سەبارەت بەو وڵاتانەش کە شۆڕشی سوسیالیستییان تێدا بەرپاکراوە ، وەك : سۆڤیەت ، چین ، ئەو وڵاتانەی دوای جەنگیجیهانی دووەم و بە هۆی سوپای سورەوە لەدەستی فاشیزم ڕزگارکران و پارتە کۆمۆنیستەکانیان دەسەلآتیان گرتەدەست و...هتد ، باری ژیانی زەحمەتکیشان زۆر چاکتر نیە لەوەی وڵاتەکانی پێشوو ، هەرچەندە کۆمەڵێك هەنگاوی ئابووری و کۆمەلایەتی هەڵهێنراوە . لەم وڵاتانەدا بۆرژوا بن برنەکراوە، بگرە پایەی فیکری و ڕۆحی گەورەی هەیە ، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە بیروکراتیەت و شاردنەوەی دیموکراسیەت و سیاسەتی ناڕاستی دەیان ساڵی ڕابردوو باری گەیاندۆتە ئاستێك کە ناکۆکی قووڵ لەنێوان جەماوەری زەحمەتکێشی ئەو وڵاتانە و دەسەلآتدارێتیدا وەدیارکەوتووە و تەنگوچەڵەمەی قوڵی لەو وڵاتانەدا دروستکردووە و لەچەندین شوێن بەشێوەیەك تەقیوەتەوە کە باری بەرگریلێکردنی نەماوە و لەتواناشدا نەماوە ئەو درزی بێبڕواییەی کەوتۆتە نێوان جەماوەر و پارتەکۆمۆنیستەکانەوە بەئاسانی سواغ بدرێ . ئەم هەستانەوەیە نیشانەیەکی ئاشکرایە بۆ ئەوەی جەماوەر ناتوانێت هەتا سە

بەرامبەر نەبوونی دیموکراسیەت بێدەنگ بێ . لێرەشدا ئەگەرچی لەبەرژەوەندی کرێکاراندا نیە سەرمایەداری لەو وڵاتانەدا دەسەڵات بگرێتە دەست، بەڵام ئامادەش نین وەك دەیان ساڵی ڕابردوو بێدەنگ بن بەرامبەر پێشێلکردنی دیموکراسیەت و باڵادەستی تاقمێکی بیروکرات و خاوەن ئیمتیازات .

ئەم مەبەستە لەناو هەموو پارتەکۆمۆنیستەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوەو زیانی گەورەی بەمارکسیزم گەیاندووە لەناو جەماوەری چەوساوەی وڵاتە دواکەوتووەکاندا، خۆبەستنەوەی تەواوەتی پارتەکۆمۆنیستەکانی ئەو وڵاتانە بە سیاسەتی سۆڤیەتەوە زیانی بە هەڵوێستیان گەیاندووە و تووشی ڕاڕایی و هەلپەرستی ڕاسترەوانە و لەزۆر شوێن هاوکاریکردنی ڕژێمە بۆرژوازیەکانی کردون ، ئەمەش بۆتە هۆی بەهێزکردنی پایەکانی بۆرژوازیەت لەو وڵاتانەدا و پاشکۆیەتی ئەوان وبوونیان بە زورنای پروپاگەندەکردن بۆ "پێشکەوتنخوازی" ئەو ڕژێمانە ، بەو کارانەش کاریان کردە سەر هوشیاری جەماوەر و چەواشەیان کردن . نەبوونی دیموکراتیەتی ناوخۆش لەنێو ئەو پارتانەدا بۆتە هۆی پارچەپارچەبوونی ڕێکخراوەکانی ئەو پارتانە و لاوازبوونی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و لەدەستدانی ڕۆڵیان لەناو جەماوەردا .

لەوڵاتە دواکەوتووەکاندا ، بەتایبەت لەناوچەی ئێمەدا ، کەتا ئێستا پەیوەندی دەرەبەگایەتی و عەشایەری کاریگەری خۆیان هەیە و ناوەڕۆکی کۆمەڵگای بۆرژوازی ڕواڵەتی پێك دێنن ، زۆربەی چەمکەکان ئەوانەی سەردەمی دەرەبەگایەتیە و کۆمەڵگا بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێك داب و نەریتی کۆن و دواکەوتووەوە و بەندی ئابینە . تا مێژوویەکی نزیك جەماوەر کەم تا زۆر بەشدارنەبوون لەژیانی سیاسی ئەو وڵاتانەدا و سیاسەت تەنیا لەنێو کۆمەڵێك ڕۆشنبیردا قەتیس بووە کە زۆربەیان خاوەن بنچینەیەکی دەرەبەگایەتی یان بۆرژوازیانە بوون و هەمیشە لەخزمەتی دەرەبەگایەتی و توێژەکانی سەرەوەی بۆرژوازیدا بووە و گرێدرابووە بەسیاسەتی وڵاتە کۆلۆنیالیستیەکان و سەرمایەداری جیهانیەوە . هەر لەبەر ئەوەش بووە ئەو پارت و ڕێکخراوانەی لەو کاتەدا یان لەپاشدا دامەزراون و داوای سەربەخۆیی و ڕزگاری یان کردووە ، ئەو سروشتەیان پێوە دیاربووە و کەمتر گرنگیان داوە بەمەسەلەی دیموکراسیەت و هەوڵیان نەداوە بیخەنە هۆشی جەماوەرەوە، تەنانەت لە

پێکهاتن و هەڵوێستی پارتە کۆمۆنیستەکانیشدا ڕەنگی نەداوەتەوە ، لەبەر لاوازی چینی کرێکار و چەقنەبەستنی هەتا دوای پەنجاکان ، جگە لە کۆمپانیای نەوت ، کە ڕۆڵی گەورەیان لە بزووتنەوەکانی سەرتاسەری وڵاتدا هەبوو ، وە دواکەوتوویی جوتیاران و بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری . ئەو هەوڵدانانەش کە لەلایەن هەندێ لەڕۆشنبیرانەوە دراوە، یەکەم هەوڵدانێکی سەرەوەیی بووە و نەبۆتە بزووتنەوەیەکی جەماوەری ، دووەم چاولێکەریکوێرانەی کۆمەڵگا بۆرژوازیەکانی ڕۆژئاوا بووە ، بەبێ لێکدانەوەی بارودۆخی ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژین و بێ ناسینی ئەو کۆسپ و تەگەرانەی لەبەردەمیدا قووت بوونەتەوە ، بۆیە بێ ئەنجام بوون .

کێشەکە ئەوەندە قووڵە و ڕەگ و ڕیشەی لەناخی کۆمەڵگای ئێمەدا داکوتیو، و هەموو لایەنەکانی ژیانی گرتۆتەوە کە نەبوونی دیموکراسیەت،هەر لەنار خیزانەوە تا دەگاتە قوتابخانە و ناو کۆمەڵ،بەرچاو دەکەوێت . خنکاندنی دیموکراسیەتی سیاسی و سەپاندنی کرداری فاشیانە لەسەرووی هەموویانەوەیەو زیاتر زەمینەیان بۆ خۆش دەکات و دەیان چەسپێنێت ، ئەم نادیموکراسیەتە بەر لەهەموو کەسێك یەخەی ئافرەت دەگرێت . ئایدیۆلۆژی چینی دەسەڵاتدا، ڕۆڵی گەورەی هەیە لەناو کۆمەڵدا ، جگە لەبەکارهێنانی زەبروزەنگی فیکری و سەپاندنی زۆرەملێی و ڕیگاگرتن لەبڵاوبوونەوەی بیر و چەمکی نوێ کە بە دڵی نەبێت لەناو کۆمەڵدا ، هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و خوێندن و فێرکردنی بەدەستەوەیە و بەهۆیانەوە بالادەستی فیکری خۆی دەچەسپێنێ .

لەبەر ئەوەی مەسەلەی دیموکراسیەت پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە جۆری دەسەڵاتەوە هەیە ، بۆیە پێویستە لە ماهیەتی ڕژێمی عیراق تێبگەین . جا لێرەدا مەسەلەی فاشیزم دێتە پێشەوە و ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت وهەڵوێستی پارتی بەعسی لەگەڵدا بەراورد دەکرێت ، بۆیە پێویستە بزانین پارتی بەعس و ڕژێمی عیراق فاشیزمن ، ڕەفتار فاشیە یان دیکتاتۆریە ، چونکە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان هەر ڕۆژەی ناوێکیان لێ دەنێن .

***

دیموکراسیەت گەمەیەکی کەلتووری نیە و تەنیا پەیوەندی بە ڕۆشنبیرەکانەوە نیە ، بەڵکو پێداویستیەکی بابەتیە بۆ ڕاپەڕینی میللەت و

هەواڵنامەی کتێب

دەربازبوونی لەو تەنگوچەڵەمەیەی تێیدا دەژی ، ڕێگای دروستکردنەوەی پەیوەندی نێوان هاووڵاتیان و کۆمەڵگاکانیانە . وەك زۆربەی زاناکان بۆی دەچن زۆربەی کارەسات و تێکشکانە سیاسی و سەربازییەکانی گەلانی وڵاتە دواکەوتووەکان دەگەڕێتەوە بۆ زەوتکردنی ئازادی لە گەل و بێبەشکردنیان لە دیموکراسیەت ، ئەمەش ئەوەندە ترسناکە کە بوەتە هۆی کوشتنی هەزاران لە هاووڵاتیانی ئەو وڵاتانە یان مردنی لەسەرخۆیان یاخود کۆچکردن و لە خود نامۆبوونیان .

بۆچوونێك هەیە کە دیموکراسیەتی سیاسی و ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی پێکەوە دەبەستێتەوە ، بەمانایەك کە پەرەسەندن و گەشەکردنی یەکەمین گرێدراوە بە بوونی کارپێکردنی دیموکراسیەتەوە لەبنکەی خێزانەوە بیگرە تا دەگاتە دەزگا ئایینی و سەندیکایی و پیشەیی و پەروەردە و لایەنە کومەڵایەتیەکانی تر .

ئەو مرۆڤەی لەهەڵوێستی ڕۆژانەدا فێری کارپێکردنی دیموکراتیەت نەبووبێت ، چۆن چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێ لەڕووی سیاسیەوە بەچالاکانە کاری بۆ بکات . بۆچوونێکی تر هەیە کە مەسەلەی دیموکراسیەت دەبەستێتەوە بەبوونی کۆمەڵێك بناغەی مادییەوە لە کەلتووری سیاسی زاڵی باوی ناو کۆمەڵدا . بەڵام لەڕاستیدا هەموو ئەوانە پێکەوە بەندن و کاری چاك یان خراپ دەکەنە سەر یەکتر .

بۆچوونی زاڵ لەوڵاتی ئێمە ، بۆچوونێکە کە بەستراوەتەوە بە ڕابردووەوە ، هەرچەند پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانیش گۆڕابێت ، بەڵام هەموو بیروراکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی عەشایەری هێشتا لەناو کۆمەڵدا ڕەگوریشەیان هەیە ، لەهەریەکە لەئێمە ، لەبەر ئەوەی پەروەردەکراوی ئەو کۆمەڵگایەین ، کەم تا زۆر شوێنەواری ماوە و ئەو مەسەلەیەش تەنیا پەیوەندی بەبیروبۆچوونی کەسایەتیەوە نیە ، بۆیە خۆگۆڕین کارێکی سادە نیە و هەوڵدانی زۆری پێویستە و دەور و بەر کاری زۆری تێدەکات ، هەروەك چۆن کەسەکە کار دەکاتە سەر ئەو دەوروبەرەی تیایدا دەژی .

بەو جۆرە تەنگوچەڵەمەکە تەنیا لەنێوان جەماوەر و ڕژێمدا نیە ، بەڵکو نادیموکراسیەت لەناخی کۆمەڵدا ڕیشەی داکوتیوە و پێویستی بەلابردنی بنەڕەتی هەیە ، چونکە تەنیا بەلابردنی ڕژێم و گۆڕینی باری سیاسی و

چەند بڕیارێکی سەرەوەیی بارەکە ئۆتۆماتیکیانە ناگۆڕێت ، ئەگەرچی زەمینەش خۆش دەکات ، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە ئەوە تەنیا فاکتەر نیە بۆ ئەو گۆڕانکاریە ، بەڵکو بلاوبوونەوەی هەستی دیموکراسیانە لەناو جەماوەردا و لە پراکتیکی ڕۆژانەدا ، مەرجی سەرەکیە بۆ دیموکراسەکردنی سەرخان وژێرخانی ئەو کۆمەڵگایە . ئەگینا دوای ڕوخاندنی ڕژێمی ئێستاش ، کێ دەڵێ تاقمێکی‌تر نایەت جەماوەر هەڵبخەڵەتێنێ و بەناو و شێوەی جۆراوجۆرەوە دیکتاتوریەتی خۆی ناچەسپێنێ .

وەك ئاشکرایە زۆربەی هەرەزۆری ئەو پارت و ڕێکخراوانەی ئێستا لە سەنگەری دژی ڕژێمدان ، جگە لەچەوتی هەڵوێست و سیاسەتەکانیان ، نە لەناوخۆدا و نەلەگەڵ یەکدا و نە لەگەڵ ڕێکخراوە جەماوەریەکاندا هەڵوێستی دیموکراتیانەیان نەبووە . لەکاتی هەبوونی ناکۆکیشدا تەنیا بە نووسینەوە نەوەستاون ، بەڵکو چەکیشیان لەدژی یەکتری بەرزکردۆتەوە . جا ئەگەر هەڵوێستی ئەم هێزانە کەهێشتا دەسەلاتیان بەدەستەوە نی‌یە بەوجۆرە بێ ، ئاخۆ کە دەسەلات دەگرنە دەست ڕەفتاریان چۆن دەبێ؟!

لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە ، ئایا چارەسەری ئەم تەنگوچەڵەمەیە چۆن دەکرێ و جەماوەر هەروا بێ‌دەنگ و بێ‌بزوتن دەبێ؟ ئایا ئەو هێزانە کە لەسەنگەری دژی ڕژێمدان دەبنە ئەلتەرناتیڤ ، یان جەماوەری چەوساوە ئەلتەرناتیڤی خۆی دەهێنێتە ئاراوە ؟ ئەوەی ڕاستی بێ لەئێستاوە ناکرێ قاڵبی ئامادەکراو بۆ ئەو مەبەستە دیاری بکرێ ، بەلام دەشێ هەندێ خاڵ بۆ ئاسۆی داهاتوو دەست نیشان بکرێت و پێشبینی بارودۆخی داهاتوو بکرێ . لەبەر ئەوەی تەنگوچەڵەمەی دیموکراسیەت لەجیهاندا بەیەك ڕادە و وەك یەك نیە ، بۆیە چارەسەرکردنیش هەمان شێوە بەخۆوە ناگرێت، لەبەر ئەوە لێرەدا دەتوانرێت تەنیا تیشك بخرێتە سەر هەندێ خاڵ کە زیاتر بۆ باری عیراق و تارادەیەکیش باری ئێران و تورکیا دەگونجێت .

لەسەرەتاوە دەبێت ئەوە بزانین ، ئایا کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لەسایەی ئەو ڕژێمانەی ئێستا و نەبوونی دیموکراتیەت لەو ولاتانەی کوردستان بەسەریاندا دابەشکراوە و بە بەرنامەی هێزە بۆرژوازیەکانی کورد چارەسەر دەکرێت یان کێشەکە و چارەسەرکردنی بەندە بەچارەسەرکردنی مەسەلەی

ئەنگوچەڵەمەی دیموکراتی لەو وڵاتانەدا و بەشێوەیەکی بنەڕەتی؟ بزووتنـــەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و بزووتنەوەی دیموکراسی لەو وڵاتانەدا پێکـــەوە بەستراون و پارمەتیدەری یەکترین، بۆ وەدەستهێنانی دیموکراسیەت لـــەو وڵاتانەدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد سەرکەوتن وەست ناهێنێ.

ئەرکی ڕۆشنبیرەکان، بەتایبەتی ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکان، بریتییە لـــە هوشیارکردنەوەی جەماوەر و کۆششکردنیان بەهەستی دیموکراسیانە وپارمەتیدانی چینی کریکار و زەحمەتکیشان بۆ خۆڕێکخستن و دامەزراندنی ڕێکخراوی تایبەتی خۆیان. لەم بوارەشدا پێویستیان بە بەخۆداچوونەوە و ئەنجامدانی شۆڕشی فیکری لەخۆیاندا هەیە، پێویستیان بەوە هەیە سەرنجی ئەوە بدەن تـــا چرادەیەک لەهەڵوێستی ڕۆژانەیاندا بەرامبەر بەیەک دیموکراتی بوون، ئینجـــا هەوڵ بدەن بۆ چاککردنەوەی هەنگاوەکانیان و دروستکردنی بنەڕەتی لـــە خۆیاندا و دروستکردنی پەیوەندی دیموکراتیانە لەنێو ڕۆشنبیرەپێشکەوتنخوازە جۆراوجۆرە هوشیارەکاندا. چونکە ئەگەر لایەنیک بیەوێت ڕاست بوونـــی مەبەستێک بە جەماوەر بسەلمێنێ، دەبێ خۆشی کاری پێ بکات، ئەگینـــا چۆن دەتوانین بڕوا بەبەشێکی زۆر کۆمەڵ بەرامبەر ڕاست بوونی مەبەستێـــک بهێنین لەکاتێکدا خۆمان بڕوامان پێ نەبی و کاری پێ نەکەین؟!

هەوڵدان بۆ لەناوبردنی ڕۆحیەتی شۆڤێنیزم نەک هەر لەناو میللەتـــی سەردەستدا، بەڵکو لەنێو جەماوەری کوردستانیشدا کە لەئەنجامـــی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی هاتۆتەئاراوە و پوچەڵ کردنەوەی پیلانەکانی دوژمن بۆ سوود وەرگرتن لەو مەسەلەیە. هەوڵدان بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوی پیشەیی و سەندیکایی و جەماوەری و گونجاندنی لەگەڵ بارودۆخی کاری نهێنیدا بـۆ پشتگیریکردنی داخوازیە ڕۆژانەکانی جەماوەر و ڕاکیشانیان بۆ مانگرتـــن و خۆ نیشاندان لەسەرانسەری وڵاتدا و فۆرمۆڵەکردنی داواکاریەکان وهەڵگرتنـــی وەک دروشم و بڵاوکردنەوەی لەناو جەماوەردا. هەوڵدان بۆ پچراندنـــی ڕژێم لەبنکەی جەماوەری خۆی و لەنێوبردنی شوێنەواری فیکری و ڕۆحـــی و سوود وەرگرتن لەناکۆکیەکانی ناو ڕژێم و قوڵکردنەوەیان. ڕیسواکردنـــی سیاسەتی ڕژێم لەناوەوە و دەرەوەی وڵات. هەوڵدان بۆ پێکهێنانی دەستەی چەکداری بچووک بۆ دەست وەشاندن لەدامودەزگا داپلۆسینەرەکانی ڕژێم و

سەرلێشێواندنیان و هەڵتەکاندنی دیواری ترس و بێبڕوایی لەنێو جەماوەردا. هەوڵداتی جەماوەر بۆ ناچارکردنی هێزە تەقلیدیەکان بۆ ڕێزگرتنیان لەئازادی سیاسی و مافە دیموکراتیەکانی تر .

ئەمانە هەموو کاری ڕۆژانەن لەنێو جەماوەردا ، ئەگەر چینیکرێکارانی کورد و گەلانی تری عیراق توانیان ڕێکخراوی تایبەتی خۆیان دامەزرێنن و پرۆگرامی تایبەتی بۆ ئەوقۆناغە داڕێژن و سنووری هاوکاری نێوانیان دیاری بکەن ، ئەوا دەتوانن بەرهەمێکی چاك بەدەست بهێنن .

ئینجا و لەدوای لەناوچوونی ئەو ڕژێمە پرسیارێك خۆی قوت دەکاتەوە : کێ جێگای ئەو ڕژێمە دەگرێتەوە و دەتوانێ دیموکراسیەت بەرقەرار بکات ؟ بێگومان دیموکراسیەت لەسایەی کودەتای سەربازیەوە بەرقەرارناکرێ، ئەگەر بۆ پشتگیریکردنی جەماوەر و تەواوکردنی چالاکی ئەو نەبێ و هێزێکی پێشڕەو بەشداری تێدا نەکردبێ . بۆرژوای ئێمەش لەبەر ئەوەی دواکەوتووەو وابەستەیە، ناتوانێت شۆڕشی دیموکراتی ئەنجامبدات و بیگەیەنێتە هەوارگەی سروشتی خۆی . هێزە ئاینیەکانیش ناتوانن ئەو ئامانجە بهێننەدی و زیاتر دیکتاتۆریەتی تایبەتی دەهێننەئاراوە و دوورنیە بشکۆڕێ بۆ دەسەڵاتێکی فاشیانە لەسەربناغەی ئایین و بەوجۆرەش کۆمەڵگا بەرەو سەدەکانی ناوەراست دەبەنەوە .

ئەوەی زیاتر شیاوە بۆ ڕابەرایەتیکردنی شۆڕشی دیموکراتی و گەیاندنی بەدواپلەی خۆی ، چینی کرێکار و هاوپەیمانەکانیەتی، بەمەرجێك بتوانن ڕێکخراوی خۆیان دامەزرێنن و جەماوەری چەوساوە لەدەوری دروشمەکانیان کۆبکەنەوە و بڕوایان بەدیموکراسیەت و بەرقەرارکردنی هەبێت . لێرەشدا شێوەی ئەنجومەنی میللی باشترین شێوەی دەسەڵاتە بەمەرجێك داتاشراو نەبێ و بەدەست جەماوەروەبێ ، نەك دەزگای بیروکراتی سەپێنراو . ڕەنگە ارودۆخی داهاتووش کۆمەڵێك ئەڵتەرناتیفی تر بهێنێتەئاراوە کەبەخەیاڵدا نەهاتبێ .

# دین ئەفیونی گەلانە

# بڕوێ خوا و خوایەتی

حەمە ساڵح بانی خێلانی

ڕەخنەگرتن لە ڕێبازی سەردارسالاریەتی حیزب لەناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا ، مەبەستی بناغەیی ئەو ڕەدانەوەیەی (حەمە سەعید حەسەن) نیە کەبەناوی " ئەهنگی بۆرژوا بەتۆڕی زێدەڕۆیی ڕاوناکرێت". هەروەها مەبەستیش دیفاعکردن نیە لەگرووپی کۆمۆنیستی ئینتەرناسیۆنالیستی ، تەنیا ئەوەندە نەبێت کە بڵێم هەرچەندە ئەم گروپە بەحوکمی زەرورەی بارودۆخی مێژوویی ئەمڕۆ نابێ بێ‌هەڵەبێ ، ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ سەرجەم بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ، بەڵام ئەم گروپە یەکێکە لە گروپە ڕەسەنەکانی ئەم سەردەمە ، تا ئێستا لەهیچ لایەکەوە ڕەخنەیەکیان لێ‌نەگیراوە لە ڕەخنەلەخۆگرتنی خۆیان باشتر بێ . هەروەها لەبەیجوری ئەوەشا نیم شوێن پێی ڕێبازە ئەدەبیەکەی ناوبراو هەڵبگرم ، چونکە بابەتەکە ئەبێت بە گاڵتەجاڕی و فشقیات وشتێکی لاوەکی . دڵنیام ناوبراو لەچەمکی حیزب نەگیشتووە لەبارەی حیزب و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاوە .

تا ئێستا لەکوردستاندا زەمینەی دەروێشی خۆشە بۆ چەقاندنی هەر فیکرێکی دەروێشی و ڕیشەداکوتاندنی تیایدا ، جا کە حەمە سەعید بە شاعیرێکی شۆڕشگێڕ و ئازا ناسراوە ، بێگومان نووسراوەکانیشی وا ناسراون ، بۆیە لەم بوارەدا ئەتوانێ خزمەتێکی گەورەی دەروێشی بکات ، ئەگەر ڕەخنەی لێ‌نەگیرێ ، ئەم نووسینە پێ لەسەر ڕەخنەگرتن لەم سێ‌بابەتەی خوارەوە دائەگرێ :

١- کردنی مارکس و ئەنگلس بەخوا و لینین و ڕۆزا و ترۆتسکی وهتد بە مەلائیکەی مقربین و زیاتر هاندانی ئایینی مارکسیزم - لینینیزم .
٢- شۆڕشی ئیسلامی ئێران ، یان شۆڕشی کۆمۆنیستیئێران ؟
٣- جەنگی ئێران و عیراق و ماهیەتی چینایەتی ئەو جەنگە .

- ١ -

لە هەموو مێژووی چینایەتیدا ، لەدوای تێکشکاندنی هەر شۆڕشێك ، جگە لەوەی چەوسێنەرەکان زیاتر شێرگیربوون لەسەر پاکسازی شۆڕش ،هەروەها چەوساوەکانیش زیاتر دڵنیابوون لەسەرنەکەوتنیان ، هیوابڕاوتر بوون ، ئاسۆی ئاواتیان تاریکتر بوە ، بێهیوایی و وورەبەردان زیاتر دامێنیگرتوون. ئەمە زیاتر زەمینەی ڕەخساندووە بۆ ئەوەی زیاتر بکەونە باوەشی خەیاڵپلاوی ئایینیەوە ، لەو دنیا بەهەشتیان بۆ خۆیان سازکردووە و دۆزەخیش بۆ دوژمنەکانیان ، ئیتر سەدان دەریای سوور شەقی بردووە و موسا و دەروێشەکانی پیایدا تێپەڕیوون و بەسەر فیرعەونەکاندا داخراوە، سەدان عیسا هاتوەتە خوارەوە بۆ ڕاوەدوبی جەجاڵ و ڕزگارکردنی چەوساوەکان ، ئیتر هەمیشە فەرهەنگی خاوەندارێتی زیاتر لەکۆششی خۆشترکردنی ئەم زەمینەیەدابووە ! وەك ئامۆژگاری کتێبە ئاسمانیەکان ( ئەبێ شوکر بیت ) ئەبێ کە زللەیان دا لەلایەکت ، ئەولاکەی تریشی تێکەیت ، خوا لەو دنیا حەقت ئەستێنێت ، ئەبێ چاوەڕێی مەهدی مونتەزەر بیت .

عەلی کوری تالیب جگە لەوەی یەکێك بووە لە هەرە دەوڵەمەندەکانی ئەو سەردەمە ، هەروەها یەکێك بوە لەهەرە دڕندە و ئەسیر و پیر و منداڵکوژی ئەو سەردەمە ، ناکۆکی لەگەڵ خەلیفەکانی تردا تەنیا لەسەر کورسی خەلافەت بوو ، بەڵام چونکە ئەو ململانێ سیاسیە ڕێکەوتی سەردەمێکی کردبوو کە تازە شۆڕشە کۆمۆنیستیەکان لەو ناوچانە و ناوچەی ڕۆمدا یەك لەدوای یەك تێك شکێنرابوون ، قەتلوعام کرابوون ، باج و خەراج و هەموو جۆرە جەور و ستەمێك ڕۆژلەدوای ڕۆژ زیاتر ئەبوو ، چەوساوەکان سەرگەردانتر ئەبوون ، لە ئەنجامی ئەوە و لەدوای کوژرانی کوڕەکانی عەلی بزووتنەوەی ( عەلەوی ) دروست بوو ، بوو بە بزووتنەوەیەکی وا کە بوار هەبێت بۆ چەوساوەکان

بێزاری و نارەزایی خۆیانی تیا دەربڕن ، زۆری بەسەردا تێنەپەڕی هەزاران ئەفسانە و چیرۆکی خەیاڵی هەڵبەستران ، هەزاران شانامەی بە سەردا خوێنرا ، تا وای لێهات ڕۆژی کوشتنی حسین بو بەڕۆژی شین و گریان و دەربڕینی بێزاری ، بەوە تا ئەندازەیەك ئاگری دەرونیان دائەمرکایەوە ، شان بەشانی ئەمە مەلا و ئاخوند و کاسەلێسەکانی خەلیفە و هەموو دامودەزگای دەوڵەت فرمێسکی تیمساحیان هەڵ ئەڕشت و ئەکەوتنە زیاتر هاندانی دروست کردنی خەیاڵپلاوی و دروست کردنی چیرۆکی ئەفسانەیی سەرسورهێنەری جۆراوجۆر و ئاوازی غەمگین و . . .هتد . چینی دەسەلاتدار چۆن هەمیشە هەوڵیداوە بەبێ بەزییانە سەری شۆڕش وبزووتنەوە کۆمۆنیستییەکان پان بکاتەوە ، هەروەهاش هەوڵیداوە بۆ سڕینەوەی شوێنەواریان ، دانانی خەیاڵپلاوی وئەفسانە لەجێگای تاقیکراوە مێژووییەکان و هەمیشە زەمینە سازبووە بۆ ورەبەردان ، باوەڕبەخۆ نەبوون ، خۆبەهیچ نەزان ، پشت بەستن بە غەیب و کەسی ڕزگارکەر ، کەسی بەهێزتر وهۆشمەندتر ، بۆ نموونە : چەوساندنەوە لەناوچەی ڕۆژئاوای عیراق لەهەموو ناوچەکانی تری عیراق توند وتیژتر بوو لەسەردەمی پەنجاکاندا ، تەنانەت پاشماوەی کۆیلایەتی تێدا مابوو ، جگە لەوە ئەو ناوچەیە جێگای تێکشکاندنی سەدان ڕاپەڕین و شۆڕشی خوێناوی بوو کە (شۆڕشی ١٤ی تەمووز ) ڕویدا ، وایان ئەزانی (قاسم) ئەو کەسەیە کە هەزاران ساڵە باسی ئەکەن و چاوەڕێی ئەکەن ، باوەڕیان وا بوو ئەو سێبەرەی بەسەر مانگەوەیە لە شەوی ١٤دا دەرئەکەوێت وێنەی ئەم کابرایە .

لێرەدا هیچ مەبەستێك نیە بۆ ئەوەی یەك تۆز لەنرخی مارکس وئەنگلس بهێنینەخوارەوە ، بێگومان ئەوانە تائێستا گەورەترین ڕۆڵیان هەبووە لە خزمەتکردنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا و قوڵترین دەرك پێکردنیان هەبووە لەو بارەیەوە ، بەلام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت فیکری مارکس و ئەنگلس تەواو بێ عەیبە و خۆشیان وەك فریشتەی ئاسمان بێگەرد و بەرین لەهەموو ڕەفتار و خووڕەوشتێکی کۆمەڵ ، وە ئیتر دروستکردنی کۆمەڵێ خەیاڵپلاوی وشاخ وباڵی ئەفسانەیی بۆیان ، وەك حەزرەتی سلێمان کە زمانی تەیر و تور و جانەوەری

زانیوە (ئەسپەشێیان ) وەك دوڵ دوڵی حەزرەتی عەلی ڕەوان و ڕەسەن بووە و هتد .

هەرچەندە حەمە سەعید ئەیەوێت بەسەرزارەکی تۆمەی سۆڤیەت لەسەر خۆی لاببات و دەڵێ : " باخەڵك نە ئامۆژگاری پرۆلیتاریا بکەن و نە ڕەچەتەی بۆ بنوسن ، نەڕێنوێنی بکەن ، چونکە ئەو چینە لەگەرمەی خەباتی درێژخایەنیدا چارەسەری کێشەی خۆی ئەکات " و " وەئەگەرچی لەتێڕوانینی سۆفیەکەوە بۆ قورئان ناڕوانمە بەرهەم و چالاکیەکانی مارکس و ئەنگلس و ڕۆزا ، بەلام ئەو ڕەخنەیە کاری هەموو نەخوێنەوار و هەرزەیەك نیە ، وەك چۆن پرۆلیتاریا لەڕابوردویا بلیمەتانی لەچەشنی مارکسی پێگەیاندووە ، لەئێستا و داهاتویشدا کەسانی وای خوڵقاندووە و ئەخوڵقێنێ کە ئەو ئەرکە لەئەستۆ هەڵ ئەگرن " - خەتی ڕەشی ووشەکان لەلایەن ئێمەوەیە - ئەبینین تەنانەت لە دیفاعە ڕاستەوخۆکەشیدا لەسۆفی نەبوونی ناتوانێت لەپەرستنی خوێنەوار و بلیمەتەکان و بەسووك سەیرکردنی کەسانی نەخوێندەوار خۆی قوتار بکات ، ئەڵێت : ( پێم وایە پرۆلیتاریا قۆناغی چاوەڕێکردنی ئامۆژگاری بەجێ هێشتوە و بواری دیکتاتۆریەتی هیچ حیزبێك نادات - دیکتاتوریەتی حیزبەکەی خۆشی ) لای نووسەر وایە کە پرۆلیتاریا ئەبێ بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕ بێ ، یەکێك لەوانە قۆناغی چاوەڕێکردن و گوێ ڕایەڵی ئامۆژگاری مامۆستاکانە ، ئەوی تر قۆناغیکە کە دیکتاتۆریەتی حیزبەکەی خۆشی ڕەفز ئەکات . ئەگەر باش سەرنج بدەینە سەرجەمی ئەم نووسراوە ، ئەبینین تەنانەت ئەوشتانەش کە بەتایبەت بۆ پاکانە لە سۆفیەتی نووسراون ناوەڕۆکیان بەتاڵە ، چونکە ئەڵێ: " پرۆلیتاریا ئەو بلیمەتە پێئەگەیەنێ - لەئێستا و داهاتوودا - ئیتر ڕەخنە کاری هەموو نەخوێنەوار و هەرزەیەك نیە " ، یانی تەنیا کاری پسپۆڕ و زاناکانە، ئەڵێ: " مارکس سەرەڕای ئەوەی چەند زمانی زانیوە ، لەئابوری و فەلسەفە و سۆسیۆلۆژیا و ئەدەب و ماتماتیك و میسۆلۆژیا و مێژوودا بلیمەت بووە ، ئەنگلسیش سەرو گوێلاکی دە زمانی شکاندوە و دەزمانیشی بەتەواوی زانیوە ، شاسواری هەموو ئەم بوارنەش بوە کە ئەسپەشێی ڕەسەنی خۆی تیا تاوداوە ، هەر لەزانستە سروشتیەکانە وە ، فیزیك ، کیمیا ، زانستی ڕوەك ، ئابوری سیاسی ، تەنانەت لەبواری سەربازیشدا بەژەنەراڵ ناوبانگی دەرکردبوو" -

خەتی ڕەشی ووشەکان هی‌ئێمەیە ـ ئەبێ بۆ خزمەتی کام لەشکر ( ژەنراڵ ) بو بێت ، بۆ پڕۆلیتاریاش (ژەنراڵی) پێویستە ؟ ئەڵێ : " لینین ئەو زمانە ڕوسیەی پێ‌ی نوسیوە بەدان پیانانی پسپۆڕان ، لەزمانی پۆشکین کە بەباوکی ئەدەبی ڕووسی ناسراوە دەوڵەمەندتر بوە " . لینینیستەکان ئەمەندە بەشان و باڵی کەسانی ( بلیمەت و ڕێ‌پیشاندەر و پسپۆڕ)دا هەڵیان‌داوە ئەمەندەش خەیاڵپلاویان بلاوکردوتەوە ، ئەمەندەش مێژووی بزووتنەوەی پڕۆلیتاریایان شێواندوە ، (پۆلماتیك) ووتەنی : " ئەمەندە پێستی لاشەکەی لینین ڕەنگەکەی زەردتر ئەبێت ، ئەمەندەش ڕێچکەی زیارەتکەرانی درێژترئەبێ " . لە ئەنجامدا ئیمان‌هێنان بەمارکسیزم وەك ستراتیج و گوێڕایەڵی و ئیتاعەی مەوعیزەی خەلیفەکان ،وەك تاکتیك ئەبێ بەچوارچێوە و سنووری بیرکردنەوە .

نووسەر ئەڵێ : " مارکس وەك ڕۆشنبیرێکی شۆڕشگێڕ کەشانی داوەتە ژێر ئەو بارە گرانە ـ هوشیارکردنەوەی پڕۆلیتاریای جیهانی " ، چونکە وەك قورئان ئەڵێت : " واکثرهم لایعلمون " ، واتە هوشیاری لە مارکسەوە هاتوە بۆ پڕۆلیتاریا ، پڕۆلیتاریا بۆیە مارکسی خولقاندووە تا بەهۆی ئەمەوە هوشیار بێتەوە ، ئیتر لەم نووسینەدا دان پیانانی فەزڵ و گەورەیی و عەزەمەت بۆ ئەدیب و پسپۆڕ و زاناکان لەنێو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی‌دا زۆر ڕون وئاشکرایە.

نووسەر ئەڵێ : ئاورێکی بەپەلە لەمێژووی خەباتی پڕۆلیتاریا بدەینەوە ، **پۆلە مەلی چەندان ناو لەوانەی ژیانیان بۆ هوشیارکردنەوەی پڕۆلیتاریا تەرخان‌کردوە بەئاسمانی بیرماندا لەشەقەی باڵ ئەدەن** " ، هەروەها ئەڵێ : " مارکس ڕێ‌نیشان‌دەری **پڕۆلیتاریای جیهانی بێ وابوە** " ـ خەتی ڕەشی ووشەکان هی ئێمەیە ـ ئایەتولا خومەینی ئەڵێ : " خەڵك جاهل وناتەواون و پێویستیان بەتەواوبون هەیە " . ئیسلام شناسی میرعلی فیرطوسی ـ ئایەتولا سید سادقی ڕۆحانی ئەڵێ : " زۆربەی خەڵك ناتەواون پێویستیان بە پێ‌گەیشتن هەیە ، لەبناغەدا زۆربەی خەڵك عالم نین و نەزانن ، خێرو شەر لەیەك جیاناکەنەوە " ـ هەمان سەرچاوە ـ موجاهیدینی خەڵك ئەڵێن : " کاتێك فەرد پێشەوای شۆڕشگێڕی ناسی لەجێگای خۆی دای ئەنێ سەرنج ئەدا " نەك خۆی تووشی ناکۆکی بکات ، ببێتە هۆی گیروگرفت دروستکردن بۆ پێشەوا ،ئەم کەسە نابێت لەدیاریکردنی ئایدیۆلۆجی‌دا هیچ کات خۆی

لەپێشەوا بەزۆرزان‌تر بزانێت ، ئەرکی سەرەکی پێشەوا ، پێشەوایی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵە ، کە تەبعەن ئەبێ خەڵك ئیتاعەی بکا ، لاسایی‌بکەنەوە" - هەمان سەرچاوە - حەمەسەعیدیش ئەڵێ : " دیارە کۆمەڵە کەسانێك کە ئەو ئەرکە مێژووییە گرنگە لەئەستۆی خۆیان بگرن ، واتە ئەرکی هوشیارکردنەوە و هاندانی چینێك ، بەتایبەت ئەگەر چینەکە پڕۆلیتاریا بێت و لەسەر ئاستی جیهانیش ، دەبێ و پێویستە سەرەتا خۆیان بۆ ئەو ئەرکە تەیار و پڕچەك کردبێت و ئاستی ڕۆشنبیری و هوشیاریان لەپلەیەکدا بێت کە بەئەنجام گەیاندنی ئەو کارەیان لەباردا بێت ، ئەوەی بیەوێ خەڵك هوشیاکاتەوە ، پێویستە خۆی هوشیار کاتەوە " - خەتی ڕەشی ووشەکان هی ئێمەیە - قورئانیش ئەڵێ : " کلکم راعي و کلکم مسؤول عن رعيته " . بەگوێرەی ئەم رایە پێویستە ئەوانەی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئەدوێن ، لەپێشا بچنە دانیشگاکان بۆئەوەی‌جگە لەو هەموو (عیلمانە) کە (پۆلەمەلەکان) زانیویانە ئەبێ وا لە ( ئەسپەشێی ) خۆیان بکەن تا ڕەبازی بکات بەناو هەموو ئەم (عیلمە) تازانەشدا کە ئەمڕۆ هەیە ، دوایی بچێتە ئەشکەوتی "حراء" تا بەشکو بتوانێت ئەوجا فیکر بدۆزێتەوە و خۆی (تەیار وپڕچەك ) کاتەوە ، حەمەسەعیدیش ئەڵێ : " ئەوەی سەرنجی بەرهەمەکانی مارکسی دابێت دەزانێ ئەوپێشەوایە - بەراوردی بکە لەگەڵ ڕای موجاهیدینی خەڵك لەبارەی پێشەواوە کە لەسەرەوە باسمانکردووە - بەجۆرێك کاتی بەنرخی خۆی بۆ ئەدەب و ڕۆشنبیری تەرخان‌کردبوو تا ئەو پلەیەی کەم پسپۆڕ ئەوەندەی ئەو شارەزای ئەدەبی جیهان بووە و هەموو دەمێکیش سەرسامی خۆی بەشاکارەکانی شکسپیر و گۆتە و تورژنیف و لیرمەنتۆف و کالدرین و بلزاك نیشان‌داوە " . جارێ کات هەمووی بەنرخە ، چ کاتی مارکس و چ کاتی نەخوێندەوارێك ، ئیتر بۆ ئەو تەفزیلە زۆرە ، کاتیش هی مارکس خۆی نەبووە ، چونکە مارکس لە پەیوەندیەکی کۆمەلایەتی دیاریکراوە ژیاوە و ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست بووە و لەشی فیزیکیشی مولکی ئەو چینە بووە . ئینجا زێدە ڕۆییە ئەگەر بلێین : " کەم پسپۆڕ ئەوەندەی ئەو شارەزای ئەدەبی جیهانی بووە "، چونکە بێگومان مارکس هیچ شارەزاییەکی نەبووە لەئەدەبی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دا و هیچ کام لەئەدیب و شاعیرانی عەرەب و کورد و فارس و بەنگالی نەناسیوە ، بۆ

ئەم ناوچانە ئەدیبیان نەبووە ؟ یان بە جیهان ناژمێردرێن ؟ تەنانەت وەك دەرئەکەوێ شارەزایی گوایا زۆری لەسەر بەرهەمی چەند ئەدیبێك بووە لە چەند ولاتێکی ئەوروبیدا ، کارێکی زۆر سروشتیە لەهەموو سەردەمی کۆنیشا خەڵکانی ئەدیبی دو یان سێ یان زیاتر وولاتانی دراوسێ ئاگاداری بەرهەمی یەکتربوون ، تەنانەت بەزمانی یەکتریش بەرهەمیان هەبوە ، زۆربەی شاعیرە فارسەکان عەرەبیان زانیوە و عەرەبەکانیش زمانی یۆنانی و فارسی‌وتورکی.

ئەگەر سەرنج بدەینە سەرجەمی ناوەڕۆکی ئەم نووسراوە ، ئەبینین جگە لەوەی تەرخانکراوە بۆ هاندانی کەس پەرستن ، فیکریش لەپەیوەندی‌کۆمەلایەتی جیا ئەکاتەوە و ئەیکا بەشتێکی غەیبی کە تەنیا بەهۆی ڕۆشنبیر و پێشەواوە دێتەخوارەوە و " هیچ نەخوێندەوار و هەرزەیەك " بۆی نیە خۆی لێ‌بات ، هەروەها مێژوویش ئەکا بەشتێکی غەیبی ، نەك دروستکراوی مرۆڤ خۆی، وەك ئەلێ : " هەزارانی لە چەشنی خالەحاجی ئەو نازناوەیان بەخۆیان ڕەوا بینیوە ، بەلاّم بێجگە لەمێژوو کەس بۆی نیە ئەو نازناوە بەخۆی و بەکەسانی تر ڕەوا ببینێت " . دیارە نووسەر وا نازانیت کە بچووکترین کرداری هەر کەسێك ، با ئەو کەسە نابوتترین کەس بێت ، با لەهەر چینێکدا بێت ، کرداری مێژوویی‌یە و وەك مێژوویش بریتی‌یە لەسەرجەمی کرداری مرۆڤ. بەم جۆرە نووسەریش وەك هەموو بالّە جیاوازەکانی تری مارکسیە لینینیەکانی تر ، ناڕاستەوخو دان بە ڕەهایی‌بوونی فیکردا دەنێت ، با سەرزارەکی دژیشی بوەستێتەوە ، هەروەك ئەوان لەهەولّداندایە بۆ هەڵکێشانی پسپۆر وئەدیبان‌و سەنگ‌و تەرازووکردنی ووتەی " نەخوێنەوار و هەرزەکان " لەگەلّ ووتەکانی خوای گەورە و میهرەبان و دەست‌وپێوەندەکانی‌دا ، جا قوڕ بەسەر ئەو ووتەیەی لەهەڵکێشاندا دەرناچێت ، وەزنی نابێت ، ئەو کاتە ئەگەر خەلیفە دەستی بڕوا و لەدەولّەتدا بێت ، با ئەو ووتانە هی کۆمەلّە خەڵکێکی زۆریش بن ، بەلاّم هەر خەلیفە فەتوا ئەدا تا بکرێن بەخۆراکی لولە تۆپەکانی وەك کرێکارانی ( شتۆتگرات ) ، خۆئەگەر دەستیشی نەڕوا ، ئەوا ئەیانکا بە ( کەر ) و ( قەشمەر ) ...هتد . ڕای حەمە سەعید دەربارەی‌هوشیاری و فیکر ، بەئاشکرا ئەوەمان بۆ ئەسەلمێنێت کە فیکر زادەی چەند کەللەسەرێکە، ئەگەر وەك ئەو بێینە سەر ئەو بارە کە(پرۆلیتاریا قۆناغی ئامۆژگاری‌کردنی )

هەبووە و ( مارکس ڕێنیشاندەری پرۆلیتاریا ) بووە ، واتە ئەگەر زانایان و ئەدیبان نەبوونانە ، ئەو قۆناغەی تێنەئەپەڕان ، ئێستاش پرۆلیتاریا هەر پێویستی بە ئەدیب و پسپۆڕە ، چونکە بە (نەخوێندەوار و هەرزە) هیچ ناکرێ ، بە گوێرەی ئەم جۆرە باوەڕە هەموو ئەوانەی وەك حەمە سەعید بیرئەکەنەوە لەگەڵ هیگڵدا ئەکەونە دەم و دان شکاندنی مارکس .

هوشیاری کارێکی کۆمەڵایەتی و مێژووییە لەهەمان کاتدا ، بوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتیە هەڵدەستێت بە ناولێنانی ئەو کارتێکردنەی مادە لە مێشکدا عەکسیئەکاتەوە ، ئەمەش بەبێ تێپەڕبوونی کارتێکردنیکی مێژوویی دوور و درێژ نابێت . ئەمە بناغەی سەرهەڵدانی هوشیاریە ، تۆمارکردنی ناوە لەمێشکا عەکسبووەکان ، یان وەرگرتنی تەجروبەی ناڕاستەوخۆ ئەبێت ،یان بوە بەهۆی سەرهەڵدانی مێژوو - ئەگەرچی چینی دەسەڵاتدار تا ئێستاباشتر تەجروبەی لەمێژوو وەرگرتووە - محمد الجندي لەکتێبی "حول الانتاج والوعي و التركيب الاجتماعي" دا ئەڵێت : " تاك بەستراوە بەپلەی هوشیاریەکەوە کە کۆمەڵگا پێی گەیشتووە - ل ٩٧ " ،وە ئەڵێ : " هەموو کەس ئەتوانێ لە کۆمەڵگادا ، بەگوێرەی توانای ئەو هوشیاریەی دەست کەوێت کە واقیعی کۆمەڵایەتی بەرهەمیهێناوە - ل ٩٨ " . مارکس ئەڵێ : " خووڕەوشتی هەموو پشتە ڕابوردووەکان لەسەر مێشکی زیندووەکان ئەبێ بەپەیکەر " ، ئەگەر زەمینەیەکی مادی ئەوتۆ دروست نەبووبێت کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخو کار بکاتە سەر (هەستی) کریکار ، چۆن بەمەوعزەی مارکس یان هەر زاناوئەدیبێك هوشیار ئەبێتەوە ؟ بەمەرجێ دروست بوونی ئەو مەرجە لە بوونی کرێکارەکە خۆیدایە ، لەم بارەیەوە نامەی برادەرێك زۆر جوان باسی ئەوە ئەکاوئەڵێ : " دابرین یا جیاکردنەوەی هۆشمەندی لەهەر بوونێکی کۆمەڵایەتی ، واتە ئینکارکردنی بوونی ئەو بونەکومەڵایەتیەیە" . ئەنگلس بۆ بلۆخ ئەنوسێت : " ئێمە خۆمان مێژووی خۆمان دروست ئەکەین ، بەڵام لەپێشا ئەمە لەژێر هەلومەرجێکی پێشکەشکراوی دیاریکراودا "- هەڵبژاردەی چوار - (ئێمە) بە واتای مرۆڤ هاتووە لێرەدا . مارکس لەکتێبی " گروندسیە "دا ئەڵێ : " هەستی خەڵك ژیانی خەڵك دیاری ناکات ، بەپێچەوانەوە ژیانی کۆمەڵایەتیە کە هەستی خەڵك دیاری ئەکات " . بەو پێیە ژیانی کۆمەڵایەتیە پرۆلیتاریا

و هوشیاری کۆمۆنیستەکانیش دروست ئەکات ، ژیانی کۆمەلایەتیە پرۆلیتاریا ئەکا بەهوشیارکەرەوەی مارکس و ئەنگلس و حەمەسەعیدیش . ئەنگلس لەپێشەکی " سۆسیالیزمی زانستی و سۆسیالیزمی تەوباوی "دا ئەلێت : " لەبەر ئەمە ئەگەر ویستمان هۆکانی ئالۆگۆری سیاسی و کۆمەلایەتیمان دەست کەوێت ، پێویستە لەئابوری سەردەمی دیاریکراودا بۆی بگەرێین ، نەك لە کەللە سەری خەلکا یان لەزوری زانیاریان لەبارەی راستی و عەدالەتە هەمیشەییەکانەوە، یان لە فەلسەفەدا " . مارکس لەبارەی کەس پەرستنەوە لەنامەیەکدا بۆ(ولیەم بلوس ) ئەلێت : " بەلگەیەکت بۆ بەهێنمەوە : لەبەر قێزبوونەوەم لە کەس پەرستی ، بەدرێژایی بوونم لەنێو نێونەتەوەیی دا ، بوارم نەدا بە بلاوکردنەوەی ئەو نامانەی کە لەزۆر ولاتەوە بۆمهاتون و بێزاریان کردووم ، تەنانەت وەلامیشم نەداونەتەوە . کاتێ ئەنگلس و من پەیوەندیمان کرد بە کۆمەلەی نهێنی کۆمۆنیستەکانەوە ، مەرجێکمان دانا ، ئەویش ئەوەبوو هەرچی هانی کەس پەرستن و خورافیات بدات لەپێرەوی ناوخۆدا بیسرنەوە ، بەلام لاسال بەپێچەوانەی ئەمەی کرد " ـ هەلبژاردەکانی مارکس وئەنگلس/کتێبی ٤ .

مارکس کەسێکی فریشتەئاسا و (عەلاجاوی) نەبووە ، بێگومان خو و رەوشتی باوی کۆمەلگای سەردەمی خۆی لەسەربووە ، هەلەی گەورەشی هەبوە، هەندێ جار تووشی ناراستیش بووە وەك لەگەل باکونین دا . لەگەل دەرکی زۆر قولیا بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەتایبەتی و ناکۆکی کۆمەلگای سەرمایەداری بەگشتی تووشی هەلەی وابووە کە هەندێ جار جێگای پێکەنینە ، بەلام دەرویشەکان ئەو ( هەلانە ) ئەکەن بە حیکمەت و موعجزە و هەرجۆرە شیکردنەوەیەك لەم بارەیەوە دائەنێن بە کفر و ئیلحاد ، دژەکانی شۆرشیش ئەیکەن بە رووکەش بۆ داپۆشینی راستی تێگەیشتنی مارکس بۆ بزووتنەوەکە و ناکۆکیەکانی . هەروەها چەواشە و ئاوەژۆکردنی دەست نیشانکردنی (هەلە) و ناکۆکی،باس و لێکۆلینەوەی زۆری پێویستە و کاری ئەم کورتە رەخنەیە نیە . ایرەدا ئەتوانین تەنیا چەند نموونەیەك بخەینە بەردەم :

بێگومان مارکس ماوەیەکی زۆری ژیانیخۆی تەرخانکرد بۆ شیکردنەوەی "سەرمایە" ، تا ئێستا کەس نەیتوانیوە لەو باشتر ئەو مەسەلەیە شیبکاتەوە ، مارکس لە "گرۆندسیە"دا ئەلێت : " سەرمایە وەك هەموو شتەکانی تر

کەرەسەی بەرهەمهێنانە " ، هەر لەو کتێبەدا بەتەواوی سەلماندویەتی کە ئامانجی ئێستای بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بریتی‌یە لەلابردنی سەرمایە ، کەچی ئەم ووتەیەی مارکسە : " مرۆڤ بەنرخترین سەرمایەیە " ، وەك کەلیمەی شایەتمانە و هەر مارکسی لینینی‌یەك نەیزانی ئەوە ( ناقس الایمانە ) ، ئەمە جێی سەرسوڕمانە ، چونکە بێگومان هەتا سەرمایە بەهێزتر بێت زیاتر بوونی مرۆڤ گوم ئەبێت ، بوونی مرۆڤ تەواو کاتێك دێتەکایەوە کە بوونی سەرمایە نەمێنێت ، مرۆڤ و سەرمایە دوو شتی زۆر ناکۆکن .

مارکس لە " بانگەوازی یەکەمی ئەنجومەنی گشتی کۆمەڵەی کرێکارانی نێونەتەوەیی‌دا دەربارەی جەنگی فەرەنسا و ئەڵمانیا " ئەڵێت : " هەروەها ئەگەر کۆمۆنە نوێنەری راستەقینەی هەموو توخمێکی دروستە لەکۆمەڵگای‌فەرەنسادا ، هەروەها ئەگەر حکومەتێکی نیشتمانی راستەقینەیە ، بەهەمان شێوە حکومەتێکی کرێکاری تێکۆشەریشە لەپێناو رزگارکردنی کاردا " - خەتی ڕەشی ووشەکان هی ئێمەیە - ئەبێ مەبەستی چی‌بووبێت لە " هەموو توخمێکی دروست " یان " حکومەتێکی نیشتمانی‌راستەقینە " ، لەکاتێکدا زۆرئاشکرایە کە تەنیا چینی پرۆلیتاریا تاقە چینی شۆڕشگێرە لای مارکس ، وە هەمیشە ئەو دژی دەوڵەتی نیشتمانی و نیشتمان پەروەرێتی بووە ، کەچی بەچەند دێڕێك دوای ئەم دەربڕینە ئەڵێ : " بەڵام کۆمۆنە کرێکارێکی ئەڵمانی‌کرد بە وەزیری کار و شەرەفی پاڵەوانیەتی دا بەکوڕەکانی پۆڵۆنیا کەجێگای سەرەکی‌یان گرتبوو لەپاراستنی پاریس‌دا " . ئەبینین لەیەك نووسراودا و بۆ یەك ڕووداوی دیاریکراو چەند ناکۆك بەیەکی تێدایە ، هەرچەند لەم نووسراوەدا بەگشتی نێونەتەوەیەتی کۆمۆنە ئەسەلمێنێت و بەڕوونی ڕۆڵی خیانەتکارانەی نیشتمانپەروەرەکان لەگەڵ بسمارك دا دەردەخات ، وەك لە سەرەوە ووتمان ، مەبەست لە ڕەخنەگرتن لەمارکس ئەوەنیە تۆزقاڵێك لەنرخی بهێنینە خوارەوە ، بەڵکو ئەمانەوێت لە بورجی ئاسمانی حەوتەمی خوایەتی خواپەرستەکان بیهێنینە خوارەوە ، تا ببێتەوە بە هاوڕێکەی جاران وئەندامی حیزبی پرۆلیتاریا .

مارکس لەدیاریکردنی سنووری چینایەتی‌دا ، هەندێ‌جار بەشێکی فراوانی پرۆلیتاریا بە نیمچەپرۆلیتار و وردەبۆرژوا ناوئەبا ،وەك جوتیاری‌هەژار و

ئەو کرێکارانەی لەکارخانە کارناکەن و بە عەرەبانچیەتی و دەستگیر و سواڵ و هەندێ جار دزی و داوێن فرۆشتن ژیانی کوللە مەرگی ئەبەنە سەر - کە ئەم بەشەی پرۆلیتاریا هەمیشە لەریزی پێشەوەی شۆرشەکاندا بوە . ئەمە زیانێکی سەختی بەبزووتنەوەی کۆمۆنیستی گەیاند ، چونکە ئەم جۆرە رایە بوو بەچەکێکی کاریگەر بەدەست سۆسیال دیموکراتەکانی دوێنی و مارکسیزم - لینینیزمەکانی ئەمڕۆ وە بۆ کەرتکردنی ئەو بزووتنەوەیە و شێواندن و بە ئاڵۆز پیشاندانی مێژووەکەی .

ڕۆبسپیر ئەڵێ : " بەشی زۆری هاووڵاتیەکانمان زەلیلی و برسیەتی بە جۆرێك قورتمی گرتبوون کە لەتاو هەوڵدانیان بۆ نەمردن لەبرسا کەس توانای بیرکردنەوەی نەبوو ، لەهۆکانی هەژاری و لەو مافانەی کەسروشت پێی‌داون" - پێشەکی‌کۆمۆنەی پاریس ، هنری ریگمان ، وەرگێرانی فارس غصوب - . هیچ ماقوڵ نیە ئەگەر یەکێك ڕای وابێت ، لەبرسا هاربوەکانی فەرەنسای ساڵی ١٧٨٩ بۆ ئەوە شۆڕشیان کردبێت کە بۆرژوا بهێننە سەرکار تا باشتر بیان چەوسێنێتەوە ، یان بەرنامەی مێژووی چینایەتیان نەبوبێت ، مارکس وئەنگلس هەرکات باسیان لەڕووداوی شۆڕشێکی دیاریکراو یان ڕاپەرینێکی پرۆلیتاریا کردبێت ، ئەو سنوورە لەو باسانەدا نابینین وەك لە نووسراوێکدا کە لە دوای تێکشاندنی شۆرش یان لەکاتی لاوازبوونی بزووتنەوەکەدا نووسراوەتەوە . ئەنگلس لە پەنجەراکێشانی‌دا بۆ ووتەیەکی مارکس کەئەڵێ : شۆڕشی ١٨٤٨ و بەهاری ١٨٥٠ هەموو بۆرژوای فەرەنسای یەك خست ، ئەڵێت : " بەلام بە پێچەوانەی ئەمەوە - یانی بەپێچەوانەی ئەو یەکگرتنەوە - جوتیار و وردەبۆرژوا لەدەوری پرۆلیتاریا کۆبونەوە ، بەجۆرێك ئەوە ئەبێت بە توخمی کاریگەر لە حالەتی سەرکەوتنی هاوبەشی‌دا " - ڕۆشنکردنەوەی نێوان وەرگیراوەکە هی ئێمەیە - پێشەکی خەباتی چینایەتی لەفەرەنسا . مارکس لە هەژدەهەمینی برۆمێردا ئەڵێ : " حیزبی نەتەوەیی هیچ جەماوەرێکی نەبوو لەنێو بۆرژوا دیموکراسی بچووکدا ، بەتایبەت لەناو کرێکارانی شۆڕشگێڕدا " ، بەلام هەمیشە مارکسیە لینینیەکان چالاکانە و چاپلۆسانە هەوڵیان‌داوە سوود لە ووشەی بەهەڵە بەکارهێنراو یان هەر هەڵەیەکی تر وەربگرن بۆ خۆکردنە

کوێخای هەر شۆڕشێکی پرۆلیتاری و تێکدانی ڕیزی پرۆلیتاریا لەهەر جێگایەك .

هیچ گومانی تێدا نی یە ، بەهەزاران ساڵ پێش مارکس کەسانی کۆمۆنیستی وا هەبوون بەگوێرەی رادەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی سەردەمیان باسیان لەشۆڕش و کۆمۆنیزم کردووە و قوربانی سەختیان داوە ، هەرچەند مێژوونووسە ڕەسمیەکان نەك هەر باسیان نەکردوە ، بەڵکو هەوڵیان داوە شوێنەواریشیان پامال بکەن . هیچ داهێنانێك لەلایەن کەسەوە ،بەدورەپەرێز لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی ، بەجیاواز لەبەشداربوونی هەموو کۆمەڵ ، بەبێ کارتێکردنی مێژوو لەسەری ، کارێکی مەحالە ، کەچی مارکس لەنامەیەکدا بۆ (یوسف یندمایر) لەنیۆیۆرك ئەنووسێت : " ئەوەی پەیوەندی بەمنەوەیە فەزڵی دۆزینەوەی چینەکان ناگەڕێتەوە بۆمن ، هەروەها فەزڵی دۆزینەوەی ململانێ ی نێوانیان لەپێش مندا بەماوەیەکی زۆر ، نووسەرە بۆرژواکان گۆڕانی مێژوویی ئەم ململانێیەیان لەناو چینەکاندا خستەبەردەم ، ئەوەی من تازە پێشکەشم کردووە لەمانەی خوارەوەدا کورت دەکرێتەوە :

١- بوونی چینەکان پەیوەندی بەقۆناغی مێژوویی بەرهەمهێناوە هەیە .
٢- ململانێی چینایەتی ئەگاتە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا .
٣- ئەم تیکتاتۆریەتە خۆی هیچ مانایەکی تری نیە جگە لەگواستنەوەی بۆ لەناوبردنی هەموو چینەکان بۆ کۆمەڵگای بێچین .

- هەمان سەرچاوە ل ١٤٩ -

ئێمە هیچ جیاوازیەکمان لەسەر ناوەڕۆك و ئامانجی ئەم نووسینە نیە ، ڕەخنەمان ئەوەیە لێرەدا مارکس فەزڵ دەگێڕێتەوە بۆ کەسانی نووسەر وئەیانکا بە دۆزەرەوەی مەسەلە ئاڵۆزەکان ، کە لەراستیدا هیچ مەسەلەیەك هەرچەند ئاڵۆزیش بێت ، نادۆزرێتەوە لەلایەن کەسەوە ئەگەر لەناو خەباتی چینایەتیدا وەك پێویست خۆی ئاشکرا نەکات ، هەرچەندە مارکس زۆرباش ئەم راستییەی زانیوە و لەزۆرجێگادا دانیپێداناوە . پاش مردنی مارکس ، ئەنگلس ڕۆڵێکی گەورەی بینی لەمارکس پەرستندا ، تا بەجۆرێك سۆسیال دیموکراتەکان و

مارکسیە لینینیەکان توانیان بەئاسانی مارکسیزم بکەن بە ئایین و لەژێریا تێگەیشتنی ڕاستی مارکس بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بشارنەوە .

هەر لێرەدا ڕەخنەی ترمان ئەوەیە ، هەرچەند لەو ڕۆژەدا نهێنیەکانی ململانێی چینایەتی وەك ئەمڕۆ ئاشکرا نەبوو ، بەڵام دەرکی ئەو بۆ مێژوو ئەوەندە فراوان بوو ، نەئەبوایە ئەوەی نەبینیایە کە تەنیا نووسەرە بۆرژواکان نەبوون دانیان بەبوونی چینەکان و ململانێی چینایەتیدا نابێت ، بەڵکو ئەگەر تەنانەت سەرنج نەدەینە شوێنەوار و پرۆگرام و ئامانجی - بێگومان کلکوگوێقرتاوی شۆڕشە کۆمۆنیستیەکانی کۆنتر ، ئەگەر سەرنج نەدەینە ووتەوت و گوێ قرتاوەکانی مانو ، مەزدەك ، ئیبن مقفع ، مەنسوری حەلاج ، بابەکی خوڕەمی . . .هتد ، تەنیا سەرنج بدەینە ئەو یاسایانەی کە هەر لەسەردەمی خەتی بسمارییەوە تا ئەگاتە تەورات و ئەنجیل و قورئان ئەبینین هەر هەمووی لەپێناو زۆرانبازی چینایەتیدا نووسراونەتەوە ، بۆ دامرکاندنەوەی یاخیبوونی چەوساوەکان و تێکشکاندنی خەباتیان ، هەرچەند ئەم یاسایانە هەمیشە هەوڵیان داوە شوێنەواری مێژووی خەباتی چینەزەحمەتکێشەکان بسڕنەوە ، هەمیشە ئەو شۆڕشانەیان بەکفر و ئیباحە و. . .هتد تاوانبار کردووە ، بەڵام بوونی ئەو یاسا نووسراوانە خۆی مانای بوونی خەباتی چینایەتی مێژووی پرۆلیتاریایە ، بێگومان هەموو یاسایەك لە ئەنجامی تێژبوونی ناکۆکی چینایەتی و سەرپێشۆڕکردنی چەوساوەکاندا دائەنرێت ، ئەگەر یاخیبوونی جەماوەری بەرفراوان بوبێتە جۆرێك لەهەڕەشەکردن لە دەسەڵاتدارێتی ئیسلام ، (محمد) پەنای ئەبردە بەر یاسای: " اثنان لا یتجاوز صلاتهما رئوسهما عبد أبق من مواليه حتى يرجع" و " ثلاثە لا تسئل عنهم رجل فارق الجماعة وعصى امامه و مات غاصيا او عبد أبق من سيده فمات " ، ئیتر بەکورتی هەرچی یاسا هەیە سەلمێنەری بوونی ناکۆکی و خەباتی چینایەتیە . ئەگەر یەکێك باس لەم ڕاستیە بکات مانای ئەوەنیە شتێکی شاراوەی دۆزیوەتەوە ، بێگومان بەهەزاران ساڵ پێش مارکس ، پرۆلیتاریا سەدان شۆڕشی گەورە و مەزنی هەڵگیرساندووە ، بەهەزاران قوربانیان داوە ، بەبزمار چوار مێخە داکوتراون بەزەویدا تا ووشك بونەتەوە ، وەك مەزدەکیەکانی دەشتی خوزستان ، سۆسیالیستیەکانی سەردەمی ڕۆم ،

وە سەدان ئەدیب و نووسەریان بەدوای خۆیاندا ڕاپێچکردوە ، وەك معري و حەلاج و...هتد ، هەروەها وەك ئازایەتی و لەخۆبوردوویی نارۆدنیکەکانی ڕووسیا و شۆڕشی جوتیارانی ئەڵمانیا و...هتد .

وەك برادەرانی گروپی کۆمۆنیستی ئینتەرناسیۆنالیستی ئەڵێن : لە ساڵی ١٨٨٨دا لەکوبا گروپێك هەبوو بەناوی ( E.L Produtor ) ، ئەمانە وا دەرئەکەوێ نە مارکس و نەئەنگلسیان ناسیبێ و نە"مانیفست" یان خوێندبێتەوە ، بەڵام نووسینەکانیان زۆر لەنووسینەکانی ئەم دواییەی ئەوان واقیعی‌تر و شۆڕشگێڕتر بووە ، بۆنموونە : " بەو چەشنە هەروەك چۆن‌هەندێ لەوانەی خۆیان بەپارێزەری کرێکاران ئەزانن و هیچ ناکەن جگە لەپاراستنی کاپیتاڵ ، هەر بەوجۆرەش ئەو دیموکراتانەی داوای دیموکراتیەت ئەکەن وەکو دیموکراسیەکانی هەموو شوێنێك پارێزگاری سیستەمی کاپیتالیستی ئەکەن "،وە لەنووسراوەکانیاندا بەناوی ( Democraciey Socialism ) ئەڵێن : " بابڵێین ئێمە لەیەکێك لەو وڵاتانەداین ( وڵاتی دیموکراتی ) و هەموو دانیشتوان دەنگ‌ئەدەن بۆ کەسێکی دیاریکراو ، کەپێویستە نوێنەرایەتیمان بکا ، با وای دابنێین کە ئەو کەسە هەڵبژێراوە لەلایەن گەلەوە بەتواناترین و شەریف ترین کەسە تاکوئێستا دنیا بەخۆیەوە دیبێ ، هەروەها وای دابنێین کاروباری لەبەرژەوەندی ئەو گەلە دەبێت کە نوێنەرایەتیان دەکات و گورج‌وگۆڵی خۆی بەکار ئەهێنێ لە حکومەتێکدا کە ئەندامەکانی هەمان مەرتەبەیان هەیە لە شەرەف و ئەمانەتدا ، حکومەت پاش ئەوەی یاساکانی دانا ئەڵێ : ئێمە هەموو ئازادین ، یەکسانین ، براین ، بەڵام ، هەمووی وەك پێشوو دەمێنێتەوە :کرێکاران کرێگرتەن ، ئەمەش مانای کۆیلایەتی کاپیتاڵە ، هەربۆیە ئەو ئازادیە وەك ئەوە وایە ئازادی بدەیتە دەست کەسێکی ئیفلیج و پێی بڵێی تۆ ئازادی " .

ئەنگلس لەپێشەکی " ململانێی چینایەتی لەفەرەنسا " دا لەمەڕ دانانی بەهەڵەکانیانەوە ئەڵێ : " مێژوو دەری‌خست ئێمە و هەموو ئەوانەی وەك ئێمە بیریان ئەکردەوە لەسەر ڕاستی نەبووین ، بەڕوونی دەرکەوت لەو کاتەدا بارودۆخی گۆڕانی ئابووری لە کیشوەری ئەوروپادا دوورتر بوو لەرادەی ئەو پێگەیشتنە ، کە بتوانێت شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەتاڵ بکاتەوە"،

هەروەها ئەڵێ : " ئەگەر لەشکری گەورەی پرۆلیتاریا نەیتوانی بەو جۆرە بگاتە ئامانج ، وە ئەگەر ناچاربوو لەجیاتی بەدەست هێنانی سەرکەوتن بە یەك لێدان ، **هێواش هێواش ، جێگا لەدوای جێگا ، ڕێگای ڕۆیشتن بۆ پێشەوە بگرێتەبەر** ، ئەمە ئەوە ئەسەلمێنێت کە تاچ رادەیەك توانای گۆڕانی کۆمەلایەتی نەبوو بەیەك یەلاماری لەبڕ " - خەتی ڕەشی ووشەکان هی ئێمەیە. لەم نووسینەی ئەنگلسدا وا دەرئەکەوێ کە شۆڕش بەجۆری شۆڕشی ١٨٤٨ە کە ئاقیکردنەوەی پرۆلیتاریا بێت و دوا ئاقیکردنەوەشە ، ئیتر ئەبێ پرۆلیتاریا " ڕێگای هێواش و جێگا لەدوای جێگا بگرێتە بەر " . هەر لەم نووسراوەدا ئەنگلس حوکمی خۆی ئەدا لەمەسەلەی هەڵبژاردندا و ئەڵێ : " کاتێك بسمارك ناچاربوو دان بنێ بەمافی هەڵبژاردنی گشتیدا ، چونکە تەنیا هۆیەك بوو بۆ دروستکردنی گرنگی‌پێدانی خەلك بۆ پرۆژەکانی ، یەکسەر کرێکارەکانمان بەڕاستی وەریان گرت و ئۆگست بیبل یان نارد بۆ ڕایشتاغ " - هەمان سەرچاوە ، کەچی هەر ئەم ئەنگلسە ماوەیەك لەپێش ئەم هەڵوێستە ناشۆڕشگێڕانەیەدا ، هەڵوێستی ئاوابوو : " دەولەتی خەلکی ئازاد ، بووە بەدەولەتی ئاراد ، دەولەتی ئازاد بەمانا رمانیەکەی (یانی) دەولەتی ئازاد لەمەرامبەر هاوولاتیەکاندا ، یانی دەولەتی ستەم ، پێویستە هەموو زۆربلێیەك لەبارەی دەولەتەوە فڕێ بدەین ، بەتایبەت دوای کۆمۆنە ، ئەوەی وازی‌هێنا لەوەی کەببێت بەدەولەت بەمانای تایبەتی ووشەکەی ".

دوو هەلوێستی زۆر دژ بەیەك ، هەلوێستی پەرلەمانتاریستی و هەلوێستی ڕەتکردنەوەی دەولەت بەتەواوی ، بێگومان ئەوە هەر مارکس و ئەنگلس نین کەخۆیان لەناو خەیالپلاوی دیموکراتیەتی ئیشوکاری ڕۆژانەی ئەو ماوەیەدا کۆمکردووە ، بەلکو لەڕاستیدا ئەوە بزووتنەوەکەیە کە بەتێکشکان و سەرنەکەوتنی نووشی چەواشەیی بووە ، ئەنگلسیش کە ئەندامێکی ڕەسەنی ئەو بزوونەوەیە بوو ، ئەبێ وەك ئەو کرێکارانەی کە بەرەو سندوقی هەلبژاردن ملیان ئەنا ، مل بنێ و نەی ئەتوانی وەك فریشتەیەکی ئاسمانی لەکرێکارەکان زۆرتر بزانێت . ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ لەو کاتانەدا کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەهێزبووە ، ئەمانیش کارامەتر بوون ، ڕوانگەیان لەبارەی ئیشوکاری سیاسی و تاکتیکیەوە ڕۆشن‌تربووە ، ئەگەر بزووتنەوەکەش لەتێکشاندن و ئەزنودانا ندا بوبێ ،

زنجیرەکان بپچرابێتن ، ئەوا ئەوان و هەرکەسێکی تری لەوانیش کارامەتر بە حەتمی تووشی چەواشەیی و ئاڵۆزی بیرورا و بۆچوون ئەبوون . هەر لەو نووسراوەدا کە لەسەرەتاوە پەنجەمان بۆ ڕاکێشا ئەنگلس داوا لەکرێکارانی ئەڵمانیا ئەکات بەرەو دەنگدان بچن ، هەروەکو چۆن بسمارکیش حەزیئەکرد و بواری بۆ دەرەخساند ! لەو نووسراوەدا بەخۆشحاڵیەوە باسی چوونی لاسال بۆ ڕایشتاغ ئەکات ، بەڵام مێژوو سەلماندی کە " کرێکارە شۆرشگێرەکانی وڵاتانی لاتین ، کەمافی هەڵبژاردنیان بە درۆ و ڕێبازی تەڵە و کەرەسەی دەستی حکومەتەکان ئەزانی "ـهەمان سەرچاوە ـ کە ئەنگلس ڕەخنەیان لێئەگرێ ، زۆر هوشیارتر و کارامەتربوون لەئەنگلس . چونکە زۆری نەخایاند بەو چەکە : چەکی دیموکراسی و هەڵبژاردن ، بۆرژوا توانی شۆرش تێك بشکێنێ ، هەروەها مێژوو سەلماندی لەو کاتەدا و بۆ ئەو مەسەلەیە هەستی چینایەتی بسمارك : نوێنەری سەرمایە،بەهێزتربوو کە دەرکی کرد ڕێگای دیموکراسی و هەڵبژاردن باشتر دەسەلاتی سەرمایە ئەسەپێنێت ، لەئەنگلس: نوێنەری پرۆلیتاریا ، کەلای وابوو لەوکاتەدا بە" هێواشهێواش و جێگا لەدوای جێگا ) کرێکار ئەتوانێت لەڕێگای هەڵبژاردنەوە پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان هەڵوەشێنێتەوە . شتێکی ئاشکرایە ئەنگلس و مارکسیش ، هەرلەدوایمانیفێستی کۆمۆنیستەوە هەتا دوایی ، لەدەیان جێگادا ئەم ڕاستیەیان دوپاتکردوتەوەو دانیان پیادا ناوە کە کرێکار ناتوانێت کۆمەڵگای سەرمایەداری تێك بدات و کۆمەڵگای کۆمونەیی بینابکات ، ئەگەر بەناو لافاوی خوێنیخۆیدا نێنەپەڕێت . مارکس ئەڵێ:" هەندێ بۆرژوا ئەیانەوێت چارەیەك بۆ ئەم نەخۆشیە بدۆزنەوە لەپێناوی قایمکردنی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا ، لەگەڵ ئەمانەدا ئابووریزانەکان و پیاوەخێرخوازەکان و مرۆڤ دۆستەکان،کە گرنگی ئەدەن بە چارەکردنی باری ژیانی چینە زەحمەتکێشەکان و ڕێکخستنی ئیش وکاری خێری، پارێزگاری لەجانەوەر پێکهێنانی کۆمەڵێ دادپەروەری و چاودێری ، بەکورتی هەموو ئەوانەی بۆ بیری چارەسەرخوازی،ئیلهام لەبۆشایی ژورەکانیانەوە وەرئەگرن ، شتێکی سروشتیە کە بۆرژواکان وای لێك ئەدەنەوە ئەو دنیایەی دەسەلاتیان بەسەریدا دەشکێ ، باشترین دنیایە . سۆسیالدیموکراسیەکان ئەم لێکدانەوەیە ڕێك ئەخەن لەگەڵ کۆمەڵێ دەستور و یاسای جۆراوجۆردا و

پەروەردەی ئەکەن تاراده‌ی پێ‌گەیین ، کاتێك بانگی پرۆلیتاریا ئەکەن بۆ جێ‌بەجێ‌کردنی نیزام و دەستورەکانی و چوونە نێو زەوی بەڵێن‌پێدراوەوە،ئەوە لەراستی‌دا بانگیان ئەکات بۆ قەناعەت و رازی بوون بەکۆمەڵگای ئێستا ، سەرەرای سەرنجدانی پر لەکینەیان ، ئەبێ سەیری ئەوە بکەین‌ئەم سۆسیالیزمە هەرگیز مانای گۆرانی ژیانی مادی و پەیوەندی بەرهەمهێنانی بۆرژوای نیە، کە ئەمە جێ‌بەجێ نابێت بە شۆرش نەبێت ، واتە تەنیا جێ‌بەجێ‌کردنی هەندێ چارەسەری بەرێوەبەرایەتی لەسەر بناغەی پەیوەندی بەرهەمهێنانی بۆرژوازی خۆی ، چارەسەرێکە نە بەزۆر و نەبەکەم دەستکاری پەیوەندییە سەرمایەداریە کاری کرێگرتە ناکات ، بەڵکو ئەوەی ئەیکا خەرجی‌دەوڵەتی بۆرژوا کەم ئەکاتەوە و بەرێوەبردنی ئاسان ئەکات " ـ لەنووسراوێکی گروپەوە وەرگیراوە ـ .

ئیتر سەرەرای دەرکی قوڵی مارکس و ئەنگڵس بۆ بزووتنەوەکە و شۆرشی کۆمۆنیستی ، سەرەرای ئەو هەموو هەڵوێستە شۆرشگێرانەیان ، کەچی هیمەتی سۆسیال دیموکراتەکان و مارکسیەلینینیەکان ئەو هەڵانەی مارکس و ئەنگڵس تووشیان ببوون و کردبوویان ، بوبە چەکێکی کاریگەر دژی هەموو هەڵوێستی شۆرشگێرانەیان و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەگشتی ، هەر بەو هیمەتەش توانرا کۆمۆنیزم و مێژووی کۆمۆنیزم بکەن بە مارکسیزم ـ لینینیزم و بیکەن بەئایین ، تا پرۆلیتاریا واز لەجێ‌بەجێ‌کردنی پرۆگرامی چینایەتی خۆی بهێنێت و بکەوێتە شوێن مەوعیزەی خەلیفەکان ، ئەوەبوو لەدوای ١٩١٨ ەوە هەرچەندە کرێکارانی ئەڵمانیا ئەیانویست پەلاماری چەك و مەترەلۆز بدەن ، بەلام مارکسیەکانی ئەڵمانیا بەهەموو توانایەکیانەوە و بەهەموو بەشە جیاجیاکانیانەوە بەچەکی" هێواش هێواش و جێگا لەدوای جێگا " دەمکوتیان ئەکردن و سەرقاڵیان ئەکردن و دووبەرەکیان تێ ئەخستن . لەو سەردەمەدا ولهلم لیبخت ئەڵێ : " ئێمە دژی ئەو تێزە ئەوەستینەوە کە حیزبەکەمان بەحیزبێکی شۆرشگێر ئەداتە قەڵەم " ، لەو کاتەوە حزبێك چووە ریزی یاسای شەرعیەوە، مافی هەڵبژاردنی گشتی هەبوو ، وا پێویستە بەتەواوی هاوکاری خۆی لەگەڵ یاسا و دامودەزگاکانی دەوڵەت بخاتەکار ، هەر لەو کاتەوە بانگەواز بدات کە حیزبێکی شۆرشگێر نیە . هەروەها ئەم خەلیفەیە بەئاشکرا ئەڵێت : " بە

شێوەیەکی قەتعی دژی ئەوەم کە هەوڵ و تێکۆشانمان ئاراستەی ڕوخاندن و گۆڕانی یاسای باو و دەوڵەت و کۆمەڵ بکرێت - ١٨٧٩/٢/١٧ " - لە نامەیەکی گروپی کۆمۆنیستی ئینتەرناسیۆنالیستی‌یەوە وەرگیراوە - هەزار ڕەحمەت لە حیزبی شیوعی عیراقی و حیزبی تودە ، خۆ ئەوانیش لەوە زیاتریان نەوتووە وا ئەوەندە بێ‌ئابڕو بوون .

ئەنگلس لەپێشەکی " ڕەخنە لەبەرنامەی گۆتا " دا باسی ئەوە ئەکات کە لەساڵی ١٦٠٠دا حیزبێکی زۆر گەورەی نێونەتەوەیی هەبوو کە هەموو ناوچەکانی ئیمبراتۆریەتی ڕۆمی گرتبووەوە ، بەڵام هەر کە مەترسی دروستکرد قەسابخانەی بۆ دانرا . ئەمە ئەوە ئەسەلمێنێت کە سەرمایە کاتێک دیموکراتیەت و هەڵبژاردن بەڕەوا ئەبینێ کە بەربەستی مەترسیەکی بێ بکات و وەك هەموو چەکێکی‌تر لەکاتی پێویستدا بەکاری بهێنێ ، هەروەك چۆن ئەگەر پێویستی پێ‌ی بێت لەهەموو کەرەگێکدا قەسابخانەیەك سازبدات .

جارێکی تریش : لەهەڵسەنگاندنی کەسایەتی مارکس و ئەنگلسدا ،ڕامان وایە ئەمانە ئەڵقەیەك بوون لەزنجیرەی کەسانی ڕەسەنی ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ، بەگوێرەی نووسینەکانیان لەبارەی سیاسی و تاکتیکیەوە ، زۆرجار هەڵەی تێدابووە ، کە ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ لاوازی بزووتنەوەکە . بۆ نموونە نووسینی " ڕەخنە لەبەرنامەی گۆتا " لەدوای شکستی شۆڕشەکان بووە ، هەروەها نووسینەکانی ئەنگلس لەدوای ئەو سەردەمە - یانی دوای سەردەمی نووسینی " ڕەخنە لەبەرنامەی گۆتا " - بوون بەچەکی کاریگەر بەدەست سۆسیال دیموکراتەکان و مارکسیە لینینیەکانەوە بۆ داپۆشینی تێگەیشتنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و بوون بە ئیلهام‌بەخش بۆ کتێبی وەك " چی ئەبێ بکرێ ؟ " ی لینین .

برادەرێك لەنامەیەکدا زۆر جوان لەم مەسەلەیە ئەدوێ و ئەڵێ :"لینینیزم تەنیا لەجێ‌بەجێ‌کردنی -چی ئەبێ بکرێ؟- دا نیە ، بەڵکو بزووتنەوەیەکی بابەتی‌یە ئەتوانین لەهەموو قۆناغێکی ململانێ‌ی چینایەتی‌دا بیان‌دۆزینەوە" .

لەبواری تاکتیکی‌دا ، لەمەسەلەی نەتەوایەتی‌دا ، مارکس تووشی هەندێ هەڵەبووە ، وەك ڕای بەرامبەر یەکگرتنی ئەڵمانیا لەژێر دەستی بسمارك دا ، هەروەها پۆڵۆنیا و ... هتد . تائێستاش هەموو باڵەکانی سەرمایە هەمیشە

...ەوە دەهۆڵ و کەرەنا هەرلێی ئەدەنەوە و بەردەوام وەك چەکێك بەکاریان دێنن بۆ دووبەرەکی خستنە نێو ڕیزی کرێکارانەوە و بۆ دروستکردن وگەشەپێدانی گ‌ای نەتەوەپەرستی .

حەمەسەعید بیری لەوە نەکردۆتەوە کە هەر لەدوای ووشك بوونەوەی مرەکەبی نووسینەکەی مارکس دەربارەی یەکگرتنی ئەڵمانیا لەژێر دەستی بسمارکدا ، ئەمە بەدی هات و بسمارك دەوڵەتی گەورەی ئەڵمانیای دامەزران و کێشەی نەتەوایەتی نەما . ئێستا نەك هەر بەکردەوە سنوور لەنێو دەوڵەتەکانی ئەوروپادا نەماوە ـ بۆ خەڵکانی کۆمۆنیست نەبێت ـ بەڵکو هەوڵ ئەدەن ئەو سنوورە قانونیەش لابەرن ، سەرمایەداری جیهانیش هەرگیز لە ئەمڕۆ جیهانی‌تر و یەکگرتووتر نەبوە ، بەڵام لەبەرامبەر ئەوە هیچ ڕۆژێك بزووتنەوەی پرۆلیتاری ئەوەندەی ئەمڕۆ لاواز و لێك پچڕاونەبووە .

حەمەسەعید ئەڵێ : " ئەو شۆڕشەی سنووری ڕوسیای بەزاند ، بۆلشەفیکەکان ئاگرەکەیان هەڵگیرساند ، سەیرە ئەو بۆلشەفیکە شۆڕشگێڕانە چۆن شۆڕشەکەی خۆیان گەمارو دەدەن " . ئەم برادەرە ناحەقی نیە وا بە سەرسوڕماویەوە ئەم پرسیارە بکات ، چونکە زۆر گرانە بۆ کەسێکی ئایینی بتوانێت لەچوارچێوەی ئایین‌نامە نووسراوەکان و مێژووی ڕەسمی بێتە دەرەوە و بەچاوی ڕەخنەگرانەی ماتریالیستانە سەرنج بداتە ئەو مێژووە .

دوای تێکشکاندنی شۆڕشە جوتیاریەکانی سەردەمی ١٨٦١ ، لێدانی بزووتنەوەی ناردۆنیکەکان ، بەڵێنی درۆینەی " ستۆلیبین " بۆ چارەسەرکردنی کێشەی زەوی ، تەنگ پێ هەڵچنین و بەرەبەرە لەناوبردنی شێوە بەرهەمی کۆمۆنەیی پێشو کە لەزۆرجێگەی ڕوسیا مابوو ، هەروەها خووڕەوشتی کۆمۆنەی پێشوو . جەنگی دوورودرێژ کە دەوڵەت کردبووی بەمۆتەکەی قورس ، گرانی لەڕادەبەدەری باج و خەراج ، ڕاپێچانی جوتیارە هەژارەکان بەزۆرەملی بۆ سەرباری ، تێکشکاندنی شۆڕشی (١٩٠٣-١٩٠٥) ، هاتنەناوەوەی شێوەی بەرهەمی پیشەگەری سەرمایەداری و نەخۆشی و برسێتی و گرانی کوشندە لە ناو شارەکاندا ، ڕاپەڕینی بەردەوامی کرێکارەکانی ناو شارەکان لەو کاتەدا نە ... ۆکداموج " کە نوێنەری پەرلەمان بوو و ئەیوت : " هەتا لەسەر شەقام زۆر بکوژرێ ، ئەندامی زیندانیت کەمتر ئەبنەوە " ـ بۆلماتیك ، ئەمانەهەموو

زەمینەی تەقینەوەیەکی وایان دروست کردبوو کە هەرچەندە دنیای هێنایە لەرزە ، بەلاّم ئەبوایە دنیای بڕوخانایە ، پایەی بنچینەیی دەولّەت،سوپا بوو لەبن هاتبوو ، چونکە هەموو لەجوتیاری هەژار پێکهاتبوو کە شەڕوبرسێتی و سەرما و بێ‌جل‌وبەرگی هاری‌کردبوون ، جگە لەحالّی ژیانی خێزان و کەس و کاری سەرباز . ئەمانە هەموو بەدان‌پێدانانی مێژوونووسە ڕەسمیەکان ، بەهیچ جۆرێك و و تادوای شۆڕشەکەشیان بەدەگمەن نەبێ ناوی بۆلشەفیك و لینین و ترۆتسکی‌یان نەبیستبوو ، ئەمانە لەمەیدانی شۆڕشدا لەگەلّ کرێکارانی بەشی پیشەگەری‌دا وەك یەك چین یەکیان گرتبوو ، ئەم کرێکارە پیشەگەرانەش کەبەشێکی زۆر کەمی چینەکەیان پێك ئەهێنا ، بەلاّم جێگای حەساسیان‌هەبوو لەشارە پیشەگەریەکاندا کە ئەوکاتە بەدلّی‌دەولّەتی تزاری ئەژمیردرا ، لە مەیدانی خەباتیدا ببوو بەخاوەنی کۆمەلّێ ئەزموونی گەورەی وەها کە دەولّەتی گەندەلی تزاری نەی ئەتوانی‌ڕامالّی بکات ، هەر ئەفسەربوو بەدەستی سەربازەکان ئەکوژرا یان لەترسی‌کوشتن هەلّئەهات ، مل‌پێچی‌کردنی فەرمان ، ڕۆیشتنەوە بۆ دیهاتەکان بۆ کوشتنی‌ئاغا و دەرەبەگەکان و ڕاونانیان ، وەك لەسەریشەوە باسکرا کرێکارانی سەرجادەش لەکوشتن و کوشتاری ڕۆژانە و هێرش بردنەسەر کارخانە و پۆلیسخانە و بانقەکاندا بوون ، سەرباز بەتەواوی شۆڕشی ڕاگەیاندبوو . لەو کاتەدا حیزبی بۆلشەفیك ـ بەدان‌پیانانی‌ترۆتسکی و زینۆفیف و جۆن رید ـ کەمترین کەسیان لەگەلّدا بوو ، ئەوە جگە لەوەی کە هەموو بالّەکانی تری سۆسیال دیموکراتەکان ، زۆر ڕووت بوون لەجەماوەر . سەرباز و کرێکارەکان بەتەواوی شۆڕشیان ڕاگەیاندبوو ، لیبرال و مەنشەفیك و بۆلشەفیکیش ، وەك قەل و دالّ و چەقەلّ و ڕێوی دوای شێر ، کەوتنە وێزەی کەلاکی دەولّەت ، ئەمەش بەبێ‌ی هیچ نەخشە و پلانێك ڕێك نەخرابو و بەبێ‌ی ئەوبارە کۆمەلاّیەتیە ڕوی ئەدا ، خۆ ئەگەر یەکێکیش بەرنامەیەکی وەك " چی ئەبێ بکرێ؟"ی هەبووبێت لەو ڕۆژانەدا ، ئەوا تا بەرلووتی خۆی زیاتر نەیتوانیوە تێ‌ی پەڕێنێ .

بالێرەدا " ئاورێکی بەپەلە لەپۆلە مەلەکان "ی خەیالّی دەروێشانەی حەمەسەعید بدەینەوە : بە دان پیانانی مێژوونووسە ڕەسمیەکان خۆیان ،وەك ترۆتسکی و زینۆفیف و جۆن رید ،لەکاتی شۆڕشدا ژمارەی ئەندامانی حیزبی

هەواڵنامەی کتێب

بۆلشەفیك لەچاو کرێکارانی پیشەگەردا هەر زۆر کەم و نادیار بوون ، ئـەوە جگە لەوەی کە لەچاو تێکڕای کرێکارانی ڕوسیادا وەك دەنکە جۆی خەرمانێـك بوون ، زۆربەی هەرزۆری کادیرەکانیان ئەگەرچی لەخێزانی کرێکاری نەبـوون و بۆرژوا بوون ، لە بارودۆخی ڕوسیا و بەهۆی ژیان بەسەربردنیان لـــە ئەوروپا و سیبیریا بچڕابوو ، ئەگەر وانەبوایە لەسێ کەڵە سەرکردە: لینین و ترۆتسکی و زینۆفیف ، یەکێکیان ئەیتوانی لەو هەلومەرجە ئاڵۆزەی چەنـــد مانگی پێش شوباتدا بگەڕێتەوە ڕوسیا ، هەتا لینین ناچار نەبوایە بـــە شەمەندەفەری ئەڵمانیا بگەڕێتەوە و تووشی کۆمەڵێ تاوانبارکردن ببێـــت . ئەندامانی مەکتەبی سیاسیش کە لەناوخۆبوون و کامینیف و بوخاریـــن سەرکردایەتیان ئەکردن ، بەتەواوی لایەنگیری دەوڵەتی کیرنسکی بوون ، لەسەر ئەو بنچینەیەی گوایە شۆڕش هێشتا شۆڕشی بۆرژوازی دیموکراتیـــە ـ بڕوانە " مێژووی شۆڕشی ڕوسیا " ـ نووسینی ترۆتسکی ، بەڵام پڕۆلیتاریای ڕوسیا ئەو سەردەمە چاك بەئاگابوو لە ئامانج و مەرامنامەی ئەم حیزبانـــە ، بۆیە گوێی نەئەدانێ و هەتا ئەهات لەشارەکاندا ، لەکارخانە وگەڕەکەکانـدا ، شورای کرێکاری خۆی قایم ئەکرد و دائەمەزرا و پەیوەندیان لەگەڵ لقەکانی تر بەهێزتر ئەکرد . لینین زۆر زوو لەو بارە حاڵی ببوو ، بۆیە زۆرجار لەگەڵ کەمایەتی کۆمیتەی ناوەندیدا دژی زۆرایەتی کۆمیتەکە ئەوەستایەوە بـــۆ پشتگرتنی دروشمەکانی پڕۆلیتاریا و زۆر دەستوبردانە کەوتە دوای دروشـمـی کرێکاران ، وەك ترۆتسکی لە "مێژووی شۆڕشی ڕوسیا "دا باسی ئەکـات : هـــەر کە لینین گەیشتەوە ڕوسیا زۆر بەتوندی بەندی کامینیفیدا کـــە لەوە زیاتر دوای دەوڵەتی کرنسکی نەکەوێت و دوای کرێکاران بکەوێت، زۆری پێنەچوو بە زمانێکی زۆر پاراو کتێبی " دەوڵەت و شۆڕش "ی نووسیەوە ، تـا بتوانێت هەرچی زۆرتر کرێکاران بەدوای خۆی و دەوڵەتەکەیدا ڕابکێشێت ، بەناوی دەوڵەتی کرێکارانەوە . هەرچەند لەولاوە لیبرال و مەنشەفیکەکـــان کەوتبوونە بەیجوری ئاراکردنەوەی جەماوەری شۆڕشگێڕ ، بەڵام بۆلشەفیکەکـان کەوتبوونە شوێنی کرێکاران ، هەرچەندە ترسنوکانە وەك هەڵوێستی لینین لـە ڕاپەڕینی تەمووزی پترۆگراتدا بەرامبەر بەدەوڵەتی کرنسکی ، پۆلماتیك گوتەنـی لینین لەو کاتەدا خۆی کردبوو بە " قەلەمونی سیاسی " ، لە هەرجێگایـەك

بەجۆرێ خۆی ئەنواند ، پۆلماتیك ئەڵێ :" یەکەم بەیاننامەی دەوڵەتـــــــی بۆلشەفیك دژی داگیرکردنی خاوەندارێتی کارخانەکان بوو لەلایەن شـــورای کرێکارانەوە ".ـ ئەفسانەی لینین ـ

بۆلشەفیکەکان لەژێر فشاری شۆڕشدا زوو زوو لەبڕیارەکانی خۆیـــــان پەشیمان ئەبوونەوە ، ئەوان هەموو ئامانجێکیان دەوڵەت و کارخانە ولەشکـــر بوو ، بەناوی پرۆلیتاریا و کۆمۆنیزمەوە . تا ئێستایش هەموو دەروێشەکـــــان ناتوانن ئەو پرسیارە لەخۆیان بکەن : چۆن لەپڕێکا و لەنێوان شوبات و ئۆکتۆبەردا قۆناغی شۆڕش لەدیموکراسیەتەوە قەڵەمبازیدا بۆ سۆسیالیـــزم ؟ ـ چونکە پرسیار گومان دروست ئەکات ، گومانیش لاوازی ئیمان ـ هەر بـــە تێگەیشتنی خۆیان " دیموکراتیەت و سۆسیالیزم " ئەگەر قۆناغی شۆڕش هــەر لە ساڵی ١٩٠٣ەوە سۆسیالیستی بووە ، ئەوە هەموو بەرنامەی حیـــزبـــی بۆلشەفیك هەڵەبووە! ئەگەر قۆناغەکەش دیموکراتی بووە! هەر بەپێی ئـــەو عەقڵیەتە ، ئەوە چۆن لەماوەیەکی کەمدا ئەو قۆناغە مێژووییە گۆڕا؟! کـــە بێگومان لەو ماوە کەمەدا ڕوسیا نەك لەباری ئابوری و پیشەسازییەوە یەك موو پێشنەکەوتبوو ، بەڵام گا و خوانێ گەڕابووەوە دواوە ، ئەو هەموو پەیوەندیـــە کۆمەڵایەتیە چۆن لەپڕ گۆڕا ؟ ئەگەر مانای سۆسیالیزم و دیموکراتیەتیش یـــەك شت نیە ، ئەویش ژیانی پێکەوە و ئاسایشی نێوان دوو چینە دژبەیەکەنەبێ.

بەکورتی لینین بە بۆلشەفیکەکانی ئەوت دوای کرێکاران کەوێن تـــا دەستتان لەدەوڵەت گیر ئەبێت ، بەڵام کلیلی ئەم مەسەلەیە لای کرێکارانـــی جوتیاری بوو . لێرەدا شایانی باسە بووترێ ، مێژووی هەموو ئاسیا ئـەوە نیشان ئەدا کە دەوڵەت هەمیشە لەکاتی ڕاپەڕین و شۆڕشەکاندا سوودی لـە بەکرێکادانی جوتیارە هەژارەکان ، دروستکردنی دەماری ڕەگەزپەرستـــی ، عەشیرەت گەری ، مەزهەب ، نەتەوەپەرستی ، سنووری زەوی وهتد وەرگرتووە ، بەڵام لەو سەردەمەی ڕوسیادا نەمێژووی ڕەسمی ، نەمێژووی شۆڕش ، نـــە ئەدەبی ئەو سەردەمە پەنجە بۆ ئەوە ڕاناکێشن یان هیچ بەڵگـەیەك بـــە دەستەوە نیە ئەوە بسەلمێنێت کە ئەو جوتیارە هەژارانە چینێکی یەککرتوویـــان لەگەڵ کرێکارانی پیشەسازیدا پێك نەهێناوە و ماهیەتی چینایەتیان یەکێـــك نەبووە ، بۆنموونە ئەمانە داو و تەڵەیانە گیان بەختانە دژی لەشکری دەرەبەگ

هەواڵنامەی کتێب

لاوازبوو کە حیزبی بۆلشەفیك بتوانێت سواری ملی ببێت و سەرمایەداری بگێڕێتەوە و دیکتاتۆریەتی دەوڵەت دامەزرێنێتەوە . لێرەدا بواری ئەوەمان نیە بەدرێژی باسی کاری رۆژەملی هەموو ڕۆژ و شەمەی‌کار و ئیمتیازی زۆرکارکردن بکەین ،هەروەها سزادان لەسەر کەمتەرخەمی و . . .هتد . وەك پوڵماتیك ئەڵێ ، لینین لەو هەموو نووسینانەدا کە ئەنجامی داون شتێکی ئێجگار کەمی لەسەر فەلسەفە نووسیوە ، لەوەشدا هیچی نەکردووە تەنیا بەهەڵە و ئاوەژوو بیرورِاکانی مارکس و ئەنگڵسی ئەمدیو و ئەودیو کردووە ، لەبواری ئابووری و سیاسیشدا هەرچیەکی نووسیوە لەخزمەتی جێبەجێکردنی بەرنامەی " چی ئەبێ بکرێ ؟"دا بووە ، کەچی لەسەردەمی شۆڕشدا وەك تاوس ڕەنگێکی تریان نیشاندا ، دوای ئەوەی خۆیان بەهێزکرد لەدەوڵەتدا بۆ تێکشکاندنی دوا بەرگری شۆڕش لەئەڵمانیا و جێگاکانی تر ، کتێبی " نەخۆشی چەپڕەوی منداڵانە"ی نووسیوە و هەموو هەوڵ و توانایەکی تەرخانکردووە بۆ ئەوەی پشت گرتنی یەکیەتی شورەوی بخاتە جێگای هەموو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەجیهاندا ،تاوای لێبێت پرۆلیتاریای جیهان هیچ شتێك نەکەن ئەگەر سوودی دەوڵەتی سۆڤیەتی تێدا نەبێت . ماوەیەکی زۆر کەمی خایاند حیزبی بەناو کۆمۆنیستی لەهەموو جیهاندا دروست بوون و مۆسکو بوو بە " قیبلەگاە " و شوێنی تەواف ، هەر ئاموزگاری و ڕێنوینییەك لەوێوە دەرنەچوایە بێبایەخ دەبوو .

لێرەدا بابزانین " پۆلە مەلەکانی " خەیاڵی دەروێشانەی حەمە سەعید روو لەکوێ ئەنێن : ئەمانە وەك گەلە ڕێوی‌گەری سالانی قاتی و برسی هەمو جۆرە فێڵێکیان ئەکرد بۆ مانەوەی خۆیان ، لەو سەردەمەدا جگە لەباروودۆخی ئەوروپا ، بەتایبەت بەریتانیا و ئەڵمانیا ـ کە ئەوەندەی لەسەر وتراوە پێویست ناکات لێرە لێی بدوێین ـ لەئاسیاشدا هەر لەچینەوە هەتا ڕۆژهەلاتی ئەمەریقیا برووتنەوەی کۆمۆنیستی زۆر بەهێز و گەورە و بەرفراوان بوو ، بە " ناهەق " ناوی " بزووتنەوەی گەلانی ئاسیا " یان دانەبڕیبوو بەسەریا ، هەوڵیان دا تا تێکەڵی‌کەن بەو بزووتنەوە نەتەوەپەرستیەی لەو سەردەمەدا هەبو هەروەها هەوڵیان ئەدا تا بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەکۆمەڵێ یاسا و ئایەتی قورئانی‌بەوە پابەند بکەن ، کۆمەڵێك ئایەتی پتروکاویش بۆ ئەمەبەستە

هێنرایە خوارەوە ، وەك : " دانانی دەوڵەتی نیشتمانی ـ دیموکراتی ، بەرەی نیشتمانی ، مافی گەلان لەچارەسەرنووسی خۆیاندا تا رادەی جیابوونەوە و . . . هتد " . . بالێرەدا بەراوردێکی بچکۆلە بکەین ، بەراوردی ئەو ئایەتەی بۆ لینین هاتەخوارەوە ـ درودی خوای لەسەربێ ـ ، لەگەڵ وتاری (ستیڤان جان ماری ) وەزیری دەرەوەی فەرەنسای ساڵی ١٩١٤ ، کە ئەڵێت : " بەلای ئێمەوە سیاسەتی پارێزگاری نەتەوەکان ئەبێ ئەرمینیا ، سوریا ، لوبنان بگرێتەوە ، وەك گەلانێك کەبەبێ ئارەزووی خۆیان تووشی چەوساندنەوە هاتوون ، وە هەموو ئەو گەلانە شایەنی ئەوەن سوود لە دڵسۆزی و یارمەتی ئێمە وەربگرن و پێویستە هەموویان هەلی چارەنووسی سەربەخۆیی خۆیان بەدەستی خۆیان بدرێتێ " ـ کەمال مەزهەر لە ب ـ لۆتسکی یەوە وەری گرتووە ، بڕوانە " اضواء علی القضایا الدولیة في الشرق الاوسط ـ . هەر ئەم سەرچاوەیە شایەتی ئەوە ئەدا کە هەمان قسە لەلایەن سەرەك وەزیرانی ئەو کاتەی بەریتانیاوە و لەلایەن ( رینێ ڤیڤان )ی سەرەك وەزیرانی ساڵی ١٩١٤ی فەرنساوە ووتراوەتەوە و دانیپێدانراوە .

ئیتر لینین و هەموو دامودەزگای حیزبی بۆلشەفیك کەوتنە هەوڵدان و ئامۆژگاریکردنی کۆمۆنیستەکانی ئاسیا بۆ تێکەڵبوونیان لەگەڵ هەموو بزووتنەوەیەکی کۆنەپەرستدا و پشتگیریکردنی ، بەمەبەستی راکێشانی سۆز و لایەنگیری لێکردنی ئەو بزوتنەوانە ، خۆیشی کەوتە لایەنگیریکردنی ئەو دەوڵەتانەی وەك : دەوڵەتی سن یاتسن لەچین ، دەوڵەتی مەلەکی ئەفغانستان ، مستەفا کەمال ئەتاتورك ، دەوڵەتی پاشایەتی لەئێران وهتد ، بۆ ئەم مەبەستە لەساڵی ١٩٢٠دا لە(باکۆ) کۆنگرەیەکیان رێکخست بەناوی "کونگرەی گەلانی رۆژهەلاتەوە لەباکۆ " ، تەنیا ئاشکراکردنی ناسنامەی ئەو کەسانەی بۆ ئەم کۆنگرەیە بانگ‌کرابوون ، ئەو راستیەمان بۆ ئەسەلمێنێت کە سیاسەتی سۆڤیەت لەو کاتەدا و هەمیشە بریتیبووە لەرێکخستن و دروست کردنی ئاشتی لەنێوان بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و دەوڵەت و بزووتنەوە نەتەوەییەکاندا ، ئەویش بۆ پشتگرتنی یەکیەتی سۆڤیەت و بەهێزبوونی . لەم کۆنگرەیەدا چەند کۆمۆنیستێکی تێکۆشەری وەك م.ن روی کەکۆمۆنیستێکی تێکۆشەری هیندستان بوون لەگەڵ دەیان جەللادی وەك ئەنوەر پاشای

وەزیری جەنگی کۆنی تورکیادا دایان نابوون - بڕوانە هەمان سەرچاوە .
هەروەها ئەم مێژوونووسە ڕەسمیە زۆر بەڵگەی ترمان ئەداتە دەست بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیە ، ئەوەتا ئەڵێ : " هەروەها کۆنگرە ڕۆڵێکی ڕونی بینی لە ئاشکراکردن و دوورخستنەوەی بیروباوەڕە هەڵەکانی مارکسیە چەپڕەوەکانی ڕۆژهەڵات بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی هەبوو بەپێگەیشتنی هەلومەرجی سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی یەوە لە هەموو جیهانی سێی دواکەوتوودا ، وە بەکەم دانانی ڕۆڵی جوتیار و بۆرژوازی نیشتمانی - لەڕووی نەهاتووە پاشا و مەلیکە وەتەنیەکانیش بخاتە ڕیزەوە - لەتێکۆشانی شۆڕشگێڕیاندا ، وەپێشبینی نالۆژیکانەیان لەبارەی حەتمی بوونی فەشەلکردنی بزووتنەوەئازادیخوازەکان هەروەها چەند بیروڕایەکی تر ، کە ئەو بزووتنەوانەی بەرەو ڕێگای تەسکی داخراو و مەترسی دار ئەبرد ، بەلای کەمەوە دوورخستنەوەی لەهێزە پێشکەوتووەکانی وولاتە پێشکەوتووەکان و لایەنە شۆڕشگێڕەکانی دەرەوە "- هەمان سەرچاوە / خەتی ڕەشی ووشەکان هی ئێمەیە . ئەڵبەتە پێشەواکانی ئەم مێژوونووسە ڕەسمیە ، وەك عومەری کوڕی خەتابیان کردووە ، لەشوێنەواری ( مارکسیە چەپڕەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ) ئەو سەردەمە کە بووە سەرکردەی سوپاکە لەمیسر ، کاتی داگیرکردنی بڕیاری سوتاندنی ملیۆنەها کتێبی نووسی کە هەزاران ساڵ دانراون ، چونکە ئەگەر باشیان ووتبێ ئەوا قورئان لەوان باشتری ووتوە ، ئەگەر خراپیشیان ووتبێ ئەوا شایانی سووتانەن .
پێویستە لێرەدا ئەوانەی وەك ئەم مێژوونووسە بیریەکەنەوە بخرێنە بەردەم چەند پرسیارێکی زۆر سادە ، ئەویش ئەوەیە : پاش نزیکەی حەفتا ساڵ تێپەڕبوون بەسەر " ئاشکراکردن و دوورخستنەوەی بیروباوەڕە هەڵەکانی مارکسیە چەپڕەوەکانی ڕۆژهەڵات " وە ڕەواج پێدانی ڕۆڵی بیروباوەڕی " بۆرژوازی نیشتمانی " و " دیموکراتی " و " پێشکەوتنخواز " و . . . هتد " کامەیە ئەنجام ؟؟ کام نووسین و ڕای ئەو کۆمۆنیستانەتان کوڕی و بڵاوکردوەوە و ڕای ڕاستەوخوی خۆتان لەسەری نووسی ؟ خۆ مەگەر هەر خۆتان وپێشەوای مەزن بزانن چۆن کلك و گوێیان ئەکەن ، کاتێك ناچارئەبن باسیان بکەن .
ئەڵێین پاش نزیکەی حەفتا ساڵ تێپەڕبوون بەسەر قەسابخانەکانی کرۆنشتات و کوشتنی هەزاران کرێکار بەدەستی کۆمینتانگی دیموکراتخواز و نیشتمانپەروەرو

جەللادە دیموکراتخواز و نیشتمانپەروەرەکانی وەك هیندستان ، عەبدولناسر ، قاسم ، عەبدولسەلام ، بەعسی سۆسیالیست ، کامبۆدیا و . . . هتد ، کامەیە ئەنجامی بیروڕای " نیشتمانپەروەرێتی و دیموکراتخوازی و . . . هتد ؟ ئایا هیچ کام لەو نیشتمانپەروەرانە جیاوازیەکیان هەبوو لەگەڵ جەللادەکانی کرۆنشتات یان هیتلەریدا ؟ بەڵێ لەکاتێکدا گرانی و برسیەتی و جەنگی ناوخۆ و تێکدانی کێڵگەی کشتوکاڵ لەلایەن دەرەبەگەکانەوە گرانیەکی وای دروست کردبوو کە لەهەندێ جێگادا پشیلە و سەگ و مشکیش کەم ببوونەوە ، نامە و نامەکاری کەوتە نێوان دەوڵەتی ئەفغانستان و شاە ئەمانەللاهـ و دەوڵەتی سۆڤیەتەوە و لینین لە ٢٨ی شوباتی ١٩٢١دا ئیمزای پەیمانی دۆستایەتی و یارمەتیدانی مۆرکرد ، بەگوێرەی ئەم ڕێکەوتنە یەکیەتی سۆڤیەت بەپارەی قورس قەرزێکی زۆریدا بە ئەفغانستان ، هەروەها چەك و کەرەسەی تری جەنگی ، ئەمە جگەلەوەی لەپێش ئەمەدا ئێستگەیەکی رادیۆیی لە ئەفغانستان دامەزرا ، کە بەدیاری پێشکەشکرابوو بەم شازادە نیشتمانیە!!ـ هەمان سەرچاوە لە بەڵگەنامەیەکی یەکێتی سۆڤیەت / بەشی٣ل٥٠٠-٥٠٣ دەری هێناوە . دیارە لینینیستەکان لەو ڕۆژەدا رایان وابووە کەپرۆلیتاریای ئەفغانستان پێویستی بەوەیە گوێ بۆ شاهنامە و قورئان رابگرن !

لەساڵی ١٩٢٠-١٩٢١دا (٣٩)هەزار تفەنگ و (٦٣)ملیۆن فیشەك و (٥٤) مەدفعی لەگەڵ زەخیرە و (٢٠) هەزار ماسك (ڕووپۆش) بۆ خۆپاراستن لەگازی کیمیاوی و بڕێکی زۆر بەنزین و نەوت کرایە خەڵاتی دەوڵەتی تورکیای نیشتمانیەروەر ـ هەمان سەرچاوەـ لەهەمان کاتدا بەهەمان جۆر لەگەڵ دەوڵەتی ئێرانیشدا پەیمانی برایەتی و دۆستایەتی مۆرکرا .

بەڵگەی لینینیستەکان بۆ یارمەتیدانی کۆنەپەرستی لەرۆژهەلاتدا ئەوەبوو کە ئەم دەوڵەت و هێزانە نیشتمانی و دیموکراتین ، بەلام (سەفەر دەلۆف)ی سکرتێری شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەوتارێکدا دەربارەی ئەوروپا ئەڵێ : "مەنشەفیکەکان ئەو ڕەخنەیەمان لێئەگرن ، برسیەتی هەرەشەی مەرگ لەڕوسیا دەکات و ئێمە بەشەمەندەفەر گەنم بۆ کرێکارانی ئەلمانیا ئەنێرین ، بەڵێ ئێمە ئەگەرچی هەست بەمەترسی برسیەتی ئەکەین ،بەلام لەو هەنگاوەمان پاشگەز نین و وەك چۆن دایك ئامادەیە نان لەدەمی خۆی بۆ منداڵەکانی بگرێتەوە ،روسیاشرۆڵی دایکی

شۆڕشی پرۆلیتاریای جیهانی دەبینێت ، هەر بۆیە گەنم بۆ کرێکـــــارە ڕاپەڕیوەکانی ئەڵمانیا دەنێرێت ، ئەمەش یەکێکە لە ئەرکە نێونەتەوەییەکانـــی سەرشانمان "ـ خەتی ڕەشی ووشەکان هی ئێمەیە / لەنووسینەکەی حەمەسەعید : " نەهەنگی بۆرژوا ... " وەرگیراوە . ئەڵێین پەتی درۆ کورتە ، بەلاَم ئەوەتا درۆی (سەفەردەلۆف) حەفتا ساڵی خایاندوە ، کەچی کەسانی وەك حەمـە سەعید هەر باوەڕیان پێیەتی ، بەبێ ئەوەی سەرنج بدەن ، خۆ لـــەو سەردەمەدا کرێکار فەرمانڕەوا نەبوو تا کەرەسە بەرهەمهێنەکانی خستبێتە ژێـر دەسەلاَتی خۆیەوە ، بەڕێگای ئاسنەوە و دەوڵەتی ئەڵمانیا دەسەلاَتی هەبـوو بەسەر هەموو کەرەسەکاندا و لەگەڵ سۆسیال دیموکراتەکاندا و شان بەشانی یەکتر دژی کرێکارە ڕاپەڕیوەکانی ئەڵمانیا لەشەڕدابوون . دیارە مەبەستـــی (سەفەردەلۆف) لە "کرێکارە ڕاپەڕیوەکانی ئەڵمانیا" دەوڵەتی ڕاپەڕیوی ئەڵمانـە لەدژی پرۆلیتاریای ئەڵمان . لەلایەکی تر ئەوە مەنشەفیکەکان نەبـــــوون بەرهەڵستی ئەو هەموو سەودا و مامەڵەیەیان ئەکرد کە لەگەڵ ئەو هەمــــوو دەوڵەتە سەرمایەداریە نیشتمانپەروەرانەدا ئەکران لەسەر حیسابی نەخۆشـی و لەبرسامردنی کرێکاران ، بەڵکو کرێکارە ڕاپەڕیوەکانی ڕوسیا بوون ، جگە لـە چەند کەسێکی کەم ، چونکە هەرچی مەنشەفیکە لەسەرەتای ۱۹۱۸ ەوە هاتنە ڕیزی بۆلشەفیکەوە ، تەنیا ناوی مەنشەفیك بۆ ئەو هێڵرابووەوە کە وەك مۆرکـی خیانەت بینێـن بەناوچاوانی هەر کرێکارێکی ڕاپەڕیوەوە . Paul Arich ئەڵێ : "کاتێ کرێکاران و قوتابیان هاتنە سەرجادە بۆ خۆپیشاندانی ناڕەزایـی N.M. Antselovich ی ئەندامی بۆلشەفیك و سەرۆکی نەقابەی پترۆگرات بەپەلە لەو جێگایە ئامادەبوو بۆ بەزۆرگەڕانەوەی خۆپیشاندەرەکان بۆ سەر کار ، بەلاَم ئەوان لە ئۆتۆمۆبیلەکە ڕایانکیشایە خوارەوە و دەستیان کرد بەتێهەڵدانی پێش ئەوەی هەڵوێستیان لەدەست دەرچێ Zinoviev ی سەرۆکی حیزبــی بۆلشەفیکی پترۆگرات و ئەندامی سەرکردایەتی حیزب مەفرەزەیەکی لەقوتابیانی دانشگای سوپا نارد ، لەپاش دەنگەدەنگی زۆر کەزانیان چاریان نیـــە ، دەستیان کرد بە تەقە و بلاَوەیان بەخەڵکەکە کرد " ـ Kronstadt ل ۳۸ هەروەها ئەڵێ : کرێکارانی کرۆنشتات و بەتایبەت کەشتیوانەکانی کرۆنشتات ڕۆڵێکی ئەمەندە دیار و ئاشکرایان هەبوو و بەجۆرێکی ئەوتۆ تەنانەت کەسێکی

وەك ترۆتسكیش نەیتوانیوە بیشارێتەوە . ترۆتسكی لەساڵی ١٩١٧دا ووتویەتی كرێكار و كەشتیوانەكانی كرۆنشتات جێگای فەخروشانازی ئێمەن ، " بەڵام لەدوایی‌دا كە كرێكارەكان سەریان بۆ فرمانەكانی حیزبی بۆلشەفیك شۆڕنەكرد ، كۆمیتەی ناوەندی و ترۆتسكی كەوتنە تاوانباركردنیان ، وەك ئەم كەشتیوانانە ، كەشتیوانەكانی ساڵی١٩١٧ نین ، ئەوانەی لەجەنگی ناوخۆدا كوژرا كوژرا و ئەوەی مایەوە بەدوای نان‌گەراندا ئەوێی بەجێ‌هێشت، ئەمانە هەندێ كوڕە جوتیاری تێ‌نەگەیشتوو و كێلن ، ئەچنە دەرەوە وكاغەزی قومار و خواردنەوە و ئەوانە ئەهێنن ، دیسپلین قبوڵ ناكەن ...هتد".

یەكێك ئەو هەموو درۆ ئاشكرایانە ببینێت ـ درۆكەی سەفەردەلۆف و ترۆتسكی ـ بەتایبەت پاش تێپەڕبوونی ٧٠ساڵ بەسەر ئەو مێژووەدا ، چۆن بەوە باوەڕدەكات مێژوونووسێكی ڕەسمی وەك جۆن ڕید بڵێ : كرێكاران بە نامەیەكی ترۆتسكی چەكیان تەسلیم بەبۆلشەفیكەكان‌كرد . كێ ئەڵێ ئەو چەك كردنە چەندەها كرێكاری تێدا نەكوژراوە ؟ وەك لەئێران دوای شۆڕش ڕوی‌دا و ئێستاش مێژوونووسە ڕەسمیەكان ئەڵێن كرێكاران بەنامەیەكی ئیمام چەكیان تەسلیمكرد . بەهەرحاڵ ئەوەندە دەربارەی ترۆتسكی نووسراوە و ووتراوە بێ‌تامبووە ، بەڵام باشتر وابوو حەمە سەعید بەرامبەر ئیمزاكردنی ڕێكەوتننامەی برێست بێ‌دەنگ بوایە ، چونكە بە مۆری خایەنەت نان بە ناوچەوانی لینینەوە ، ترۆتسكی پاك كردۆتەوە ، بەڵام ترۆتسكی نەك هیچ ناكۆكیەكی لەگەڵ لینین‌دا نەبووە ، بەڵكو بەقوتابیەكی ئەویش خۆی ئەژمارد كە لەڕاستی‌دا قوتابیەكی زۆر كارامە و لیهاتووی ئەویش بوو . ئەم كابرایە ئاوەها باسی ئەو ڕێكەوتنە و سیاسەتی خۆی بەرامبەری ئەكات :" ئێمە ئاگاداری كرێكارانی ئەڵمانیا ئەكەین كە ئەو تاكتیكی هێرشكردنە(١٩٢٣) بە زۆر مەترسیدار ئەزمێرین و جێ‌بەجێ‌كردنی بەكارێكی تاوانبارانە ئەزانین " ، لەو كاتەدا سیاسەتی لینین بریتی‌بوو لەڕاكێشانی دەوڵەتی ئەڵمانیا بۆ لای خۆی ، وەك هەمان سیاسەتی بەرامبەر بەڕاكێشانی هێز و دەوڵەتە كۆنەپەرستەكانی ئاسیا بۆ لای خۆی دژی فەرەنسا و بەریتانیا . ترۆتسكی هەر لەم سەردەمەدا ئەڵێت : " ئێمە حەز ئەكەین بەسەركەوتنی چینە زەحمەتكیشەكان ، بەڵام هیچ سوودێكی نیە بۆ ئێمە سەیركەری شۆڕشێك بین

لە ئەوروپای لاوازدا و بەدەست کرێکارانیکەوە کە جگە لەکاولبووەکانی دەستی بۆرژوا شتێکی تریان بەدەستەوە نەبێت ، ئێمە بەکردار خوازیاری ئاشتین" - ئەفسانەی لینین - پولماتیك . ئەم دانپیانانەی ترۆتسکی بەدوژمنایەتیکردنی شۆڕش لەئەڵمانیا و هەوڵدانی بۆ پشتگرتنی دەوڵەتی ئەڵمانیا و مۆرکردنی پەیمانی ئاشتی لەگەڵیدا ، هیچ پێچ و پەنایەکی تیا نیە وەك درۆکەی سەفەردەلۆف یان ڕێگای شاردنەوە و حەشاردانێکی تێدا نیە وەك یارمەتی حاتەمیانە و برایانە بۆ شاهـ ئەمانەلاّ خان و شای ئێران و کەمال ئەتاتورك و ...هتد ، هەتا باشتر شۆڕشەکانی وەك شۆڕشی مەشروتە بشکێنن .

- ٢ -

## شۆڕشی ئیسلامی ئێران یان شۆڕشی کۆمۆنیستی ئێران ؟!

لەم باسەدا حەمەسەعید وەك ئاژانس و ڕادیۆ و ڕۆژنامەکان باس لەم مەسەلەیە ئەکات کە هیچی کەمتر نەبووە لەشۆڕشی فەڕەنسا و ڕوسیا ، وە چینەکان و خەباتی چینایەتی نابینێت و ئەڵێ : " کەشۆڕشی ئیسلام لە ئێراندا سەرکەوت عیراق هەستی بە بلاّوبوونەوەی ئەو پەتایەکرد ، هەر بۆیە لەسەر ڕۆشنایی خۆپاراستن لەچارەسەرکردنی چاکترەدا و بۆ دانانی لەمپەر لەبەردەم تەشەنەکردنی ئیسلامیزمدا جەنگی هەڵگیرساند" . لەباسکردنێکی وادا ناتوانرێت بەدرێژی لەمێژووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بدوێین لەئێراندا ، کارکردن و شوێنەواری لەناوجەماوەردا ، ئەگەر حەمەسەعید وەك ئەدیبێك تەنیا سەیرێکی سەرپێی مێژووی ئەدەبی ئەو سەردەمەی ئێرانی بکردایە ، ئەوکاتە وا بەئاسانی نەی ئەتوانی شۆڕشی مەزن لەئێراندا بەشۆڕشی ئیسلام ناوبەرێ .

ئیسلام و مەزهەبی شیعە بەتایبەت ، هەوڵیداوە جێگای بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بگرێتەوە و هەندێجاریش لەوەدا سەرکەوتووبووە ،بەتایبەتی تا سەردەمی مەشوروتە ، بەلاّم هەمیشە بۆ وەدەستهینانی دەوڵەت و دەسەلاّت بووە ، هەرکاتێکیش هیوابڕاو بووە و ترسی سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمۆنیستی پەیدابووە ، ئەوە ڕاستەوخۆ کەوتونەتە لایەنگری دەوڵەت و زۆر بەبێ شەرمانە ،

ئەمەش لەناکۆکی بەرنامەی ئیسماعیلیەکان و ئامانج و بەرنامەی قەرمەتیەکانـــدا ، هەروەها ئامانجی بەرنامەی بابەکیەکاندا ، دەرئەکەوێت . هێرشی لافـاوی گەل وبەلی سەرمایەی ڕۆژئاوا ، بەجۆرێك ولاتانی وەك ئێران ببوون بـــە بازرێکی ساخکردنەوەی ئەو کەل و پەلانە ، مۆدرێنیزم‌بوون ، پێویست بوون بە بەکارهێنانی زانست ، ڕاپەڕینی جەماوەر وەك ڕاپەڕینێك کە بەشۆڕشی توتــن ( تەماکو ) ناوی دەرکردوە و تەشەنەکردنی ئاشۆڕشی مەشروتە ، ئەمانـــە هەموو هەڕەشەکەربوون لە دەبدەبەی مزگەوت و خانەقا و تەکیەکان ، بۆیـــە سەرەك ئاخوند و مەلاکان کەوتنە جموجۆڵ لەبەردەم ئەم مەترسیەدا ، لەبـــەر ئەوە کەوتنە دوای دروشمە جۆراوجۆرەکانی ئەو سەردەمەی خەلکی ، بەنیـــازی بەدەستهێنانی جێگای سەرکردایەتیکردنی ئەو بزووتنەوەیە و ڕاکێشانی بـــۆ لای مەرامی خۆیان ، چونکە شۆڕش لەوان بەهێزتربوو لەوکاتەدا ،ئەمە کارێکـــی مەحاڵ بوو بۆئەمانە ، وەکە زانیان دوای دوژمنی بنچینەیی خۆیان کەوتوون کە جەماوەری زەحمەتکێشە ،لەژێرەوە کەوتنە جاسوسی‌کردن ،دووبەرەکی‌نانەوە، پارە وەرگرتن لەدەوڵەت ، پەیوەندی کردن بەباڵوێزخانەکانی ئینگلیـــز و فەرەنسا و ئەمریکاوە لەتاران ، وای لێهات ئەمەندە ڕسوابوون لەناو خەڵکی هەژاری لادی و شارەکاندا ، هەموو کەس تفی لێ‌ئەکردن ، چەندیـــن نوکتە لەسەر ساختەچیەتی و دەستی ژن برین و بۆگەنی ئەمانە دروست بوون ، چەندین شیعر لەسەریان هەڵبەسترا ، لەسەردەمی مەشروتەدا جەمـاوەر گەورەترین مەرجەعی ئایینی ( شیخ فیض‌الله نوری )یان ئیعدامکرد ، بەڵـــێ مەشروتە ئەمەندە نائایینی بوو ، ئەمەندە لەدڵی خەڵکا بوو ، بۆیـــە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی تا دوای دوو ساڵیش نەی‌وێرا بەئاشکرا لەم شۆڕشـــە بدات ، ئەوە جگە لەوەی هیچ بیرەوەریەکیان لێ‌نەکرد ، لەپاش دوو ســاڵ ، کە خۆیان قایمکرد ، ئەوجا ئایەتولاَهـ خومەینی وێرای دەست بکات بــــە لێدانی مەشروتە ، بەلاَم ئەویش بەرەبەرە و پاش زەمینەسازییەکی دووساڵە .

ئیتر لەدوای ڕووداوەکانی دکتور موحەمەد موسەدەق و خیانەتکاریەکانـــی حیزبی تودە ، ئایین زیاتر و زۆرتر هەر ڕوی لەڕیسوایی ئەنا ، لـــە دوای ڕیفۆرمی زەوی شەستەکان زۆر خووڕەوشتی ئایینی بەرەو نەمان ئەچـــوون ، تەنانەت لەدێهاتەکانیشدا ،شان‌بەشانی ئەوە پەیوەندی کۆمەلایەتی‌سەرمایەدار

ی و مۆدرین زیاتر جێگیرتر ئەبوو ، لەماوەی ئەو مێژووە کورتەدا ، مێژووی ئەدەبی ئێرانی ناوی کۆمەڵێ شاعیر و چیرۆکنووس و مێژوونووسمان ئەداتێ کە وەك " پۆلە مەل لەشەقەی باڵیان ئەدا " لەناو خەڵکی ئێراندا ، زۆربەی ئەمانە نەك هەر شیعریان بۆ ئایین نەووتوە ، بەڵکو گاڵتەشیان بەئایین‌کردوە. شاعیرێکی وەك عارفی قەزوینی ، هەرچەندە کابرایەکی ئایینیبووە ، بەلام شیعری بۆ شۆڕشی ڕوسیا (ئۆکتۆبەر) و لینین ووتوە ، کە بەکۆمۆنیستی‌زانیوە ، بە عەقلیەتی ئەو سەردەمەی خۆی ، ئەگەر ئیسلام بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕ بوایە ، ئەوا حەتمەن ئەبوایە لەبواری ئەدەبی ئەو سەردەمەدا جێ‌پێ‌یەکی هەبوایە ، ئەم باسە ئەگەر هەڵوێستە لەئاستی‌دا بکەین بەسەدان لاپەرە تەواو نابێت . هەروەها ئەگەر " ئاوڕێکی بەپەلە " لەبارودۆخی ئێران لەدوای موسەدەق ەوە تا سەردەمی گەشەسەندنی شۆڕش بدەینەوە ، ئەبینین تەنانەت ئەو ڕێکخراو و دەزگا دیموکراسیانەش کە دەوڵەت دای‌مەزراندبوون ، وەك ـ یەکێتی جوتیاران و ئافرەتان ، ئەنجومەنە پیشەوەریەکان و . . . هتد ، پێویستیان بەوە نەبوو هیچ جۆرە مۆرکێکی ئیسلامی لەخۆیان بنێن ، دیارە هیچ ڕەونەقێکی نەبووە ، بۆیە پەنایان بۆ بەکارهێنانی نەبردووە . هەروەها ڕۆژنامەکان ـ چ ڕۆژنامەی دەوڵەتی یان ڕۆژنامە بازرگانیەکان ـ ئەوەی بەلایدا نەچووبن ئایین بووە ، وەك میرعەلی فیرتۆسی ئەڵێ تاقە ڕۆژنامەیەك کە لە مزگەوت دا نەنووسرابێتەوە و تاریفی ئایین و مەزهەبی شیعەی کردبێت ، ڕۆژنامەی (مردم) ی حیزبی تودە بوو ، چونکە ئەو حیزبە خۆی لەئەسڵدا ـ وەك دوایيش دەرکەوت ـ مەزهەبی بوو .

لەسەردەمی شۆڕشدا ،حجةالاسلامی خاتمی ، وەزیری ئیرشادی‌کۆماری ئیسلامی ئەڵێ : " قوتابخانە تازەکان ، دانشگا ، بوونەتە پەناگای ڕۆشنبیرە خوا نەناسەکان بۆ لەبەین‌بردنی دوا بەرگری ئایین بۆ بێ ئایینی و شارستانیەتی دژی خوایەتی " ـ کیهان هوایی ، لەئیسلام شناسی م . عارف ەوە وەرگیراوە ـ . هەر ئەم کابرایە ئەڵێ : " دانشگاکان ببوون بە جێگای هەرا و هوریای پڕوپاگەندەی خوانەناسەکان " ـ هەمان سەرچاوە. لەدوای ساڵی ۱۹۷۰ لەئێراندا زەمینەیەکی شۆڕشگێڕی لەباری ئەوتۆ پێگەیی‌بوو. کە چەندان گروپ و ڕێکخراوی بەناو کۆمۆنیستی پێکهاتن کە بەناوی‌بزووتنەوەی

کۆمۆنیستی‌یەوە چالاکیان ئەنواند ، دەوڵەت بەهەموو توانایەکیەوە ئەیویست لەریشەیان بهێنێت ، جگە لەوەی زۆر کەم تەجروبە و لاواز بوون لەهەموو بوارێکدا ، بەلام هەتا ئەهات ئاسراوتر ئەبوون و زیاتر جێگای خۆیان لە دڵی خەڵکیدا پتەوتر ئەکرد و هاندەر و لایەنگیر و ئەندامیان زیاتر ئەبوون. لەبەر ئەوەی لێدان و چاودێری‌کردن ئیجگار زۆر بوو ، گورجوگۆڵی زۆرنهێنی بوو و لەزۆر جێگا شانەی کۆمۆنیستی پێك ئەهات بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندی بە گروپێکی دیاریکراوەوە هەبێ ، زۆرجار خۆیان ناوی گروپێکی ناودariyan لەخۆیان ئەنا یان ناوێکی تایبەتیان بۆ خۆیان هەڵئەبژارد ، بۆ نموونە: لە شاری سنە شانەیەك پێکهاتبوو ، یەکێکیان نازناوی سەلاحە رەش ئەبێت - کە لەناو کۆمەڵەی ئێراندا کوژرا - زۆربەی کەسەکانی ئەمە سەرباز ئەبن و لە ئاماری چالاکی چەکداری بچکۆلانەدا دەرئەکەوتن و دەست و دەمی کابرایەکی لێپرسراوی ئەمەریکی‌یان ئەبەست و ئەیان کوشت . ئەم کارەیان بەناوی‌چریکی فیدائیەوە بلاو ئەکردەوە ، بەبێ ئەوەی ئەو رێکخراوە هیچ ئاگایەکی لەمانە هەبێت - لەسەلاحە رەش خۆی بیستراوە - ئاوای لێ‌هاتبوو ئەگەر لەسیاکەل شۆرشگێرێك بریندار ببوایە یان بگیرایە ، بەچەند رۆژێکی کەم زۆربەی خەڵکی ئێران ئەیانزانی ، ئیتر ئەمە جگە لەرۆلی ئازایەتی و لەخوبوردنیان کە بێگومان ئەو بارە شۆرشگێریەی پێ‌بەخشیبون ، هەروەها گیانی نێونەتەوەییان بەرامبەر بەشورشی زەفار ، فەلەستین ، لوبنان و... هتد . نەك هەر ئەم جۆرە رێکخراوە کۆمۆنیستیانە ، بەڵکو حیزب و رێکخراوی کۆنەپەرستی وەك موجاهیدینی خەڵقیش لەژێر تەوزمی شەپۆلی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی‌دا ، ناچار بوون ناوی حیزبەکەیان بنین ئیسلامی - کۆمۆنیستی ، ئەیان ویست لەژێر سێبەری کۆمۆنیزم‌دا ئیسلام رەونەق هەڵبهێنێتەوە . خومەینی تا دەرەنگانێك نەیتوانی رووپۆشی دوژمنایەتی شیوعیەت لەرووی خۆی هەڵماڵێت ، جگە لەوە تا شوێن‌پێ‌ی خۆی قایم‌کرد ، چەندجارێك باسی برایەتی و دۆستایەتی خۆی لەگەڵ شۆرشگێرانێکدا ئەکرد کە ناوی نەئەهێنان ، وەك کورەی سێو لەباخەڵ ، ئەیان چرپاند بەگوێی خەڵکا گوایە تالەقانی ئەندامی چریکی فیدائیە ، هەروەك چۆن لەعیراقیشدا ئەیان چرپاند بەگوێی خەڵکا گوایە قاسم یان سەددام کۆمۆنیستن . رێکخراوی چریکی فیدائی ، هەرچەندە

خاوەنی بەرنامەیەکی دیموکراسی و ڕیفۆرمیستانەبوو ، بەڵام چونکە وا ناوی دەرکرد بوو کە ڕێکخراوەیەکی کۆمۆنیستی یە و ڕێگای تیرۆری گرتۆتەبەر - یانی بەکارهێنانی زەبری شۆڕشگێڕی - ماوەیەکی زۆری نەخایاند ، پاش ئەوەی بووە خاوەنی ڕێز و خۆشەویستی یەکی ئێجگار زۆر لەئێراندا و جەماوەرێکی زۆری دواکەوت ، کە ئەمە لەلایەکەوە لاوازی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نیشان ئەدا ، بەڵام ڕادەی خۆشەویستی و دڵسۆزی و ئاشنایی خەڵکیشی پیشان ئەدا بەرامبەر بەو بزووتنەوەیە . هەروەها بێ مەلامەت و بێ‌بنچینە نەبوو هەندێ گرووپ و حیزبی تری کۆنەپەرست و نەتەوە پەرستی وەك حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە بەرگی کۆمۆنیستییان لەبەر ئەکرد و بەناوی مارکسیزم لینینیزمەوە ، یان وەك حیزب اللەهی دروشمی " نەشەرقی و نەغەربی " هەڵبگرێت کە دروشمی شۆڕشگێڕانەی خەڵك بوو ، بەڵام ئەمان کردیان بەکەرەسە و مۆری تاوان بۆ نێوچاوانی هەر شۆڕشگێڕێك بیان ویستایە ئیعدامی بکەن . ئەگەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەهێزتر نەبوێت ، بۆ ئەم تاوانەیان لەخۆیان ناوە ؟ مەلا و کۆنەپەرستی وەك شیخ عیزەدین ببێتە قسەکەر بەناوی کۆمۆنیزم و ( لینین )ەوە ؟

ئەگەر بڕوانینە چالاکی و گوڕ و گۆڵی کرێکارانی کارخانەکانی ئابادان ، شیراز ، ئەسفەهان ، تەبرێز ، تاران . . . هتد ، کرێکاران کارخانەکانیان داگیرکرد ، هەر لەیەکەم ڕۆژ یان ڕۆژی بەر لەودا ، شورای کرێکاران دامەزرا و خاوەن کارخانەکان هەڵهاتن ، کرێکاران چەکدار بوون ، هەموو نووسراوەکانی ڕێکخراوە مارکسیە لینینیەکانی ئەو سەردەمە پڕن لەباسکردنی سەدان لەم بابەت و ڕووداوانە ،بەڵام بەهۆی کەم تەجروبەیی بزووتنەوەکە لە ئێران دا و شپرزەبوونی بەدەست ڕێکخراوە مارکسیە لینینیەکانەوە ، پشتیوانی لێ‌نەکردنی لەلایەن نێونەتەوایەتی پرۆلیتاریاوە ، بەتایبەت دراوسێکانی ، دروستکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی ، بەتاییەت مەسەلەی کورد ، دروستبوونی حیزب اللەی کەوەك یەك شەویلەی قنگە قەویلە ی تازە سەریان لەهێلکە دەرهاتوو ، فەرمانڕەوایەتیان گرتە دەست و هەموو ئامانجی مارکسیە - لینینیەکانی ئێرانیش بووبە بەشداربوونیان لە دەوڵەت دا ، ئیتر بەهەر ناوێکەوە بێت . سەرمایەدارەکان چاك ئەیانزانی چی ئەکەن ، یەکسەر هەموو

توانایەکیان تەرخانکرد بۆ خزمەتی ئەم دەوڵەتە ، هەموو داموودەزگای دەوڵەتی کۆن بەبێ دەستکاری و چەندوچون هاتنە ژێر خزمەتی ئەم دەوڵەتە ســـێ ملیون ساواکیەوە ، ئەمانە زیرەکانە بۆ گێلکردنی مارکسیە لینینیەکـــان و چاوبەستی خەڵك ، چەند جەنەراڵێکی کۆنی لێکەوتوویان ئیعدام کــرد ، لەگەڵ چەند تاوانبارێکدا ، کەخەڵك بەتوندی داوای ئیعدامکردنی ئەکردن ، وەك ووتمان لەژێر دروشمی " نەشەرقی و نەغەربیدا " .

ئابەم جۆرە و بەیارمەتیدانی هەموو سەرمایەداری جیهانی : " شەرقی و غەربی " یش ، ئیسلام لەسەر بوقەتەی ملی شۆڕشی کۆمۆنیستی لەئێرانـــدا هاتە سەر حوکم و بناغەی دڕندەترین دەوڵەتی ئەم سەردەمەی چەرخـــی بیستەمی دامەزراند .

- ٢ -

## شەڕی ئێران و عیراق لەکوێوە و کەی و دژی کێ دەستی پێکردووە ؟!

حەمەسەعید ئەڵێ : " هەربۆیە لەبەر ڕۆشنایی خۆپاراستن لەچارەسەر کردن چاکترەدا و بۆ دانانی لەمپەر لەبەردەم تەشەنەکردنی پەتای ئیسلامیزمدا جەنگی هەڵگیرساند " . وەك ووتمان لەبەیجوری هەموو هەڵە زل زلەکانـــی ئەم نووسراوەدا نین ، وەك : " هەموو کرێکارانی عیراق بێکاریش بن نـەوت ئەیان ژێنی و " . لەئەنجامی شۆڕش و یاخیبوونەکانی فەرەنسای ســالانـــی دوای ١٨٦٩ ، هنری گیمان ئەڵێ : (لەشێوازی کۆن ، شێوازی تاقیکراوە ، شێوازی جیرۆندیەکان ، یانی تابلۆقەدانی گیروگرفتە ناوخۆییەکان بـــــە پەنابردنیان بۆ" هەڵگیرساندنی" شەڕی دەرەکی ) ، هەروەها ئەڵێ : " ئەم گورانە هیچی تریان بەخەیالا نایەت یەك شت نەبێت ، ئەویش نەهێشتنی پێکهاتنی دەوڵەتی شۆڕشگێڕ و کۆماری ڕاستەقینەیە ، بە هەر نرخێك بێت ، ئەمەش هەمیشە مەسەلەی یەکەمە لە سیاسەتی ناوخۆدا ، دوژمنی جـــول بروسیا نیە ، بەڵکو بل فیلە ، بسمارك نیە ، بەڵکو بلانکیە " - پێشەکـــی مارکس و ئەنگلس ، ل ٢٧ - "بل فیل " گەڕەکی هەژارنشینی پاریس بووە .

بەهەمان جۆر ناتوانین داچینەوە بەمێژووی بزووتنەوەی کۆمۆنیستـــی عیراقدا و کاریگەری ئەو مێژووە بۆ چینی کرێکاری سەردەمی شۆڕشی (١٤)ی

تەمووز ، کە شاکر مستەفا سالیم ناوی نابوو " الاعصار الاحمر " . لە١٤ ی تەمووزی ١٩٥٨دا و لەئەنجامی کودەتایەکی سەربازی ، خەڵکی زەحمەتکێش لەسەرانسەری عیراقدا بەگشتی و لەبەغدادا بەتایبەتی وەك بورکان بەجۆرێك تەقینەوە کە مێژوو زۆر کەم شتی وای بەخۆیەوە دیوە ، هەر خەڵکی دانیشتوانی زنجەکان ( صرایف ) حەماڵ و سواڵکەری سابونچی و حەیدەرخانە ،ئەوانەی لەتاو برسیەتی داوێنیان ئەفرۆشت ، وەك دەلە شێر و پڵنگی برسی بەجۆرێك هەڵمەتیان بردە سەر قەلاّی مەلیکی و سەرمایەداری ، هەر لاشەی دوژمن بوو بە پارچەپارچەکراوی ڕائەکێشرا بەدەم هاواری ( هذا الیوم کنا نرید )ەوە، هەر جوتیار و سەپانی ڕەشورووت بوو بە تەور و تەوراس پەلاماری ماڵی ئاغا و شیخەکانیان ئەدا ، کۆنترۆڵ نەما ، کەس نەی ئەتوانی داوای دیسپلین لەکەس بکات ، خەڵکی چەکی وەرگرت ، خۆی چەکدارکرد .

سەرمایە لەبەردەم تەوژمی ئەو شۆڕشە مەزنەدا بەجۆرێك شپرزەبوو ، حەپەسا ،داما ، وەك شێت یەکسەر هەرچی هێزی دەریاییانە نزیکیان کردەوە لە لوبنان و کەنداو ، یەکسەر کەوتنە بەهێزکردنی سوپای تورکیا و ئێران ، دەوڵەتە " نیشتمان " پەروەرەکانیش ، وەك میسر و سوریا ، لەترسی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەرزیان لێهات و هەتا ئەهات ڕووی نیشتمانپەروەریتی خۆیان باشتر ئاشکرا ئەکرد و کەوتنە گرتن و کوشتنی بەکۆمەڵ و تیرۆری کۆمۆنیستەکان و ئەوانەی بەکۆمۆنیست ناسرابوون ، بەتایبەت لەمیسر کە بەئاشکرا دەستیان لەگەڵ سەرمایەدارەکانی ڕۆژئاوادا تێکەڵکرد بۆ پیلان ڕێکخستن دژ بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەعیراقدا ، بۆ ئەو مەبەستەش چەند ئێستگەیەکیان لە قاهیرە کردەوە بە لەهجەی عیراقی و زمانی کوردی ، بەلاّم جەماوەری ڕاپەڕیو هەتا ئەهات حەماسەتی بەرزتر ئەبووەوە و گۆرانی " یا جمال الافلقي یاشقي ابن الشقي " لەهەموو کۆلاّن و شەقامێکدا دەنگی ئەدایەوە . لە کەرکوك هێرشیان بردە سەر ماڵە نەتەوەپەرست و سیخوڕ و دەرەبەگ و دەوڵەمەندەکان و پەتیان کردە ملیان و تامردن ڕایان کێشان ، لەموسڵ هێرشیان بردە سەر دەوڵەتی شەواف و ڕماندیان و کەوتنە ڕاکێشان وکوشتنی ژەنەراڵ و دەرەبەگەکان ، دادگای گەل(محکمة الشعب )یان بۆدانان کە بە دادگای مەهداوی ناوی دەرکردبوو و بوە جێگای تۆڵەسەندنەوەی

کۆمۆنیستەکان لە دوژمنەکانیان ، هەر حەماڵ و ڕووتە و بێخاوس بوو بە هەل هەڵەکێشان دوژمنی چینایەتی خۆیان ئەکرد بەزۆرا و پاش کاڵتە پێکردن و قەشمەری جاڕێکی زۆر ضرمانی خنکاندنیان ئەدا بەسەریدا و ئەیانبردە دەرەوە . ئەم شۆڕشە هەتا ئەهات مەترسی تەشەنەکردنی زیاتری بۆ وڵاتەکانی دراوسی پەیدا ئەکرد ، بەتایبەت بۆ ئێران و تورکیا ، یەکسەر کاریکردە سەر گەشەپێدانی بزووتنەوە لە لوبنان و فەلەستین و یەمەن و جەزائیر . سەرمایەداری بەهەموو باڵە جیاوازەکانیەوە ، لەپێش هەموپاتەوە حیزبی بەناو کۆمۆنیستی عیراق ، کەوتنە چالاکی گورج وگۆڵ بۆ تاوانبارکردن و لێدانی ئەم شۆڕشە مەزنە ، ئەم حیزبە ناوبراوە ئەیویست بەتاوانبارکردنی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی وا خۆی پاك بکاتەوە لای ( قاسم ) تابتوانێت باوەڕی ئەم کابرایە بۆ لای خۆی ڕابکێشیت و بتوانن پێکەوە دەوڵەتێکی بەکار وبەهێز دامەزرێنن ، تا سوودی یەکێتی سۆفیەتیش بپارێزێ ، بەڵام (قاسم) ئەمەندە کوێر بوو ، جیاوازی نێوان ئەم حیزبە و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی نەئەبینی ، ئەگینا بواری ئەوەیان هەبوو . ئەم حیزبە هەرچەند بەچەند بۆنەیەکەوە باوەڕی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو و نزیکەی نیو ملیۆن ئەندامی هەبوو و کۆمەڵێ ئەفسەری لەگەڵدا بوو ، بەڵام کەوتبووە پاکانەکردن لەبەردەم دەوڵەت و سەرمایەدا . لەناوەڕاستی تەمووزی ١٩٥٩دا کۆمیتەی ناوەندی ئەم حیزبە دانیشتنێکی کرد بۆ باسکردنی ڕووداوەکانی کەرکوك ـ واتە ڕاپەڕینی کەرکوك ـ و تیایدا ئەم ڕاپەڕینەی تاوانبارکرد ، بڕوانە " طریق الشعب " ی ٢٨ی ئابی ١٩٥٩ ، هەروەها " ثورة ١٤ تموز " ـ لیث ، ئەم نووسەرە نەتەوەپەرستە لەو کتێبەدا زۆر پاکانە بۆ حیزبی شیوعی ئەکات کە ئاگاداری ئەو ڕاپەڕینە کۆمۆنیستانە نەبوون ، وە زۆر ڕاست ئەکات ، ئەمانە هەر بە ئەوە ڕانەوەستاون ، بەڵکو دەنگوباسیشیان ئەگەیاند بە (قاسم) و ناوی هەندێ ئەفسەریان دەدایە ، جگە لەوانە زۆر چاپلۆسانە کەوتبوونە چەواشەکردنی بزووتنەوەکە و سەرلێشێواندن و گێلکردن و سەرخۆشکردنی جەماوەر بەهۆی هەندێ ڕیفۆرم و دوورخستنەوەیان لەبەرنامەی چینایەتی خۆیانەوە کە بەردەوامی شۆڕش و لەنێوبردنی دوژمن بوو لەو ڕۆژەدا ، هەروەها ڕاکێشانی سەرنج بۆ لای کاری دیموکراسی و نەقابی و یەکێتی جوتیاران بۆ

پەنجەمۆرکردنەوە و داواکردنی ئاشتی و... هتد .

لەو لاشەوە نەتەوە پەرستەکانی عەرەب کەوتنە هەڕەشەکردن لە(قاسم) و ڕێکخستنی کۆدەتا و ناردنی چەك و کەرەسە بۆ حیزبەکانی وەك بەعس و ناسریەکان و مەشق پێکردنیان ، ئەمە چونکە ئەم دەوڵەتە نەی ئەتوانی بەرهەڵستی ئەو بزووتنەوەیە بکات و بەرژەوەندیەکانی سەرمایە بپارێزێ و تۆڵە لە شۆڕش بکاتەوە بۆ ئەوەی تەشەنە نەکات بۆ وڵاتەکانی تر . لەلایەکی تریشەوە ئەمەریکا و ئێران کەوتنە هاندانی دەرەبەگە کوردە هەڵهاتووەکانی دەستی جوتیارە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان ، وەك حەمەی شێخ عەبدولکەریمو شێخ حسین بۆسکین و ئاغا میراودەلی‌یەکان و بەگەکانی ناوچەی هۆرین و شیخان و... هتد و یارمەتی‌دانیان بەچەك و تەقەمەنی و پارەی زۆر بۆ پێکهێنانی مەفرەزەی تیرۆریستی و ناردنەویان بۆ کوشتنی دانەدانەی‌کەسانی کۆمۆنیست لە دێهاتەکاندا وچاوترساندنی خەڵك. هەر لەگەڵ ئەمەدا دەوڵەتی ئێران لەکۆتایی ساڵی١٩٥٩دا دەستی‌دایە ڕیفۆرمی بەرفراوانی زەوی و بۆ ماوەیەکی زۆر خەڵکی ئێرانی پێوە خەریك کرد .

کار گەیشتە ئەوەی لەئەیلولی ١٩٦١دا لەکوردستان هەموو کۆنەپەرست و دەرەبەگەکان بەیارمەتی" پارتی دیموکراتی کوردستان " لەشکرێکی ٢-٣ هەزار کەسیان کۆکردەوە ، کە زۆربەیان بەزۆرەملی ڕاپێچ‌کرابوون ، و لەگەڵ قونسلی ئەمەریکی و کاربەدەستانی ئێران لەشاری ڕەزائیە کۆبوونەوە -(بەیاننامەی‌ئابی حیزبی شیوعی عیراقی ئەو ساڵە ) ، کە لەشکرەکەیان بەفویەك تێکشکا و سەرمایە زانی مەسەلەی نەتەوایەتی لەناو هەژارانی کوردا بڕەوی نیە ، بۆ دروستکردنی گیانی نەتەوەپەرستی و ڕەگەزپەرستی نەخشەیەکی دیاریکراویان دانا و لەکوردستاندا چەند مەفرەزەیەکیان پێکهێنا بۆ کوشتنی خەڵك، بە تایبەت کۆمۆنیست و عەرەب ، لەو لاشەوە چەند جەلادێکی وەك (بەدرەدین عەلی )ی موتەسەریفی هەولێر و (زەعیم سدیق )ی ئامری لیوای چواریان ئەنارد بۆ تۆڵە سەندنەوەی ڕۆڵەکانی " عەرەب " و ئەکەوتنە کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی هەژاری وەك دانیشتوانی دێی " سیارە " یان گرتن و بەندکردنی هەموو دانیشتوانی شاری سلێمانی و زیندە بەچاڵکردنی سەدان خەڵکی ڕەش و ڕووت تێی‌دا ، یان ناردنی سەربازی نەشارەزا بۆ شاخ و داخی

کوردستان ، تا بەئاسانی چەکەکانیان دەست "برا" کوردەکانیان بکەوێت و مەیتەکانیشیان گریان و شیوەن بخاتە شوێنی حەماس و شۆڕشگێڕێتی خەڵك و (بەردی بناغەی برایەتی کورد و عەرەب) بشکێت و هەردوولا بکەونە تف لێکردنی ئەو برایەتیە !.

لە کوردستاندا هەندێ دیهات و ناوچە هەبوون بزووتنەوەی کۆمۆنیستی ئەمەندە بەهێز بوو تیایاندا کە بەئاسانی بەرهەڵستی نەئەکرا ، تا دوای کودەتای شوباتی ١٩٦٣ کە نەتەوەپەرستەکانی عەرەب و کورد بۆ ئەم مەبەستە رێك کەوتن ، ئیتر چڵکاو خۆران کەوتنە هێرش بردن بۆ سەر ئەو دیهاتانەی زۆر لەکۆنەوە چقڵی چاوی دوژمنانی کۆمۆنیزم بوون ، وەك هێرش بردنیان بۆ سەر حەسار و گولدەرەو چەند دێیەکی تری ناوچەی کەرکوك ،جاوگ ، باوە کۆچەك ، شیرەمەر ، گامێش تەپە و...هتد لەناوچەی هەڵەبجە، بانی جی ، خەرکنی ، ئاوایی لەناوچەی هۆرین و شیخان و چەندەها دێی تر لە ناوچەکانی زەنگەنە ، بنارگل ، داویە ، دەشتی هەولێر و...هتد .

لەخوارووی عیراقیش زۆر لەمە توندوتیژتر لەو بزووتنەوەیە درا ، بەڵام بزووتنەوەکە لە ریشە نەهات و هەمیشە مەترسی بۆ سەرمایە دروست ئەکرد و هەر ناوە نەناوێك راپەرینێکی چەکدارانە لەملا و ئەولای عیراق سەری هەڵئەدا ، وەك راپەرینی حەسەن سەریع یان راپەرینەکانی هۆرەکان ، یان زۆر جار بەرگری لەشاری سەورەی بەغدا و...هتد کەوا بەئاسانی ئام و لەززەتی ئەو چەند مانگە کە کۆنترۆل نەبوو ، چەوساندنەوەی راستەوخۆ نەبوو لەژێر دانی خەڵکی هەژار و چەوساوە دەر نەئەچوو ، وەك بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەعیراقا تا کۆتایی شەستەکان بەتەواوی نەمردبوو ، لەدوا بەرگریدا بوو ، هەردەم جێگای مەترسی دوژمن بوو ، بارودۆخی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەگشتی لە ناوچەکە روو لەپەرەسەندن بوو ، بەتایبەت فەلەستین و لوبنان و سوریا و رۆژئاوای ئیماراتی عەرەبی و ئینجا ئێران و تورکیا ، جا بۆ بەرهەڵستی لەم مەترسیە ، باشترین شت بۆ سەرمایە پەنابردن بوو بۆ دروستکردنی شەری دەرەکی و لابەلا ، چونکە هیچ چەکێك لەمە کاریگەرتر نیە بۆ کوشتنی بزووتنەوە و خەڵك گێل کردن .

ئەوەبوو هەر لەدوای ساڵی ١٩٦٣ەوە کوردستان بوو بە مەیدانی ئەو

شەڕە و ئێران هەموو هێزێکی خستە خزمەتی ئەو مەسەلەیەوە ، عیراقیش هەموو داراییەکەی بۆ خزمەتی ئەم جەنگە بەکارهێنا ، بەو جۆرە کورد لەعەرەب جیا بووەوە و (برایەتیە مێژووییەکەیان ) بو بەدوژمنایەتی ، کوردستانیش وەك ناوچەیەکی دەولەتی ئێرانی لێهات ، تەنانەت ئەگەر یەکێکی شۆرشگێر لەدەست دەولەتی ئێران هەلهاتایە ، ئەگیراو بەزیندوێتی تەسلیم بەڕژێمی ئێران ئەکرایەوە . بەکورتی شەڕی ئێران و عیراق،شەڕی شیعە و سونی یان سەدام و خومەینی یان ئارەزووکاریەکی کەسێك نیە ، شەڕێکیش نیە لە ١٩٨٠وە دەستی پێکردبێ ، بەلکو سەرەتای ئەم شەڕە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەیلولی ١٩٦١ ، شەڕێکە بۆ مەترسی بوون لەبزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەرپابووە ، ئەو شەڕە تەواو نەبووە و تەواونابێت ، توندوتیژی بەستراوە بەباری بزووتنەوەی کۆمۆنیستیەوە لەناوچەکەدا ، بەتایبەتی لەعیراق و ئێراندا .

لەکۆتاییدا یادخستنەوەیەکی زۆر نزیك پێویستە بۆ حەمە سەعید ، کە ڕای وایە ( شام بەبێ ڕوسیا و سعودیە بەبێ ئەمەریکا ئەتوانن پەنجە بکەن بەئاودا ) ، یادخستنەوەکەش کارەساتی هەلەبجەیە کە ناوبراو لەبەر خۆشەویستی بۆ ئەو شارە کاتی خۆی " هەلەبجە غەزەی خەمناکە"ی بۆ ووتوە، ئەم شارە بەهۆی زولمی دەرەبەگە جافەکانەوە هەر لەسەرەتای ١٩٥٠ەوە جێگای ڕاپەڕین و شۆڕش بووە ، چەندان دێ بەتاك و کۆمەل لەشوێنی باوپیران دەرکران و وەك قەرەجیان لێهات . ڕاپەڕین و دەست دانەچەکی جوتیارەکانی هۆرین و شیخان و وارماوا ، لەهەندێ جێگا ڕاونان و کلك و گوێ بڕینی ئەسپی پۆلیس ـ وەك لەبانی خێلان ڕوویدا ـ لێدان و دارکاریکردنی پیاوەکانی دەرەبەگەکان ، دەیان کۆمۆنیستی تێکۆشەری وەك حەمە کولەبال و مەلا کەریم کوێرەکی پێگەیاند ،هەر ئەم ناوچەیە بو بەجێگای شاردنەوە و حەشاردانی دەیانی وەك ئەحمەد مەحمود دەلاك ، ئیتر هەموو لایەنەکان زیاتر لەسی سال هەرچی لەتوانیاندا بوو بەکاریان هێنا بۆ ئەوەی خووڕەوشتی شۆڕشگێڕانەی تیا بسڕنەوە ، بەلام بێسوود بوو .

لەم دواییەدا دەولەتی عیراق بۆ تۆلەسەندنەوەی ڕاپەڕینەکەی ١٩٨٧لەم شارە ، چەند ڕۆژێك پێشتر هەرچی چلکاوخۆری دلسۆزی هەبوو لەگەل سوپاکەی کێشایەدواوە و هەلەبجەی بەتەواوی چۆلکرد ، دەمودەست چەکدارە

کوردەکان و پاسداران ڕژانە ناو شاری هەڵەبجە ، دەوڵەتی عیراق بواری دان تا دوو ڕۆژ بۆ ئەوەی ئیش وکارەکانیان جێبەجێ بکەن و بچنە دەرەوە ، کە ئیش وکارەکانیان بریتی بوو لەدڵنیاکردنی دانیشتوانی ئەو شارە، بۆ دانیشتن و ئارامگرتنیان ، کۆمەڵێ بەڵێنی درۆی وەك ئەوەی فڕۆکەی دوژمن ناتوانێت بەئاسمانی ئەوێدا تێپەڕێت ، کەکارەکانیان تەواوکرد و گەڕانەوە دواوە ، کەوتنە هەڕەشەکردن لەو کەسانەی ئەیانەوێ شار چۆڵ بکەن . کە دەوڵەتی عیراق زانی پاسدار و پێشمەرگە ڕۆیشتوون ، ئەوجا هات و ئەوەی کرد کەکردی ، ڕەنگە لەو کاتەدا هیچ پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ نەبووبێت لەنێوان لێپرسراوانی پێشمەرگە و دەوڵەتی عیراقدا یان هەروەها سەرکردەی پاسدار و دەوڵەتی عیراق ، تەنیا ئەوەی ئەمانەی یەكخست لەم ئیبادە بە کۆمەڵەدا ، غەریزەی چینایەتیان بوو و هیچیتر . هیچ کاتێك نە دەوڵەتی عیراق دژی دەوڵەتی ئێران بووە ، نە دەوڵەتی ئێرانیش دژی دەوڵەتی عیراق بووە و نەهیچیان دژی سەرکردەکانی بزووتنەوەی کورد بوون ، بۆنمونە ڕۆژێك لەڕۆژان بارەگای هەموو حیزبە ئۆپۆزسیونەکانی عیراق لەیەك دۆڵدابوون (دۆلی بێشی ) کە بەیەك دوو قونبەلەی گاز خۆڵەکەشی تیانەئەما و کارێکی زۆر ئاسانیش بو ، بەلاَم غیرەت و شەهامەتی چینایەتیان ڕێگەی بەوە نەدا ، بەلاَم هەمان غیرەتی چینایەتی ساڵی ١٩٨٢ بەرامبەر دانیشتوانی هۆرەکان جولاَ ، هەروەك هەڵەبجە زیاتر لە دەهەزار ژن و منداڵ و پیر و چەندسەد سەربازێکی هەلاَتووی تێدا کوشت ، جگە لەبەکارهێنانی ئەم گازە بەسەر هەزارەها منداڵی بەزۆر و بەفێڵ ڕاکێشراو لە قوتابخانە سەرەتاییەکانی ئێراندا ، لەکۆتاییدا هیوادارم حەمە سەعید لە ئاسمانی شێخ ڕەزایزم بێتە خوارەوە و بێتە مەیدانی واقیعەوە ، ئیتر بابە بیروباوەڕی دەروێشیش بێ .

هەواڵنامەی کتێب

# ووتاری ستروکتورالیزمی

## -٢-

ئازاد حەمە

### ئەنترۆپۆلۆژیای ستروکتورالیزمی ـ الانثروبولوجیا البنیویة

سەرەتای بەکارهێنانی ووشەی " ئەنترۆپۆلۆژیا " دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانیەکان و ووشەکەش لەدوو بەش پێك دێت ( Anthropos ) واتە مرۆڤ و ( Logos ) واتە زانست ، کەواتە هەردوو پێکەوە زانستیمرۆڤ دروست دەکەن . جا ئەنترۆپۆلۆژیا ئەو زانستەیە کە دیراسەتیمرۆڤ دەکات و بایەخ بەمرۆڤ دەدات لەڕووی شێوەی پێشکەوتن و هەموو جۆرە ئاستێکی فیزیۆلۆژی و ئەتنۆلۆژی ( سلالي ) و ئایدیۆلۆژییەوە ، تا دەگاتە ئابووریو سیاسی .

لەگەڵ بەکارهێنانی ووشەی " ئەنترۆپۆلۆژیا " دا ، زۆرجار چەند زاراوەیەکی دی دێتە کایەوە ، وەکو ئەتنۆگرافیا ( العراقة Ethnographie) و ئەتنۆلۆژیا ( السلالة Ethnologie) کە جێگای خۆیانیان هەیە لە دیراساتە مرۆڤایەتیەکاندا ، بەلاّم جیاوازی نێوان ئەم زاراوانەش تەنیا لە چوارچێوەیەکی زمانەوانیدا نیە ، بەڵکو پەیوەستە بەو ڕووبانەی دەیگرنە خۆ و دیراسەتی دەکەن . بۆ نموونە : ئەتنۆلۆژیا یاخود پشتاوپشت گەریەتی کە بە بەشێك لە بەشەکانی ئەنترۆپۆلۆژیا دادەنرێت و لە نەوەتەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە دامەزراوە و دیراسەی سەرچاوەی پشتاوپشتی مرۆڤایەتی دەکات ، ئەمڕۆ لەناوچەکانی ئەنگلۆسەکسۆنیدا لەجیاتی ووشەی

" ئەنترۆپۆلۆژیا " بەکاردەهێنرێ ، لەکاتێکدا ئەتنۆگرافیا ئەو زانستەیە کە لە تایبەتمەندیەتی نەتەوەکان و هەریەك بەبێی خۆی دەکۆڵێتەوە .

لێرەدا تەنیا لەیەکێ لەرێبازە هاوچەرخەکانی " ئەنترۆپۆلۆژیا " دەدوێین ، ئەویش " ئەنترۆپۆلۆژیای ستروکتورالیزمی " یە کە زێتر بە ئەنترۆپۆلۆژیای فەرەنسی دەناسرێت و دەدرێتە پاڵ ( کلۆد لیڤی شتراوس ) کە ئەمڕۆ بێگومان بەدانەری رێڕەوی ئەنترۆپۆلۆژیای ستروکتورالیزمی "فەرەنسی" دادەنرێت و توانیویەتی ئەم رێڕەوە بۆ دیراسەتکردنی پەیوەندی ژن‌هێنان و خزمایەتی و میتۆلۆژیا لەکۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا ( المجتمعات البدائیة )بەکاربهێنێت .

کۆمەڵێ سەرچاوە هەن کە کاریان کردۆتە سەر رێڕەوی ئەنترۆپۆلۆژیایی لای شتراوس ، وەکو سایکۆلۆژیای فرۆیدی . ئەوەش لەکاتێکدا دەردەکەوێت کە دەبینین شتراوس شان بەشانی لایەنە ئاگاییەکەی مرۆڤ ، دان بەبێ‌ئاگایی ( اللاوعي ) مرۆڤیشدا دەنێت . کاتێك شتراوس " میتۆلۆژیا " لەکۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا لێك دەداتەوە ـ وەکو " ستروکتور "ێك ـ پشت بە لێکدانەوەکانی فرۆید دەبەستێت لەو بارەیەوە و وای دادەنێت کە " میتۆلۆژیا " جۆرێکە لە خەوبینینی بەکۆمەڵ ( جماعي ) لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکانا و زمان و هێمای تایبەتی خۆی هەیە ، کە شایانی لێکدانەوەیە. کەواتە جەغدکردنی بەتەنیای شتراوس لەسەر ستروکتوری بێ‌ئاگایی لەنێو کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا ، ئارادەیەك بووەتە جێگای رەخنەگرتن لەرێڕەوی ستروکتورالیزمی (شتراوس) . بەم پێیە دەتوانین بڵێین سایکۆلۆژیای فرۆیدی توانیویەتی رێڕەوی ئەنترۆپۆلۆژی لەلای شتراوس دەوڵەمەندتر بکات ، بەتایبەتی کاتێ ( شتراوس)هەوڵی ئەوەیداوە بیگونجێنێت لەگەڵ دیراسەتە زانەوانیەکان‌دا .

ئەوەش کاتێ بوو کە ( شتراوس ) لەسەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی دا بەرەو ئەمریکا هەڵهات و توانی لەوێ یەکترناسینەوەیەکی بەهێز لەگەڵ دیراسە زمانەوانیەکانی جاکۆبسۆن دا ( Jakobson ) دروست بکات . (شتراوس) لە دیراسەتە ئەنترۆپۆلۆژیەکانیدا توانیویەتی ئارادەیەکی زۆر پشت بە دیراسەتە زمانەوانیەکانی جاکۆبسۆن ببەستێت لەمەر کۆمەڵگا سەرەتاییەکانەوە ـ بەتایبەتی جاکۆبسۆن وای دادەنێت کە ستروکتورە زمانەوانیەکان جێگیر دەمێننەوە ، هەرچەندە زمانە تاکیەکان بگۆڕێتەوە .( ١٩ ) ئەو خاڵەش بەزۆری

و ئاشکرا لەلای (شتراوس) دەبینین ،کاتێ هیچ جیاوازییەك لەنێو سیستەمی خزمایەتی و سیستەمی زمانی ئەو کۆمەڵگایانەدا نابینێ ، بەپێی ئەوەی هەردووکیان سترۆکتۆریان هەیە . ئینجا پشت بەستنی (شتراوس)بە مۆدێلی زمانەوانی جێگیری (جاکۆبسۆن) بووەتە هۆی ئەوەی لەلێکدانەوەکانی خۆیدا پشت بکاتە فاکتەری مێژوویی و وەکو سیستەمێکی داخراو و نەگۆڕ بڕوانێتە ئەو پەیوەندیانە لەو کۆمەڵگایانەدا . دیسانەوە ئەمەش خاڵی ڕەخنە گرتنە نەك تەنیا لەڕێڕەوی سترۆکتۆرالیزمی (شتراوس) ، بەڵکو لەزۆربەی سترۆکتۆرالیزمەکان .

ئەو سیمنارەی (شتراوس) ساڵی ١٩٦٠ بەبۆنەی دامەزراندنی کافیدرای (الكرسي الدراسي) ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتییەوە و لەکۆلیجی دی فرانس ـ لەفەرەنسا خوێندوویەتیەوە ، چەند خاڵێکی سەرەکی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئەنترۆپۆلۆژیا و کۆمەڵناسی (سۆسیۆلۆژیا) ڕوونکردۆتەوە ، هەروەها توانیویەتی ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی لەهەندێ گۆمڕای ڕێڕەوی ڕزگاربکات ، تەنات (شتراوس)ی سترۆکتۆرالیزمی لەو سیمنارەدا دەست بۆ لایەنی جیاوازی نێوان کۆمەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی درێژ دەکات و ئەوە دەردەبڕێ کە تاکو ئێستا کۆمەڵناسی نەیتوانیوە بکاتە مانا گشتییەکەی خۆی کە دۆرکهایم(١٨٥٨-١٩١٧) و سیمیند (Simiaid) ئاواتەخوازی بوون . ئێمە لێرەدا تەنیا بایەخ دەدەینە لێدوان دەربارەی ئەنترۆپۆلۆژیای سترۆکتۆرالیزمی و بەپێویستی نازانین لەهەموو مشت ومڕێکی چەمکی ئەنترۆپۆلۆژیا بدوێین ، چونکە ئەوکاتە دەبێ لەهەموو ڕێبازە هاوچەرخەکانی ئەنترۆپۆلۆژیای هەن و پەیوەندی نێوان ئەنترۆپۆلۆژیا و زانستە کۆمەڵایەتیەکان ( وەکو : سۆسیۆلۆژیا و ئابووری و سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا ... هتد ) بدوێین .

## شیکردنەوەی سترۆکتۆرالیزمی بۆ میتۆلۆژیا :

میتۆلۆژیا بایەخی تایبەتی خۆی هەیە لەنێو شیکردنەوە سترۆکتۆرالیزمیەکاندا ، بەتایبەتی لەسەردەستی (لیڤی شتراوس) . چونکە پێش ئەو زۆربەی ئەو لێکدانەوانەی لەبواری میتۆلۆژیا و هەندێ داب ونەریتی کۆمەڵایەتی و تقوسی ئایینیدا هەبوون ، لێکدانەوەیەکی ئەنارشیستی و سادەبوون .

هەروەکو زانیمان ، بەپێی لێکدانەوەی ستروکتورالیزمی شتراوس ، میتۆلۆژیا زمانی تایبەتی خۆی هەیە و ستروکتوری ئەو (زمان)ەش ، ستروکتورێکی بێئاگاییە . لێرەدا شتراوس تەنیا لەسەر بوونی ئەو ستروکتورە بێئاگاییەی بواری میتۆلۆژیا سوورنیە ، بەڵکو دەڵێت : دەبێ بگەینە ستروکتوری بێ ئاگایی لەهەموو دەزگا و داب و نەریتێکدا ، بۆئەوەی لێکدانەوەیەکی ئەوتۆ بەدەست بێنین ، کەبشێت بۆ هەموو دەزگا و داب و نەریتەکان .گەر بێت و میتۆلۆژیا ، وەك ئەوەی (شتراوس) باسی دەکات ، بریتی‌بێت " لەو رێگایەی مرۆڤ ئەو بەشەی پێ‌دروست دەکات کە لەژیانیدا نەبێ ، کەواتە ستروکتورالیزم بیربتی‌یە لەوەی ببێتە یەکێك لەمیتۆلۆژیاکانی چەرخەکان ، بەڵکو بریتی‌یە لە میتۆلۆژیای چەرخەکان "(٢٠)

کەواتە ئەوەی لەلای (شتراوس) بۆمان دەردەکەوێت ئەوەیە کە میتۆلۆژیا وەکو ئایدیۆلۆژیا وایە لەوەی نقومی بێئاگاییە . هەرچەندە میتۆلۆژیا مروونەتێکی زۆری هەیە لەنێو (دال) و (مەدلول)دا ، واتە رەنگە (دال) بگۆڕێتە (مەدلول) و (مەدلول)یش بۆ (دال) . بەلاّم ئەمە ئەوە ناگەیەنی هەموو میتۆلۆژیایەك یەك جۆرە لێکدانەوەی خۆی هەبێت لە هەموو سەردەم و کۆمەڵگایەکدا . بەڵکو زێتر دەتوانین لەو جۆرە میتۆلۆژیانە تێ‌بگەین لەمیانەی ئەو چیرۆکەی دەیگێڕنەوە ، ئەمەش (مەدلول)یەتی ئەو میتۆلۆژیانە دەردەخات. کەچی لەشوێنێکی تردا، لەپەرتووکی " ئەنترۆپۆلۆژیای ستروکتورالیزمی " دا، شتراوس دەڵێ : " مانا دەرەکیەکەی میتۆلۆژیا رەنگە بەپێچەوانەی مانا ناوەکیەکەی بێت ، هەروەکو ئەوەی لەلای هۆزەکانی بۆرورو ( Bororo ) دەربارەی سەرچاوەی ئاو هەیە ، کە مانایەکی ناوەکی خۆی هەیە ، ئەویش بریتی‌یە لەسەرچاوەی ئاوی چێشتخانە "(٢١) . ئەمەش دیسانەوە داکۆکی کردنێکە لەلێکدانەوەکەی شتراوس خۆی کە دەڵێ میتۆلۆژیاکان خۆیان یەکتر "عاقڵ" دەکەن ، یاخود یەکتر دەگونجێنن .

ئاشکرایە شیکردنەوەکانی ئەنترۆپۆلۆژیایی بەپێی رێڕەوی ستروکتورالیزمی لەلای (شتراوس) توانیویانە رێڕەوی ئەنترۆپۆلۆژی لەهەندێ شیکردنەوەی هەرزان و ئایدیۆلۆژی بپارێزێت . بۆیە بیریوردیو لەلێدوانێکدا دەڵێت :

" ستروکتورالیزم شۆڕشێکی گەورەی لەبواری ئەنترۆپۆلۆژیادا بەرپاکردووە و

توانیویەتی لەم بوارەدا دابڕینێك لەگەڵ ئەنترۆپۆلۆژیای كۆلۆنیالی پەیدا بكات "(٢٢) كە تاماوەیەكی زۆر لەبواری شیكردنەوەی ئەنترۆپۆلۆژیەكاندا زاڵبووە . لەگەڵ هەموو ئەو ڕەخنانەی لەدەرەوەی "سترۆكتۆرالیزم ئاڕاستەی شتراوس دەكرێ ، سەبارەت بەوەی شتراوس وەكو سیستەمێكی داخراو و نەگۆڕ سەیری ئەو پەیوەندیانە دەكات و پێشمان نالێت ئەم سترۆكتۆرە چۆن دروست دەبێ یاخود چۆن لەكۆمەڵگایەكەوە دەگوێزرێتەوە بۆ ئەوی تر .

## سترۆكتۆرالیزم و شیكردنەوەی دەروونی :

ئەمڕۆ وتاری شیكردنەوەی دەروونی هاوچەرخ پەیوەندییەكی بەتینی لەگەڵ ڕێڕەوی سترۆكتۆرالیزمیدا هەیە ، بەتایبەتی لەكاتێكدا كە لەنێو وتاری ناوبراودا وتاری زمانەوانی ڕۆڵێكی گەورە دەبینێت . یەكگرتن و هاوشانیەتی نێو شیكردنەوەی دەروونی و سترۆكتورالیزمیش لەسەر دەستی ژان لاكان ( J. Lakan )-(١٩٠١-١٩٨١) هاتۆتەدی . ئەویش بەگەڕانەوە بۆ (فرۆید) لە دەرگای ئەوەی بێئاگایی ـ اللاوعي وەكو "سترۆكتۆری زمان " سترۆكتۆری تایبەتی خۆی هەیە .

پیاچوونەوە و گەڕانەوەی (لاكان) بۆ (فرۆید) جیاوازە لەزۆربەی ئەو پیاچوونەوە و خوێندنەوانەی لەمەوبەر بۆ (فرۆید) كراون و تەنیا لە چوارچێوەیەكی ئەكلینكی ـ عیادی و سایكۆلۆژیایەكی قوتابخانەییدا (مدرسي) بوون . ئەوەی دەربارەی (لاكان) ناسراوە ئەوەیە كە پیاچوونەوەكەی لە دەرگای سترۆكتۆرالیزمی زمانەوانیەوە بووە ، واتە وتاری زمانەوانی لەلای (لاكان) بایەخێكی گەورەی هەبووە بۆ دۆزینەوەی بابەتە سترۆكتۆرالیزمیەكانی تێكستی فرۆیدی ، هەروەها (لاكان)" لەڕوانگەی سترۆكتورالیزمیەوە بە تازەگەری زانستی بێئاگایی (علم اللاوعي) دادەنرێت "(٢٣) . هەرچەندە "سترۆكتورالیزم"یش وەك ڕێڕەوێك توانیویەتی قوتابخانەی شیكردنەوەی دەروونی لەدووخاڵدا تێپەڕێنێت : " یەكەم/ قوتابخانەی شیكردنەوەی دەروونی میتۆلۆژیا و خەونەكان دەگەڕێنێتەوە بواری نامەعقول و هەرەمی ، بەلام سترۆكتورالیزم وای دادەنێت كە ئەم بەرهەمە فیكریانە مەنتیقی تایبەتی خۆیان هەیە . دووەم/ سترۆكتۆرالیزم بەربەرجی چەقیەتی دەداتەوە لەحاڵەتی

شیکردنەوەی دەروونیدا سەبارەت بە شیکەرەوەی دەروونی ـ المحلل النفسی، چونکە شیکەرەوەی دەروونی لە شیکردنەوەی دەروونیدا خۆی لەنەخۆش جیادەکاتەوە " هەر ئەمەشە ئەگەرە دەخاتە کاری شیکردنەوەکەی ـ ا.ح " ، بەلاّم ستروکتۆرالیزم لەئاراستەی شیکردنەوە دەروونیەکەی لەلای لاکان ـ وای دەبینێت کە شیکردنەوەی دەروونی خۆی لەو کەسە یاخود نەخۆشە جیا ناکاتەوە کە شی دەکاتەوە ـ واتە " چارەسەری دەکات "(٢٤) . بەلاّم ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە شیکردنەوەی دەروونی لەلای (لاکان) دژی شیکردنەوەی دەروونی (فرۆید)ە ، چونکە (لاکان) هەرگیز ناتوانێت پشت لە بەرهەمە فیکریەکانی (فرۆید) بکات ، بەلّکو تەنیا ئەوەندەیە کە پشت بەستنی (لاکان) بە دیراسەتی زمانەوانی زێتر ڕەوتی شیکردنەوەی دەروونی پێشخستووە و توانیویەتی ڕەوتی شیکردنەوەی دەروونی وەرچەرخێنێتە سەر ئاستەڕاستەقینەکەی و لەو ئەرتەدۆکسیەتەی قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی بەتایبەتی و تێکستی فرۆیدی دووری بخاتەوە کە لەم دواییەدا تووشی بووە .

دیراسەتەکانی (لاکان) تەنیا دیراساتێکی دەروونی ڕووت نین ، بەلّکو بە بەردەوام سەرووی ئەو گەڕانەوانەی کەدەگەڕێنەوە بۆ بەرهەمەکانی فرۆید دەگەڕێتەوە بۆ زۆربەی بوارەکانی زانستە مرۆڤایەتیەکان ، جاج لەوانە کارەکانی (لیڤی شتراوس) بێت لەبواری ئەنترۆپۆلۆژیادا ، یاخود زمانەوانی بێت لەلای ( جاکۆبسۆن ) و (سۆسێر) تا دەگاتە ماتماتیك و فەلسەفە و ... هتد . ئەوەی زێتر شایانی مشت ومڕ بێت لەپەیوەندی نێوان زمانەوانی و شیکردنەوەی دەروونی نێو بەرهەمەکانی (لاکان)دا ئەوەیە کە بێئاگایی وەك "ستروکتۆری زمان " ستروکتۆری تایبەتی خۆی هەیە . جا زۆربەی ئەو کەسانەی ئەمڕۆ لەم بوارەدا کاردەکەن ، ڕۆشنایی دەخەنە سەر ئەوەی گوایە (لاکان) لەم لایەنەوە شتێکی تازەی نەهێناوەتە کایەوە ، لەبەر ئەمەشە (میشال ئەریڤە) دەلێت : " پێش لاکان هەریەك لەبروێر ( Breuer ) و فرۆید توانیویانە بەزمان چارەسەری نەخۆشییە هستیری و دەروونیەکان بکەن "(٢٥) . بۆ نموونە لەپەرتووکی بەناوبانگی (فرۆید)دا : " لێکدانەوەی خەونەکان " دەبینین " خەون " ستروکتۆری تایبەتی خۆی هەیە وپێویستە باس بکرێت و لێك بدرێتەوە . لێرەدا جەغدکردنی (فرۆید) لەسەر ئەوەی

"خەون" ستڕۆکتۆری تایبەتی خۆی هەیە ، لە شیکردنەوەکانی (لاکان) دوورنیە کە دەڵێ : "زمان" ستڕۆکتوری خۆی هەیە . بەڵام لێرەدا ڕەنگە (لاکان)ی ستڕۆکتۆرالیزم لەو خاڵەدا لەفرۆید جیاببێتەوە کە "ستڕۆکتۆرالیزم"ەکان بایەخێکی سەرەکی بە ستڕۆکتور دەدەن و چەمکی "ستڕۆکتور" یش دیکتاتۆریەتێکی تایبەتی خۆی هەیە لەدیراسەتەکانیاندا . هەر بەم خاڵەش ستڕۆکتۆرالیزمە دەروونناسەکان لەشەپۆلی "جەشتەڵتەکان"* جیادەبنەوە کە ساڵی ١٩١٢ لەزانستی دەروونیدا هاتۆتەکایەوە . جا "جەشتەڵتەکان" لە دیراساتە دەروونیەکاندا یەکایەتیەکی زۆر دەدەنە گشتی (کلی) بەسەر بەشەکاندا ، بێ ئەوەی بایەخ بەپەیوەندی ناوەکی نێوانیان بدەن ، بەڵام بە پێچەوانەوە دەبینین کەبایەخدانی ستڕۆکتۆرالیزمە دەروونناسەکان بە پەیوەندی ناوەکی نێو ڕەگەزەکانی "ستڕۆکتور" مەسەلەیەکی سەرەکیە .

بۆ زیتر تێگەیشتن لە بەرهەمە فیکریەکانی (لاکان) ، سەرباری پیاچوونەوەی بەردەوام و تێکرا بە بەرهەمە تیۆرییەکانی (فرۆید)دا ، دەبێت چەکداربین بە وتاری زمانەوانی کە ئەمڕۆ شۆڕشێکی ئەبستمۆلۆژی لەنێو زانستە مرۆڤایەتیەکاندا بەرپاکردووە ، هەر لە(سۆسیر)و(جاکۆبسۆن)ەوە تا دەگاتە (هلمسلاڤ) و بانفنیست) ، سەرەڕای هەموو جیاوازیەکی تیۆری لەکاروانی زمانەوانی نێوانیاندا .

ئەگەرچی (لاکان) لەسەردەمی ناعەقڵانیەتی تەکنیکی ڕۆژئاوادا تێکستی فرۆیدی بەرەو ئاڕاستەیەکی بەرز بردووە ، بەڵام تێکستی فرۆید هەر ڕێز و بایەخێکی تایبەتی خۆی دەبێت لەنێو هەموو تێکستەکانی سەردەمدا ، ئەویش لەبەر ئەوەیە کە فرۆید "شانبەشانی مارکس و نیتشە توانیویەتی ڕواڵەتی

---

* سایکۆلۆژیای جەشتەڵتی (علم النفس الصیغة) : جەشتەڵت وشەیەکی ئەڵمانیە ، واتە شێوە و ئاراستەیەکی ئایدیالیزمە لەسایکۆلۆژیای نوێدا ، کە لەساڵەکانی ١٩١٢دا لەئەڵمانیا هاتووەتەکایەوە . یەکەم کەسیش کە سایکۆلۆژیای جەشتەڵتی خستووەتەکایەوە ، (کریستیان فۆن ئەهرنفلز) بووەو دواجار لەسەردەستی (کوفکاو کوهلر و فیرتهایمر) زیتر پەرەی سەندووە و ئەوجار لەلایەنی فەلسەفیەوە ئەم زانستە لەسەر بناغەی فیکری (هۆسرل) و (ئەرنست ملۆخ) دامەزراوە .

دەلالە بگۆڕێ و ڕێگا لەبەردەم زانستی لێکدانەوەدا (علم التأويل) فـــراوان بکاتـەوە "(٢٦).

## سترۆکتۆرالیزمی زمانـەوانی ( البنيوية اللغوية ) :

گومان لەوەدا نیە وتاری زمانەوانی توانیویەتی کۆدەتایەکی کۆپەرنیکۆسـی لەنێو زانستە مرۆڤایەتیەکاندا بەرپابکات بەوەی کە مۆدێلی زمانەوانی ئەمـــڕۆ توانیویەتی زۆربەی ئەو کێشە تەقلیدیانەی نێو ئەو زانستانەی بێ چارەســـەر بکرێت . جالێرەدا کارامەیی دەگەڕێتەوە بۆ زمانەوانی سویسری بەناوبانـگ ( فردیناند دی سۆسێر ) -( ١٨٥٧-١٩١٣ ) کە بەدامەزرێنەری بزووتنەوەی سترۆکتۆرالیزمی ئەم چەرخە دادەنرێت . ئەو لایەنەش زێتر لەسەرجەمی ئـــەو لێکستانەی (محاضرة ) هەستی پێدەکرێت کە لەزانکۆی ژنێف ووتونیەتیـەوە و قوتابیەکانی دوای خۆی لەساڵی ١٩١٦دا بەناوی " وانە گشتی‌یەکانی‌زانستی زمانەوانی " بلاویانکردۆتەوە و تیایاندا ووشەی "سترۆکتور "ی بەکارنەهێناوە، بەڵکو لەجیاتی ئەوە ووشەی " نەسق " یاخود " سیستەم‌ نظـــــام " ی بەکارهێنـاوە .

پەرتووکی ناوبراوی سۆسێر : " وانە گشتی‌یەکانی‌زانستی زمانـەوانـی "، توانیویەتی تارادەیەك زۆربەی ئەو کێشانەی پەیوەستن بەزانستی زمانــــەوە (علم اللغة ) چارەسەر بکات کە زۆربەی فیلۆلۆژ و زمانەوانەکانی پێـش خـۆی پێشێلیان کردبوو .ناواخنی ئەو پەرتووکەش ڕۆلێکی گەورەی بینیووە لـــــە پەرەسەندنی زانستی زمانەوانی‌نوێ لەلایەك و لەدروستکردنی قوتابخانـــەی سترۆکتۆرالیزمی‌دا لەلایەکی ترەوە . لەدوای ئەویش هەریەکە لەپەرتووکەکانـــی ( ترۆبتسکوێ و جاکۆبسۆن و شتراوس و لاکان و فۆکۆو بەیاجی و بـارت و ئالتۆسێر) دێن ، لەڕووی ئەوەی هەمان ڕۆلیان بینیووە بۆ ئەو مەبەستە .

جا (سۆسێر) توانیویەتی بابەتی " زانستی زمانەوانی " ڕوون بکاتـەوە و ئەو فاکتەرانە دیاری بکات کە چالاکی زمانەوانی لەلای مرۆڤ دروست دەکەن و ئەو دوو شتە ڕوون بکاتەوە کە لەتیۆری زمانەوانیدا پێکەوە بەستراون ، واتە " زمان ـ لغة " ( Langue ) و " ئاخاوتن ـ الكلام" ( Parde ) . دەبینین لەلای (سۆسێر) " زمان " کارێکی کۆمەڵایەتی‌یە و بریتی‌یە لەو یاسا

و رژێمە گشتی‌یانەی ئاخاوتن بەرهەم دێنن . بەڵام ئاخاوتن بەرهەمێکـــی تاکیە و بریتی‌یە لە پەیڕەوکردنی فیعلی ئەم یاسا و رژێمانە . پێناســـەی ( سۆسێر ) بۆ " زمان " بۆیە بەو شێوەیە ، چونکە "زمان" لەلای ئـــەو بریتی‌یە لە سیستەمێکی داخراو و یاسای تایبەتی خۆی هەیە . کەواتـــە " زمان " بریتی‌یە لە " نەسق " یاخود "سیستەم " ێکی نیشانە(علامـــة ) . هەرچەندە نیشانە " اشارة " لەلای سۆسێر دەکرێتە دوو بەشەوە : " دال" و " مەدلول " و پەیوەندی نێوانیشیان پەیوەندییەکی هەرەمەکیە(اعتباطي ) . سووربوونی (سۆسێر) لەسەر هەڕەمەکیەتی پەیوەندی نێوان "دال" و"مدلول"؛ مشتومڕێکی زۆری لەنێوان زانایانی زمانەوانیدا دروست کردووە . بۆ نموونـە دەبینین ( ڕوبرت شۆلز) لەسەر هەڕەمەکیەتی نێو "دال" و "مەدلول" ، کە هەردوو پێکەوە نیشانە(اشارة) دروست دەکەن و ئەویش یەکێکە لە ڕەگـــەزە سەرەکیەکانی سترۆکتۆری زمان ، دەڵێت : " هەڕەمەکیەتی نیشانـــــە ، هەڕەمەکیەتی ماناکەشی ناگرێتەوە ، چونکە نیشانەکە لە گشتێکی پێکەوەبەســتراو دروست بووە کە بریتی‌یە لەشێوازە دەنگ و مانا ، جا "مانا"ش ناگۆڕێتـــەوە کاتێ ئێمەی ئینگلیز بەدار دەڵێین " Tree " و بەلاتینی هەمان شـــت پێی دەووترێ " Arbor " . واتە شێوازە دەنگداریەکەی هەموو نیشانەیەك لە هەر زمانێکدا وەك ماناکەی جێگیر نامێنێتەوە . لەبەر ئەمەشـــە لای (سۆسێر) دیراسەتی "نیشانە" بایەخێکی سەرەکی هەیە ، چونکە تیایـــدا زۆربەی ئەو هیما و سیستەمانە ڕوون دەکاتەوە کە مرۆڤ تیایاندا دەژێت .

" زمان سیستەمی نیشانەیە و لەبیروباوەڕ دەدوێت ، لەبەر ئەوەی لەگەڵ سیستەمی نووسینی ئەلف و بێی بێدەنگ و نقوشە هیماییەکان و دارشتنـــە سیاسی و نیشانە سەربازییەکان و . . .هتددا بەراورد دەکرێ ، بەڵام لـــە هەموو ئەم سیستەمانەش گەورەترە . ڕەنگە هەست بەوە بکرێت کە ئەو زانستەی ژیانی نیشانەکان لەناو کۆمەڵدا دیراسەت دەکات ، بەشێك لەسایکۆلۆژیـــای کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژیای گشتی پێکدێنێت ، کەدواجار ناوی سیمیۆلۆژیـــای لێ دەنێم ( لەووشەی یۆنانیەکەوە سیمیۆن "نیشانە" ) و سیمیۆلۆژیاش لـــە دواییدا ئەوە دەردەخات کە نیشانە لەچی پێك دێت و یاساکانی کاردەکەنـــە سەری کامانەن . . . زانستی زمانەوانی بەشێکە لەزانستی گشتی سیمیۆلۆژیا و

لەدواییدا ئەو یاسایانەی سیمۆلۆزیا دۆزیونەتیەوە بەسەر زانستی زمانەوانی (علم اللغة) دا پەیڕەوی دەکرێ ، تەنانەت ئەو زانستەش بایەخێکی تایبەتی خۆی دەبێ لەنێو ئەنترۆپۆلۆزیادا "(٢٨) . دیراساتی " سیمۆلۆزی "یش ئەمڕۆ پەرەسەندنێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە لەسەر دەستی کەسانێکی وەکو (ڕۆلان بارت R. Barthes ) و ( بریتۆ Priete ) و ( مارتینی Martinet ) و ...هتد . لەدوای سالەکانی (١٩٣٠)یەوە ئەو جۆرە دیراساتە توانیویەتی کاری زانستی زمانەوانی ئاسانتر بکات ، ئەویش لەبەر ئەو ئاکامانەی لەبواری لێکدانەوە و پشکنینی ئەو نیشانە و هیمایانەی بەدەستی هێناوە کە لەژیانی ئادەمیزددا هەن .

هەرچەندە (سۆسێر) لەپەرتووکی ناوبراودا توانیویەتی بناغەی ئەو زانستە دامەزرێنێت و ئەمجا شان بەشانی زانستی زمانەوانی و وەك بەشێکیش ئاراستەی بکات ، بەلاٌم لەهەمان کاتدا ڕۆلی زانای زمانەوانی (بیرس)، ئەمڕۆ لە نێو ڕۆشنبیرانی فەرەنسادا لەرۆلی (سۆسێر) لەبواری ڕوونکردنەوەی زانستی نیشانەکاندا(علم العلامات) کەمتر نییە . لێرەدا ئەگەرچی وا دەدرێتە پال (سۆسێر) کەگوایە کەوتۆتە ناکۆکی بەکارهێنانی زاراوە وە ،"تەنانەت هەندێ لەزمانەوانەکانیش جیاوازی لەنێوان دوو (سۆسێر)دا دەکەن"(٢٩) ، بەلاٌم ئەوانە هەموو لەبایەخی زمانەوانیسۆسێر لەبواری دیراساتی زمانەوانیلەچەرخی نۆزدەهەمدا کەم ناکاتەوە. شان بەشانی ئەو جیاکردنەوە دووفاقیەی (سۆسێر) لەنێو "زمان" و " ئاخاوتن " ، یاخود "دال" و " مەدلول" دا دەیکات ، جیاوازیەکی تریشی لەمەڕ زمانەوە کردووە ، ئەویش لەنێوان " زمانە ناواخنیەکان ـ اللغات الداخلية"و " زمانە دەرەکیەکان ـ اللغات الخارجية" دایە . لەم دابەشبوونەشدا (سۆسێر) بایەخی پلەیەك دەداتە " زمانە ناواخنیەکان " تاکو " زمانە دەرەکیەکان "(٣٠) . هەرچەندە ئێمە دەزانین کە " زمان " لەلای (سۆسێر) بریتی یە لە " سیستەم " یاخود " نەسق " و یاسای تایبەتی خۆی هەیە و پێکهاتووەکانی ئەم سیستەمەش یەکگروهاوتان .

واتە لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەویت کە (سۆسێر) بایەخ بە فاکتەر یاخود هۆکارە دەرەکیەکانی زمان ، وەکو شارستانی و سایکولۆژی و مێژووی و

...هتد ، نادات . هەر ئەمەشە دەمان خاتە ژێر سایەی گرنگترین دابەشبوونەوە لە دیراساتی زمانەوانی لای (سۆسێر) ، ئەویش بریتییە لە دابەشکردن " یاخود جیاوازی " لەنێوان " سانکرۆنی "(هاوکاتی- التزامن - Synchronie) و " دیاکرۆنی "( بەدوایەکهاتن - التعاقب Diachroni) لەدیراساتی زماندا . " سەبارەت بەدیراساتی سانکرۆنی ، فاکتەری "زەمەن" تێیدا رۆڵێکی ئەوتۆ نابینێت و بایەخ بەپەیوەندی نێوان پێکهاتووە زمانەوانییەکان دەدات ، کەچی لە "دایکرۆنی" دا فاکتەری " زەمەن" تێیدا رۆڵێکی گەورە دەبینێ ، هەروەها بایەخ بەو گۆڕانکاریانە دەدات کە دێتە سەر پێکهاتووە زمانەوانییەکان "(٣١) . هەرچەندە ئێمە دەزانین کە ئەوەی پەیوەندە بەرای دووەمەوەیە لە دیراساتی زمانەوانیدا ، زێتر لە دیراساتە زمانەوانییەکانی چەرخی نوزدەهەمدا باوبووە .

یەکێك لەخاڵە سەرەکییەکانی ئەو لێکستانەی دوای (سۆسێر) لەشێوەی پەرتوکێکدا بڵاوبوونەتەوە ئەوەیە کە ناوبراو " زمان (لغة) لە زمان ( لسان ) جیادەکاتەوە "(٣٢) و بایەخی سەرەکی لەدیراساتی زمانەوانی دەداتە " زمان - لسان " *. هەرچەندە زۆربەی ئەو دیراساتە فیلۆلۆژی ومەنتقیانەی کەپێش (سۆسێر) هەبوون ، وەکو ئامرازێك بۆ ناونانی شت یاخود وەسیلەیێکی دەربڕینی تاکی سەیری " زمان - لغة " یان کردووە ، بەلاّم ( سۆسێر)

---

* بەپێی مۆرفۆلۆژیای زمانی کوردی دەتوانین ئەو دابەشکردنەی (سۆسێر) لەنێو " زمان - لغة " و " زمان - لسان " بەم شێوەیە روون بکەینەوە : زمان کە لەعەرەبییەکەی بە " لغة " و لە ئینگلیزییەوە " Language " هاتووە ، جیاوازە لەرووی وەزیفە و کردارەوە لە "زمان" ی دووەم کە ئەویش بەکوردی هەر بە " زمان " ناونراوە ، بەلاّم لە عەرەبییەکەیدا بە "لسان" و بە ئینگلیزی بە " Languet " هاتووە ، کەزێتر ئەمەی دووەمیان لایەنی بایۆلۆژی دەگەیەنێت . کەچی ئەوەی یەکەم ، کە دەردەبڕێت لەهەموو زمانە جیاوازەکاندا مەبەستی سەرەکی تێدا زمانە وەکو " زمان " ، بۆ نموونە کاتی کە دەڵێین زمانی فەرەنسی یاخود زمانی رووسی . هەرچەندە سەبارەت بە فۆنەتیکی زمانی کوردی رەنگە جیاوازییەکی ئەوتۆ نەبێ لەکاتی دەربڕینی وشەی " زمان " لەنێو هەردوو حاڵەتەکەدا ، تەنیا بە وەزیفە زمانەوانییەکەی نەبێ . بەلاّم ئەو جیاوازییە رەنگە لەهەندێ زمانی تردا ، وەکو فەرەنسی و ئینگلیزی ، زیاتر هەستی پێبکرێت .

توانیویەتی بەهۆی پشکنینی ئەم ئامرازەوە ئەوە بسەلمێنێت کە " بەژمارەی یەکەم " زمان " ئامراز نی یە ، بەڵکو بریتی یە لەسیستەمێکی شکڵی ی بێ ئاگایی - نظام شكلي لاشعوري - و پشت بە جیاوازی دەبەستێت "(٣٢).

پێش ئەوەی ستروکتۆرالیزم لەفەرەنسا سەرهەڵدات ، لە ئەمەریکا شەپۆلێك هەبوو کە بەناوی " زانستی زمانەوانی ستروکتۆرالیزم" بەوە ناسرابوو. ئەوەبوو ئەم شەپۆلە لەسەردەستی هەردوو زانای ئەمەریکی بەناوبانگ: (ئەدوارد سابیر ( E. Sapir (١٨٤٤-١٩٣٩) و ( لیونارد بلۆمفیلد ( L. Bloomfield (١٨٨٧-١٩٤٩) پەرەی سەند ، زانای یەکەمیان لەشیکردنەوەکانیدا پشتی دەبەستە قوتابخانەی ڕاتسیۆنالیستی ( المدرسة العقلية ) و دووەمیش پشتی دەبەستە قوتابخانەی ڕەفتاری ( المدرسة السلوكية ) . هەرچەندە کاریگەری ئەم دوو زانایەش هەریەك دەگەڕێتەوە بەسەر ئەو ڕێڕەوە فیکریانەی لەچەرخەکەیاندا لەئارادابوون ، بۆ نموونە : (سابیر) توانی ئەو تیۆرەی خۆی لەژێر سایەی قوتابخانەی فیلۆلۆژیای ئەڵمانی دا پەروەردەبکات ، هەروەها تێزەکانی (فرانز بەواس - (١٨٥٨-١٩٤٢) یش کارێکی زۆریان کردۆتە سەر دیراسەتەکانی (سابیر). هەرچەندە (سابیر) لە سەرەتا دا هەوڵی ئەوەی داوە دیراسەتەکانی هەردوو بواری ئەنترۆپۆلۆژیا و زمانەوانی بگرێتەوەو تارادەیەك توانی کار بکاتە سەر ئەو تیۆرە زمانەوانیەی لەو ساڵانەدا لەئەمەریکا پەرەیان سەند و زۆربەی ئەو لایەنە تیۆریانەشی لەو تاکە پەرتووکەدا هەستی پێدەکرێت کە ساڵی ١٩٢١ بەناونیشانی " زمان - لغة " بڵاوی کردۆتەوە ، بەڵام بلۆمفیلد کە ئەویش لەهەمان قۆناغدا نووسراوەکانی لەمەڕ زمانەوانی سەریان هەڵداوە ، پەرتووکی بەناوبانگی بەنێوی " زمان" لەساڵی ١٩٣٣ دا بڵاو کردۆتەوە . ئەم پەرتووکەش ئەگەرچی هەمان ناونیشانەکەی پەرتووکەکەی (سابیر)ی لەخۆگرتووە ، بەڵام جیاوازیەکی زۆری لەگەڵی دا هەیە. چونکە (سابیر) سەر بەقوتابخانەی ناعەقلانیەت بووە لەزانستی دەروونی دا و لە ڕوویەکی مرۆڤایەتیەوە دەڕوانێتە "زمان" و یەکایەتی دەداتە " عەقڵ " تا ویستەکردار (الفعل الارادي) . واتە زمان لەلای (سابیر) کردارێکی مرۆڤایەتیە نەوەکو غەریزی (خۆڕسکی) . بەڵام زمان بەبێی پەرتووکەکەی

(بلۆمفیلد) بەگەڕانەوەی بۆ قوتابخانەی ڕەفتاری لەزانستی دەروونیدا ڕوون کراوەتەوە و لەنووسراوەکانیدا هیچ بایەخێك ناداتە دەلالەت . هەروەها (بلۆمفیلد) لەدیراساتە زمانەوانیەکانیدا یەکایەتی ناداتە سەر "عەقڵ" وەکو ئەوەی کە بایەخی خۆی هەیە لەلای (سابیر) . بەڵکو لەبری ئەوە و لەژێر ئاراستەی قوتابخانەی ڕەفتاریدا بایەخ دەداتە فۆنۆلۆژیا . شایانی باسە ئەم شێوازە تیۆریەش زێتر لەسەر دەستی ( هاریس Harris )کە بە قوتابی ( بلۆمفیلد ) دادەنرێ،پەرەی سەند و دوای ئەویش ( شۆمسکی ) کە قوتابی (هاریس) بووە سوودی لەنووسراوەکانی وەرگرتووە .

ناکرێ بایەخی زمانەوانی (سابیر) لەبواری دیراساتە زمانەوانیەکان دا کەم بکرێتەوە ، چونکە زمان لەلای ئەو بناغەی ئەنترۆپۆلۆژی خۆی هەیە وجیا نییە لە سترۆکتۆری کۆمەڵایەتی و تەنانەت (سابیر) جەغد لەسەر دیراساتی " سانکرۆنی " دەکات کە هەمان بایەخی (سۆسێر) بووە . دوای (سابیر) یش ،(بنجامین لی وورف)توانیویەتی تیۆرەکانی ئەو پێشخات و دەتوانین بڵێین (سابیر) و (سۆسێر) توانیویانە شۆرشێکی ئەبستەمۆلۆژی لەنێو دیراساتی زمانەوانی چەرخی خۆیاندا بەرپابکەن .

دیراساتە زمانەوانیەکانی (سۆسێر) بایەخێکی زۆرتری وەرگرتووە ، بە تایبەتی دوای دەرکەوتنی زانستی فۆنۆلۆژیا (علم الاصوات العام) کە کۆمەڵێ زانایانی بەناوبانگی زمانەوانی بەشداریان تێداکردووە ، لەپێش هەمووشیانەوە زانای زمانەوانی ڕووسی بەناوبانگ (نیکۆلای ترۆبتسکوێ (N. Troubctskoi دێت کە پەرتووکیکی لەم بوارەدا داناوە بەنێوی " سەرەتاکانی فۆنۆلۆژیا" . هەرچەندە دیراساتی فۆنۆلۆژی لەبواری جۆراوجۆردا پەرەی سەندووە، بەلام لەسەردەستی (ترۆبتسکوێ) گەیشتۆتە قۆناغێکی بەرزتر ، بەتایبەت دوای ئەو کۆنفرانسەی لەلایەن هەرسێ زمانەوانی سلاڤەوە لە"براگ" سازکراوە ، ئەوانیش ( جاکۆبسۆن و کارتشفسکی و ترۆبتسکوێ ) بوون . لەم سالانەی دوایشدا لەسەردەستی زانای زمانەوانی فەرەنسی (مارتینی ) زیاتر پەرەی پێدراوە .
بەگەڕانەوەمان بۆ (ترۆبتسکوێ)لەمەڕ دیراساتی فۆنۆلۆژیا بۆمان دەردەکەوێ

که (ترۆبتسکۆی) جیاوازیکردووه لەنێوان دیراساتی فۆنۆلۆژیا و فۆنیتیکا *،
که تارادەیەك ئەم جیاکردنەوەیە لەبەردەم دیراساتی زمانەوانی و کۆمەڵایەتی
پێشوازیەکی خۆی لێکراوە ، بۆ نموونە دەبینین لەرێرەوی ئەنترۆپۆلۆژیای
سترۆکتۆرالیزمی (شتراوس)دا و لەکاتی دیراسەتکردنی کۆمەڵگاسەرەتاییەکاندا
بەکارهاتووە بۆ روونکردنەوەی پەیوەندی ژن هێنان و خزمایەتی و..هتد .
هەروەها دەبینین (شتراوس) لەسەر ئەو جۆرە دیراساتانە ، سیستەمی
زمایەتی دەشوبهێنێ بە سیستەمەکانی " دەنگ" .

پەرەسەندی دیراساتی " فۆنۆلۆژیا " لەلای ( جاکۆبسۆن )یش هەستی
پێدەکرێ ، بەڵام بەشێوەیەکی جیاوازتر لەلای (ترۆبتسکۆی) . چونکە زمان
لەلای ئەو لە رەگەزی دەنگ پێك دێت و بێ ئەوەی هەریەکە لەم رەگەزانە
مانای تایبەتی خۆی هەبێت بە تەنیا ، واتە دەنگ لەلای (جاکۆبسۆن)
هیچ دەلالەتێکی نی یە . لەبەر رۆشنایی پەرەسەندی دیراساتی تیۆری لەمەر
زمانەوانی ، دەبێ نرخی هەریەك لەبازنەی کۆپنهاگن بەسەرکردایەتی
(هیلمسلیو - Hielmslev )(١٨٩٩-١٩٦٥)- هەرچەند ئەوەیان
دەخەینە کارێکی سەربەخۆوە و زانای زمانەوانی ئەمەریکی (نوام شۆمسکی
- N. Chomcky )(١٩٢٨- ) کەم نەکەینەوە .

سەبارەت بەدیراساتەکانی (شۆمسکی) ، ناوبراو توانیویەتی کاریگەری
هەبێت بەسەر ئاراستەکردنی دیراساتە زمانەوانیەکانەوە لە ئەمەریکا ، بە
تایبەت کە بۆچوونەکانی تەنیا زمانەوانی یەکی رووت نەبوون و هەوڵدانی بۆ ئەوەی
ئەو دیراساتانە لەبواری ئەنتۆلۆژیادا بەکاربهێنێ، زیتر وای کردووە بۆچوون
رووەو رێرەوی ئەو لەزمانەوانی دا ـ شتراوس ووتەنی ـ بەرێرەوێکی بایو -
زمانەوانی ناوببرێت . هەرچەندە ( شۆمسکی ) بەقوتابی زمانەوانی ئەمەریکی

---

* فۆنۆلۆژیا (علم اصوات اللغة): ئەو زانستەیە کە تەنیا بایەخ بەو
دەنگانە دەدات لە زماندا ، کە وەزیفەیەکی دیاریکراویان هەیە .
فۆنۆتیکا (علم اصوات الکلام) : ئەو زانستەیە کە بایەخ بە هەمەرەنگی
دەدات بەبێ بایەخدان بە باری زمانیەکەی .
( ئەم پەراوێزە لەبەرتووکی " کێشەی سترۆکتۆر " وەرگێردراوە ، کە
د.فواد زکریا نووسیویەتی . ل ٦٤ )

جۆرە شیکردنەوە باو و تەقلیدیانەی دەکران بۆ زانستی شیکردنەوەی دەروونی .

هەرچەندە ( ئاڵتۆسێر ) خۆی بە " ستروکتورالیزم " ناژمێرێ ، بەڵام لەنووسراوەکانیدا و بەتایبەتی لەپەرتووکی ناوبراودا : " خوێندنەوەی سەرمایە " ، هەوڵی ئەوەی داوە چەمکی " ستروکتورالیزمی " لە بەرهەمی فیکری مارکس و بەتایبەتی لەپەرتووکی بەناوبانگی مارکسدا : " سەرمایە " ، دەربهێنێ . هەروەها ( ئاڵتۆسێر ) لێرەدا جەغد لەسەر ئەوە دەکات کە " مارکس توانیویەتی لە "سەرمایە" دا ستروکتورالیزمانە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری شیبکاتەوە و هەموو میکانیزمیەتی ئەو سیستەمە ڕوون بکاتەوە . (ئاڵتۆسێر) لەپەرتووکی ناوبراودا ، دان بەدابڕینێکی ئەبستمۆلۆژی (قطیعة معرفیة) لەفیکری مارکسدا دێنێ و " قۆناغی فیکری مارکس دابەش دەکاتە سەر دوو قۆناغ: قۆناغی یەکەم کەناوی دەنێت قۆناغی " لاوی " و لە لای مارکس لە سالآنی (١٨٤٠-١٨٤٤) ەوە دەست پیدەکات و بەقۆناغێکی ئایدیۆلۆژی دادەنێ ، لەسەر ئەو بناغەیەی کە مارکس هەموو نووسراوەکانی لەو کاتەدا لەژێر سایەی " فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمان "یدا نووسیووە و هەر هەمووشی مۆرکێکی ئەنترۆپۆلۆژیان پێوەیە . قۆناغی دووەم کە بە قۆناغی " پێگەیشتن" ناوی دەنێت و لەلای مارکس لەسالآنی (١٨٤٥-١٨٥٧) بەرەو سەرەوە دەست پێدەکات و تیایدا مارکس توانیویەتی لەکاریگەری فیۆرباخ و هیگڵ ڕزگاری بێ و نووسینەکانی ئاراستەیەکی زانستیانە وەربگرێت و دابڕین لەگەڵ ئایدیۆلۆژیادا بکات "(٣٤).

کەواتە ئەو دابڕینە ئەبستمۆلۆژییەی (ئاڵتۆسێر) باسی دەکات بەڕوونی لێرەدا دەردەکەوێت کە مارکس توانیویەتی لەپاشماوەی فەلسەفەی فیۆرباخ و هیگڵ ڕزگاری بێ و بەرەو نووسینی " سەرمایە " و " هاوبەشیکردن لە ڕەخنەی ئابووری - سیاسی دا " و " ڕەخنەی بەرنامەی گۆتە " بڕوات و ئەوجا نووسینەکانی لەئاستێکی ئایدیۆلۆژیەوە بەرەو ئاستێکی زانستیانە مل بنێن . لەگەڵ هەموو ئەو کارە تیۆرییەی کە (ئاڵتۆسێر) پێی هەستاوە بۆ تێگەیشتن لەکاروانی تیۆری لای مارکس ، کەچی کەوتۆتە هەندێ هەڵەی

دەگەڕێینەوە بۆ کەسانێك کەتوانیویانە بە نووسینەکانیان ئەم لایەنـــــــــــە ڕوون بکـەنەوە :

### ١) لـوی ئالـتۆســێر :

ئەوەی کە ڕۆشنبیری فەڕەنسی ( لوی ئالتۆسێر ) زێتر پێ‌ی بەناوبانگـە لەنێو ڕۆشنبیران و تیۆریستە مارکسیزمەکانی ئەوروپادا بەگشتی و فەڕەنســی‌دا بەتایبەتی ئەوەیە کە توانیویەتی پیاچوونەوەیەکی ئەبستمۆلۆژیانە بکات بۆ فیکری مارکس ـ کەپێش خۆی کەسانێکی تر بۆیان نەکردووە . (ئالتۆسێر) لـــــە کاتێکدا هەڵساوە بەپیاچوونەوە بە فیکری مارکس‌دا کە لەنێو ڕۆشـنبیرانی‌قۆناغی خۆی‌دا تەنیا جۆرە لێکدانەوە و ئاوڕدانەوەیەکی سیاسی هــــــەرزان و ئەرتەدۆکسی باوبوونە . ئەوەش زێتر لەسەرتاپای کارە تیۆرییەکانـــــــــی (ئالتۆسێر)دا هەستی پێ‌دەکرێت ، بەتایبەتی پەرتووکی بەناوبانگی بەنـاوی " خوێندنەوەی سەرمایە ـ قراءة الرأسمال " کە تیایدا توانیویەتی تازەترین ئامرازی شی‌کردنەوە بەکاربهێنێ ، ئەویشیان بەگەڕانەوە بۆ هەردوو پۆلـــــی زمانەوانی و دەروونی کە دیسانەوە بەئاکامی ڕێڕەوی سترۆکتۆرالیزمی دادەنرێت. لەڕاستی‌دا کاتێك (ئالتۆسێر) ئەم پەرتووکەی لەناوەندی شەستەکاندا نووسی ، توانی هەندێ لایەنی گۆمڕا و نادیار سەبارەت بەزانستی لێکدانەوەی( علـــم التأویل ) ڕوون بکاتەوە و ئەمجا وەکو مارکسیزمێك بەرپێچی زۆربەی ئـــەو لێکدانەوە براگماتی و نەزۆکانە بداتەوە کە لەسەر ئاستی تیۆری لەنێو ڕۆشنبیرو سیاسیەکانی ئەوروپادا باوبوون . ئەمەش زێتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قوناغـــەی چ فیکر بەتایبەتی و چ مارکسیزم بەگشتی ، لەژێر سایەی ئەرتەدۆکسیەتـــی لێکدانەوە پڕ سیاسیەکانی پارتەکۆمۆنیستەکانی ئەوروپایی و فەڕەنسی‌یـــە وە تێیدا دەژیان . لێرەشدا کاری تیۆری (ئالتۆسێر) بەتەنیا نایەت، بەڵکـــو لەو ماوەیەدا و دوای شکستی ئەگزیستانسیالیزم و ئەو شێوازکارییەی تووشـــی تێکستی مارکسیزمی ببوو ، بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵە پیاچوونەوەیەك بۆ ئـــەو تێکستە بنەڕەتیانە(اصلي) ڕوویدات کە ڕۆڵی پیرۆزیان (قداسة)دەبینی . لەم بوارەدا دەتوانین ئەم کۆششەی ( ئالتۆسێر ) لەگەڵ ئەوەی (لاکان)دا بەراوورد بکرێ کە سەبارەت بەتێکستی فرۆید کردوویەتی بۆ ڕزگارکردنی لـــەو

جۆرە شیکردنەوە باو و تەقلیدیانەی دەکران بۆ زانستی شیکردنەوەی دەروونی .

هەرچەندە ( ئالتۆسێر ) خۆی بە " سترۆکتۆرالیزم " ناژمێرێ ، بەلام لەنووسراوەکانیدا و بەتایبەتی لەپەرتووکی ناوبراودا : " خوێندنەوەی سەرمایە" ، هەولی ئەوەی داوە چەمکی " سترۆکتۆرالیزمی " لە بەرهەمی فیکری مارکس و بەتایبەتی لەپەرتووکی بەناوبانگی مارکسدا : " سەرمایە " ، دەربهێنێ . هەروەها ( ئالتۆسێر ) لێرەدا جەغد لەسەر ئەوە دەکات کە " مارکس توانیویەتی لە "سەرمایە" دا سترۆکتۆرالیزمانە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری شیبکاتەوە و هەموو میکانیزمیەتی ئەو سیستەمە روون بکاتەوە .

(ئالتۆسێر) لەپەرتووکی ناوبراودا ، دان بەدابڕینێکی ئەبستمۆلۆژی (قطیعة معرفیة) لەفیکری مارکسدا دێنێ و " قۆناغی فیکری مارکس دابەش دەکاتە سەر دوو قۆناغ: قۆناغی یەکەم کەناوی دەنێت قۆناغی " لاوی " و لە لای مارکس لە سالانی (١٨٤٠-١٨٤٤) ەوە دەست پیدەکات و بەقۆناغێکی ئایدیۆلۆژی دادەنێ ، لەسەر ئەو بناغەیەی کە مارکس هەموو نووسراوەکانی لەو کاتەدا لەژیر سایەی " فەلسەفەی کلاسیکی ئەلمان "یدا نووسیووە و هەر هەمووشی مۆرکێکی ئەنترۆپۆلۆژییان پێوەیە . قۆناغی دووەم کە بە قۆناغی " پێگەیشتن" ناوی دەنێت و لەلای مارکس لەسالانی (١٨٤٥-١٨٥٧) بەرەو سەرەوە دەست پێدەکات و تیایدا مارکس توانیویەتی لەکاریگەری فیۆرباخ و هیگل رزگاری بێ و نووسینەکانی ئاراستەیەکی زانستیانە وەربگرێت و دابڕین لەگەل ئایدیۆلۆژیادا بکات "(٣٤) .

کەواتە ئەو دابڕینە ئەبستمۆلۆژییەی (ئالتۆسێر) باسی دەکات بەروونی لێرەدا دەردەکەوێت کە مارکس توانیویەتی لەپاشماوەی فەلسەفەی فیۆرباخ و هیگل رزگاری بێ و بەرەو نووسینی " سەرمایە " و " هاوبەشیکردن لە رەخنەی ئابووری - سیاسی دا " و " رەخنەی بەرنامەی گۆتە " بڕوات و ئەوجا نووسینەکانی لەئاستێکی ئایدیۆلۆژییەوە بەرەو ئاستێکی زانستیانە مل بنێن . لەگەل هەموو ئەو کارە تیۆرییەی کە (ئالتۆسێر) بێی هەستاوە بۆ تێگەیشتن لەکاروانی تیۆری لای مارکس ، کەچی کەوتۆتە هەندێ هەلەی

ڕێرەوییەوە کە ئەمڕۆ لەنێو مارکسیزمەکاندا دەربارەیان ڕەخنەی لێ دەگیردرێت.
وەکو ئەوەی کە (ئاڵتۆسێر) لەدیراساتەکانیدا:
١) پشتی لەفاکتەری "مێژوویی" کردووە،کە بایەخێکی خۆی هەیە،لە دیراساتەکانی مارکسدا بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن لەهەموو دەور و بەرێکی سیستەمی سەرمایەداری.
٢) هەروەها هەوڵدان بو دوورخستنەوەی "مارکسیزم" لە هیومانیزم (الانسانوية - مرۆڤایەتی) بەپێی ئەوەی کە ئەمەیان سەر بەقۆناغی یەکەمی مارکسە - واتە قۆناغی ئایدیۆلۆژیا - کە مارکس لەژێر کاریگەری فیۆرباخدا بووە.
٣) هەروەها (ئاڵتۆسێر) ئەوە دووردەخاتەوە کە مارکس لەقۆناغی یەکەمیدا سوودی لەهێگل وەرگرتبێ، بەڵام ئەوەی زێتر لەنێو ڕۆشنبیران و لەسەرئاستی تیۆری ئاشکرا و باوە ئەوەیە مارکس سوودێکی زۆری لە دیالەکتیکی هیگڵ وەرگرتووە، بەڵام هەمان دیالەکتیکی سەربەرەوخوار قلێپ کردۆتەوە - واتە دوای ئەوەی کە لەلای هیگڵ لەسەر سەر بووە، مارکس خستوویەتیە سەر پێ -.
بەڵام بەڕای ئێمە (ئاڵتۆسێر) لەگەڵ هەموو ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی دەکرێ لەنێو مارکسیزمەکاندا، توانیویەتی ئاستی مارکسیزمی لەنێو زانست و ئایدیۆلۆژیادا دیاری بکات، هەروەها ناوبراو دان بەوەدا دەنێ کەکێشەی تیۆری مارکسیزمی بەپلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ناتەواوی فەلسەفەی مارکسیزمی خۆی. لەگەڵ ئەوەی کە وا دەدرێتە پاڵ (ئاڵتۆسێر) کە گوایە شیکردنەوەکانی لەمەڕ مارکس لەژێر کاریگەری (ئەسپینۆزا)دا بووە، بەڵام نکۆڵی لەو کاتە ناکرێت کە تێیدا لێکدانەوەکانی سەریان هەڵداوە.

## ٢) لۆسیان سێباج:

لۆسیان سێباج بە یەکی لەیەکەمین مارکسیزمەکان دادەنرێت کەپێشبینی بوونی ڕەگەزی سترۆکتوری کردووە لەفیکری مارکسدا. هەرچەندە هەوڵدانی (ئاڵتۆسێر)مان لەم بوارەدا زانی بۆ نزیك کردنەوەی مارکسیزم لە ڕێرەوی سترۆکتۆرالیزمی، بەڵام (سێباج) تارادەیەك لە (ئاڵتۆسێر) جیاوازە، لەبەر

ئەوەی لەنووسراوەکانیدا گەیشتووەتە جۆرە دابڕانێك لەگەڵ مارکسیزمەکانی دەوروپشتی خۆیدا و " تەنانەت بەر لەمردنی بۆچوونەکانی لەوبارەیەوە لە پەرتووکێکیدا بەناوی " مارکسیزم و سترۆکتورالیزم " لەساڵی ١٩٦٩ لەپاریس چاپ و بلاوکردۆتەوە "(٣٥).

ئەوەی لەلای (ئالتۆسێر) هەستمان پێکرد سەبارەت بە مەسەلەی دوورکەوتنەوە لەفاکتەری مێژوویی لەلێکدانەوەکانیدا و دان نەنان بەیەکایەتی فاکتەری ئابووری ، لەلای (سێباج)یش دووبارە دەبێتەوە ، بەلام بەشێوەیەکی خەست تر . چونکە (سێباج) وای دادەنێ کە فاکتەری ئابووری شان بە شانی فاکتەرەکانی تر: " زمان ، ئەفسانە ، سیستەمی خزمایەتی ... هتد پێکەوە ئەو سترۆکتۆرە گشتییە هاوبەشە دروست دەکەن کە هەیە "(٣٦) . واتە (سێباج) ئەو دابەشکردنە تەقلیدییەی مارکسیەت بۆ ژێرخان و سەرخان بەرپێچ دەداتەوە ، هەروەها دژی ئەوە دەوەستێ فاکتەری ئابووری لەمێژوودا ئەو ڕۆڵەی بدرێتەپاڵ ، هەر ئەمەشە کە مارکسیزمەکان لە ( سێباج ) دا تێبینییان کردووە و وەك خاڵێك دایان ناوە بۆ هاتنەدەرەوەی لە ڕەوتی مارکسیزم . جا ئەوەی کە ئاشکرایە سەبارەت بە هەوڵدان بۆ نزیککردنەوەی مارکسیزم لەسترۆکتۆرالیزم ئەمڕۆ لەریزی مارکسیزمەکاندا بەرەخنەیەکی گەورە دادەنرێت لەسەر ئەو مارکسیزمانە ، ئەویش لەبەر ئەوەی مارکسیزمەکان وای دەبینن ئەوە هەوڵدانە بۆ دوورخستنەوەی مارکسیزم لەماتریالیزمی مێژوویی .

### ٣) مۆریس غۆدلیێ :

کاری تیۆری غۆدلیێ بۆ شیکردنەوەی تێکستی مارکسیزمی لەسەر بناغەی ڕێڕەوی سترۆکتۆرالیزمی جیاوازە لەوەی لەلای (ئالتۆسێر) و ( سێباج ) . چونکە مەسەلەی ناکۆکی (تناقض) لەتێکستی مارکسیزمیدا لەسەر دەستی (غۆدلیێ) گەیشتووەتە قۆناغێکی بەرز ،بەپێی ئەوەی ئەو وای دەبینێ " کە ناکۆکی لەناوەوەی سترۆکتورەوە دەست پێ ناکات ، بەلکو لە نێو سترۆکتورەکاندا "(٣٧) . واتە (غۆدلیێ) لێرەدا جەغد لەسەر پەیوەندی نێو چەند سترۆکتۆرێك دەکات بۆ ڕوونکردنەوەی فیکری ناکۆك ، هەروەها بایەخێکی گەورە دەداتە هێزی بەرهەمهێنان کە (ئالتۆسێر) ئەو بایەخەی ناداتێ .

هەرچەندە (غۆدلێ) لەدیراساتەکانیدا دەگەڕێتەوە سەر دیراسەتیسانکرۆنی کە فاکتەری زەمەن ڕۆڵێکی گەورەی تێیدا دەبینێت ـ ئەمەشیان تەواوبێچەوانەی هەوڵدانی ستروکتورالیزمانە ـ بەلام (غۆدلێ) توانیویەتی لەدەرگای ئابوورییەوە مارکسیزم ڕابکێشیتە نێو ستروکتورالیزمەوە .

## ستروکتورالیزم و ئەگزیستانسیالیزم ـ البنیویة و الوجودیة

ستروکتورالیزم ، کە لەشەستەکانی ئەم چەرخەدا سەری هەڵداوە ، توانیویەتی وەکو ڕێرەوێکی شیکردنەوە،کۆمەڵێ کێشەی فەلسەفی سەردەمیخۆی چارەسەر بکات کە ڕەنگە لەبەردەم هەندێ ڕێرەوی فیکری تردا بەبێ چارەسەرکردن مابووبێتەوە ، بەلام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە " ستروکتورالیزم " توانیویەتی گەماروی قۆناغی تیۆری خۆی بدات لەنێو زانستە جۆربەجۆرەکاندا ، بەتایبەتی زانستە مرۆڤایەتیەکان کە زێتر " ستروکتورالیزم " تیایاندا هەست بە مرۆنەت دەکات بۆ خۆ جیاکردنەوە . هەرچەندە ئەوەشمان زانی کەمێژووی سەرهەڵدانی " چەمکی ستروکتور " بەو شێوەیەی ئەمڕۆ لە ڕێرەوی " ستروکتورالیزم"یدا خۆی دەبینێتەوە ، شتێکی تازە نیە و سەرەتایەکی کۆنی خۆی هەیە .

سەبارەت بەپەیوەندی " ستروکتورالیزم " و " ئەگزیستانسیالیزم " ، بە پێویستی دەزانین زێتر ئەو پەیوەندییە لەسەردەستی (شتراوس) و(سارتەر) روون بکەینەوە کە ناسراوترن لە نێویاندا . ئەگەرچی دەوروپشتی ئەو مشت و مڕە لەنێو هەردوو ئەو ڕێرەوەدا ، پەیوەستە بەبارودۆخی ڕۆشنبیریی فەرەنساوە پێش سەرهەڵدانی ئەم ڕێرەوە . ئەوەبوو " ئەگزیستانسیالیزم " توانیبووی هەموو بوارەکانی ژیان تاراددەیەك بگرێتەوە ،بەلام دواجار کە "ستروکتورالیزم" لە نێو ڕۆشنبیرانی فەرەنسادا سەریهەڵدا ، توانیان جەغد لەسەر ئەوە بکەن کە " ئەگزیستانسیالیزم " بریتییە لە ئایدیۆلۆژیای بۆرجوازی و تەنانەت لەهەمان کاتیشدا ڕەخنەیەکی زۆری لەلایەن مارکسیزمەکانەوە ـ چ فەرەنسی وچ ئەوروپایی ـ ئاراستەکرا ، لەبەر ئەوەی لایەنی ئایدیالیستی و خودیەتی لەمرۆڤدا زیندوو دەکاتەوە . بەمە ئەرکی سەرشانی " ستروکتورالیزمەکان " زۆر قورس بوو



هەولێرنامەی کتێب

بۆ هێنانەئاراوەی ئەم ڕێڕەوە لەو بارودۆخەی فەڕەنسادا و لەنێو کێشەی فیکری " ئەگزیستانسیالیزمەکان " لەلایەك و مارکسیزمەکان لەلایەکی ترەوە .

بۆ زێتر ئاگاداربوون لەهەموو لایەنەکانی ناکۆکی نێو " ستروکتورالیزم" و " ئەگزیستانسیالیزم " بەچاکی دەزانین ئاگاداری بۆچوونی ستروکتورالیزمەکان بین لەسەر مەسەلەی ڕۆڵی فاکتەری مێژوو ، کە خاڵێکی سەرەکی یە بۆ چوونە ناو جەدەلی نێوان (سارتەر) و ( شتراوس ) ەوە * . ئەوەی ئاشکرایە " ستروکتورالیزمەکان " لەشی کردنەوەکانیاندا لەبواری زمانەوانی و ئەمجا ئەنترۆپۆلۆژی و سۆسیۆلۆژیای ئەدەب و... هتددا ، توانیویانە پشت له لێکدانەوەی " مێژووی " بکەن - وەکو فاکتەرێکی زاڵ - و قایل نین بەوەی ڕووداوەکان لەمێژووی مرۆڤایەتیدا پێکەوە بەستراوبن ، لەکاتێکدا ئەو جۆرە لێکدانەوانە " واتە پشت بەستن بە فاکتەری زەمەن " لەئاراستەی شی کردنەوەیی (تفسیر) چەرخی نۆزدەهەمدا تاڕادەیەك لەبواری زانستە جۆربەجۆرەکاندا زاڵبووە و تاکو ناوەندی چەرخی بیستەمیش پەرەی سەندووە . کەچی " ئەگزیستانسیالیزمەکان " ، سەرووی ئەوانیش (سارتەر) ، لە نووسراوەکانیاندا نەیانتوانی پشت لەفاکتەری " زەمەن " بکەن ، بۆیە دەبینین ( سارتەر ) لەپەرتووکە بەناوبانگەکەیدا : " ڕەخنە لە عەقڵی دیالەکتیك " ، جارێکی تر دەگەڕێتەوە ئامێزی مارکسیزم - بەوەی کە ناتوانرێت تەجاوزی ئاسۆی مارکسیزم بکرێت - هەرچەندە ئێمە دەزانین ( سارتەر ) لەدوایینی ژیانیدا بەرەو مارکس و دان نان بەرۆڵی مێژوو و ململانێی چینایەتی گەڕایەوە . کەچی (شتراوس) " ئەو یەکتر ناسینەی لەگەڵ نووسراوەکانی مارکسدا پەیداکردووە و لەسەرەتای ژیانیدا - کەڕەنگە تاڕادەیەك ئەمە بە ڕەخنە وەربگیردرێت لە (شتراوس) کە لەقۆناغیکی زووی تەمەنیدا بەرەو پیری مارکس چووە "(٣٨) کە ڕەنگە نەیتوانیبێت بە شێوەیەکی پێویست لە کەلەپووری تیۆری مارکس تێبگات . بەڵام گەڕانەوەکانی (شتراوس) زێتر بۆ سایکۆلۆژیای فرۆیدی و ئەمجار دیراسەتە زمانەوانیەکانی

* زێتر ئەو ڕەخنانەی بەرەو ڕێڕەوی ئەنترۆپۆلۆژی (شتراوس) ئاراستە دەکرێ لەوەی دوورە لەلێکدانەوەی مێژوویی ، دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ قوتابخانەی " حەولیات " ی فەڕەنسی بەسەرکردایەتی (برۆدیل) .

(جاكۆبسۆن) و (ترۆبتسكۆی) بووه كه توانیویه‌تی به‌پێی ئه‌و ئامرازانه لەهەردوو پۆلی زمانەوانی دەروونیدا شیکردنەوەیەکی سترۆکتۆرالیزمانە بکات و بەکاری بهێنێ بۆ شیکردنەوەی سترۆکتوری خزمایەتی و ژن‌هێنان و ئەفسانە و ... هتد ، لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا! . لەیەکێ لە پەرتووکە بەناوبانگەکانی (شتراوس) دا بەناوی " بیری دڕندایەتی " یەوە ـ الفکر المتوحش ـ ڕەخنە لەپەرتووکی " ڕەخنەی عەقڵی دیالەکتیك " ەکەی ( سارتەر ) دەگرێت و جیاوازی نێوان دوو عەقڵی تیدا دەکات ، هەروەها بەرەنگاری سیکردنەوەکانی لەمەڕ فاکتەری " زەمەن " ەوە دەبێتەوە . بەلام لەگەڵ هەموو مشتومڕێکی نێوان (شتراوس) و (سارتەر) ، دەبینین" (شتراوس) ئەم پەرتووکەی پێشکەش بە (میرلۆبۆنتی)کردووە کەزێتر لە" ئەگزیستانسیالیزمەکان"ەوە نزیکە تاوەکو سترۆکتۆرالیزمەکان "(٣٩) .

کەواتە دەتوانین بڵێین : بەپیاچوونەوەمان بەزۆربەی پەرتووکەکانی (شتراوس)دا ، هەر لە " ئەنترۆپۆلۆژیای سترۆکتۆرالیزمی " کە بە دوو بەش بلاوبوونەتەوە و " بیری دڕندایەتی " و " سترۆکتوری سەرەتایی بۆ خزمایەتی " یەوە تا دەگاتە " کاڵ و کوڵاو " و " لەهەنگوینەوە بۆ خۆڵ " بۆمان دەردەکەوێت کە (شتراوس) توانیویەتی بەرەنگاری شیکردنەوەکانی " ئەگزیستانسیالیزم " و " فینۆمینۆلۆژی " یەکان ببێتەوە و تیۆرێکی گشتی دەربارەی کۆمەڵگاکان پێك بێنێت . بۆ نموونە لە پەرتووکی " میتۆلۆژی"یەکاندا، کە بەسێ بەش بلاوبووەتەوە، دەبینین توانیویەتی " میتۆلۆژیا " لەو جۆرە لێکدانەوە ئایدیۆلۆژیانە بپارێزێت کە لەوەوپێش بۆی دەکرا . هەرچەندە (سارتەر) لەوبارەیەوە دەڵێت :" مرۆڤ لەمێژوودا دەژی و بەدوای پەناگایەکدا دەگەڕێت لە میتۆلۆژیادا ، بەلام لەلای (شتراوس) مرۆڤ لە میتۆلۆژیادا دەژی و بەدوای پەناگایەکدا دەگەڕێت لەمێژوودا "(٤٠)

لەکۆتاییدا دەتوانین ئەوە بڵێین کە ڕێڕەوی " سترۆکتۆرالیزمی " توانی دابڕینێك لەگەڵ " فینۆمینۆلۆژیای سارتەر ی‌دا " دروست بکات و ئاستێك بۆ ئەو جەدەلە " ئەگزیستانسیالیزم " یە دابنێت لەنێو ڕۆشنبیراندا ، ئەویش بەبێ ئەو دەستکەوتەی کە توانیویەتی لەسەرئاستی هەموو بەشەکانی زانست بەدەستی بێنێت .

## ستروکتورالیزمی میشێل فوکۆ :

بەپێویستمان زانی هاوبەشی (فوکۆ) لەژێر ئەم ناونیشانەدا کۆبکەینەوە، بەبێ ی ئەوەی ئەو لەنووسراوەکانیدا خۆی لەوە دەربازدەکات کە بە "ستروکتورالیزم" ناوانبار بکرێت ، تەنانەت لەو سەروتارەی کە سالی ١٩٦٧ بەناونیشانی "ستروکتورالیزمی شیکردنەوەی ئەدەبی" بلاویکردوتەوە دان بەوەدا دەنێت کە "ستروکتورالیزمی" نی یە ، ئەویش زێتر لەبەر ئەوەی ئەم بوارە - واتە ستروکتورالیزم - بوارێکی زۆر فراوانە و گەلێ بابەت دەگرێتەخۆ ، ئەمەیان لەلایەك ، لەلایەکی تریشەوە ئێمە لەلاپەڕەکانی پێشوودا هاتووین ڕاستەوخۆ ئەو لایەنانەی سەر بە ستروکتورالیزمن ، یاخود ئەو کەسانەی کە کاریان تێدا کردووە ، بەئاشکرا لەژێر ناونیشانێکدا وەسەرەتای هاتووین ، ئیتر ج ئەنترۆپۆلۆژیای ستروکتورالیزمی بێت ، یاخود ستروکتورالیزم و شیکردنەوەی دەروونی یا زمانەوانی یا . . . بێ . بەلام لەبەر ئەوەی ئەو بوارانەی (فوکو) کاری تێداکردوون تا ڕادەیەك زەحمەتە لەژێر ناونیشانێکدا چربکرێتەوە ، بۆیە هەولدان بۆ ئەوەی کەلەپووری تیۆری ئەم نووسەرە لەژێر پەرەگرافێك دا کۆبکرێتەوە ، جاج "ئەرکیۆلۆژیا - حفریات"ی زانستە مرۆڤایەتیەکان بێ ، یاخود "ئەبستمۆلۆژیا" بێت ، ڕەنگە کارێکی ئاسان و ڕاست نەبێت . ئەمانە هەموو ئەوە ناگەیەنن کە (فوکۆ) دژی ستروکتورالیزم و ستروکتورالیزمەکانە ، بەلکو شان بەشانی (لاکان) و (ئالتۆسێر) و (شتراوس) توانیویەتی ڕەوتی ئەم ڕێرەوە فیکرییە لەفەرەنسادا بەرەو پێشەوە ببات ، بەلام نەوەکو لەسەر هەمان ئاراستە کە لەلایەن ستروکتورالیزمەکانەوە پەیرەویکراوە . چونکە بۆ نموونە دەبینین ستروکتورالیزمی (شتراوس) زۆر جیاوازە لەستروکتورالیزمی (فوکۆ) ، بەتایبەت لە کاتێکدا دەبینین (فوکۆ) وەك (شتراوس) و(سۆسێر) پشتی لەفاکتەری مێژووی نەکردووە . هەروەها ئەو بانگەوازەی ئەمڕۆ "ستروکتورالیزم" ی پێ ناوانبار دەکرێ سەبارەت بە نەمانی مرۆڤ ، ئەویشی پێ ناوانبار دەکرێت و (فوکۆ) زێتر جەدەلی ڕووەو ئەوەیە کە نەوەکو "کۆتایی خودایە هەروەکو سەدسال لەمەوبەر نیتشە بانگەوازیکردووە ، بەلکو جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە کۆتایی مرۆڤە و

مرۆڤ نامێنێ "(٤١)، هەرچەندە بەم ڕایە ئەمڕۆ کەسانێك ( فۆکۆ ) دەخەنە ڕیزی ئەوانەی دژی مرۆڤایەتی بوون و لەنووسینەکانی‌دا جێگای بۆ " مرۆڤ " دانەناوە و هەوڵی شاردنەوەی داوە .

ئەوەی زێتر سەرنجی ئێمە ڕادەکێشێت ئەوەیە کە (فۆکۆ) بەنووسەری بەندیخانە و نەخۆشخانە و شێتخانە و زیندان و دیوار و دەرگا داخراوەکان دادەنرێت . جا لەزۆربەی ئەو پەرتووکانەی بلاویکردونەتەوە ، وەکو: "مێژووی شێتی - ١٩٦١" و " مێژووی پزیشکیەتی ئەکلینکی -١٩٦٢" و " ووشە و شتەکان - ١٩٦٦ " و " ئەرکیۆلۆژیای زانین - ١٩٦٩" و " سیستەمی ووتار - ١٩٧١ " و " پاسەوانی وسزا - ١٩٧٢ "...هتد ، توانیویەتی ئاور لە کۆمەڵێك بابەتی ئەوتۆ بداتەوە کە لەوەپێش ئاوڕیان لێ‌نەدراوەتەوە، لەوانە : شێتی ، سێکس ، بەندیخانە . بۆنموونە لەپەرتووکی " ووشە و شتەکان "دا ، کەبە یەکێك لەپەرتووکە سەرەکیەکانی (فۆکۆ) دادەنرێت و تائێستاش مشت ومڕێکی زۆری دروست کردووە ، (فۆکۆ) پشکنینێکی تەواوی کردووە بۆ عەقڵ لە ئەوروپا و ئەو شێوازە سترۆکتوریانەی دیاریکردووە کە "عەقڵ"ی ئەوروپا بەخۆیەوەگرتووە ، هەر لەدوای چەرخی ڕێنسانسەوە تاوەکو چەرخی بیستەم . جا لەو نەخشەیەی بۆ قۆناغەکانی "فیکر"ی لەئەوروپادا - لەسەردەمی ڕێنسانسەوە - کردویەتی ، وەسەرەتای دێت " کەتیادا فیکر لە شێوەی فەلەکێکی خڕدابووە (الفلك الكروي) ، بەلام سەبارەت بەهەر دوو چەرخی هەقدەهەم و هەژدەهەم ، وای دادەنێت کە "سیستەم - نظام " هەموو بوارەکانی زانینی بردۆتە ڕێوە لە ماتماتیك و فیزیا و فەلەك و بواری سیاسی و...هتد "(٤٢) . جا (فۆکۆ) سەبارەت بەچەرخی هەقدەهەم توانیویەتی ئەوە ڕوون بکاتەوە کە ئەم چەرخە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی بتوانێت " بڕێکێك " لەنێو " عەقڵ " و " بێ‌عەقڵ " ی دیاری بکات . بەلام ئەوەی پەیوەندی بەچەرخی نۆزدەهەمەوەیە ، (فۆکۆ) ئەوەمان پێ‌دەڵێت : " ئەم چەرخە توانیویەتی بکاتە ئەوەی کە " مێژوو " دابنێت "(٤٣) و هەروەها توانیویەتی سێ‌جۆرە زانست بێنێتەکایەوە : فیلۆلۆژیا ، بایۆلۆژیا ، ئابووری سیاسی ، بەلام ئەوەی پەیوەندی بە ئەبستمیەتی چەرخی ئێستامانەوە هەیە ، (فۆکۆ) دابەشی سێ بواری دەکات : " یەکەم زانستە ماتماتیکیەکان وفیزیا ،

دووەم ئەو زانستانەی ناوی ئەمبیرقی لێناون - وەکو ئابووری و بایۆلۆژیا و زمانەوانی ، سێیەم تەفکیری فەلسەفی " (٤٤).

ئەوەی (فۆکۆ) لەپەرتووکی ناوبراودا سەبارەت بەقۆناغەکانی ئەبستمیەتی ئەوروپا لەدوای چەرخی رێنسانسەوە وێنەی‌کردووە ئەوەیە کە توانیویەتی فەزای گشتی ئەو وتارانەی ئەو چەرخانە دیاری بکات ، بەلاّم لەنێو ئەو خشتەیەدا نەیتوانیوە جێگای زانستە مرۆڤایەتیەکان بەئاشکرا دیاری بکات و مافی زانستیەتی نەبەخشیووەتە زانستە مرۆڤایەتیەکان وەك ئەوەی دەیبەخشێتە " زانستە سروشتیەکان " . ئەویش لەبەر ئەوەی ( فۆکۆ ) وای دەبینێ کە ئەو زانستانە مشەخۆرانە لەسەر زانستە سروشتی‌یەکان دەژێن ، بەلاّم هاوبەشی ئەو زانستانە کەم ئاکاتەوە لەهاوبەشی ئەبستمیەتی چەرخی‌نوێدا.

ئەوەی ئەمرۆ لەنێو رۆشنبیراندا زێتر وەك رەخنە ئاراستەی ئەو خشتەیە دەکرێ کە (فوکو) وێنەی کردووە بۆ سترۆکتۆری ئەبستمیەتی ئەورووپی ، ئەوەیە کە زۆرجار ئاراستەی زۆربەی " سترۆکتۆرالیزمەکان " دەکرێت سەبارەت بە "مێژوو" و رۆلّی خود تیایدا ، کە (فوکو) لەو خشتەیەدا هیچ بایەخێکی پێنادات ، ئینجا جەغدکردنی (فۆکۆ) لەسەر جێگیربوونی سترۆکتورە ئەبستمیەکان و دوورخستنەوەی فاکتەری " مێژوو " لێیان .. وە هەولّدانی بۆ ئەوەی ئاستێك بۆ مرۆڤ و زانستە مرۆڤایەتیەکان دانێت ، ئەمەش هەمان شتە کە لەسەر دەستی کەسانێکی تری سترۆکتۆرالیزمی وەکو ( ئالتوسێر ) و ( سۆسێر ) ئەنجام‌دراوە .

(فۆکو) لە پەرتووکی " مێژووی شێتێتی " دا هەولّی ئەوەی‌داوە کە دیاردەی " شێتیەتی - جنون " لەنێو شارستانیەتی ئەوروپایی دەربهێنێ و وەك دیاردەیەکی شارستانیەت دیاری بکات کە دەلالەتێکی زمانەوانی خۆی هەیە ، وە پێ لەسەر ئەوەش دادەگرێ کە ئەم دیاردەیە مێژوویەکی تایبەتی خۆی هەیە و ئەو مێژووەش هەتا ئێستا هەر بەردەوامە . (فۆکو) رەخنە لەشارستانیەتی ئەورووپایی دەگرێت ، چونکە ئەو کەسانەی شێت بوون لە کۆمەلّ دوورخراونەتەوە و لەشوێنێ تایبەتی لەگەلّ کەسانی دز و پیاوخراپ و ... هتد بەندکراون ، بەمەش هیچ جیاوازیەکیان لەنێوانیاندا نەکردووە .

ئەوەی (فۆکو) لەپەرتووکەکەدا هەولّی بۆ دەدات ئەوەیە کە پەیوەندی نێوان

"عەقڵ" و "شێتی" ، کە بەیەکێك لەکێشەکانی چەرخی شانزدەهەم دادەنرێت، روون بکاتەوە و رەخنە لەو دامودەزگا پۆلیسی و ئایدیۆلۆژیانە دەگرێت ، چونکە کەسانێکی شێتیان لەناو کۆمەڵ دوورخستوتەوە و بەرەو شێتخانە و نەخۆشخانە و بۆ بەندکردن و داپڵۆساندن بردویانن . هەرچەندە پەرتووکی "پاسەوانی وسزا " کەلەساڵی ١٩٧٢ دا بڵاوکراوەتەوە ، توانیویەتی ببێتە تەواوکەری پەرتووکی ناوبراو لەبارەی لێدوان دەربارەی کاری سزادان و بەندکردنەوە کە بەسەر کۆمەڵە کەسانێکی کۆمەڵدا هاتووە و ئەو سیستەمە ئابووری - ئایدیۆلۆژییەی رۆژئاوا تاوانبار دەکات بۆ ئازاردانی ئەو کەسانە، کەچی (فۆکۆ) دان بەوەدا دەنێت کە چەرخی نۆزدەهەم توانیویەتی دابڕینێك لەنێو "عەقڵ" و " شێتی"دا بکات کە بەیەکێ لەکێشەکانی ئەو سەردەمەی ئەوروپا دادەنرێت .

ئەوەش کە پەیوەندی بە پەرتووکی " مێژووی پزیشکایەتی ئەکلینکی " یەوە هەیە ئەوەیە، (فۆکۆ) لێرەدا توانیوویەتی وتارێکی پزیشکی دابنێت کەپێچەوانەی ئەو تیۆرانە بێت کە لەسەردەمەکانی رابردووی ئەوروپادا باوبوون . ئینجا قسەکردنی (فۆکۆ) دەربارەی نەخۆشخانە وەکو دەزگایەکی پۆلیسی ، لەوە کەمتر نییە کە لەهەردوو پەرتووکی " مێژووی شێتیتی " و " پاسەوان وسزا"دا ئێیدواوە و تیایاندا رەخنە لەسیاسەتی پزیشکایەتی عەقلي (الطب العقلي) ئەوروپا دەگرێت .

ئێستاش دێینە سەر گەورەترین بابەت لەلای (فۆکۆ) ، ئەویش جەدەلی " زانین و دەسەڵاتە " (المعرفة و السلطة ) کە کێشەیەکی ئایدیۆلۆژی رۆری لەنێو رۆشنبیرانی سەردەمی خۆیدا دروست کردووە . لەو بارەیەوە (فۆکۆ) دان بەپەیوەندییەکی گۆمڕا و شاراوەی نێوان " زانین و دەسەڵات" دەنێت و ئینجا جەغد لەسەر ئەوە دەکات کە هەر یەکەش سترۆکتۆری تایبەتی خۆی هەیە و هەریەکەش هەوڵی دروست کردنی دەسەڵاتی خۆی دەدات . بۆ نموونە (فۆکۆ) وای دەبینێ کە سوڵتە دەست لەزانین هەڵناگری و هەوڵیش دەدات دیاری بکات . هەروەها "زانین" یش هەوڵی دەسەڵاتی خۆی دەدات و هەموو " زانین " ێکیش دەسەڵاتی تایبەتی خۆی دروست دەکات .

لێکدانەوەی (فۆکۆ) لەمەر "دەسەڵات و زانین " تارادەیەك چەپڕەوانی

ئەوروپایی و فەرەنسی تورەکرد لەوەی کە ئێستا هەموو ئەو لێکدانەوانەی لەمەڕ ئەو پەیوەندییە کراون ، لێکدانەوەیەکی تێکستی ودۆگمایی بوون ، بەتایبەتی لەکاتێکدا (فۆکۆ) هەندێ تێکست بەوە تاوانبار دەکات کە هەولی دروستکردنی "سولتە"ی داوە ، یاخود بووە بە "سولتە" . هەرچەندە ئەمەیان دوایی لە لای (جاك دریدا) لەسەر ڕێرەوی هەڵوەشاندنەوەیی ـ التفکیکیـــة ـ بەشێوەیەکیتر دەکەوێتەوە ، تا دەگاتە ئەوەی کە تێکستی (هیدگەر)ی بە تێکستێکی سولتەوی تاوانبار بکات . لەکاتێکدا (فۆکۆ) لە فەرەنسا لەناوەندی شتەکاندا خەریکی نووسین بوو دەربارەی بابەتی وەکو شێتی و سێکس و نەخۆشی و بەندیخانە ، کۆمەڵە کەسانێك بەچاوێکی سووکەوە تەماشـــای نووسراوەکانیان دەکرد ، تەنانەت " مارکسیزمەکانی فەرەنساش ڕۆشنایی‌سوریان خستبووە سەر زۆربەی ئەو جۆرە بابەتانە "(٤٥) .

ڕوونکردنەوەی ستروکتوری ئەو تێکستە ودیاریکردنی فەزای ئەو وتارانەی لە ئەوروپادا ماوەیەکی زۆر زاڵبوون ، زێتر لەو سەروتارەدا ڕوونکراوەتەوە کە بەناوی "سیستەمی وتار" لە کۆلیجی دۆفرانس لەپاریس خوێندویەتیەوە . لەم وتارەدا (فۆکۆ) جەغد لەسەر ئەوە دەکات کە هەموو وتارێك لەژێر یاسایە و هەر ئەویش دیاری دەکات ، وە دەڵێت پێویستە ستروکتوری ناوەوەی وتار بناسرێت و ڕۆشنایی بخرێتە سەر ناکۆکی ناوەوەی ، یاخود ئەو ناکۆکیانەی لە پەیوەندیکردن بەجیهانی خۆیەوە دەیجوولێنێ . جا دەبینین (فۆکـــۆ) لەوتاری ناوبراودا زیاد لەپێویست لەستروکتوری ناوەوەی "وتار" هەڵدەکۆڵێ و هەموو ئاستێکی وتار دیاری‌دەکات و جیاوازیش لەنێو دوو جۆرە وتـــار دا دەکات : وتاری " زاڵ ـ غالب " و وتاری "ژێردەست ـ مغلوب " ، بـــە تایبەت ئەمەی دووەمیان هەمیشە لەلایەن سولتەوە هەولدراوە بخرێتە ژێـــر و گەمارۆ بدرێت . لێرەدا (فۆکو) ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە هەمـــــوو وتارێك بەپێی ئەو بارودۆخەی تێیدا سەری‌هەڵداوە ، ڕاست و ناراســـت لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرێ .

بەم پێیە تێکستی ( فۆکۆ ) شایانی ئەوەیە بە بەردەوامی ئاوڕی لـێ بدرێتەوە و بخوێنرێتەوە ، تاوەکو زیاد لەپێویستی تێدا بدۆزرێتەوە ، بـــە تایبەتی ئەو ئاوڕدانەوە ئەبستمۆلۆژیەی کردویەتی بۆ ڕوونکردنەوەی ئـــەو

دابڕینە ئەبستمیەتەی لەڕۆژئاوادا ڕوویداوە ، ئازایەتی (فۆکۆ) مان بـــۆ دەردەخات لەشکاندنی ئەو ترسەی هەبووە لەئەوروپادا سەبارەت بەکردنەوە و لێکدانەوەی هەندێ تێکست کە هەوڵیان داوە ڕۆڵی قودسیەت ببینـــن ، وە پێشمان ڕادەگەیەنێت کە مێژووی فیکر ناتوانرێت پێش بینی بکرێت .

## ئەودیو سترۆکتۆرالیزم - مابعد البنیویة

ئەم ناونیشانە خاوەنی قوناغێکی دیاریکراوی خۆی نی یە ، ئەمجاچەمکی ناوبراویش تا ئێستاکە گۆمڕایەکی خۆی بەدواوەیە لەرووی ئەوەی کەی دەســـت پێدەکات و ئاراستەی بەرەوکوێ دەڕوات ، وەئایا بەقۆناغی دواییینی وتـــاری سترۆکتۆرالیزمی دادەنرێت یا نە ! ؟ دەشێت لێرەدا تەنیا ئەوە بووترێـــت کە ئەمڕۆ وتاری سترۆکتۆرالیزمی وەکو هەموو وتارێك ، کە لە بارودۆخێکـــــی دیاریکراوی خۆیدا سەرهەڵدەدات ، پایێنێك و ئاستێکی زانینی ( معرفـی ) دیاریکراوی خۆی ئەبێت . جا ئەگەر بێت و ئەو پایین و ئاستە ئەمڕۆ بـــۆ سترۆکتۆرالیزم بریتی بێت لە قۆناغی ناوبراو : " میتاسترۆکتۆرالیزم ، کـــە تا ئێستاش نەیتوانیوە مەدلولیەتێکی گشتی خۆی لەنێو ڕۆشنبیراندا وەربگرێت ، ئەوا ئارادەیەك دەتوانرێت نزیك و ئەمجا کۆبکرێتەوە لە چڕبوونەوەی ئـــەو بوارە فراوان و سەدا زۆرەی سترۆکتۆرالیزم وەکو ڕێڕەوێك لەڕۆژئاوا و بەتایبـەت لە فەرەنسادا لەنێوان ساڵەکانی (١٩٦٥-١٩٨٠) وەریگرتبوو .

هەرچەندە شیتەڵکردن و لێکدانەوەی چەمکی ئەودیو(مابعد - میتـا ) لێرەدا پایینێك و ئاستێك دیاریدەکات بۆ وتاری ڕاستەقینەی خـــۆی ، مەبەستم پایینێك بۆ ئەو کاروانە تیۆرییەی ڕابردووی و ئەمجار ئاستێکیش بـــۆ ئەو ڕەوتە تیۆرییەی کە چاوەڕوانی دەکات . جائەگەر بێت و ئەمڕۆ (فۆکـــۆ و دریدا و دیلۆز ) لەنێو ڕۆشنبیرانی فەرەنسیدا بەکەسانێك دابنرێن بـــۆ ناسینەوەی ئەم قۆناغە ، ئەوا زێتر ئەو دابڕینەمان بۆ دەردەکەوێت کەلەخودی وتاری سترۆکتۆرالیزمیدا ڕوویداوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوەوەی خۆی . کەواتە دەتوانین بڵێین " ئەودیوی سترۆکتۆرالیزم " خۆی لەخۆیدا بریتیـــە لەدانانی ئاستێك بۆ وتاری دایك - خطاب الام - و ئەمجار پێشبینیکردنـــی ئایندەی خۆی لەڕوانگەی درێژکردنەوەی کاروانی ڕێڕەوی مەبەست کراو . جـــا

ئەوەتانی ئەو پڕۆژەیە لەسەر دەستی کەسانێکی وەکو ( فۆکۆ ) بەپلەی یەکەم و ئەمجار ( دیدرا ) و ( دیلۆز ) بەپلەی دووەم دێتەدی بۆ دڵنیابوون لەقەیرانی ڕاتسیۆنالیستی نێو شارستانیەتی ئەوروپایی و هەوڵدان بۆ دانانی ئاستێکیش بۆی .

کەواتە قۆناغی " ئەودیوی ستروکتورالیزم " زێتر بریتی‌یە لەگومان کردن لە "عەقڵ"ی ئەوروپایی و هەوڵدان لەدان نەنان بەمافی حەقیەتی ئەو "عەقڵ"ەدا ، کە ماوەیەکی‌زۆر ئەو ڕۆڵەی‌لە نێو شارستانیەتی ئەوروپایی‌دا بینیوە . لەڕاستی‌دا هەر ئەمەش وای‌کردووە نووسەرانی ستروکتورالیزمی زێتر لەنێو ڕۆشنبیرانی ئەڵمانیای ڕۆژئاوادا بەناوبانگتر بن وەك لەولاتی خۆیاندا۔ واتە فەرەنسا ۔ . ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەلێنەی ئەمڕۆ لەبەردەم فیکری ئەڵمانیای ڕۆژئاوایی‌دا هەیە لەلایەك و ئەمجار برسیەتی ڕۆشنبیرانی ئەڵمانیای ڕۆژئاوایی بۆ ئەو جۆرە بابەتانەی کەسانێکی وەکو (فوکو) و (بارت)و(دیلۆز) و( دیدرا ) توانیویانە بی‌ورووژێنن ، بەتێبینی‌کردنی هەموو کەلتووری کلاسیکی ئەڵمانی . بەلام ڕەنگە نەتوانرێت هاوبەشی ئەمڕۆی ڕۆشنبیرانی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لەوتاری تازەگەری‌دا۔خطاب الحداثة ۔ بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەو ڕۆڵە ئەفسووناوییەی ڕۆشنبیرانی ئێستای فەرەنسا دەیبینن . تەنانەت ئەمڕۆ زۆربەی ئەو تێکستە فەلسەفیانەی ئەڵمانی ڕۆژئاوا ، وەکو (نیتشە) و (هیدگەر) ، زێتر لەلایەن ڕۆشنبیرانی فەرەنسیەوە لێك دەدرێنەوە تاوەکو ڕۆشنبیرانی ئەڵمانی ڕۆژئاوا . بێجگە لەو پیاچوونەوانەی ئێستای قوتابخانەی فرانکفورت بۆ خوێندنەوەی هەندێ تێکستی کلاسیك ، بەتایبەتی لەسەردەستی (هابرماز) و ( غادامیر) و ( ماکس هوکهایمر ) و (ئەدرنۆ) .

## ئاکامەکان

چەمکی وتاری ئەمڕۆ تارادەیەك ئالۆزترین چەمکە لەبەردەم تێگەیشتن و لێکدانەوەدا ، بەتایبەتی کە هەموو " وتار " ێکیش ستروکتوری ئایدیۆلۆژی و سیستەمێکی ناوەوەی خۆی هەیە . ئاشکراشە کە ستروکتورالیزم وەکو ڕێڕەوێك توانیویەتی پەیوەندی نێوان " وتار " و " تێکست " ڕوون بکاتەوە و دانەپاڵی چەمکی " وتار " یش بۆ ستروکتورالیزم ئەوەمان بۆ دەردەخات کە

ستروکتورالیزم هات بۆ ئەوەی ئاستێك بۆ ئەو کێشە فەلسەفیانەی سەردەمی خۆی ، یاخود ئاستێك بۆ ئەو وتارانەی پێش خۆی ، دابنێت . کەچی ئەوەبوو هەرخۆی جارێکی‌تر بووە هۆی دروست بوونی وتارێکی‌تر . تەنانەت ئێمە لەلاپەرەکانی پێشوودا تارادەیەك توانیمان ڕۆشنایی بخەینە سەر ستروکتۆرالیزم ، چ وەکو چەمك و چ وەکو وتار ،بەلام زێتر بایەخمان بەبواری زانستە مرۆڤایەتیەکان داوە بۆ ناسینەوەی جێگای ئەم ڕێرەوانە تێیاندا وەك لەبواری زانستە ئەمبیریقیەکاندا ( ماتماتیك و فیزیا و بایۆلۆژیاو...هتد ) . ئەویش بەپێی ئەو گۆڕانکاریە زۆرەی کە هاتووەتە سەر زانستە مرۆڤایەتیەکان لەم سالانەی دواییدا بەهۆی ئەو ئاڕاستە تازانەی سەریان هەلداوە لە دوتوێی تیۆری ڕەخنەی زمانەوانی و دەروونی و سیمیۆلۆژی و...هتد ، کە توانیویانە کۆمەلێ زاراوە و چەمك لەگەل خۆیان بێننەکایەوە و ڕێگای فراوان لە بەردەم کاری نووسین و ڕەخنەیی‌دا بکەنەوە . سەبارەت بەمەسەلەی

سەرهەلدانی ستروکتۆرالیزم لەفەرەنسادا بەتایبەتی نەوەکو لەولاتێکی تری ئەوروپادا لەدواییینی جەنگی جیهانی دووەم و کێشەی خولقاوی بەردەم مارکسیزم و بێ‌توانایی ئەگزیستانسیالیزم لەئاست ڕزگارکردی "خود" لەکۆمەلە کێشەیەکی گشتی ، زێتر ئەوە دەگەیەنێت ئەم سەرهەلدانە وەکو هەموو ڕێرەوێکی کۆمەلایەتی‌تر پایینێکی خۆی هەبێت . بەتایبەت کە هەموو تێکستێك لەخودی خۆیدا قەیرانێکی بەخۆیەوە هەلگرتووە و هەر ئەو قەیرانەش ڕۆژبەڕۆژ لەگەل ئالۆزی شارستانیەتدا ، بەتایبەت لەئەوروپا ، بەرەو ڕەسەنی و تەمەن کورتی دەبات ـ هەرچەندە نامانەوێت لێرەدا بەدوای ئەو جۆرە تێکستانەدا بگەڕێین کەڕۆلی نەمری دەبینن ،کە ئەمەش زێتر لەترسی نەتوانینی پێش بینی‌کردنی تیۆری زانستەوە دێت . تەنانەت ئەو ئالۆزیانەی ڕێرەوی ستروکتۆرالیزمی دروستیان دەکات سەبارەت بە تێڕوانین بەرەو شارستانیەت ، ڕەنگە تارادەیەك لەبەردەم ڕۆشنبیری کورددا سادە نەبێت ، ئەویش لەبەر سادەیی ژیانی ئێمە هەتا ئێستا . ئەمرۆ کە ڕۆژئاوایەك بگاتە ئەو ئاستەی ڕەخنە لەعەقلانیەتی خۆی بگرێت و گومانی لێ‌بکات ـ لەکاتێکدا ئێمەپێویستمان بەرادەیەکی زۆر لە عەقلانیەت هەیە . ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو ڕێرەوانە

لەولاتانی خۆیاندا هەرچەندە ڕەخنەیان ئاراستەبکرێ ، بەلام هەردەمێننــەوە بەلایەن ئێمە کە ئەو ڕێڕەوانە ئەمجار ڕەخنەکانیشیان گومرابن .

## پەراوێزەکان

١٩) بڕوانە ، د .فوئاد زکریا ، ئاسۆی فەلسەفە ، ل ٣٠٣ .
٢٠) بڕوانە ، ڕوبرت شولز ، ستروکتورالیزم لەئەدەبدا ،ل ١٩٣ .
٢١) بڕوانە ، گۆڤاری " الفكر العربي المعاصر " ، ژمارە٧ ،ل ٦١ .
٢٢) بڕوانە ، ئەو چاوپێکەوتنە کە هاشم سالح لەگەڵ بیربورد یۆ کردویەتـی لە ژمارەی ٣٧ ی گۆڤاری " الفكر العربي المعاصر " ، ل ٧٣ .
٢٣) بڕوانە ،ژمارەی ٢٣ ی گۆڤاری " الفكر العربي المعاصر " ، ل ٥٧ .
٢٤) بڕوانە ، د. فوئاد زەکریا ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٠٤ .
٢٥) بڕوانە ، ژمارەی (٤٨-٤٩) ی گۆڤاری "الفكرالعربي المعاصر" ل ١٢٣ .
٢٦) بڕوانە ، ئەو پێشەکیەی کە (فۆکۆ) نووسیویەتی بۆ وەرگێڕانە فەرەنسیەکەی پەرتووکی نیتشە : فەلسەفە لەسەردەمی ترازیدی ئەگریکدا ، چاپی دووەم ، ١٩٨٣ ، بیروت ، المؤسسة الجامعية ، ل ٩ .
٢٧) بڕوانە ، ڕۆبرت شۆلز ، ل ٢٧ .
٢٨) بڕوانە ، هەمان سەرچاوە ، ل ٢٨ .
٢٩) بڕوانە ، گۆڤاری " الفكرالعربي المعاصر" ، ژمارە٤٨و٤٩ ،ل ١٢٢ .
٣٠) بڕوانە ، هەمان سەرچاوەی د .فوئاد زکریا ، ل ٥٠ .
٣١) بڕوانە ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٠ .
٣٢) بڕوانە ، گۆڤاری " الفكرالعربي المعاصر " ، ژمارە٤٠ ، ل ٦٦ .
٣٣) بڕوانە ، گۆڤاری "الاقلام"ی عیراقی ، ژمارە٧/١٩٨٨ ، ل ٤٤ .
٣٤) بڕوانە ، هەمان سەرچاوەی د .فوئاد زکریا ،ل ٣٤٨ .
٣٥) بڕوانە ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ،ل ٣٢٥ .
٣٦) بڕوانە ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٢٨ .
٣٧) بڕوانە ، ڕۆجیە گارودی ، ستروکتورالیزم ، فەلسەفەی مردنـــــی مرۆڤە ، ل ١٠٨ .
٣٨) بڕوانە ، هەمان سەرچاوەی د .فوئاد زکریا ، ل ٣٢٥ .
٣٩) بڕوانە ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٢٦ .
٤٠) بڕوانە ، ڕۆبرت شۆلز ، ستروکتورالیزم لەئەدەبدا ، ل ٢١٨ .
٤١) بڕوانە ، سەرچاوەکەی ڕۆجیە گارودی ، ل ٣٠ .
٤٢) بڕوانە ، سەرچاوەکەی د .فوئاد زکریا ، ل ٣٢٢ .
٤٣) بڕوانە ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٢٢ .
٤٤) بڕوانە ، هەمان سەرچاوەی پێشوو ،ل ٣٢٢ .
٤٥) بڕوانە ، مێشێل فۆکۆ ، ل ٦٧ .

# پێناسەیەك بۆ ئەزمەی کەسایەتی لەواقیعی ئەمڕۆی جیهاندا

## -٢-

ب . نوری

### کەسایەتی لەبارودۆخی بابەتی وڵاتانی جیهانی سێیەمدا

لەسەر بنچینەی ئەو ئاستە مادیە بەرزانەوە و لەناو ئەو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتی و شارستانی و ڕۆشنبیریە گشتیانەوە ، کە بە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ کەسایەتی مرۆڤی ئەورووپی تیادا پێك دێت و دەشێوێنرێ ( لێرەدا تەنیا وەك لایەنە پۆزەتیڤەکەی وەری دەگرین بۆ بەراوردکارییەك لەگەڵ کەسایەتی مرۆڤ لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا ) ، ئەگەر ئەو بارودۆخە بچوێنین بەبارودۆخی وڵاتانی جیهانی سێیەم کە لەپێناوی ئەو " پێشکەوتنەی " ڕۆژئاوادا بوونەتە قوربانی ، دەبینین سەرەڕای نەبوونی ئەو پێکهێنەرە مادی و شارستانیانە ، ئەوا لەزۆربەی زۆریاندا لایەنی کەمی گوزەرانیش دابین نەکراوە و ترسی برسێتی و کوشتن و فەوتانیان لەئارادایە . بەو پێیە ناتوانین لەژێر سایەی نەبووسی و پاشکۆیەتی و سەرکوتکردندا باس لەکەسایەتی بکەین . " ئەو کۆیلایەتیە بەلەزەتەی بەهەشت . - کۆمەڵگای یەك ڕەهەند [illegible] بەرا[illegible] ر تاکەکانی و لەڕێگای دروشمی " بچۆرە نێو ژیانی بەهەشتەوە ، گوایە یەکی بەختەوەر دەژیت " - ئەگەر بشێ بەو جۆرە دای ژیان - کاری پێدەکات ، هاوتەریبی خۆی لەکۆمەڵگاکانی جیهانی سێ و لەلایەن ڕژێمەنیشتمانیەکانیەوە دەردەبڕێ . چونکە ئەم ڕژێمانە لەناوەخۆدا دوو دروشمی هاوتەریب

دەردەبڕن و لەهەموو بۆنەیەکدا دوپاتیان دەکەنەوە : یەکەمیان/ تۆ مل کەچی کەوانە هەیت ، دووەم/ بجۆرە نێو ڕژێمی سیاسی باوەوە بەختەور دەژیت . وەك لە خوێندنەوەکانی مارکێوز دەردەکەوێ ، ئەگەر بەهەشت بەشداری بکات لە دەستەمۆکردنی تاکەکانی خۆیدا، لەڕێگەی زیندە بەرهەمەوە، ئەوا ڕژێمە نیشتمانیەکان تاکەکانیان لەڕێگەی پێداویستیەوە ، یان فرانزفانون وتەنی ، لەڕێگەی بێدەرەتانیەوە کە سروشتێکی نیشتمانی وەرگرتووە، دەستەمۆدەکرێن[10] کەواتە لە پێکهاتووی ئەو بارودۆخەدا دەبێت باس لەبنەمای ناکەسایەتی بکەین و نەبوونی هەر یەکێك لەو بنەمایانە بەنێگەتیڤی ئەگەڕێتەوە سەر کەسایەتی مرۆڤ ، هەر لەپێکهاتنیەوە تا دەگاتە چارەنووس و دوا ڕۆژی تایبەتی خۆی و چالاکی ژیانی ناو کۆمەڵگا ، وەك : هەڵسوکەوت و بیرکردنەوە و داواکاری و ئامانج و هەوڵدانی .

تا ئەو سەردەمەی کەوڵاتانی جیهانی سێیەم ڕاستەوخۆ ژێردەستەی داگیرکەری بێگانەبوون ، ڕاستەوخۆ مان و نەمان و سەلماندنی واقیعیانەی بوونیان بەسترابووە بە هەوڵ و تێکۆشان و خەباتی کۆمەڵایەتیانەوە دژی داگیرکەری بێگانە ، بەو ئامانجەی لە باشکۆیەتی ڕزگاریان بێت و پێناس و قەوارەیەکی سەربەخۆ پەیدا بکەن ، کە لەبارودۆخی ژێر دەستەییدا هیچ بەها و مافێکیان پێ ڕەوا نەبینراوە زیاتر لە وەی کە بین بەکۆیلەی دەستی داگیرکەر . لێرەدایە کە مەسەلەی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری دەبێت بە ئایدیۆلۆجیای باوی سەردەم و لەسەر دەستی وردە بۆرژوای ناوخۆ گەڵاڵە دەبێت و ئەو ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتیەی تیادا بەکاردەبرێت . هەوڵدانی کۆمەڵانی خەڵك بۆ سەربەخۆیی و قەوارەی تایبەتی خۆیان ، نەك بەو مەفهومە داماڵراوەی کە بێگانە لەسەر خاکیان بوونی هەیە ،بەڵکو بە پلەی یەکەم لەبەر ئەوەیە کە ڕەتێنراون و جێگەی بوونی مادی و مەعنەوی خۆیان نیە . هەربۆیە لەو سەردەمانەدا خەباتی کۆمەڵانی خەڵك ڕاستگۆترین هاوار و دەربڕینی سەلماندنی بوونی خۆیانە ،بەڵام کە لەلایەن وردە بۆرژوای ناوخۆوە لەژێر ناوی نیشتمانپەروەری و نەتەوایەتیدا بۆ تەواوکاری ئەو قەوارە کۆمەڵایەتیە بەکاردەبرێت ، گەلێك هۆکاری تایبەتی و گشتی هەیە کە لێرەداوەك سەرەتای پێکهاتنی ئەو دوو دیاردەیە نامانەوێت زۆر لەسەری بڕۆین بە قەدەر ئەوەندەی

که پەیوەندی بەباسەکەی ئێمەوە هەیە وەك ئەو لایەنەی کە بیروباوەڕی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری تیادا دەبێت بەچوارچێوەیەك بۆ تێئاخنینی ئـــازاری کۆمەلایەتی کۆمەلانی خەلکی و دەبێت بە ڕێبازی باوی دەربڕین و پـەردەی داپۆشەری ناکۆکی و ململانێ ڕاستەقینەکانی ناو کۆمەلگا و تەنانەت پەیوەندیـە نێو دەولەتیەکانیش ، کە لە هەریەك لە ڕۆژئاوا و ولاتانی جیهانی سێیەمـدا گەلێك جیاوازە لەرووی قۆناغی مێژوویی و سەرهەلدان و بەکاربردنیەوە وەك ئایدیۆلۆژییەکی باو . ( کاتێ کە لە ئەوروپادا دەمارگیری ئاینی" بزوێنـەری سەرەکی کوشتارە گشتیەکانی پێشوو" ئارامی پەیداکرد . دەمارگیری سیاسی و نەتەوایەتی جێگەی گرتەوە . لەم بارەیەوە ( نیف John U. Nef)دەلێت: باوەڕی کوێرکوێرانەی سەر بە نیشتمانێك یا چینێکی تایبەتی " لەسەردەمــی داڕزانی ـ انحطاط ـ بەهای ڕەوشتی و ئاینیدا " دەچێتە جێگـــەی باوەر بەیەزدان )(۲) .

لەگەل سەرهەلدان و گەشەکردنی سەرمایەداریدا زیاتر مەسەلــەی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری وەك ئایدیۆلۆجیای باو پەرەی پێدرا . و بـــە تەواوەتی لەخزمەتی دەسەلاتدارێتی ئەو چینەدا بەکاربراوە و بووە بــــە پالپشتێکی سیاسی بەهێز بۆی . " نەتەوایەتی بۆ هەموو ڕژێمە سیاسیەکـــان خاوەنی ئەو سیفەتە گرانبەهایەیە کە هەموو هەستێکی سوکایەتی و دوژمنایەتی و داواکاری مافە ڕەواکان بەرەو دەرەوە ڕەوانە بکات بەو پێیە بەتەواوەتی هەموو ڕژێمەکان قبولی دەکەن و لەوەوە بەهرە وەردەگرن "(۳) . بەو شێوەیـــــە دەبینین کە ئەگەر هەستی نیشتمانپەروەری و نەتەوایەتی بنەمایەکی مێژوویی و کۆمەلایەتیشی هەبێت وەك پەیوەستی مرۆڤ بەناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراووەوە یا وەك جیاوازی زمان وکەلتوور هەر لەسەرەتای دروستبوونی ئەو جیاوازیانەوە بە حوکمی دواکەوتوویی گشتی کۆمەلگاکانی مرۆڤایەتی کە ببوو بەهۆی لاوازی بۆ هۆیەکانی پەیوەندی نیوانیان ، زیاتر ڕێگەی بۆ ئەو دابڕان و داخرانـــی کۆمەلگاکان لەچوارچێوەی دەولەتێکدا یا لەناوچەیەکی جوگرافیدا خۆشکرد بوو ، کە ئەمرۆ دەبینین لەگەل گەشەکردنی سەرمایەداری جیهانیداو بەکاربردنـــی هەموو پێشکەوتنێکی زانستی و تەکنۆلۆجی لەپیناوی بەرژەوەندیەکانیانـــــدا پەیوەندیەکی سەرتاسەری جیهانی بەهێزی خولقاندووە کە لەگەل تەواوکاری ئەو

پەیوەندیەدا مفهومی نیشتمانپەروەری و نەتەوایەتی مفهوم و هەستە کۆمەلایەتیەکانیان لەدەست داوە و لەقالبی مفهومی سیاسی و ئایدیۆلۆجیدا بەپێی بەرژەوەندیە جیاوازەکان جارێکی تر و بەشێوازێکی نوێ دارێژراوەتەوە، کە بەتەواوەتی لەئاستێکی تردایە و ڕوکارێکی دروستکراوی هەیە • بۆ کۆمەلناسێك کە بەهەوڵێکی فیکری، بەشێوازێکی دروست تێکۆشێ ڕوو داوە مێژوویەکان لەدوای تێپەڕبوونی چەند سەدەیەکەوە بخاتە بەر چاوی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە، ستەمەکە لە پەنجا ساڵی ڕابوردوودا• لەنێوانی ناوداران، نووسەران، پیاوانی سیاسی یا ڕۆژنامەگەران، کەسانێك پەیدا بکات کە لەپێش خەڵکانی ترەوە نەمایندەی بیروباوەڕی ناسیونالیستیبوبن و بەڵگەی ئەوە ئەمەیە کە هەموو ڕژێمە سیاسیەکانی سەردەمی ئێمە بەبێ جیاوازی ڕویانکردۆتە نەتەوایەتی . ئەم مەبستە بووە بە هۆکاری نەبیتراوی هەموو سیاسەتێك بەتەواوی لەبیروباوەڕی ئایینی کۆن ئەچێت، بەمانای ئەوەی کە هەموو شتێك لەژێر تیشکی ئەودا جێگیر بێت •(٤). بەو شێوازەی کە دابەشکردن و دابڕینی نێوان میللەتانی جیهان مسۆگەر بکات تا لە ئەنجامی ئەو سنوردانان و جیاکردنەوانەی خولقاندویانە بەئاسانی دەسەڵاتی سەرمایەی بەسەردا بشکێ . بۆیە دەبینین بەهەموو توانای خۆیان پڕوپاگەندە بۆ ئەو جیاوازیانە دەکەن و هەستی دوژمنایەتی و دووبەرەکی تێژدەکەنەوە کە لەو ململانێیەدا بەرئەنجامێکی پۆزەتیڤی لێ بەبەربێت و بەسوود و قازانجی دەسەڵاتی سەرمایەداری بگەڕێتەوە . • قوتابخانە سیاسیەکان ئەو مەبەستەیان هەیە کەباری دوژمنایەتی و پشت بێنەبەستوی کۆمەڵگا سەرمایەیەکان سەرلەنوێ بخولقێنن . بێگانە هاووڵاتای دوژمن و جاسوسە، بەپێی ئەوە لەو جۆرە بارودۆخە دەرونیەدا، بەناچاری پەیوەندی نێوان میللەتان دەبێت لەسەر بنچینەی بیری جەنگی ڕابوردوو یا ئێستا یا ئایندە دامەزرێت •(٥).

کەواتە فراوانبوونی دەسەڵاتی سەرمایەداری و بەجیهانیبوونی ئەو پەیوەندیە و جۆنێتی بەکاربردنی هەموو ناوەرۆکێکی پەیوەندی کۆمەلایەتی و کشان و کورتکردنەوەی مەفهومەکانی بەپێی بەرژەوەندی ئەو چینە دەسەلاتدارە

---

• چاپی یەکەمی ئەم کتێبە بەزمانە ڕەسەنەکەی خۆی لەساڵی ١٩٥٥دا دەرچووە . - و -

که له قۆناغێکی ئاڵادەیەك درێژدا مارسەکراوە و دەکرێت که شێوازی ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە دژی ئامانج و داواکاری زۆربەی کۆمەڵانی خەڵك دەوەستێتەوە و بە ئاراستەی بەرژەوەندی سەرمایەداریدا دەخرێتە گەڕ ، دەبێت بەداکەوتویەکی واقیعی مادی و مەعنەوی بۆ کۆمەڵانی خەڵك و خۆیان لەو ڕاڕەوەدا دەبیینیەوە .

مەسەلەی نەبوونی قەوارەیەکی تەواوکاری کۆمەڵایەتی بەنیسبەت سیفەتی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە ، بۆشاییەك دەخولقێنێ لەنێوان خود و مامەڵە و هەڵس و کەوتی ناتەواوی کۆمەڵایەتیدا و دیوارێك پێك دێنێت . جا ئەگەر بیر و باوەڕێك لەسەردەمێکی دیاریکراودا بتوانێت ببێتە خاڵێکی هاوبەش و هەستی تاکەکەسەکان ـ افراد ـ لەیەکتر نزیکبوونەوەدا نزیك بکاتەوە ، دەبێت بە بەدیلێکی کۆمەڵایەتی ئەگەر پڕاوپڕیش ئەو بۆشاییە پڕنەکاتەوە و نیوەناچڵ و ناتەواویش بێت . چونکە ئەگەر لەبارودۆخێکی بابەتیدا دوو جەمسەری ناکۆك و دژبەیەکمان هەبوو دەبێتە هۆی دروست بوونی ململانێ لەنێوانیاندا و ململانێش دەبێتە کێشەیەکی داکەوتوو ، کاتێك ئەو ناکۆکیە حەل دەبێت و ئەو کێشەیە لەناودەچێت کە لەکاتی پێویستی خۆیدا بە بەدیلی پڕاوپڕی خۆی پڕ ببێتەوە ، واتە پێگەیشتنی توانا بابەتی و خۆییەکان بۆ پێکهێنانی ئەو بەدیلە پڕاوپڕە . هەر لەساتی دەست پێکردنی ئەو کێشەیەوە هەتا حەلبوونی ، قۆناغێکی مێژوویی پێك دەهێنێت . لەو قۆناغەدا کێشە سەرەکیەکە دەبێت بە تەوەرێك و بەپێی قەبارەی گەورە و بچووکی و بەپێی چۆنێتی لایەنە پێکهێنەرەکانی و بەپێی قوڵێتی ناکۆکیەکە ، ورد دەبێتەوە و پۆل پۆل دەبێ. هەریەکە لەو کێشە لاوەکیانە بە بەدیلی گونجاو داواکاری حەل بونن . پەیدابوونی بەدیل دەکەوێتە سەر توانای بابەتی و خۆیی چواردەوریان . لە ماوەی بوونی ئەو کێشەیەدا ، بەدیل بە دەوری ئەو تەوەرانەدا دەسوڕێتەوە و خۆی تێ‌ئەفرێ‌ئەدات و بۆی دەبێت بەبەدیلی سەردەم. جا لەبەر ئەوەی بەپێی پلانکێشانێکی زانستی و هوشیارانە ناچێت بەڕێوە، ئەوا بۆ حەلبوونی ، جۆرەها بەدیل دەکەوێتە مەودای ئەو کێشەیەوە کە ئەگەر بەرێکەوتیش بۆی هەڵکەوێت ئەوا خۆی لەخۆیدا پێویستییە و بوونی کێشەکە داوای دەکات . لەبەر ئەوە زۆرجار بەدیلی زۆر ناجۆر و بۆ ماوەی جیاجیا

بەنیوەناچڵی دەکەوێتە بەر ئەو کیشەیە و زۆرجار لەبەر ئەوەی کە بەدیلی تەواوەتی ئەو نیە و ئیستیعابی تەواوی ناکات ، ئەوا ئەو بەدیلە دەبێت بە دیاردەیەک و وەکو کشان دەکشێت بۆ ئەوەی کیشەکە داپۆشێت . لەبەر ئەوە زۆرجار دەبینین دەبێت بەدیاردەیەکی گۆج بوو( مشلول ) و لاواز ولەھەقی خۆی زیاتر وەردەگرێت کە ئەمە زۆرجار دەبێتە هۆی داخورانی خودی خۆی وەک بەدیلەکە و دیاردە لێکەوتووەکەی و مەفهومێکی پوچی دەمێنێتەوە و زیاتر لەبارە ڕاستەقینەکەی خۆیدا ساغ دەبێتەوە و دەردەکەوێت . چونکە وەک بنچینەی دروست بوونەکەی ئەگەر ناوەرۆکێکی واقیعیشی هەبووبێت ، ئەوا کە دەبێت بە بەدیلێکی نیوەناچڵ بۆ کێشەیەکی جیاواز بەهۆی بوونی چەند خاڵێکی هاوبەش لەنێوان ئەو بەدیلە و بەدیلە ڕاستەقینەکەی ئەو کێشەیەدا ، ئەوا چونکە کێشەکە هی قەبارەی ئەو نیە ناتوانێت تەواو دایپۆشێت. ڕەنگە زۆرجار کەرێک دەکەوێت هی کیشەیەکی حەل نەکراوی تربێت کە لەکات وجێگەی خۆیدا پیارانەگەشتوبێ و بەھەڵواسراوی مابێتەوە ، کە کێشەیەکی نوێ دروست دەبێت ، ئەگەر بە لایدا بچێت ئەوا وەک نزیکترین بەدیلی ئەو زەمینەیە خۆی تێدەهاوێژێ . زۆرجاریش دەبێتە ڕێگر لەبەردەم سەرهەڵدانی بەدیلی تردا و پەکی دەخات کە جێگەی بگرێتەوە . ئەمە ئەگەر لەماوەی دروست بون و حەل بونی ئەو کێشەیەدا بەسروشتی بڕوات ، واتە بەناڕاستەی جیاجیا ، بەئاگا و بێئاگا لەپێناوی بەرژەوەندیە جیاجیاکاندا بەکار نەهێنرێت، بە تایبەتی ئەگەر پاڵپشتی هەبێت وەک ئەوەی بەکاربهێنرێت بۆ ئەوەی حەقیقەتی کێشەیەکی سەرەکی بێ بشاردرێتەوە . بۆ نموونە وەک وتمان مەفهومی مرۆڤایەتی مرۆڤ و یەکێتی کۆمەڵایەتی لەگەڵ واقیعی هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی مرۆڤ دا لەناو پەیوەندیەکی نامرۆڤانەی ئەمڕۆی کۆمەڵگادا بەشێوەیەکی گشتی وەری بگرین ناکۆکە و کێشەیەکی سەرەکی و گەورەیە و لەزۆربەی دیاردەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا ڕەنگ ئەداتەوە ، بەهەردوو بارە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکەی کە پڕکردنەوەکانیمان بۆتە هۆی داکوتنی جۆرەها کێشەی لابەلای تر و جۆرەها بەدیلی نیوە ناچڵیان تێوەگلاوە و بەجۆرەها ڕێباز بەپێی بەرژەوەندیە جیاجیاکان بەکاربراون .

ڕەنگە زۆرجار ئەو بەدیلانەی بۆ کێشە لاوەکیەکان دروست دەبن ، پڕاو

بڕیان بن ، بەڵام لەبەر ئەوەی کێشەکە خۆی لە ئەنجامی کێشەیەکی گەورەترەوە کەوتۆتەوە ، ئەوا لەو حاڵەتەشدا کێشەکە و حەلەکەی خۆی لەخۆیدا بەنیسبەت کێشە سەرەکیەکەوە نیوەناچل دەوەستێتەوە ، چونکە سەرەکیەکە حەل نەکراوە .

ئا ئەگەر کێشەیەك ئەوەندە سەرەکی و گەورە بێت و توانای حەلبوونی سەرتاسەری و یەکسەری لەباروداخێکی بابەتی و خودیدا ، لەسەر ئەو زەمینەیەی کەکێشەکەی تیا هەڵقوڵاوە ، نەبێت ، ئەوا وەك وتمان بەورد بوونەوەو پۆل پۆل بوونی بۆ کۆمەڵێك کێشەی لاوەکی ، لەکاتی پربوونەوە و حەلبونیاندا زیاتر کێشە سەرەکیەکە ڕون دەکەنەوە و دەری دەخەن و گەلاڵەی دەکەن بۆ ئەوەی تێکرا پڕاوپڕ لەپەیوەستێکی بابەتیدا و لە هەلومەرجی لەباری مێژوویدا ببنە بەدیلی سەرتاسەری . ئەمە تەنیا پۆلی ئەو کێشانەی کە بەپۆزەتیڤی دەکەونەوە و لەسەر ئاراستەی حەلبوونی کێشە سەرەکیەکەوە دەڕون ، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا کۆمەڵێ پۆلی کێشەی نێگەتیڤیش دەکەونەوە و دیسان حەلی پۆزەتیف و نێگەتیف بەبێ توانای چواردەور و زەمینەی لەباری حەلبوونیان تێدەکەوێت کە جارێکی تر لەگەڵ پۆزەتیڤەکاندا دەکەونەوە کێشە و دەبنەوە بەدیاردەی ململانێ کە پێویستیان بە حەلبوون دەبێتەوە و بەحەلبوونی کۆتایی و سەرتاسەری کێشە سەرەکیەکە ( کەزۆرجار کاریگەریان دەمێنێت ) وردە وردە لەناو دەچن . ئەمە جگە لەوەی بوونی کێشە ئەگەر بەگشتی و بابەتی وەری بگرین ، خۆی لەخۆیدا جۆرەها ڕەنگدانەوەی زۆرانە و کردارانەی هەیە و پێکهێنەری تەگەرەی زۆرە لەبەردەم چالاکیە ڕاستەقینەکانی مرۆڤدا .

لەبەر ڕۆشنایی ئەو بۆچوونەدا و لەگەڵ ئەو کورتەباسەی سەرهەڵدانی بیری نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری دا لەئەوروپا ، هەروەها وەك ئەو کێشەو قورساییەی کە کەوتۆتە سەر وڵاتانی جیهانی سێیەم و هەموو دیاردەکانی بەڵگەی دواکەوتوێتی و پاشکویەتی بەرجەستە دەکەن ، لەگەڵ ڕەنگدانەوەی ئەو بارە جیهانیەی ئایدیۆلۆژیی نەتەوایەتی کە بۆتە کێشێك بەسەر گەلانی ژێردەستەوە ، کاردانەوەی ئەو بارە ئاڵۆزە بەرامبەر بە داگیرکەر و ژێردەستەیی و نەبوونی بژێوی و دواکەوتوویی پیادە دەکات و دەبینین نزیکترین وگشتی ترین مەفهوم کە هەڵگری دەربڕینی ئازار و معاناتی کۆمەڵایەتی خەڵك بێت و زەمینەی لەباری هەبێت ، مەسەلەی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەریە ، کە لەسەر

دەستی وردە بۆرژوازی ئەو میللەتانەدا دائەڕێژرێ . سەرەڕای ئەوەی وەك چاولێکەری و کاریگەری ئایدیۆلۆجی و پێکهاتووی دەوڵەتی نەتەوەیی بەهێز و توانای ئەوروپی و ڕەتکردنەوە و کاردانەوەی لەسەر ئەو میللەتانە ، کە ئەمە هەمووی پاڵپشتی ئەوەیە مەسەلەی نەتەوایەتی بەخێرایی پەرە بستێنێت، چونکە بەتایبەتی میللەتانی ژێردەست بەو قۆناغەدا تێنەپەڕیون و ئایدیۆلۆجیەکی نوێیە لە یەکگرتن و کۆبوونەوەی کۆمەڵانی خەڵکیدا لەژێر گشتێتی بیروباوەڕێکدا ( کەزۆرجار بیروباوەڕی ئایینی ئەو میللەتانە لەگەڵ ئەو مەفهومانەدا لە یەك دەدات و دەبێت بە فاکتەرێکی پاڵپشتی دژی داگیرکەری بێگانە ئەگەر ئایینێکی جیاوازی هەبێت ) کە لەپەیوەندی دەرەبەگایەتی و قۆناغی پێش داگیرکردندا وەك ئایدیۆلۆجیای باو بوونی نەبووە و لەم قۆناغە نوێیەدا دەبێتە بیروباوەڕی سەردەم بۆ ڕەتکردنەوەی ئایدیۆلۆجیای داگیرکەر. لەو قۆناغەدایە کە دەبینین دیاردەی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری بەخێرایی پەرە دەستێنێت و تا قوڵایی توێژ و چینە کۆمەڵایەتیەکان دەڕوات ، کە لە پێش هەموو دیاردەیەکەوە دەربڕینێکی کۆمەڵایەتیە و گەڕان و هەوڵدانە بەدوای خودی ونبووی کۆمەڵانی خەڵکدا ، کە لەپێش ئەوەی لەبیری نەتەوایەتیدا گەڵاڵە بێت و لەدیاردەی نیشتمانپەروەریدا بەرجەستەبێت و پیرۆزی خاکی نیشتمانی باووباپیران و ڕەسەنایەتی نەتەوایەتی بخرێتەپاڵ ، دەربڕینە لەوەی کە مرۆڤەکانی ناو ئەو بارودۆخە ژێردەستەن و جێگەی بوونی مادی و مەعنەویان نیە و دەیانەوی لەو ژێردەستەییە ڕزگاریان بێ و ببنە خاوەنی قەوارەی تایبەتی خۆیان و دوا ڕۆژیان بکەوێتە ژێر دەست نەك لێخوردرێن. سەربەخۆیی ( نیشتمانی ) و پێکهێنانی ( دەوڵەتی نەتەوەیی )کاردانەوەی ژێردەستەیی کۆمەڵایەتی و چەوساندنەوەی کۆمەڵانی فراوانی خەڵکە کە لەو قۆناغە تایبەتیانەدا ئەو مەفهومانە دەبنە چوارچێوە و کڵێشەی ، بەڵام لەدوای ئەوەی ڕاستەوخۆ داگیرکەر لەزۆربەی زۆری ئەو وڵاتانەدا نەما و زۆربەیان بەناو سەربەخۆی خۆیان وەرگرت ، کۆمەڵانی خەڵك چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد کە بەرامبەر ئەو خەبات و قوربانیانەی کە داویانە لە بارودۆخێکی لەبارتر و ئاسوودەتر و چەسپاوتردا خۆیان بینیەوە ، کەچی بەپێچەوانەوە هەر لەپاش ماوەیەکی کورت مەفهومی سەربەخۆیی و دەوڵەتی نیشتمانی بۆیان بووە

زیندانێکی نوێ و تەنیا زیندان بانەکان گۆڕان و ( قارەمانی نەتەوایەتی و نیشتمانی ) چووە جێگایان و ئەو مەفهومانەش لەتەنیا سەرابێك زیاتر هیچی تریان لێ نەمایەوە و بەهەزاران شێوەی نوێ دائەڕوتێنرێن لەخزمەتی چینێکدا کە خزمەتکار و پاسەوانی بەرژەوەندی سوود و قازانجی چینی سەرمایەداری جیهانیە و لەسەر بچوکترین داواکاری زۆرانە سەرکوتیان دەکەن . ئا لە وێدایە کە مەفهومی نەتەوایەتی و نیشتمانی پوچ دەبێتەوە و لەمەفهومە کۆمەلایەتیەکەی دائەماڵرێ و بەکردار هیچ پەیوەندییەکی واقیعی بەسەلماندنی بوونی کۆمەلانی خەلکیەوە نامێنێت و لێی جیادەبێتەوە و تەنیا کلێشەکەی دەمێنیێتەوە کە بەزۆر مەفهومە کۆمەلایەتیەکانی تێ ئەئاخنن ، چونکە هەر لە سەرەتاوە جگە لەناوەڕۆکە مێژوویەکەی تەنیا ئەو کلێشە لەباروگونجاوە بووە لەو قۆناغە مێژوویەدا کەبوە بە منفذی دەربڕینی ئازار و ئەشکەنجەی کۆمەلایەتی و کلێشەی لەباری خەباتی باوی سەردەم ، کەجێگەی کلێشە و ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی خەباتی کۆمەلایەتی ( وەك پێویستیەکی مێژوویی ) گرتۆتەوە هەر لە مەفهوم و ناواخنە مێژوویەکەیەوە وەك کاردانەوەیەك بەرامبەر داگیرکەر تا دەگاتە شێوە شێوێنراوەکەی و تێئاخنینی ئازار و هەلچوونی کۆمەلایەتی و ئاراستەکردنی .

ئینجا لەناو ئەو بارودۆخەوە بەدوای بنەما پێکهێنەرەکانی ناکەسایەتیدا دەگەڕێین کەزۆربەیان نەفی کەسایەتی تاکەکەس دەکەن و هەتا مرۆڤ تیایدا وشیار بێتەوە زیاتر هەستی ونبون و نامۆبوونی زیاددەبێت و زیاتر دابڕانی لەوقیعدا دەخەملێ بەبێ ئەوەی جێگە و ڕێبازی بەتالبوونەوەی پێویستیشی لەبەردەستدا بێت ، بەپێچەوانەی حالەتی ئەورووپیەوە کە ئەو ڕێبازانە هەرهیچ نەبێت ئارادەیەك لەسەرئاستی ژیانی تایبەتیدا گەلالەبووە ، بەلام لەم کۆمەلگایانەی دواییدا سەرەرای نەبوونی ، گەران بەدواشیدا گەلێك ناجۆر و دەردیسەری هێنەرە ئەگەر فەوتان و سەرتیاچوونیشی تیا نەبێت . لەپێشهەمو شتێکەوە قەوارەی سەربەخۆیی تاکەکەسی وەك ئەو مەفهومە واقیعیەی تا ئەمرۆ گەلالەبووە ، بەستراوەتەوە بە بنەما مادییەکەیەوە ( وەك باسی لێوەکرا ) و لە بەر نەبوونی ئەو بنەمایە وەك بنچینەیەکی سەرەکی و شێواندنی دەرەبەگایەتی و شێوازە کۆنەکانی پێشوو و هەلوەشاندنەوەی شیرازەی ئەو کۆمەلگایانە و هاتنە

کایەوەی شێوازێکی نوێی تێکەڵ و پێکەڵ ، کەبارێکی ناجۆر و ناتەبا وئاڵۆزی هێناوەتە پێشێ . نەئەوەتا ئەوەندە توانای مادی لەبەردەستدا بێت کە تا رادەیەك بەئاسانی واز لەبنەما کۆنەکان بهێنرێت و بێ بنێنە ناو پەیوەندیەکی نوێوە ،نەئەوەتا بتوانرێت وەك پەیوەندی کۆن لەئاستی لایەنی کەمی گوزەرانیدا ژیان بەسەر ببرێت بەهۆی ئەو گۆڕانکاریە ڕوکەشانەی دەوڵەتی نوێوە و پێنانە قۆناغێکی جیاوازەوە ، هەروەها بەهۆی هۆیەکانی ڕاگەیاندن و گەیاندن و پەیوەندی جیهانی نوێوە کە چاوبرینە بۆ سەر ئاستی ژیانی ئەوروپی ( کە بۆ کۆمەلانی خەلکی ولاتانی جیهانی سێیەم ) دەبێتە داواکاری و ئازار و ئارەزوو . لەم حالەتانەدا نەئەتوانرێ دابڕێ بەتەواوەتی، نە ئەوەتا وەك پەیوەندی کۆنیش پەیوەست بێت وەك هەموو کاریگەریە ئایدیۆلۆجیەکان و بیروباوەڕی بەهای مرۆڤ و کاریگەری ئاستی مادی چاوەڕوانکراو ئامانجی ئازادبوون لە پۆخلەواتی ئەو واقیعانە و ڕەتکردنەوەی خوونەریتی باوی کۆن .
لەلایەکی تریشەوە ناچاربوونی بەپەیوەست بوون و پیادەکردنی ئەو پەیوەندیانە لەژیانی ڕۆژانە و هەڵسوکەوت کردنیدا بۆچونێکی دووفاقە ئەخولقێنێ وحالەتێکی وا دڕانی دەرونیە و ساغ نەبوونەوەیە . ناچەسپاوی بارودۆخی کۆمەلایەتی و ئابوری و سیاسی و گۆڕانی کتوپڕ و نائاسایی حالەتێکی ترە کە کۆمەلگای ڕۆژئاوایی دەمێکە ئەو قۆناغەیان بڕیوە و لەبارودۆخێکی تارادەیەك چەسپاودا دەژین کە جۆرێك لەجیابونەوە دروست بووە لە نێوانی ژیانی تاکەکەسی و ڕژێمی دەوڵەتدا کە ناڕاستەوخۆ کاریگەرە لەسەری ، بەلام بەحوکمی ئەو بارە ناچەسپاویەی ئەو ولاتانە و هەڵبەزو دابەزی ڕاستەوخۆ و جۆرێتی و ڕێباری ڕژێمی ، دەولەت بەستراوەتەوە بەژیانی تاکەکەسەوە ، چونکە نەپەیوەستێکی تەواو نەجیابونەوەیەکی تەواو پێك نەهاتوە لەو نێوانەدا بچوکترین گۆڕانی باری ئابوری و سیاسی و تەنانەت نێودەولەتیش بەچاك و خراپ کاریگەری خۆی لەسەر بارودۆخی تاکەکەس بەجێ دەهێلێت . ئەمە بارێکی ناجۆر بۆ کەسایەتی پێك دێنێت کە هەمیشە وەك چاوەڕێ بوون لەچاوەڕوانی گۆڕانی بابەتی و تایبەتیدا بێت و لەگەڵ هەموو ڕووداوەکاندا دلەڕاوکێی ئەمڕۆ سبەینێی بێ چونکە بەگشتی داواکاریەکانی هەڵواسراوە و زەمینەی پڕکردنەوەی لێ تەسك کراوەتەوە بەوشێوەیەی کە ژیان دەبێت بەکردارێکی پچڕپچڕ و ڕۆژبەڕۆژ وپچڕان و

گریدان ، دەستپێکردن و وازهێنان ، هەوڵدان و پاشگەزبوونەوە ،پینەکردنی ئەمڕۆ و پاڵپێوەنانی و چاوەڕێکردنی نەهامەتی سبەینێ . بەکورتیەکەی بارێکی نائاسایی و نەچەسپاوی پیاراتەگشتی پڕکردنەوەی پێداویستیە سەرەکیەکان و ڕاکردن بەدوایاندا کردارێکی ڕۆژانە و باروئەرکێکی قورس و گشتیە، لەلایەکی ترەوە نەبوونی بچوکترین بەهای مرۆڤ و ڕێزلێنەگرتنی وەك بونەوەرێکی کۆمەڵایەتی نەوەك مەفهومی کۆنی ناو پەیوەندی دەرەبەگایەتی وهۆزایەتیەکانی پێشوو و نەوەك مەفهومی سەردەم و پەیوەندی سەرمایەدارێتی و نەوەك هیچ مەفهومێکی مرۆڤایەتی گشتی مرۆڤ ، نەبوونی پەناگایەك کەبچوکترین مافی بپارێزێ و دابینی ئەوەی بۆ بکات کە مرۆڤە و هەموو پارێزگاریەکی خودیمرۆڤ چ وەك مەفهوم و چ وەك واقیع دەکەوێتە جۆرێتی بۆچوونی خۆی و ئەستۆی خۆی و کەس و کاری . ئەمە خاڵێکی گرنگە لە پێلێنان و ژیانەوەو نەپچڕانی پەیوەندی هاوخوێنی .چونکە لەبەر نەبوونی بنەمای ئەو دابینکردنە کۆمەڵایەتیەی کە پێویستە یەکێك بێت لەبنکەی ژیانی کۆمەڵایەتی ، تاکە کەس ناچارە پشت بەخۆی و کەس وکاری ببەستێ، کە نەك لەلایەن دەوڵەتەوە ئەو بارە کۆمەڵایەتیە نەخولقێنراوە ، بەڵکو لایەنێکی سەرەکیشە لەسەرکوتکردن و کوشتن و برینداو بچوکترین باوەڕ بەدەسەلاتی دەوڵەت ناکرێت ئەگەر کەسێك سەرشۆڕ و ئەداتی بەکارهێنانی دڵسۆزی بێدەنگی دەسەلاتدار نەبێت( وەك لەوەوپێش باسیلێوەکرا ) ئەمە هۆیەکی گرنگە لەژیاندنەوە و زیندوکردنەوەی هۆزایەتی و دەرەبەگایەتی بەشێوە سەردەمیەکەی کەزۆربەی زۆری پێکهاتووی شێوەی دەسەلاتدارێتی ئەو وڵاتانە ئەگەر دیکتاتۆری و تاکەکەسیش بێت شێوەیەکی خزمایەتی و هۆزایەتی لەخۆگرتووە . تاکەکەس لەنێوانی دوودڵی و هەڵبەزودابەزی خاوەندارێتی خودی خۆی و خاوەندارێتی دەوڵەت بۆی وون بوونی دەخەملێ .

باری دەرونی لەو بارودۆخانەدا ئەگەر هێمنی و ئارامی و بێدەنگیش بێت،بارێکی شێوێندراوی ئەو مەفهومانەیە وەك ڕەنگدانەوەیەکی بێدەسەلاتێتی و هەست بەلاوازی و ناتوانایی و هیچ نەکردن ، کەزیاتر ئەو بارە خۆی لەخۆیدا پێکهێنەری توڕەیی و هەڵچوون و خۆخواردنەوەیە کە نائارامی و ناچەسپاوی دەرونی بەدوادا دێت بەهۆی ئەو هەموو کێش و قورساییەی لە

سەریەتی ،هەر للایەنە سیاسی و دەسەلاتداریتیکەوە هەتا کێشی ئابوری و کۆمەلایەتی و حەل نەبوونی و مانەوە و زیادبوونی ڕۆژانەی لەسەری بەهۆی نەبوونی ڕێگەی چارەسەرکردن و بەتالکردنەوەیان کە دەبێتە هۆی کۆچکردنی بیرکردنەوەی ساف و دروست و لۆجیکی و ماقول و بنیاتنەر ، دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ بەزانێ چی دەکات و لەکوێدایە و لەچیدا خۆی ببینێتەوە کە زۆرجار لەبچوکترین شت دا دەتەقێتەوە و ..لدەچێت و لەوبارەدا گوێگرتن و تێگەیشتن نەسك دەبێتەوە ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی دەبێتە هۆی گەیاندنی کێشی ئەو دەسەلاتدارێتی یەی لەسەریەتی ، ئەو فەهر و قورساییە بۆ خوار خۆی ، ئەوانەی دەسەلاتی بەسەریاندا دەشکێ وەك ناوخێزان ، ژن‌ومندال ، یا وەك سەرئیش ، بەردەست و شاکرد ...هتد . لادانە کۆمەلایەتیەکانی ئەم بارودۆخە گەلێك زۆرە کە خەلکی بەدوای شتێکدا دەگەڕێت خۆی پێوە خەریك بکات ، خۆی پێ بێهۆش بکات ، خۆی پێ لەبیر خۆی بەرێتەوە ، وەك کاردانەوەی ئەو بارەی تیا دەژی لەشتێکدا ڕەنگی پێ‌باتەوە وکاریگەریەکەی لەسەر لاچێت کە دەتوانین بلێین بەهەردوو ئاراستەکردنەکەی لە پێکهێنەری کەسایەتیدا کاریگەری سەرەکیە چ وەك نێگەتیف و چ وەك پۆزەتیف کەزیاتر ئەو بارودۆخە ناهەموار و دواکەوتووە پالپێوەنەری ڕووە نێگەتیڤەکەیە وەك هەموو ئەو بنەما دواکەوتوانەی ناو کۆمەلگا و سەرکوتکردنی هەموو هاوارێکی کۆمەلایەتی و جۆرە بیرکردنەوەی نوێی بنیاتنەر ، جگە لەباری ڕۆشنبیری گشتی و نەخوێندەواری و نەبوونی ئازادی هەلسوکەوت و بیر و چالاکی و نەبوونی بچوکترین بنەمای دیموکراتی و مافی کۆمەلایەتی و شارستانی . تاکە کەس ئەگەر بیەوێت ژیانی بایەلۆجی مانەوەی دابین بکات ، دەبێت بە دوای بوارێکدا بگەڕێت ئەوانە هیچیان نەبێت بەو مانایەی کە هیچ نەگەیەنێت ، بەواتای نەمیبوونی خۆی نەزعەی ئەو دڕندایەتی و دەسەلاتداریە بە زەبر و زەنگە وا لە کەسایەتی تاکەکەس دەکات کە بەدوای سەرچاوەی دەسەلات و هێز و توانادا بگەڕێ کە هەمووی بەلگەی ئەوەیە تاکەکەس هیچ قەوارەیەکی نیە و دەیەوێت لە قەوارەیەکی گەورەتر و بەهێزتردا خۆی بدۆزێتەوە و بوونی خۆی تیادا بسەلمێنێ بەو شێوایەی کە ئەو بنەما شێواوە بۆی خولقاندووە. بەرامبەر ئەم نەزعەیە ، پێکهاتووی لاواز و بێدەسەلات و دەتوانین بلێین ماسۆشی

پێکهاتووە کە هەڵقولاوی هەمان واقیعە کە بەرگەی ئازار و دەرد و ڕەنج کێشان دەگرێ و لەجێگەی خۆی سڕی دەکات ، وەك بونەوەرێکی واق وڕماو، دابڕاو ، بێ پلە وئاستی کۆمەلایەتی و هەموو کاتێ هەردوو لایەنەکە قوربانی ئەو بارە بابەتیەن کە خۆیانی تیا دەبیننەوە . ئەمجۆرە پێکهاتووەی دوایی زیاتر بەستراوەتەوە بە باری ئافرەتەوە و حالەتی یەکەم بەپیاوەوە ، پێکهینەر و تەواوکەری ئەو ناکۆکیەن کە لەو واقیعانەدا بۆیان خولقاوە و زەمینەی بوونی لە پەیوەندیە دەرەبەگایەتیەکانی پێشوەوە سەرچاوە وەردەگرێ . نەبوونی هیچ یاسا و پێوانەیەك بۆ پاراستنی بەهای مرۆڤ ، بەتایبەتی ئافرەت ، زیاتر ئەو بارە ئەچەسپێنێ ، سەرەڕای ئەوەی ئەو بارودۆخە بەکردار ئەو پێکهاتویە ئەخولقێنێ و پیادەی ئەکات .

بەشێوەیەکی گشتی سنووری ژیان بەسەربردن بەجۆرێك تەسك کراوەتەوە ( کە تەنیا پارێزگاری لەچێژە ساکارەکانی بایۆلۆجی بکرێت )(٦) تەنانەت لەجێگەی خەویشدا ئارامی بەخۆوە نابینرێت و هەستی دەست وبێ ی بەستراوە کابوسێکی سەرسنکە . هەموو نەبوونیەك و هەموو پێویستیەکی پڕنەکراوە و بێ لەجەرگەنان بۆی حالەتێکی ناجۆر وناچەسپاوی دەروونی بەدوادا دێت کە دیوار لەدوای دیوار هەلێ ئەچنێ و ئەستووری دەکات لەدەرەوە و ناوەوە، هەر لەپەیوەندی سەرکار و هەلسوکەوتی ناو کۆمەلگاوە بەرامبەر دەسەلاتدارێتی و پەیوەندی ناو خێزان هەتا دەگاتە پەیوەندی برادەرایەتیش پێکهاتووی پەیوەندی نێوان درزی ئەو دیوارانەیە و هیچی پێکهاتووی پەیوەندیەکی سروشتی و مرۆڤایەتی نیە و بەئاستەم خۆی لەو بوارە دەدات . هەروەها لەبەر نەبوونی بەهای کۆمەلایەتی مرۆڤ وەك ڕەنگدانەوەی دەور و بەری دایلوسینەر و سەرکوتکەری ناو کومەلگا و نەبوونی ( ئیندماجی ) کومەلایەتی و جیاوازی زۆری نێوان کرداری واقیعی و ساغەبوونەوەی مەفهومە گشتیەکانی هەریەك لەژن ، پیاو ، منداڵ ، پیروپەککەوتە ، کرێکار ، قوتابی ،خوێندەوار، نەخوێندەوار ، خەڵکی شار ، خەڵکی لادی ، دەولەمەند ، هەژار . . .هتد ، هەروەها بەحوکمی کەمی توانای مادی و نەبوونی هۆیەکانی پێویستی گەیاندن و گواستنەوە لەگەڵ هۆیەکانی پێشوودا ، باشترین زەمینەن بۆ تۆپەل تۆپەل بوون لەناو یەك کۆمەلگادا کە هەریەکە ئارادەیەك کۆمەلگایەکی بچوك پێك

دێن . نەبوونی ئەو پەیوەندیە بابەتیە لەنێوانی ئەندامانی یەک کۆمەڵگادا ڕێ خۆشکەری جیابوونەوە و لێک دابڕانە ، تەنانەت لەبۆچوون و هەڵسوکەوتو داواکاری و ئامانجەکانیشیاندا کە ڕەنگدانەوەی ئەو حاڵەتە ، هەریەک لە شارەکەی خۆیدا ، لەلادێکەی خۆیدا سنوری هەڵسوکەوتی دیاری دەبێت و لەودیو جێگەکەی خۆیەوە خۆی بەنامۆ دەزانێ ، دیسانەوە سەرئەنجامی ئەو بارودۆخە پێکهێنانی خێزان دەبێتە تاقە ڕێگە و تاقە هیوایەک کە تاکە کەس خۆی پیاهەڵدەواسی تا بتوانێ لەڕێگەی ئەوەوە قەوارەیەکی تارادەیەک سەربەخۆ پێک بهێنێت و زوو هەوڵی بۆبدات . ئەوەی کەزیاتر ڕێخۆشکەری ئەم بارەیە پڕنەکردنەوەی پێویستی سێکسی و دواکەوتووی و خوێنەریتی باوی کۆنە . . بە حوکمی نەبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی پتەو لەناو کۆمەڵگادا ( تاکەکەس ڕوو ئەکاتە پەیوەندی ناوخێزان ) و پەیوەندیەکی بەهێز پێک دێنێت . لەبەر نەبوونی سیستەمی کۆمەڵایەتی ڕێکخستن و بەها گشتیەکان ، تاکەکەس ناچارە کاردانەوەکەی لەماڵەوەدا بسەلمێنێ و پەیوەست و سیستەمێکی سەرتاخواری باوکایەتی بخولقێنێ ، ئەمە جارێکی تر دەبێتە هۆی پتەوکردنی پەیوەندی سۆز و پەیوەستی تاکەکەس بێیەوە کە زیاتر سەر بەناو خێزاندا شۆڕکاتەوە ، کە زیاتر داخران و دابڕانی لێ بەرهەم دێت . بوونی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزە و نەبوونی ئەو پەیوەست و پەیوەندیەی ناو کۆمەڵگا و هەڵبەز و دابەزکردنی بە بێی بارودۆخی گۆڕاوی بڕوا پێنەبووی ، تاکەکەس ناچار دەکات کە بەدوای جێ بڕوایەکدا بگەڕێت کە هیچ نەبێت لەسەر ئاستێکی تەسکی ناو خێزاندا دانی پیابنرێت کە ئەو مرۆڤە و ژیانی مان و نەمانی وەک کاردانەوەیەکی کۆمەڵایەتی پێوە ببەستێتەوە و لەخۆشی و ناخۆشیدا پاڵپشت و هاوڕێ و هاوسەری بێت .

ئەگەر خولانەوەی تاکەکەس بەدەوری تەوەری بەرژەوەندی تایبەتی خۆیدا ، دیدەگای پێکهاتووی کۆمەڵگای ڕۆژئاوا بێت ـ وەک باسی لێوەکرا ـ ، بەبارە نێگەتیف و پۆزەتیفەکەیەوە بەراوردی بکەین بەباری تاکەکەس لەوڵاتانی جیهانی سێیەمدا ، ئەوا هەردوو لایەنەکەی لەتایەکی پۆزەتیفدا دەوەستێتەوە و پێکهاتووە نێگەتیف و پۆزەتیفەکەی دیدەگای تاکە کەسی وڵاتانی جیهانی سێیەم لەتایەکی نێگەتیفدا . چونکە ئەو تەوەر وەرگرتنەی خودی مرۆڤی ئەوروپی

لەسەر بنەمایەکی مادی بەرز و لەباروودۆخێکی دیموکراتی‌دا خولقاوە، بەڵام بەپێچەوانەوە لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا لەباروودۆخێکی ترسناک و سەرکوتکەرانە و برسێتی و نەبوونیدا ئەو تەوەرە وەرگرتنە بەدەوری خودی خۆیدا پێکهاتووە .

هەروەها ئەگەر مەسەلەی نامۆبوونی مرۆڤی ئەوروپی وەربگرین لەبارە لۆجیکی و واقیعیەکەیدا ، کە لە دوولایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤدا ڕەنگ ئەداتەوە ، بەرامبەر بەنامۆبوونی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤی لۆجیکی و واقیعی مرۆڤ لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا ئەوا بەگشتی بەلۆجیکی دەردەکەوێت، یەکەم لەبەر ئەوەی داواکاری و ئارەزووی مرۆڤ لەوڵاتانی جیهانی سێیەمدا (نامۆبوونە لۆجیکیەکەی ) لەبارە واقیعیەکەی مرۆڤی ئەوروپیدا گەڵاڵە دەبێت و پێی نامۆ دەبن و داواکاریانە کەپێی بگەن ، دووەم لەبەر ئەوەی کەتا رادەیەکی زۆر مرۆڤی ئەوروپی ڕێگەوجێگە و ڕێبازی لەبار و گونجاوی بۆ خولقێنراوە بۆ خۆ بەتاڵکردنەوە و خۆ هەڵواسین بە شتێکەوە کەمرۆڤ هەستی بوونی خۆی تیا بخەملێنێ‌و بەبارێکی لۆجیکی و واقیعی تیادا نامۆبێت ( بەلایەنی کەمەوە لەسەر ئاستی بەکۆمەڵ بوونی تاکەکەس لەو بار- انەی کەسەلماندنی بوونی‌مرۆڤ دەگاتە ئەوەی کە لەبەرپەرچدانەوە و ڕەتکردنەوەی واقیعی دڕندانەی ئەمڕۆی کۆمەڵگای مرۆڤدا خۆی ببینێتەوە و کاری واقیعی‌و ڕۆژانەی بۆ بکرێت کە ئەم ڕێبازە سەرترۆپکی ڕەتکردنەوەی نامۆبوون و دەرک پێکردنیەتی وەک قۆناغی مێژووی خۆی لەکات و جێگەی خۆیدا ، لەوێدایە کە دەتوانین ناوی نامۆبونی لۆجیکی لێ‌بنێین ، چونکە هێشتا نەگەیشتۆتە ئەوەی ئەو مەفهومانەی‌پێکهاتووی پەیوەندیەکی مرۆڤایەتی مرۆڤە بەواقیعی پیادەبکرێ و سەرتاسەری پەیوەندی کۆمەڵایەتی ناو کۆمەڵگای مرۆڤ بگرێتەوە ، ئەمە لەلایەک لەلایەکی ترەوە چونکە لەهەمان واقیعدا ئەو چالاکیانە پیادە دەبێت کە مەفهومی دڕندایەتی تیادا باوە و ئەندامەکانی ئەگەر بەشداربوونێکی لاوەکیش بکەن ئەوا هەر بەشێکن لە پێکهێنەرانی کەلێرەدا وەک جەمسەرێکی ناکۆک دەوەستنەوە و تەواوکاری جەمسەرە ناکۆکەکەی ترن لەسەر هەمان زەمینەی واقیعدا لەگەڵیا لەململانێدان. بەو پێیە هەموو جۆرە ڕێباز و بۆچوونی ژیان بەسەربردنەکانی تر نامۆبوونێکی واقیعیە کە مرۆڤ تیایدا دەرک بە چییەتی - ماهیەتی- خۆی نەکات وەک

مەفهومە مرۆڤایەتیەکەی و لەسەر ئاستی مۆدێلی باوی سەردەم و داواکاریـــە ڕۆژانەکانی بڕوات ) بەو شێوەیە نامۆبوونی مرۆڤ لەوڵاتانی جیهانی سێیەمدا زۆر بەئاستەم دەگاتە نامۆبوونێکی لۆجیکی ، چونکە لەپێش هەموو شتێکـــەوە هەوڵدانی ڕاستەوخۆی لەو واقیعانەدا بەستراوەتەوە بە جێگە دۆزینـــەوەی واقیعی خۆیەوە کە لەو بارـ ارانەدا بەبەردەوامی نەفی بوونی دەکرێت و بـێ بەشە لەبچوکترین مافی سەرەتایی مرۆڤ . بەو پێیە ڕەنگدانەوەی‌نامۆبونەکەی کەشێوەی ـ کبت ـ و شاردنەوە و ترس و نەبوونی‌یە و بەبەردەوامی لەســەری کەڵکە دەبێت ، بارێکی دەروونی ڕوو لەزیادبوونە لەسەری ، بەبێ ئـــەوەی هیچ ڕێگە و جێگە و ڕێبازێکی واقیعی بەتاڵکردنەوەشی بۆ گونجابێت جگە لە نامۆبوون و ونبوون و نەفی‌بوونی و ڕۆژبەڕۆژ زیاتر بواری ئەو بوونـــەی پێ‌هەڵدەچنن و لەقالبی دەدەن ، کە لەحاڵەتی دژایەتی وەستاندنەوە و ڕەتکردنەوەی واقیعیشدا دەبیبینینەوە،وەك وتمان تەنیا داواکاری و ئارەزووەکانی بەحوکمی پێکهاتووی بابەتی و خۆیی چواردەورەکەی لەخاڵە سەرەکـــی و سەرەتاییەکانی بوونی مرۆڤدا گەڵاڵە دەبێت کە لەو ڕێگەیەوە لەواقیعی ڕۆژانەدا و لەو قۆناغە مێژووییەدا هەوڵی دابین‌کردنی دەدات .

لەحاڵەتێکدا دەتوانین بڵێین هەردوو نامۆبوونی لۆجیکی مرۆڤی‌ئەورووپی و وڵاتانی جیهانی سێیەم لەیەك دەدات کە مەودایەکی جیهانی هەبێت و هەڵگری بیروباوەڕی نێونەتەوەیی سەرتاسەری هەبێت . لەبەرپەرچدانـــەوەی واقیعی گشتی‌جیهاندا ، هەوڵدان بێت بۆ چەسپاندنی ڕاستەقینەی بوونـی مرۆڤ لەسەر ئەو ئاستە جیهانیە ، ئەمەش لەباروذۆخێکی جیهانی‌دا گەڵاڵـ دەبێت کە تا ئەمڕۆ سەرەتاکەشی دیار نیە .

### کەسایەتی لەباروذۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردەواریدا

ئینجا لەسەر پێکهاتووی ئەو باروذۆخەوە دێینە سەر کاردانـــەوە و کارلێکردنی ئەو تەنگوچەڵەمە قولانەی ئەمڕۆی سەردەم لەسەر باروذۆخـــی کۆمەڵایەتی باری کۆمەڵگای کوردەواری کە ڕاستەوخۆ لەناویدا کارلێکردن دەکاو کاریگەرە لەسەری ، یەکەم وەك مەفهومی گشتی سەلماندنی بوونی مرۆڤ لـــە جیهاندا ، دووەم وەك ئەوەی دابەشکراوی ئەو وڵاتانەیە کە سەر بەوڵاتانـــی

جیهانی سێهەمن و لەگەڵ بارودۆخی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیاندا پەیوەستن و ڕاستەوخۆ بەستراونەتەوە بە جۆرێتی ڕژێمە سیاسیەکانیانەوە. ئەمە نەك هەر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کەمرۆڤی کورد وەك زۆربەی زۆری خەڵکانی ئەو کۆمەڵگایانە بەئاستەم جێگەی بوونی خۆی دەکاتەوە، بەڵکو بارێکی ئاڵۆزتر و تێکچڕاوتری بۆ خوڵقاوە کە زیاتر هۆکاری ناکەسایەتی بۆ دەسەلمێنێ و زیاتر قووڵی دەکاتەوە. لەهەمووی بەرچاوتر و زەقتر، مەسەلەی نەبوونی ئەو قەوارە نەتەوەییە سەربەخۆیە کەبووە بەکێشەیەکی سەرەکی و گشتی نەك لەبەر ئەوەی کە مەسەلەی نەتەوایەتیە، بەڵکو وەك ناواخنە کۆمەڵایەتیەکەی کەهەڵگری ئازارو ئەشکەنجەی کۆمەڵایەتی کۆمەلانی خەڵکە و بوارێکی ئایدیۆلۆجیە کە مرۆڤی کورد پەنای پێبردووە و بێی دەبات و داواکاری و ئامانج و هیوای دوا ڕۆژی پیاهەڵواسیوە، وەك مەفهومی سەرەتایی مانەوە و بەردەوامبوونی لەناو ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتیەدا کە بەشێوەیەکی نائاسایی تەسك کراوەتەوە. تێکچڕاوی هەر لەوەدا نیە کە مەسەلەی نەتەوایەتی زۆربەی زۆری بۆچوون و هەڵس و کەوتەکان دیاری دەکات، بەڵکو مانەوەی ئەو بارودۆخەیە بەشێوەیەکی بەردەوام کەچارەسەرنەکراوە و هەمیشە ئاگرەکەی خۆش دەکرێ و قوڵتردەکرێتەوە و دوژمنایەتی و تۆڵە و تۆڵەخوازی تیا تەشەنە دەکات، وەك ئەو حاڵەتەی مەفهومی نەتەوایەتی میللەتانی ژێردەستە لەقۆناغی خەباتی ڕزگاریخوازیدا دژی داگیرکەر و بێگانە، چەند کاریگەر بووە لەسەر بۆچوون و هەڵسوکەوت و هاندەری کۆمەلانی خەڵك بووە بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی. ئەو قۆناغە مێژووییە لەسەرەتای داگیرکردنەوە دەست پێدەکات تا " ڕزگاری " کەقۆناغی خۆئامادەکرن و خەبات و تێکۆشان و فیداکاری و لەخۆبووردوویی و حیزبایەتیە... هتد. ئەوا بەهەمان شێوە ئەو بارودۆخە تارادەیەك لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە و لەدوای گەشەسەندنی بیری نەتەوایەتی و مەسەلەی ڕزگاریخوازی وڵاتانی جیهانی سێیەم لەکۆمەڵگای کوردەواریشدا دەنگی داوەتەوە وەك پرۆسێسە مێژوویی و بابەتیە سروشتیەکەی کە تەنیا سەرکوتکردن و کوشتن و بڕین و ماڵ کاولکردنی بەسەردا ساغکردۆتەوە، هەر لەو سەرەتایانەوە تا ئەمرۆش کۆمەڵگای کوردەواری خۆی لەژێر درێژبوونەوەی ئەو قۆناغەدا بینیوەتەوە بەبێ ئەوەی توانیبێتی و بواری هەبووبێت کە

دەوڵەتێکی ناسیۆنالیستی سەربەخۆی خۆی دامەزرێنێت ، یا دەستکەوتێکی ئەوتۆی بەدەست هێنابێ کە بنەمای کۆمەڵگایەکی چەسپاو پێك بهێنێت جگە لە شکستیەکی زۆر بەولاوە . ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە وەك چارەسەرنەبونی ئەو کێشەیە لەبنەچەوە زیاتر پێی لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی داگرتووە کە کۆمەڵگای کوردەواری لەو بارودۆخە ئاڵۆزەدا هەڵسوکەوت و هەڵسورانی تیا گەمارۆدراوە و ڕۆژبەڕۆژ زیاتر مەسەلەی نەتەوایەتی لێبۆتە کلێشەی داواکاریە کۆمەلایەتیەکان و بەها مرۆڤایەتیە ونبووەکان .بەو پێیەی کە لەواقیعدا نەفی بوونی دەکرێت و مرۆڤیش دەبێت پارێزگاری لەبوون و مانەوەی خۆی بکات ئەوا مەسەلەی نەتەوایەتی بەو پلەیەش گەیشتوە کە ببەسترێتەوە بەبەرگریکردن لە ژیان و مانەوە و پاراستنی وەك مەفهومێکی ئایدیۆلۆجی بەرامبەری ئەو ئایدیۆلۆجیە دژەی کە سەپێنراوە بەسەریدا . لەم گرتە و بەردەیەدا دەگەڕێت بەدوای بواری بوونی خۆیدا کە خۆی تیا بدۆزرێتەوە و تیایدا حاڵەتێکی نیمچە چەسپاوی دەستکەوێت " لەگەڵ ئەوەی کە مرۆڤ دەتوانێت لەگەڵ زۆربەی بارودۆخدا خۆی ڕابێنێ ، بەلام تەنیا کاغەزێکی سپی نیە کە ڕۆشنبیری دەقەکانی خۆی تیا بنووسێتەوە . پێویستە شاراوەکانی ناوەڕۆکی کە وای لێدەکات هەولی بەختیاری و تەبایی و خۆشەویستی و ئازادیبدات، لەرەوەندی پرۆسێسی مێژویدا بەکۆمەلێ هۆکاری دینامیکی دەژمێردرێت کە ئەگەر داشکێنرایەوە دەبێتە هۆی کۆمەلێ کاردانەوەی دەروونی و لەمەودایەکی دووردا بەو لایەدا دەشکێتەوە کە بارودۆخێکی گونجاو بخولقێنێ بۆ هێنانەدی ئەو پێداویستیە سەرەکیانە ، وە هەتا بارودۆخی بابەتی کۆمەڵگا و ڕۆشنبیری چەسپاو بێت ئەوا مۆرکی کۆمەلایەتی لەبنچینەدا ئەرکی چەسپێنەر دەبینێت ، بەلام ئەگەر بارودۆخی دەرەکی بەشێوەیەك گۆڕا کە لەگەڵ خو و نەریت و مۆرکی کۆمەلایەتیدا نەگونجێت ، ئەوا دەبێتە هۆی پێکهێنانی بۆشاییەك ـ فجوة ـ کە بەلایەنی زۆرەوە وا لەمۆرکی کۆمەلایەتی دەکات وەك توخمێکی هەلوەشێنەر کاربکات لەجیاتی ئەوەی توخمێکی چەسپێنەر بێت" (٧) .

بارودۆخی بابەتی و کۆمەلایەتی کۆمەڵگای کوردەواری هیچ کاتێك ـ بەتایبەتی لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە ـ بارێکی نیمچە جەسپاویشی بۆ نەخولقاوە کە بەئاستەم ڕۆشنبیر و بنەما کومەلایەتیەکان تیادا گەشەبکات و هۆکارێکی

ئایدیۆلۆجی بنیاتنەر و چەسپێنەر بێت سەرەڕای ئەو هۆکارە دەرەکیەی کە وەك کێشێکی ڕوخێنەر و هەڵوەشێنەرەوە کاریگەربووە لەسەری و کاری تێکردوە ئەوا هەمیشە لەبارودۆخێکی بابەتی ناچەسپاودا خۆی بینیوەتەوە کەرێ خۆشکەری دابڕین و مەیدانی ململانێ و جەنگ و کوشتن و بڕین و گرتن و ڕاونان بوە ، هیچ کاتێك خاوەنی دەوڵەتێکی بەهێز و توانا نەبووە کە بنەمای کۆمەڵایەتی دارێژێت و مەفهومە گشتیەکانی پەرەپێبدات و بتوانێ وەك میللەتێکی زیندوو و وەك پەیوەندیەکی نێونەتەوەیی سەردەمەکەی جێگەی خۆی لەنێو کۆمەڵگاکانی دەوروبەریدا بکاتەوە ، وەك تێهەڵکێش و تایبەتمەندێتی . سەرەڕای ئەو دابەشکردنەی بۆتە هۆی لاوازی و بێ توانایی و لەیەکتر دابڕین کە هەر بەشەی وەك کەمایەتیەکی بچووك لەناو سنووری ئەو دەوڵەتانەدا نەیتوانیوە و بواری ئەوەی نەبووە کە تایبەتمەندێتیەکی جیاواز و سەربەخۆ پێك بهێنێ ، جگە لەوەی کە بواری ئەوەی بۆ نەرەخساوە هەربەشەی لەگەڵ بەشەکانی تردا کارلێکردن بکا و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی نێوانیان پتەو بکەن و بەردەوامی پێبدەن ، بەهۆی ڕێگرتن و سنووردانانی ئەو دەوڵەتانەوە ، سەرەڕای جیاوازی پێکهاتووە ئابوری - کۆمەڵایەتیەکانیان کە بۆتە هۆی پێکهێنانی جیاوازی لەنێوان بەشەکانی کۆمەڵگای کوردەواریدا ، هەرچەندە چەندین خاڵی هاوبەشی کۆمەڵایەتیش لەنێوانیاندا هەبێت ئەوا زیاتر شێوازی ژیانی ئابوری-کۆمەڵایەتی ئەو میللەتانەیان وەرگرتووە کە پێکەوە لەسنووری دەوڵەتێکدا بەڕەسمی دەژین ، لەلایەکی ترەوە بەحوکمی ئەوەی جێگەی نابێتەوە ئەو تێکەڵبوونە لەسەر بنچینەی هاوتابوون پێك بێنێت ، وەك پێکەوە ژیانی دوو نەتەوەی جیاواز لەسنوری دەوڵەتێکدا کە یەکسان بن لەمافە سەرەتایی وسەرەکیەکاندا ، بەڵکو وەك بەشێك لەو نەتەوانە لەقەڵەم دەدرێن بەحوکمی پێکهاتووی ناسیۆنالیستی ئەو دەوڵەتانە ، کەوەك پرۆسێسێکی مێژوویی گەڵاڵەبووە و بە کردار دەی چەسپێنن . لەم حاڵەتەدا مرۆڤی کورد لەنێوانی کۆمەڵگای کوردەواری و کۆمەڵگای ئەو میللەتانەدا لەبارێکی ناکۆکدا خۆی دەبینێتەوە بەوەی کە ئەو پێکهاتووە ناسیۆنالیستیانە نەفی بوونی دەکات و لەلایەکی تریشەوە بەحوکمی بنەما مادی و ژیانەوەریەکانیش دەبێت پێکەوە پەیوەست بن و مامەڵە لەگەڵ ئەو پەیوەندیەدا بکەن . لێرەدا ئەم دابڕانە ئایدیۆلۆجیە و

ئەو تێهەڵکێشە ئابوریە حاڵەتێکی دووفاقە ئەخولقێنێ کەوەك کاردانەوەی نەمیکردنەوەکەی زیاتر بەکۆمەڵگای کوردەواریەوە پەیوەست دەبێت و وەك پێداویستیەیە ژیانەوەریەکانیشی دەبێت لێی دابشکێنێ و خاوی بکاتەوە و بەو پێیە لەو نێوانەدا دەبەسترێتەوە و ئەو هاوتاراگرتنە حاڵەتێکی هەڵبەرودابەز و ناکۆك ئەخولقێنێ وەك خودی مرۆڤی کورد بەرامبەر باری بابەتی کۆمەڵگای کوردەواری و وەك باری بابەتی کۆمەڵگای میللەتانی تر بەرامبەر خودی مرۆڤی کورد . ئەو تێکەڵبوون و پەیوەندیە بنەماییەی کە ئابووری و ژیانەوەریە بە حوکمی پێویستی مێژوویی دەچێت بەرێوە و دەبێتە هۆی دارمان و دادرانی ئەو ئایدیۆلۆجیەی کە بنەمای نیە پارێزگاری لێبکات و بە هەڵواسراوی ماوەتەوە ، کەرۆژبەرۆژ لێی دائەشکێنرێ ( کەپرۆسێسێکی ئازاراویئەشکەنجە هێنەری رۆژانەیە ) و بواری ربندووبونەوە و تەشەنەسەندنی لێتەسك دەکرێتەوە بەوپێیە کۆمەڵگای کوردەواری نەپارێزگاری ئەو کلێشەیەی بێدەکرێ بەبێ بنەمایەکی مادی سەربەخۆی نەبەتەواوەتیش قبوڵی ئەو ئایدیۆلۆجیە دەکات کە لەسەر ئاستی بنەما مادییەکەیەوە پێوەی پەیوەستە ، چونکە وازلێهێنانی ئایدیۆلۆجی خۆی و جێگرتنەوەی ئایدیۆلۆجی میللەتانی تری سەردەست بەستراوەتەوە بە حوکمێکی ئیجباریەوە نەك ئیختیاری و لەرەوەندی پەیوەست بوون و پەیوەندی و ئاڵوگۆر لەگەڵ ئەو بنەما ئابوری و ژیانەوەریەدا بەدیلێکی ئایدیۆلۆجی دژیشی لەگەڵدایە کە بەزۆر دەسەپێنرێ ،بەو واتایەی کە جۆرە دژایەتیەك پێك دێنێت لەنێوانی سەرخان و ژێرخاندا . کۆمەڵگایکوردەواری سەرخانی خۆی دەوێت وەك ئەو ئایدیۆلۆجیەی باسیلێوەکرا و دەیەوێت بەپێی ئەو بنەمایەکی بۆ دارێژێ نەك بەپێچەوانەوە ، چونکە بەشی سەرەکی ئابوری و ژیانەوەریە بنچینەییەکان بەدەستی بۆرژوای میللەتانی سەردەستەوەیە و لە حرمەتیاندا بەکاردەبرێت و وردەوردە بەرە لەژێر کۆمەڵگای کوردەواری دا راکێشراوە کە هیچی سەرەکی و بنچینەیی لەژێر دەستدا نەماوەتەوە و لە پرۆسێسی گشتی بەرهەمهێنانیاندا رۆڵێکی لاوەکی دەبینێت ، ئەویش زیاتر وەك دەستی ئیشکەر . چونکە لەو بارە نائاساییانەدا کە دابەشکراوی ئەو دەوڵەتانەیە کە سەر بەوڵاتانی جیهانی سێیەمن لەقۆناغی مێژوویی خۆیاندا توانیویانە دەوڵەتی ناسیۆنالیستی پێك بێنن " کە لەهەریەکێکیاندا لەهەوڵی

میللەتی کورد بەدەر نەبووە " بەو پێیەی کەباری کۆمەڵگای کوردەواری ئەمڕۆ ناچوێنرێت بەباری دەولەتێکی داگیرکراو لەلایەن بێگانەوە ، چونکە وەك ئەو دەولەتانەی تیایدا بەشکراوە وەك پەیوەندیەکی نێودەولەتی و پرۆسێسێکی مێژوویی ئەو قۆناغەیان بڕیوە و ئەمڕۆ سەردەمی بارێکی نوێیە و قەبارەی ئەو کێشەیە خزێنراوەتە کلێشەی ئەو دەولەتانەوە وەك کێشەیەکی ناوەکی نەك وەك کێشەیەکی نێو دەولەتی ، بەو پێیە لەزۆربەی زۆری بنەما ئابوریەکان داماڵراوە و تەنیا مەفهومە سیاسی و ئایدیۆلۆجیەکەی ماوەتەوە کە ئەمەش ئەو دژایەتیە پێك دێنێ کە ئەو سەرخانەی ئەو دەولەتانە پیادەی دەکەن لەگەڵ بنەما ئابوریە گشتیەکانیاندا تەبا و جوت بێت و خزمەتی مانەوەی دەسەلاتداریتیان بکات ، ئەمەش واتای نەفیکردنی ئایدیۆلۆجی سەرخانی کۆمەڵگای کوردەواری و لەو نێوانە دژبەیەکەدا ونبوونی کەسایەتی کوردی تیا ئەخەملێ . هەتا لەو کۆمەڵگایانەدا لایەنی ئابوری و ژیانەوەریەکان بەهێز و توانا و پێکەوتوو بێت هۆکاری شێبوونەوە و هەڵوەشاندنەوەی ئەو سەرخانەیە لەمەودایەکی دووردا کەزیاتر ناچاربوونە بۆ دەست لێبەردانی و پەیوەست بوون بە پەیوەندیە کۆمەلایەتیە گشتیەکانەوە کە لەئایدیۆلۆجی سەردەستدا کەلاڵە دەبێت و هەتا ئەو بنەمایانە لاواز و بێتوانا و دواکەوتووبن بە پێچەوانەوە زیاتر وەك پەیوەندیەکی دەرەبەگایەتی هۆکاری پەیوەست بوونە پێیەوە .

لێرەدا دەبێت پەنجە بۆ ئەوە ڕاکێشین کە لە پەیوەست بوونی کۆمەڵگای کوردەواریدا بە بنەما ئابوری و ژیانەوەریەکانی ئەو دەولەتانەوە لە قۆناغی پێشکەوتنی بنەمای گشتیاندا وەك ڕەوتی مێژوویی کاریگەری ڕاستەوخۆیە لە پێگەیشتنی تازە بابەتی وردە بۆرژوای کوردیدا کە بەجارێ هەموو مەفهومەکان زیندوو دەکاتەوە و گەشەی پێدەدات . لەم قۆناغە تایبەتیانەدا وردەبۆرژوای کورد هەست بەبوونی خۆی دەکات وەك بەدیلێك بۆ چارەسەرکردنی ئەو ناکۆکیە و دەسەلات گرتنە دەست ، هەر فرسەتی سەرهەلدانی هەبووبێت خۆی خستۆتە ڕوو . بەواتایەکی تر پێشکەوتنی بنەمای ئابوری ئەو دەولەتانە بەگشتی بەر ئەنجامێکی لاوەکیە بۆ پێگەیشتنی وردە بۆرژوای کورد ، لەو قۆناغەدا بوار و زەمینە خۆش دەبێت کە ئامانجی جیابوونەوە و ناسیۆنالیستی

هەڵبگرن ( بەحوکمی بەردەوامی کێشەکە ) ئەمەش بۆتە هۆی هەموو ئەو تەفینەوە چەکداری و سیاسیانەی میللەتی کورد بێی هەستاوە و بۆتە هۆی پێکهێنانی بارودۆخێکی ناهەموار و لەناوبردنی دەستەدەستەیی و زەبر و زەنگێکی بێشمار کەلەو سەرەتایانەی دەستی پێکردووە هەتا ئەمڕۆ بەر ئەنجامەکانی بەردەوامە " ڕەنگە تا ئەو کاتەش بەردەوام بێت کە ئەو کۆمەڵگایانە دەگەنە ئەو بارە پێشکەوتووەی تیایدا وردەبۆرژوای کورد حەل بێت بە لە ناوچوون و توانەوەی لەناو بۆرژوای سەردەستدا یا لە سیستەمێکی دیموکراتیدا ( کە نیمچە مەحاڵە بەلایەنی کەمەوە هەتا قۆناغێکی داهاتووش) یا لە شۆرشێکی کۆمەڵایەتی سۆسیالیستیدا کە بەشێکی نەپچراو بێت لە هەڵگەڕانەوەی کۆمەڵگای سەرمایەداری جیهانیدا " .

بەو پێیە ئەو چارەسەرەی هەتا ئەمڕۆ بۆ مەسەلەی کێشەی نەتەوایەتی کورد کراوە لەسەر دەستی دەسەڵاتداریتی ئەو دەوڵەتانەدا تەنیا لەناوبردن و هەوڵدانی توانەوەیی بووە لەقالبی میللەتەکانی خۆیاندا . بەرئەنجامی ئەو بارودۆخە بەگشتی ئازارە کۆمەڵایەتیەکانە و هەڵواسرانی مەفهومەکانە بە سەربەخۆییەوە و هەموو تێکشکانێك و دواکەوتنێك بەستراوەتەوە بەژێردەستەییەوە ، هەڵپێچرانی ئەو ئازادیە پێویستەیە کە بوار بۆ مرۆڤی کوردیش بکاتەوە بتوانێ پێناسەی خۆی بکات یا هەوڵی ئەوەبدات جێگەی خۆی بکاتەوە . ئەمە جگە لە دواکەوتوویی کۆمەڵگای کوردەواری **بەگشتی** کە هۆکار و ئەنجامی ئەو بارودۆخەیە وەك ئەو بارەی گەیشتگوێ خراوە زیاتر لەوەی کە هەوڵی گەشەکردنی بدرێ بەو حوکمەی بەهیچ جۆرێك چارەنووسی لەژێر دەستی خۆیدا نیە و هیچ یەك لەو دەوڵەتانەش مەبەستی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی کۆمەڵگای کوردەوارییان نەبووە زیاتر لەوەیکە هەوڵدراوە بواری سەرهەڵدانی سەرکوت بکرێ و لەبنەما کۆمەڵایەتیەکان داماڵرێ .

درێژبوونەوەی ئەو بارە کۆمەڵایەتی و سیاسیە،وەك باسی لێوەکرا ، لەو قۆناغە مێژووییەی کە بۆ میللەتانی تر قۆناغی ڕزگاریخوازی نیشتمانی و نەتەوایەتی بووە بۆ کۆمەڵگای کوردەواری تەنیا قوربانیدان و ماڵ کاولی لێ بەرهەمهاتووە و هەموو بوارەکانی ژیانی لە بواری سیاسەت و خەباتدا

پیادەکردووە و هەموو هێز و توانا و لێهاتووییەکی لەپێناوی سەربەخۆیی و ڕزگاری‌دا خستۆتەگەڕ ، کە سەرەڕای ئەوەی تەگەرە خراوەتە ڕێگەی پێشکەوتنی ، ئەو بارە ئالۆزەش وەك هۆکارێکی خۆیی ڕێگرێکی تری بابەتیە کە تا ڕادەیەکی زۆر هۆکاری شکاندنەوە و بێهودەیی‌یە . ئەو گوڕ و توانایەی لەو بارودۆخەشدا پێك دێت ، جارێکی تر کۆچ دەبێتەوە و بەتەوژمی نەتەوایەتی لەلایەن وردە بۆرژوای میللەتی کوردەوە ئاراستەدەکرێت ، کەوەك باری گۆڕانکاری بابەتی لەبازنەیەکی بۆشدا دەسووڕێتەوە و لە فەوتانی خۆی چ وەك کەسایەتی و چ وەك مانەوەی ، زیاتر هیچی ئەوتۆی لێبەرهەم نایەت .

لێرەدا دەتوانین پەنجە بۆ ئەو قۆناغە کورتە ڕاکێشین کە لەکوردستانی عیراق لەنێوان سالانی ۱۹۷۰-۱۹۷٤ دا پێکهات وەك خەملاندنی ئەو بارودۆخە و ڕەنگدانەوە کۆمەلایەتیەکانی بۆ یەکەمین‌جار لەمێژووی نوێدا کۆمەلگای کوردەواری بارێکی نیمچە چەسپاوی بەخۆیەوە بینی کە تا ڕادەیەکی زۆر تیایدا مرۆڤی کورد هەستی بە تەبایی و هێز و گوڕی خۆی بکات و کەمێك لەو کێش و قورساییە کەلەکەبووەی سەری سووك بێت و بەرەو ژیانێکی کۆمەلایەتی هەنگاو بنێت ( ئیتر چۆنێتی ئەو کێش و قورساییە و کاردانەوەی هەرچۆنێك بووبێتو پێکهاتووی دروست یا نادروستی مێژوویی بوو بێت ، ئەوەیە کە لەبارودۆخی کۆمەلایەتی کوردەواریدا ڕۆلی چەسپێنەری هەبووە و ئەو هەستەی لەکرداری ڕۆژانە و واقیعدا خولقاندووە ) . ئەو سالانە ئەو دەرفەتەی ڕەخساند باری دەرونی تارادەیەك لەنگەر بگرێ و جۆرە گونجاندنێکی کۆمەلایەتی لێ پێك بێت . لە دوای ئەو سالانەوە جارێکی تر شلۆقی و ناچەسپاوی بووەوە بە بارێکی ڕۆژانەی نەفی‌کردن و کوشتن و برینی کۆمەلانی خەلك ، مەفهومی ژیان و مردن ، کوشتن ، شەهید بوون ، ئەشکەنجە ، گرتن ، دەرکردن ، ڕاگوێزان . . . بارێکی دەروونی گشتیە کە هەلسوکەوتی تیادەکرێت و ژیانی کولەمەرگی تیا بەسەردەبرێت و ئەمڕۆی تیادەدرێتە دەست سبەینێ و چالاکی مرۆڤی پێ کۆچ دەکرێ و هەموو چالاکیەك سست دەکا و تروسکە و هیوای دلخۆشەرانەی سبەینێ‌ی‌کۆمەلانی خەلکی گەمارۆدەدات ، بەو پێ‌یەی لەناو مەفهومی مردندا ژیان بەسەر دەبرێت . هەموو ئەو بنەمایانە زیاتر لەباربردنی کەسایەتی تێژدەکاتەوە و

نەفی بوونی دەکات لەهەمان کاتدا وەك کاردانەوەیەکی پۆزەتیڤانە ( وەك لەوەوپێش پەنجەی بۆ ڕاکێشرا ) بەتایبەتی پاڵ پێوەنەری سەرەکیە کە خەڵکی بگەڕێ بەدوای بەدیلی گونجاو و سەرتاسەری‌دا بۆ ڕزگاربوون لەو بارودۆخە، بەڵام بەحوکمی دواکەوتووبی بنەمای‌کۆمەلایەتی بەگشتی و کۆمەڵگای‌کوردەواری بە تایبەتی زێگری ئەو پێگەیشتنە پۆزەتیڤانەیەیە و زیاتر بەلایەنە نێگەتیڤەکەیدا ڕای ئەمالێ ، وەك ئاستی نزمی ڕۆشنبیری و نەخوێندەواری و مانەوەی پەیوەندیە دەرەبەگایەتی و هۆزایەتیەکان ...هتد . وەك بنەمای ڕۆشنبیری ، کۆمەڵگای کوردەواری ئەو بارەی بۆ نەرەخساوە کە بەسروشتی تیایدا بخەملێ لەگەڵ ئەوەشدا تەنگوچەلەمەی باری ڕۆشنبیری میللەتانی سەردەست و جیاوازی زمانەکانیان بەنیسبەت بە ڕوشنبیری کوردە بارێکی ڕێگری تـرە .

لەتێکچڕاوی ئەو هەلومەرجەدا جۆرە دورەپەرێزییەك پێکهاتووە کە کۆمەڵگای کوردەواری دەیەوێت پارێزگاری خۆی تیا بکات و هەمیشە ترسی فەوتاندنی هەیە کە دیسان جۆرێك لەداخزانی پێکهێناوە و ڕێگرە لەبەردەم تێکەلاوبوون و کرانەوەیدا ( لەبارێکی سروشتی خۆیدا کە بە پێچەوانەوە بەناچاری ئەو تێکەلاوبوونەی بەسەردا سەپاوە و دەبێت پیادەی بکات ) لەبەردەم ڕۆشنبیری و خوونەریتی میللەتانی چواردەور و میللەتانی جیهاندا. زیاتر ڕێخۆشکەری ئەوەیە کە لە مەفهومە خۆمالیەکاندا بمێنێتەوە کە لەسەر ئەو بنەما گشتیانەشەوە گەشەیەکی ئەوتۆی نەکردووە . بەوپێیە مرۆڤی کورد سڵ لەهەموو بێگانەیەك دەکاتەوە و دەرگای بەڕوودا دائەخات و دیواری ئەو بەرگریە زیاتر ئەستور دەکات .

لەکۆتاییدا دەبێت پێ لەو ڕاستیە بنێین کە ئەگەر مرۆڤی کورد بگاتە ئەو مەفهومە گشتیانەی کە سەلماندنی بوونی مرۆڤانەی خۆی و سەربەخۆیی و ئەو قەوارە کۆمەلایەتیەی پێویستە ئەمڕۆ خۆی تیا ببینێتەوە ، چ وەك تاکەکەس و چ وەك بوونی لەناو پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکاندا بەستراوەتەوە بە ڕزگاری کۆمەلایەتی سەرتاسەری ئەو کۆمەڵگایانەوە لەچەوساندنەوەی درندانەی سیستەمی سەرمایەداری بەو پێیەی کە بەها مرۆڤایەتیەکان دابین بکرێ و بچەسپێنرێ ئەوسا مەسەلەی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری کەلەناواخنە کۆمەلایەتیەکەی

داماڵراو نەبوو بەکڵێشەی هەڵگری ئازار و ئەشکەنجەی کۆمەڵانی خەڵکی ، ئەوا خۆی لەخۆیدا پوچەڵ دەبێتەوە و هیچ مەفهومێکی واقیعی نامێنێت کە بواری بەکارهێنانی تایبێت بۆ بەرژەوەندیە سیاسیە جۆراوجۆرەکان ، چ وەک دەسەڵاتداریێتی میللەتانی سەردەست و چ وەک وردەبۆرژوای کورد خۆی . ئەوسا ئەو مافانەی کە بەمافی نەتەوایەتی ناوبراوە و خۆی لەخۆیدا داواکاری کۆمەڵایەتیە ڕەوتی سروشتی خۆی وەردەگرێت لەپرکردنەوە و دابینکردنیدا وەک زمان و کەلەپوور و هونەر ...هتد . لەپاڵ تێکەڵبوون و ئاڵوگۆڕی کەلتووریدا لەگەڵ میللەتانی چواردەور و جیهاندا .

## پەراوێزەکان

١) وتارێك لەژێر ناوی " ازمة هوية ام ازمة حضارية ، مدخل الى قضية الشباب العربي " ـ تركي علي الربيعو ـ ل ٢٥ . گۆڤاری " الوحدة " . ژمارە ٣٩ / ساڵی چوارەم ـ کانونی یەکەمی ١٩٨٧ .

٢) تاريخ عقايد و مكتبهای سياسی از عهد باستان تا امروز ،پروفسور گائتا موسكا و دكتر گاستون بوتو ـ چاپ اول ١٣٦٢ ، انتشارات مرواريد ، تهران ، ل ٢٩٦ .

٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٤٠٨ .

٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٤١٢ .

٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٤١٤ .

٦) مجتمع نخبة ، د . برهان غليون ، ل ٢٨٤ . ( بۆ زیاتر زانیاری بگەڕێرەوە بۆ لاپەڕەکانی ئەو بەشە ) .

٧) الشخصية العربية بين صورة الذات و مفهوم الاخر ، السيد يسين ، ل ٥٥ ، الطبعة الثالثة ١٩٨٣ ، دار التنوير للطباعة والنشر .

# نامەیەکی دۆستانە بۆ نووسەرانی جیهان

سڵاو و ڕێز

ئەوی بەراوردێك لەنێوان چۆنێتی سەرهەڵدان و ئایدیۆلۆژیا و ڕەفتاری نازییەکانی ئەڵمانیا و بەعسیەکانی عیراقدا بکات ، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ڕژێمەکەی هیتلەر و ئەوی سەددام لەیەك زەلکاوەوە جۆگەلەیان بەستووە .

بیست و یەك ساڵە ڕژێمێك کە ئەوی ڕەچاوی نەکردبێ ، مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ بووە ، چۆکی لەسەر سنگی عیراق داداوە . ئەو ڕژێمە هەوێنی جەنگێك بوو ، قوربانییەکانی لە ملیۆنێك ئینسان کەمتر نەبوون . ئەو ڕژێمە دروشمی قڕکردنی گەلی کورد و خاپوورکردنی کوردستانی بڵند کردۆتەوە و جێبەجێی دەکا . هەمووتان کیمیاوی بارانەکەی مانگی ئازاری ساڵی هەشتا و هەشتی شاری هەڵەبجەتان بیست و بینی . هەڵەبجە بەشاری شاعیرانی کورد بەناوبانگ بوو ، گۆران ی مەزنترین شاعیری کورد ، پەروەردەی داوێنی ئەو شارە بوو .

مایەی داخە بەر گوێتان نەکەوتووە ، کە تا ئێستا چەندین نووسەری ناسراوی کورد بەدەستی خوێناوی ئەو ڕژێمە کوژراون . محرم محمدامین و عبدالخالق معروف و شاکر فتاح ، سێ نووسەری کورد بوون ، یەکەمیان گرتن و کوشتنی تاقە ڕۆژێکی خایاند ، دووەمیان بەبەرچاوی شاریهەولێرەوە گوللەباران کرا ، سێیەمیشیان دوای چەندین مانگ زیندانی ، تەرمەکەی گەیشتەوە شاری سلێمانی .

هەواڵنامەی کتێب

دوا قوربانیی دڵشاد مەریوانی شاعیر و چیرۆکنووس و ڕەخنەگر بوو . ئێستایش عوسمان شەیدا کە شاعیرێکی تری کوردە ، لە یەکێک لـــــە زیندانە بچووکەکانی ئەو زیندانە گەورەیەدایە کە عیراقی ناوە و مــــــەرگ چاوەڕێی دەکا .

ئەی نووسەرانی جیهان

ئێوە وەکوو ڕژێمەکان بەرژەوەندی ئابووری بەعیراقەوە گرێی نەداون ، ئەگەر چاو لەئاستی تاوانەکانی بەعس بپۆشن - پەیامی وشەی پیـــرۆز داواتان لێدەکا دەنگی ناڕەزایی و بێزاری بڵند بکەنەوە و هەڵوێســــتی ئەدیبانە بنوێنن و ڕۆڵی خۆتان لەڕسواکردنی فاشییەکانی عیراقدا بگێڕن و داوای ئازادی بۆ شاعیر عوسمان شەیدا بکەن .

هەر بە بڕشت بێ قەڵەمەکانتان

یەکێتی نووسەرانی کورد - سوێد .
سەرەتای دیسەمبـــــەری ۱۹۹۰

◇ ◇ ◇

**تێبینی یەک**

وا بڕیار بوو ئەو بابەتەی لاپەڕە ۱۱۷ ، واتە ئایا مارکسیزم لەتەنگوچەڵەمەدایە ؟ ، کە لەگۆڤاری " کنکاش " ی فارسی- ژمارە ۱۰ وەرگیراوە ، لەگەڵ بابەتێکی تردا بەناوی " تەنگوچەڵەمەی مارکسیزم" - لووسیی ئاڵتۆسێر ، پێکەوە لەم ژمارەیەدا بڵاوببنەوە ، ســـەلام لەبەر مەبارەی ئەم ژمارەیە نەکرا ئەو بڕیارە جێبەجێ بکەین ، بۆیە بابەتی دووەم لەژمارە (۱۱) ی یەکگرتن دا بڵاو دەکەینەوە .

# ئایا ماکسیزم لەتەنگوچەڵەمەدایە؟

## نیکۆلای پۆلانتزاس

وەرگێڕانی: ڕ.ح.ح

لەم ڕۆژانەدا هەموو لەبارەی تەنگوچەڵەمەی مارکسیزمەوە دەدوێن. لێشاوی بیروبڕوای بزووتنەوە کۆنەپەرستەکانی جیهان لەلایەکەوە و داڕمانی ئەو "سۆسیالیزم"ەی کە هەیە لەلایەکی ترەوە، دێرزەمانێکە پرسیاری تەنگوچەڵەمەی مارکسیزمی لەزەینی ڕۆشنبیرە چەپەکانی ئەوروپا و ئەمەریکادا هەژاندووە. چەپی لای خۆشمان لەپاش ئەو تێکشکانە بەرچاوەی کەوەرزێکی دی خستە سەر کارنامەی هەژاریی و بێتوانایی لەڕووی تیۆریەوە، سەرئەنجام دوای ماوەیەکی زۆر خۆی لەبەردەم هەمان پرسیاردا: ئایا مارکسیزم لەتەنگوچەڵەمەدایە؟ بینیەوە. بەداخەوە دەبێت بڵێین گفتوگۆ لەسەر تەنگوچەڵەمەی مارکسیزم لەنێو چەپ خۆیشیدا دووچاری تەنگوچەڵەمە بووە! ئێمە نەك تەنیا وەڵامی ئەم پرسیارەمان نەدۆزیوەتەوە، بەڵکو پرسیارەکەش تێنەگەیشتوین. لەبری قووڵبوونەوەمان لەپرسیارەکە، بەردەوام وەڵامە حازربەدەستەکانی خۆمان خستوونەتەڕوو. ڕستەی وەك "نەخێر مارکسیزم لەتەنگوچەڵەمەدا نیە، ئەوە ئێوەی ڕۆشنبیرن لەتەنگوچەڵەمەدان"، یاخود "ڕاستە مارکسیزم لەتەنگوچەڵەمەدایە، بەڵام دەبێت بازی بەسەردا هەڵبدرێت و تەجاوزی بکرێت" ئەو وەڵامانەن کە هەر ڕۆژە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بەرگوێمان دەکەون، بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە قوڵبوونەوەیەکیان تێدا بەدی بکرێت.

نیکۆس پۆلانتزاس، وەك لێکۆڵەرەوەیەکی مارکسی، هەوڵی داوە وەڵامێکی پڕبەپێستی ئەم پرسیارە گرنگە بداتەوە، ئەم وتارەش بەرهەمی ئەو هەوڵەی

هەواڵنامەی کتێب

ئەوە . ئەم باسە ماوەیەك بەر لە خۆكوشتنی پۆلانتزاس ، واتە دیسەمبەری ١٩٧٩دا ، نووسراوە . وتارەكە لەڕووی پێكهاتنیەوە جیدیەتی لێكۆڵینەوەكە و رادیكالیەتی سیاسیانەی ناوی ، نرخی تایبەتی هەیە ، هیواداریـن وەرگێڕانی ئەم بابەتە گرنگە ببێتە سەرەتایەك بۆ گفتوگۆكردن لەسەر " تەنگوچەڵەمەی ماركسیزم " . (وەرگێڕی فارسی)

* * * * *

پێش ئەوەی بچینە نێو باسەكەمانەوە ـ واتە " تەنگوچەڵەمەی ماركسیزم " ـ . دەبێت ئاگاداری ئەوەبین ، لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا كەسانێكی زۆر لەمەڕ تەنگوچەڵەمەی ماركسیزم دەدوێن ، بەپەیوەندی لەگەڵ ئەوەی كێ لەم مەسەلەیە دەدوێت ، مانای سیاسی ، ئایدیۆلۆژی ، تیۆری تەنگوچەڵەمەكە جۆرا و جۆر خۆی دەنوێنێ . شتێكی ئاساییە دوژمنە كۆنەكان و هەروەها هەلپەرستەكانی ئەمڕۆ بەدەنگێكی بەرز و بە پەنابردنیان بۆ ئەو چەند كێشەیەی لەماركسیزمدا هەیە ، لەمەڕ مەرگی ماركس و مەحوبوونەوەی ماركسیزمەوە قسەبكەن . بەلام ئەمە شتێكی تازە نیە ، بەدرێژایی مێژووی ماركسیزم، دوژمنانی ئەم فەلسەفەیە و ڕۆشنبیرە ڕاسترەوەكان بەتوندی هەوڵیان‌داوە تاوەكو ماركسیزم بخەنە چوارچێوەی تیۆرێكی بێ بایەخەوە ، بەلام ئەمڕۆ لەهەندێ وولاتانی خۆرهەلاتی ئەوروپادا ئەم تاكتیكە شێوەی ستاندار و جۆراوجۆر بەخۆیەوە دەگرێ . لەڕاستیدا پاش ماوەیەكی دوورودرێژ كە ئایدیۆلۆژیای دەسەلاتدار لەهەموو بەرەكاندا پاشەكشەی كردبوو ـ ئەو پاشەكشەیەی لەئەوروپادا بە بزووتنەوەی كرێكاری مانگی ئایاری ١٩٦٨ دەستی‌پێكرد و بەرلەوەش لە ڕوخساری بزووتنەوەی جەنگی دژ بەڤێتنام لەئەمەریكا خۆی نواندبوو. ئێستا ئێمە شایەتی شێوەیەكی نوێتری هەمان ئایدیۆلۆژیای دەسەلاتداری نوێین . ئەم شێوە نوێیە ، هاوشان لەگەڵ هێرشێكی هەمەلایەنە ، لەسەرەپای بەرەكانی جەنگەوە هەڵمەتی هێناوەتە سەر ماركسیزم . شێوە نوێی و دوژمنایەتیكردنی هێرش بەرانەی ئایدیۆلۆژیای دەسەلاتدار ، وەك هەمیشە چەند دژێكی لەخۆیدا كۆكردوتەوە . ئەمجارەشیان دژەكان بەو هۆیەوە كە بلاوبوونەوە و پەرەسەندنی ئایدیۆلۆژیای دەسەلاتدار بەشێوەیەكی سیستماتیك

نیە و شێوەی پچڕپچڕی بەخۆیەوە گرتووە ، زۆر زیاتر لەجارانی پێشــــوو خۆیان دەنوێنن .

## ئایدیۆلۆژیای دەسەلاتداری هاوچەرخ :

دەتوانین بەکورتی سێ ڕەگەزی بەرجەستەی ئایدیۆلۆژیای دەسەلاتـداری هاوچەرخ بژمێرین : یەکەمیان / ناعەقلانی‌یەت (ڕاتسیۆنالیزم) ، کەجـۆرە توندڕەوەکەی لە بیری " فەیلەسووفە نوێکان " دا دەردەکەوێ و هەنـدێ کەسی دیکەش دەگرێتەوە . هێرشهێنانە سەر مارکسیزم بەشێکی بەرفراوانتـرە لەو هێرشەی دەکرێتە سەر " عەقلانیەت " . هەروەها فەلسەفەی سەردەمـی " ڕۆشنگەری " (عصر التنویر) کەوەك زەمینەخۆشکەری هاتنەکایەی مارکسـیزم تەماشای دەکرێت و لەژێر ناوی ئانمیزم‌دا یاخود بەپەوەندی لەگەڵ شـێوە جیاوازەکانی مەزهەبدا ( Cultism ) لەخۆرهەلاتی ئەوروپادا دێتـــە ئەنجام . دووەمیان / "لیبرالیزمی نوێ " : کە ئەمەش هەوڵدانێکی تـرە لەلایەن ئایدیۆلۆژیای دەسەلاتدارەوە لەپێناو سوود وەرگرتن و شێواندنـی تێکۆشان لەدژی " مافە مرۆڤایەتیەکان " و هەروەها لەپێناو گەڕانەوە بـەرەو ئەفسانەی " شارستانیەتی خۆرئاوا "دا وەك بناغە بۆ دامەزراندنـــــی دیموکراسیەت و پێشکەوتنی سیاسی .

لیبرالیزمی نوێ ، لە زەمینەی کۆمەلایەتی- ئابووری و لەچوارچێوەی ئەم تەنگوچەڵەمە ئابووریەی ئێستادا ، مەبەستی هاندانی ئازادکردنی ئابووریـە لەژێر دەسەلاتی دەوڵەتدا . ئەمەش بۆ خۆی تێکشکانی تیۆرەکانی کینـــز ( Keynesianism ) و " دەوڵەتی ئاسوودەیی "، هەروەهـــا پاشەکشێی دەوڵەت لەسیاسەتە کۆمەلایەتیەکان ئاشکرا دەکات ! . لیبرالیزمی نوێ ، هێرشی خۆی بۆ سەر مارکسیزم لەو خاڵەوە دەست پێدەکا کـــە " گریمان " ەکانی تیۆری مارکسیزم ، هەروەکو چۆن هەور دەبێتە هۆی باران بارین ، بۆ خۆیان بە ستەم (Gulag Archipelagi ) کۆتاییان پێدێت. بەپێی لێکدانەوەی ئەوان ، ئایا ئەوە سۆڤیەت و " ولاتە سۆسیالیستیەکانـی دی " نین کە تیایاندا ڕژێمە تۆتالیترە بێ شەرمەکان مافەکانی ئـــازادی، سیاسی و مەدەنی پێشێل دەکەن ؟ .

سێیەمیان : ستەمکاری ( Authoritarianism ) /

عەقڵی باوك سالاری زیاتر پێ لەسەر دیسپلینی ئازادیەدیموکراسیەکان دادەگرێت و زیادە ڕۆییان لەسەر دەکات . زەمینەکانی دەسەڵاتداری لەو ڕاپۆرتەدا کەساڵی ١٩٧٥ کۆمسیۆنی سێ لایەنی ، کە پێکهاتبوو لەکەسانێکی وەك " کارتەر " بەر لەهەڵبژاردنەکەی ، " ڕیمۆن بار " سەرەك وەزیرانی فەرانسە و " جیڤانی ئەگنیلی " Giovanni agnelli خاوەن کارخانەی ئیتاڵی و سەرۆکی کۆنسیرسیۆمی بانقی " میستۆ بیشی "، بەرچاو دەکەوێت .

گەشەکردنی عەقڵی دەسەڵاتخواز بۆ خۆی بەیانکەری هاتنەخوارەوەی نیازە دیموکراسیەکانە لەکۆمەڵگای مۆدێرندا ، هەروەها گرنگی پەرەسەندنی بیرۆکراسیەت نیشان دەدات ، پاشانیش گرنگی تایبەتی دەزگا ئایدۆلۆژیەکانی دەولەت دەردەخات ، کەستەمی ئەمانە کەمتر پشت بەهێزە فیزیاویەکان دەبەستێ و زیاتر قورسایی دەخاتە سەر " ڕقی دەروونی کەسەکان " .

ئەم ڕەگەزانە کە لەگشت لایەکەوە دژی یەکترین ، لەبنەمادا خاوەنی یەك زنجیرەی تاوەکی بوون و جیهانبینی‌یەکی سەربەخۆیان هەبووە . ئێمە بەر لەهەر شتێك دەزانین کە لەمێژووی فەلسەفەی سیاسی بۆرجوازیدا ، زۆربەی کات لیبرالیزم هاوپەیمانی ستەمکاری بووە . بۆ نموونە لای ( جان جاك ڕۆسۆ ) لیبرالیزم لەپەیوەندی کۆمەڵایەتیدا هاوبیری ئەو ڕایە بوو کە دەیگوت : " هەر هاووڵاتیەك دەبێ تاسنووری بۆ لوان لەهاووڵاتیانی تر سەربەخۆبێت و تاسنووری بۆلوانیش پابەندی دەولەت بێ ". فیزۆکراتە ئینگلیزەکانیش لەیەك کاتدا وا پەیرەویان لە لیبرالیزم دەکرد بۆ کاروباری ئابووری و زورناشیان بۆ " ستەمکاری لەسیاسەتدا " لێدەدا ، تاوەکو دەولەت بتوانێ ئاشتی کۆمەڵایەتی لەپێناو خزمەتکردنی خاوەنداریتی تایبەتدا بپارێزێ !

تائێستا بەباشی ڕوون نەبۆتەوە کە بۆچی نزیکبونەوەی لیبرالیزم و ستەمکاری ئیدی بەهۆی عەقلانیەتەوە نیە ، بەڵکو بەهۆی ناعەقلانیەتەوە ؟.

ڕوونکردنەوەی من بۆ ئەم خاڵە ئەوەیە کە : ئەو چەقی قورسایی‌یەی بە ڕق و کینە چەکدارکراوە ، گۆڕاوە بە ستەمێکی دەروونی . ئەمەش ئەو ڕاستیەیە کە بەشێوەی جیاواز و پێچاوپێچ لەئاستی ئایدیۆلۆژیدا خۆی دەنوێنێ . هۆیەکی

دیکەی ئەمە چڕبونەوەی لۆژیکی تەکنوکراتی بریتی‌یە لەپەیوەندیە سیاسی ـ کۆمەڵایەتیەکان کە لەهەندێ تاکدا مەیلی هەڵهاتن لەواقیعی دروستکردووە ، کە ئەمەش بەشێوەیەکی ڕەمزی لەعەقڵانیەتدا خۆی دەنوێنێ .

هەروەها دەبێت ئێمە جەغد لەسەر ئەوە بکەین کە تازەبوونەوەی ڕێکخراوی ئایدیۆلۆژی دەسەڵاتدار لەم ساڵانەی دواییدا پەیوەندی هەیە بەتێکشکانە گرنگەکەی بزووتنەوەی کرێکاری‌یەوە ، بەتایبەتیش هەڵبژاردنی پەرلەمانی‌فەڕانسە لەساڵی ڕابووردوودا ( ١٩٧٨ و.کوردی ) ، هەروەها بەشێوەیەکی‌گشتیش پەیوەندی هەیە بە بەکوێرە ڕێ‌گەیشتنی ستراتیژیەتی سازشکاریە مێژووییەکەی ئیتالیا و لاوازبوونی ڕێژەیی بزووتنەوەی سیاسی خەباتی کرێکاران لەئەوروپا . پاشەکشەی ڕێژەیی مارکسیزم لەسەردەمی زێڕینی ئایدۆلۆژی خۆی، ئەنجامەکەی بەوە شکایەوە کە بزووتنەوەی چینی کرێکار لەوڵاتانی وەك ئەڵمانیا وئیسپانیا دووچاری تێکشکان هاتن . ئەو تێکشکانەی لەفەڕانسە و ئیتالیا بوو بە ئەزموونێك .

تێکشکانی مارکسیزم بەشێوەیەکی سنووردارتر ، لەدووسێ ساڵ لەمەوبەرەوە بۆتە مۆدیلی ڕۆژانە . ئەنجامی ئەوەش ئەوەتا بەبەرچاومانەوە ، هێرشێکی تووڕەی دژ بە مارکسیستی لەلایەن سەراپای ڕاسترەو و لایەنە لیبرالیەکانەوە و لەئاستە جیاوازەکانی ژیاندا دەستی‌پێکردووە . دیارە پاشەکشەی سیاسیانەی بزووتنەوەکانی چینی کرێکار بۆتە ڕێگەخۆشکەری ئەو پەرچەکردارانەی (ردودالفعل ) سیاسیە کۆنەپەرستەکان و کارەکەی بۆ ئاسانکردوون .

### هێرشی تیۆریی یەکگرتوو دژ بەمارکسیزم :

هێرشی دژ بەمارکسیزم لەلایەن زانستە کۆمەڵایەتیەکانەوە ، هەموو کاتێ ڕوون و ئاشکرا نەبووە و زۆربەی کات شێوەی پێچاوپێچ و گۆڕاوی بەخۆیەوە گرتووە . ئەمەش بەتایبەتی لەزیندووکردنەوەی پۆزەتیڤیزمی ( Positivism ) ماکس فیبەر دا لە لایەکەوە بەرجەستەبووە و لەولای دیکەشەوە لە بواری ئەزمونگەری ( تجريبية - Empiricism ) ئەنگلۆسەکسۆنیدا ، بە ڕوونی دیارە ..

ڕەتکردنەوەی گرنگیی ڕۆڵی " تیۆری " لەزانستە کۆمەڵایەتیەکاندا ، یەکێکە لەخەسڵەتە دیارەکانی دژبە مارکسیزم . ئێمە خۆمان ئاگاداری زیندوکردنەوەی ئەزمونگەری و ئیکارکردنی پەیوەندی ئۆرگانیکانەی نێوان زانستە کۆمەڵایەتیەکان و سیاسەتین : واتە جیاکردنەوەی پێوانەکانی "بەها" و داوەریکردن لەواقعیەت ، هەروەك چۆن لەبیری ماکس ڤیبەر دا دەیبینینەوە .

یەکێك لەدیاردە گرنگەکانی بیری مارکسیستی لەپێناوی زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا ، دۆزینەوەی پەیوەندی نزیکە لەنێوان جیهانبینی سیستەمیکی تیۆری ـ هەروەك چۆن باوەڕپێکراوترین شێوەی ناساندنی هاوچەرخ جەغدی لەسەر دەکات ، تەنیا ڕێگەیەك بۆ گەیشتن بەشیکردنەوەی تایبەت ، پەنابردنە بۆ هەل و مەرجی تایبەت ـ هەروەها دیاردەیەکی بەرجەستەی دی لەبیری مارکسدا جەغدکردنیەتی لەسەر پەیوەندی ئۆرگانیکانەی نێوان بابەتی سیاسی و کاری ڕۆشنبیری .

ئاشکرایە ئەگەرچی پۆزەتیڤیزم و ئەزمونگەری لەلایەك و ناعەقڵانیەت لەولای دیکەوە ، لەڕواڵەتدا دژی یەکدین ، بەڵام ئەم دوو لایەنە هەردووکیان تیۆریکیان لەشیکردنەوەکانی خۆیاندا دەرهاویشتۆتەدەرێ ، ئالێرەشەوە چەند ڕەگەزێکی جیهانبینییەکی یەکگرتوو پێك دەهێنن . دیارە ئەم جیهانبینییەش ئایدیۆلۆژیەتی دەسەڵاتداری ئەوروکەیە کەخۆی بەدژی مارکسیزم دەداتەقەڵەم .

یەکێکی دی لەتایبەتمەندیەکانی ئەم سەردەمە ، شەپۆلی ئۆپۆرتۆنیزمە کە بەشێکی زۆر لەڕۆشنبیرانی خۆرئاوای ئەوروپای گرتۆتەخۆی .

ئەو کاتەی مارکسیزم مۆدیلی ڕۆشنبیری ڕۆژگاربوو ، ئەو کەسانە هێرشێکی گەورەیان هێنا بۆ ئەوەی خۆیان وەك پسپۆڕی مارکسیزم نیشان بدەن ، یاخود بەلایەنی کەمەوە دوژمنایەتی خۆیان بەشێوەیەکی بێدەنگ بخەنەڕوو . کەچی ئەمڕۆش هەر ئەو کەسانە پێشبڕکێ لەگەڵ یەکتر دەکەن بۆ ئەوەی بیسەلمێنن داخۆ کامیان دەتوانێت زیاتر دژ بە مارکسیزم بوەستێ ! چ کەسێك دەتوانێ بێ هیچ هەڵسڵەمیەوەیەك ئیدعای ئەوە بکات کە"لەمارکسی تێپەڕاندووە " ؟

لەڕاستیدا زۆربەی ئەو کەسانە ڕێیەکی بەرەڵلایان گرتۆتەبەر بۆ " ڕەخنە لەخۆگرتن " و بێشەرمانە لەئاست " ڕابووردووی مارکسیزم "دا درێژەیان بە

هەمان ڕێگەداوە : " فەیلەسووفە نوێکان " باشترین نموونەی ئەم دەستەیەن ، کە یەکێك لەمانە ئەندریە گلۆکاسمانە ( Andre Gluekasmann ) کـە پێشتر ماویست بووە . ئەڵبەتە نزیکبونەوەی ئایدیۆلۆژی هەتا ئێستاش لـە یۆناندا ، ئەو وولاتەی کە چەمکە مارکسیەکان لەنێوان ڕۆشنبیران وقوتابیانـدا (پاش ڕمانی دەوڵەتی دیکتاتۆری ) کاریگەریەکی زۆریان بەدەست هێنـا ، بەشێوەی جۆراوجۆر خۆدەنوێنێ . بەلاّم من وای بۆ دەچم کە ئـەم نزیکبوونەوەیە بەخێرایی لەولاتی ئێمەدا بەهۆی کاریگەری بەردەوامی جیهانـی دەرەوە ( بەتایبەتی لەکاتێکدا زورنای پێویستی بەئەوروپایی‌بونمان لەهەمـوو جێگەیەك بۆ لێدەدرێت ) بەو هۆیەوە کە چەمکە مارکسیەکان نەیان توانیـوە لەولاتی ئێمەدا بەشێوەیەکی باوەڕپێکراو لەگەڵ زانستە کۆمەلاّیەتیەکانـدا پەیوەندی دروست بکەن ، گۆرانی بەسەردا دێت و وەك خۆی نامێنێتـەوە . ئێمە وەك پێویست خاوەنی بەرهەمی بنچینەیی مارکسیزم نین کەتوانـای بەرەنگاربونەوەی ئایدیۆلۆژی ناعەقلانیەت و ئەزمونگەری و لیبرالیەتی نوێمـان هەبێ . لەحاڵەتی ئێستاشدا دیسانەوە پۆزەتیڤیزم و " بریتی نوێ " ، بەتایبەتیش ئەزمونگەری ئەنگلۆسەکسۆنی خۆیان قوت کردۆتەوە و زەمینەیان بـۆ خۆیان فەراهەمکردووە ، ئەگەرچی تا ئەم کاتە ئازایەتی ئەوەیان نەبـووە ناسنامەی خۆیان بخەنە ڕوو ، بەلاّم لەو شوێنەوە کە لەولاتی ئێمـەدا هەرکەسە بۆ خۆی ئەو شتەیە کە دەیڵێت و ئیدیعای دەکات ، ئەو لایەنـە جیاوازانەش توانیویانە بە شێوەیەکی " داهێنەرانە " لە حاڵەتی ئێستـادا خۆیان لەگەڵ مارکسیزمدا بگونجێنن . گەشەسەندنی ئەم لایەنانە زۆر زیـان بەخش دەبێت ، نەك هەر بەو هۆیەوە کەڕێرەوی دژ بە مارکسیزمیان گرتۆتەبەر، بەڵکە بەو هۆیەوە کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم تیۆری " یۆنانیدا " .

دیاردەیەکی تازە و ئومێدبەخش لەدوای ڕمانی دیکتاتۆری ئەوەبـوو خەڵکی هەستیان بەپێویستی بوونی جیهانبینی‌یەکی جیدی‌کرد کە بتوانـێ لە " واقیعیەتی خەیالاّوی ژیانی ڕۆژانە " و قەڵەمڕەوی تەسکی ئەزمونگـەری بەش بەش ڕزگاریان بکات ، تاکو بتوانن شیکردنەوە زانستیەکان زیاتـر دەوڵەمەندبکەن ، بەلاّم ئەم لایەنە دژ بەمارکسیستیە هەڵخەڵەتێنەرانە هەوڵی ئەوە دەدەن تا گیانی دۆزینەوەی ڕێگەی سادە ( کەسالاّنێکی دوور و درێژ

لەناو یۆنانییەکاندا بانگەواری بۆ ئەدرا ) پەروەردەیکەن و درێژەی پێبدەن . ئەگەرچی مارکس گوتەنی ئێمەش دەزانین کە " ڕێگەی شاهانە " بەدی‌ناکرێت بۆ بەدەستهێنانی ووشیاری . بەلای هەندێ لەلاوە ڕۆشنبیرەکانی یۆنانەوە ، لەخودی یۆنان و وولاتانی دەرەوەشدا مارکسیزم شتێك نیە بێجگە لە ڕواڵەت باری ساناکراو و شانۆنامەیەك کە تیایدا یاری بەووشەی شێوەمارکسی دەکرێ . لەبەرهەمی ئەمانەدا چەمکە تیۆرییەکان دابەزیونەتە ئاستی گوتەی ئەزمونگەری و لێرەشەوە کۆمەڵە ڕێگەیەکیان بۆ سازشکاری لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای دەسەلاتداردا مسۆگەرکردووە . بۆ نموونە بەشێکی زۆر لەو لێکۆڵینەوانەی لەم دوایەدا لەسەر واقیعیەتە جیاوازەکانی کۆمەڵگای یۆنانەوە بەئەنجامگەیەنراون ، بەشێوەیەکی سەرزارەکی و لەپێشەوە دارێژراو ( Aprior ) باس لە شیکردنەوەی چینایەتی دەکەن ، بەبێ ئەوەی توانایان هەبێت ئەنجامە تایبەتیەکانیان بەهۆی پێناسێکی خەملیوەوە لەسەر تێکۆشانی چینایەتی لە کۆمەلگای یونانیدا جێبەجێ بکەن .

ئەوەتا ئێمەش بەشێوەیەکی هەستپێکراو ڕووبەڕووی جۆرێك لە " دژی مارکسیزم بوون " بوینەتەوە ، وەك ئەو بیروبۆچونانەی لەبلاوکراوەی "فەلسەفەی نوێ " ی پاریسیدا دەخرێتەڕوو . ئەگەرچی خاوەنەکانیان خۆیان بەدر نازانن ، لایەنی سەرنج ڕاکێش و لەهەمان کاتیشدا مەترسیداری ئەم دیاردەیە ئەوەیە کە بەشێوەیەکی بابەتیانە ڕێخۆشکەری بلاوبوونەوەی‌ئایدیۆلۆژی ڕەسمی و لیبرالیزمی هاوچەرخن . لەم ڕێگەیەشەوە بەشێك لە " ڕۆشنبیرە پێشکەوتنخوازەکان " دەکەونە بەرگریکردن و بانگەوازهەڵدان لەبەرژەوەندی دەولەتی ستەمکاری ڕاسترەودا .

## ئایا لەمارکسیزمدا تەنگوچەلەمە بوونی هەیە ؟

گەشەسەندنی هەندێ زاراوەی وەك ناعەقلانیەت ، ئەزمونگەری ، ستەمکاری ، بەتەنیا نابنە نیشانەی تەنگوچەلەمەی مارکسیزم . من وا هەست دەکەم پچڕانی ئایدیۆلۆژیانەی نێوان مارکسیزم و بیری دژ بەمارکسیزم ، تا ئاستێکی دیاریکراو گۆڕانکاریەکی پۆزەتیڤانەیە . چونکە پێشرەوی و دەست پێشکەری مارکسیزم لەنزیکبونەوەی ئایدیۆلۆژی و بەتایبەتیش خۆگونجاندنی

پڕ دەردەسەریانەی لەگەڵ لایەنە دژ بەمارکسیەکاندا ، بەلای منەوە شوێنگەیەکی نامۆی بۆ مارکسیزم هێنایەکایەوە ، کە ئەوەش مەترسیئەکادیمی بوونی مارکسیزم و گۆڕانی بەئایدیۆلۆژیەکی دەسەلاتدار بوو . ئیمە نابێت تەنیا خۆمان بەبۆچوونی ئەوروپییەوە ببەستینەوە و گوێ نەدەینە ئەو ڕووداوانەی لە ئاستی جیهاندا ڕوودەدەن . وێڕای گۆڕانکاریەکی ئەم دوایی‌یەی خۆرئاوای ئەوروپا ، مارکسیزم بەشێوەیەکی قوڵ بیری هاوچەرخی خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیەوە ( ژان پۆڵ سارتەر ئەمەی بەئاسۆیەکی لەبن نەهاتووی ئەم سەردەمە ناوبردووە ) .

مارکسیزم نەک تەنیا لەولاتە تازەگەشەسەندووەکاندا ( وەک ئەمەریکای لاتین ) ، بەڵکە لەولاتانی پێشکەوتووی ئەنگلۆسەکسونی وەک ئینگلستان و ئەمەریکاشدا ، بەردەوام لەحالەتی گەشەکردندایە . ناکۆکیەکە لەوەدایە کە ئەزموونگەری ئەنگلۆسەکسونی لە خۆرئاوای ئەوروپادا گەشەدەکات لەکاتێکدا ڕۆشنبیرانی پێشکەوتنخوازی هەمان شوێن بەگەرمی ڕوودەکەنە مارکسیزم و هەنگاوی بۆ دەنێن .

بەلام ئەمڕۆ تەنگوچەلەمەیەک لەمارکسیزمدا هەیە ، کەزۆر جیاوازە لەگەڵ ئەو تەنگوچەلەمەیەی نەیارەکانی مارکسیزم بالۆرەی بۆلێدەدەن . ئالێرەشەوە لەگەڵ هەموو ئەو جیاوازیانەی نێوانمان لەمەڕ ماهیەتی ئەم تەنگوچەلەمەیە ، من لەگەڵ ( لوی ئالتۆسێر )دا کە باس لە **تەنگوچەلەمەیەکی داهێنەرانە** دەکات ، بەتەواوی یەک دەگرمەوە . کەدەلێین تەنگوچەلەمەی مارکسیزم ڕەگەزی داهێنەرانە لەگەڵ خۆی هەلدەگرێ ، بەو مانایە نیە کەهۆیەکانی دروستبوونی ئەو تەنگوچەلەمەیە پۆزەتیڤانەن . بەڵکە بەپێچەوانەوە ، ئەو خاڵە لایەنی بەتەواوی مانا نەگەتیڤی " ولاتە سۆسیالیستی‌یەکانی واقیعی ئێستایە" کە تیایاندا خۆ هەلواسین بە مارکسیزمەوە و لەچوارچێوەگرتنی بیری ڕەسمی دەولەت بو ، کە خێرایی بەخشیە ئەو دارمانەی ماوەیەکی زۆر بوو هەرەشەی لەبیری مارکسیستی دەکرد . ئەو دارمانە دەتوانرێت وەک دیاردەیەکی سوودمەند تەماشای بکرێت ، بەمەرجێک مارکسیزم بتوانێ خۆی لەو پێوەندیە ووشک و چوارچێوەدارە بێهەستە ڕزگار بکات ، کەبالی بەسەردا کێشاوە .

یەکەم هۆی تەنگوچەلەمەی مارکسیزم کە مێژوو نیشانمان دەدات ئەو

ڕاستیە قبوڵکراوەیە کە ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانی ئەو وڵاتە " سۆسیالیستی‌یانەی ئێستا " ، ئازادیە دیموکراسیەکانیان بە پەلکەوتوویی هێشتوەتەوە. تێگەیشتن لەم ڕاستیە نزیکەی هەموو پارتە کۆمۆنیستیەکانی خۆرئاوای ئەوروپای خستـــە سەر ئەو باوەڕەی بچنە نێو سەنگەری ڕەخنەگرتنەوە و سەنگەری خۆیان لەگــەڵ شۆرەوی جیابکەنەوە .

دووەم هۆی تەنگوچەڵەمەکە ، کە بەشێوەیەکی دانەبڕاو پەیوەندی بەهۆی یەکەمەوە هەیە ، بریتییە لەر جیاوازیە قووڵەی نێوان بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی چینی کرێکار کە لەپێش دەست پێکردنی ناکۆکی نێوان چین و شـــۆرەوی دەستی‌پێکردووە .

ئەم مەسەلانەش بونە هاندەر و یەکەمین تەکانیان دایە ئەو بەشــــەی مارکسیزم کە هێشتا دووچاری قالب وەرگرتن نەهاتبوو و نەچووبوە بـــواری ئایدیۆلۆژیای ڕەسمی دەولەتەوە . لەرێگەی ئەو مەسەلانەشەوە ئێمە خۆمـــان هەستمان بەوەکرد کە ڕونکردنەوەیەکی پێویستی مارکسیستانەمان لەبەردەستدا نیە پشت ئەستووربێ بە تیۆر و بەڵگەی زانستی شێلگیر سەبارەت بە ئـــەو بارودۆخەی " وڵاتە سۆسیالیستی‌یەکانی ئێستا " و ئەو پێکدانە چەکداریانـەی نێوانیان . ئەگەرچی چەندین لێکۆڵەرەوەی مارکسیستی ، هەر لە ترۆتسکی‌یە کلاسیکی‌یەکانەوە تا ( Ellenstein ) و شارل بتلهایم ، لە وڵاتانـی خۆرهەڵاتی ئەوروپایان کۆڵیوەتەوە ، بەلام ئێمە تائێستاش توێژینەوەیەکــــی باوەڕپێکراومان لەسەر ئەو ڕژێمانە بەدەستەوە نیە . ئەمەش وایکردووە ڕاسترەوە سیاسیەکان و پسپۆڕانی کاروباری کۆمەڵە " دوورگەی کۆلاک " ئازادبن تـــا بەشێوەیەکی بێ سەرەوبەرە لەمەر تەنگوچەڵەمە و کێشەی مارکسیزم قسەبکـەن .

وا چاکە ئێمە تەماشایەکی ئەم بارودۆخە بکەین لەچوارچێوەی ئێستـای خۆرئاوای ئەوروپادا . تاچەند ساڵ لەمەوبەر ، حیزبە کۆمۆنیســـتـی و سۆسیالیستی‌یە چەپەکان ( وەك پارتی کۆمۆنیستی فەرانسە ، کە ئەم پارتـە لەگەڵ سۆسیال دیموکراسی کلاسیکدا جیاوازە ) لەچوارچێوەی ڕژێمـــــــی سیاسی وڵاتەکانیاندا تەنیا لەڕۆڵی پارتی ئۆپۆزسیۆندا دەردەکەوتن ، بـەلام ئێستا بۆ یەکەمجار و ویرای هەموو تێکشکانەکانی ئەم دوایی‌یەیان ، ئیحتمالی واقیعی هاتۆتە ئاراوە کە ئەو پارتانە بتوانن لەهێزی سیاسی دەولەتـــدا

بەشداری بکەن . ئاشکرایە لێرەشەوە مارکسیزمی لەچوارچێوەگیراو نەک تەنیا هەر نەیتوانیوە ستراتیژیەتی نوێ بۆ خۆرزگارکردن لەدەولەت یاخود بەشداریکردن لەهێزی دەولەتدا ، دابرێژێ و لەم هەلومەرجەدا بیری لێبکاتەوە تا رێگەیەک بدۆزێتەوە بۆ پێدا تێپەرانی دیموکراسی بەسۆسیال دیموکراسیدا ، بەلکە تواناشی نەبووە بەرنامەیەکی نوێ بۆ تێگەیشتن لە واقیعی ئێستا بخاتەروو .

بەشێوەیەکی ئاشکراتر ، بەشێکی زۆر لەتێروانینەکانی مارکسیزم ئیدی بایەخیان نەماوە . گرنگترینی ئەمانەش ئەو تێروانینەیە کەدەلێ مارکسیزم یاسایەکی بەتەواویمانا بێکەموکورییە و دەربری گشت دیاردە مرۆڤایەتیەکانە ، کە ئەمەش لەشێوەی کۆمەلە " یاسا " یەکدا ( یاسا بەناوبانگەکانی "مەتریالیزمی مێژوویی " کە لەسەردەمی ستالیندا برەویان سەند و لەراستیشدا هیچ شتێک نین بێجگە لەچەند قالبێک کە بەناموترین شێوە فۆرمۆلەکراون وبەگوتەی بەناو " کلاسیکەکانی مارکسیزم "پشتیوانیان لێدەکرێ ) ، نووسراونەتەوە . ئائەمە تەنگوچەلەمەی ئەو مارکسیزمەیە کە بەنیوی " مارکسیزم ـ لینینیزم " ناسراوە . هەروەکو دەشزانین ئەم زاراوەیە لەلایەن ستالین وستالینیەکانەوە بەکارهاتووە .

من ئەم خالەم چەندین جار و دواجاریش لەگفتوگۆیەکمدا لەگەل رۆژنامەی " ta nea " بەرواری ١٨/١٧ی ئابی ١٩٧٨دا دووبارە کردۆتەوە . ئەگەرچی من وا هەست دەکەم مەبەستەکانم ئاشکراو روون بوون ، لەگەل ئەوەشدا ( جۆرج کاتیفوریس - George Katiforis)ی دۆستم ئەو هەلەی قۆستۆتەوە کە لەهەمان رۆژنامەدا ، بەبێ داگرتن لەسەر ئەو خالەی " مارکس و ئەنگلس " هیچ کاتێک شیکردنەوەکانی خۆیان وەک تیۆرێکی کامل نەخستۆتەروو ، هێرشێکی هێنایە سەرم . قسەکەی زۆر راستە ، بەلام منیش وا هەست ناکەم هیچ کاتێک دژی ئەو قسەیە بوبێتم ، بەهەرحال ئەو راستیە نکۆلی لێناکرێت کە ستالینیەکان وەک " جزمێک " ی هەمەلایەنە تەماشای مارکسیزمیان دەکرد و بەدۆزینەوەی زاراوەی " مارکسیزم ـ لینینیزم " بۆی و بەقانونیکردنی و بەرزکردنەوەی بۆ ئاستی " مەزهەب " دەیان سال

کردیانە ماڵ بەسەر چینی کرێکارانی جیهانەوە و هەموو دەنگێ هەڵبڕین و جیاوازی و پرسیارێکیان بە " کفر " کردن ناودەبرد . .

بێگومان ئائەمە ئەو مارکسیزمەیە کە لەتەنگوچەڵەمەدایە . تەنانەت پارتی کۆمۆنیستی فەرانسە ، کەلەچاو کۆمۆنیزمی ئەوروپیدا ، یەکێکە لەدواکەوتووترین پارتە کۆمۆنیستەکان ، تێزە بلاوکراوەکانی بۆ کۆنگرەی داهاتوو کە تیایاندا هەنگاوێك رابوردووی جێهێشتووە و زاراوەی " مارکسیزم ـ لینینیزم " ی سڕیوەتەوە و لەجێگەی ئەم زاراوەیە " سۆسیالیزمی زانستی " بەکاربردووە ! ، خستۆتەڕوو . لەبەر ئەوەیە ، تەنانەت لەنێو پارتە کۆمۆنیستییەکانیشدا ئەو بیرە پەرە دەستێنێ کە : مارکسیزم نەك تەنیا یاسایەکی کاملی جیهانگرەوە نیە ، بەڵکە لەبنەڕەتدا ناتوانێت کاریگەری نا " داهێنەر " انەی هەبێ . ئەمەش بەو مانایە نیە کە مارکسییەکان تەنیا هەر چەمکە تیۆریە کۆنەکان بەپێی هەلومەرجی نوێ " بگونجێنن " . مارکسیزم تەنیا ئەو کاتە داهێنەرە کە بتوانێت هاوشان لەگەڵ پێشکەوتنە تیۆری ومێژوویییەکان ، لەچوارچێوەی بینای رۆشنبیری خۆیدا ، چەمکەکانیش بگۆڕێت . یاخود هەر تووزیان هەڵدات و چەمکی نوێ بخولقێنێ ، بۆنموونە (دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا )کە مەفهومێکە دەبێت مارکسیزم خۆی لێ‌رزگار بکات .

خاڵی دووەم کە کەمتر لەخاڵی یەکەم خۆی دەنوێنێ ئەوەیە تەنگوچەڵەمەی مارکسیزم وەك تیۆری گشتی ژیانی مرۆڤ داوای ئەوەمان لێدەکات پچڕان و کەمتەرخەمی و دژایەتیەکانی ، چ لەڕووی دەزگا تیۆریەکانیەوە و چ لەڕووی لێکۆڵینەوە تایبەتیەکانیەوە ، دەست نیشان بکەین . هیچ زانستێکیزانستەکان ( واتە مەتریالیزمی دیالەکتیك ) کە تێڕوانینی خەملیوی لەمەڕ سەراپای زانستە کۆمەلایەتیەکانەوە هەبێت و مەتریالیزمی مێژوویش لقێکی ئەو زانستەبێ ، هەروەك چۆن ستالینیزم ئیدیعای دەکرد و تەنانەت زانستی سروشتیشی دەگرتەوە ( Lysenko ) نەبووە و نابێت . **مارکسیزم ئەگەر بیەوێت لە قالبدراو نەبێت و " داهێنەر " بێت ئەوا پێویستە لەئاست سەراپای زانستە کۆمەلایەتیەکانی تردا کراوە بێت و سنگی فراوان بێت .** وێڕای ئەوەش دەبێت ئاگادارای ئەو سنوورانە بێت کە وەك بەشێکی سەربەخۆ لەزانستەکانی دی جیای دەکەنەوە .

ئەم کراوەیی‌یەی مارکسیزم کێشەی مەزنی تیۆری دەهێنێتە ئاراوە .
ئێمە دەبێت ئاگامان لەو جەمسەرانە بێت کە بەشە جۆراوجۆرە تیۆریەکان و لەوانیش " مارکسیزم ، بە " تەواوکەر " ی یەکدی دەزانن . بۆ نموونە لایەنێك هەیە بڕوای وایە هەندێك لەتیۆری دەروناسی و هەندێکی دی لە زانستی زمانەوانی و تۆزێکیش زیاتر لەمارکسیزم تێکەڵ یەکدی بکرێن. یەکێك لە تەنگوچەڵەمە گەورەکانی بەناو " مارکسیزمی فرۆیدی " ئەوەیە کە بەشە جیاوازەکانی ڕێگە زانستیە جۆراوجۆرەکان بە بەدبهاتووی تاقە دیاردەیەك دەزانێت . لەڕاستیدا ئێمە تەنیا کاتێك دەتوانین قسە لەسەر زانستێك‌بکەین کە خاوەنی تیۆرێکی سەربەخۆ بێت و بتوانێت چەند مەسەلەیەکی بابەتی و تایبەتی خۆی پێناسە بکات .
بابەتی دیاریکراوی مارکسیزم لەهەموو ئاستە ئابووری و سیاسی و ئایدیۆلۆژیەکاندا " خەباتی چینایەتی " یە . مارکسیزم بەهۆی بابەتەکەی خۆیەوە ، ناچارە تیۆرێك لەمەڕ مێژووی فۆرماسیۆنە کۆمەلایەتیەکان بخاتەڕوو ، بەلام " بابەت " ی دیاریکراوی تیۆری دەروونناسی بریتی‌یە لە "تاك". واتە دەروونناسی بەلێکۆلینەوەی لایەنێکی جیاوازی هەمان " بابەت "ی مارکسیزم، واتە لێکۆلینەوە لەو " تاك "انەی کۆمەلگایان پێکهێناوە ، نابێتە تەواوکەری مارکسیزم . ئەگەر وابوایە ئەو کاتە ئێمە چەند جەمسەرێکی پێکەوە بەستراومان دەبوو بەنێوی مارکسیزمی فرۆیدی‌یەوە : مارکسیزم بۆ لێکۆلینەوە لەکۆمەلگا بەگشتی و دەروونناسیش بۆ لێکۆلینەوە لەو " تاك "انەی کۆمەلگایان پێکهێناوە.
" بابەت " ی تایبەتی تیۆری دەروونناسی بریتی‌یە لە(ئاگایی - اللاشعور" ی مرۆڤ ( Unconscious ) . ئێمە دەتوانین ئەم " اسدلال " ە لەزمانەوانیشدا بەکاربهێنین ، کە بەپەیوەندی لەگەل"بابەت"ی تایبەتی زمان خۆیدا ، واتە زمان و دیسکۆرس " شێوەی دەربڕین" دەگۆڕێ بۆ بەشێکی زانستی سەربەخۆ .
بەم جۆرە دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی بەشێکی زانست لەبەشێکی دیکەی زانست و لەڕێی لێکۆلینەوەی تیۆریەوە ، کارێکی نەگونجاوە . بۆیە بەبیری من لەئاگامدا ، بەکارهێنانی دەستەوازەی وەك " مارکسیزم و دەروونناسی " ، " مارکسیزم و زمانەوانی " و لەم جۆرە ، بەتەواوی هەلەن . ئەمەش بەو

مانایە نیە کە هەربەشێکی تیۆری دەرگا لەسەر خۆی کلۆم بدات و بەشە زانستیەکانی‌دی لەبەرچاو نەگرێ . بەپێچەوانەوە ، مارکسیزمی داهێنەر و لەقالب نەدراو ، وەك هەر بەشە زانستێکی‌دی پێویستە لەگەل زۆربەی لقەکانی دی زانستدا تەبابێت . بۆ ئەوەی بتوانێت جیهانگرەوە بێت و پێچ و پەناکانی ژیانی مرۆڤایەتی تێبگات ، بەلام ئەم تێکەل بون و پەیوەندیە پێویستە سەرایای سنووری ئەو بابەتانە بەرەسمی بناسێت کە هەر لقێکی دی زانست خاوەنیانە .

ئەوجا ئەگەر ئێمەی مارکسیستی وا بیربکەینەوە کە مارکسیزم زانستی ئەم سەردەمەیە ، ئەوە بەو مانایە نیە مارکسیزم بەشێوەیەکی کامل هەموو بابەتە حەساس و فیکریەکان روون دەکاتەوە و باقی بەشە زانستی‌یەکانی‌دی لقێکی ئەو و جیهانبینی‌یەکەی پێك دەهێنن . بەلگە بەو مانایەیە کە ئێمە بروامان وایە خەباتی چینایەتی ( وەك بابەتی تایبەتی مارکسیزم ) رەگەزی بنەمایی مێژوو و واقیعیەتی کۆمەلایەتیە .

هەمان مەسەلە بەجۆرێکی دی لەبەرامبەر هەموو ئەو تیۆرانەی لەبابەتی تایبەت بە مارکسیزم ( واتە واقیعی کۆمەلایەتی بەپێی دووریە مێژووییەکەی ) دەکۆلنەوە ، بەلام لەجیهانبینی دیکەوە هەلی‌دەسەنگێنن ، سەرهەلدەدات. بەلام تا چ رادەیەك زانستە سیاسیە مارکیستەکان دەتوانن چەند رەگەزێکی یاساکان " قەرز " بکەن ، یاخود ئابووری مارکسی تا چ ئەندازەیەك دەتوانێ هەندێ رەگەزی ئابووری " کینزیزم " وەربگرێ ؟

ئەمە ئەو تەنگوچەلەمە پێچاوپێچەیە کە مارکسیزمی لەقالبدراوی تێکەوتووە. مارکسیزم بەکام شێوە دەتوانێت خۆی لەپێوەندی چوارچێوەداری رزگاربکات ، بەبێ ئەوەی دووچاری تێکەلبوون و جەمسەرگرتن ببێت ؟ ئەم مەسەلەیە لە یۆناندا بەشێوەیەکی پچرپچر و ناتەبا و پرخەوش خۆی هێناوەتە پێشەوە . زۆربەی ئەو کەسانەی بەفسەی خۆیان مارکسین ، بەشێوەیەکی دوور لە رەخنەگرانە هەندێ رەگەزی ئەزموونگەری نوێی "ڤیبەر" ی و سەلماندنی ئەنگلۆسەکسۆنیان لەشیکردنەوەکانی خۆیان گونجاندووە و کەسانێکی دیکەش کە بەتەواوەتی خۆیان لەسەر ئەو لایەنانە ساخکردۆتەوە - مەبەستیشیان لەمە هاورەنگیانە لەگەل کۆمەلی پێشووتر - هاتوون بەپێی لێهاتوویی ولێوەشاوەیی

کەم تا زۆری خۆیان ، هەندێ خوێی مارکسیانەیان بەتوێژینەوەکانی خۆیانەوە کردووە .

بەلاّم مەسەلەکە ، هەروەکو من لەو گفتوگۆیەمدا لەگەلّ ڕالف میلی باند ( Ralph mili band ) کردوومە* ، بەم شێوەیەی خوارەوەیە : پێویستە هەمیشە و بەردەوام ئەوەمان لەیاد بێت کە چەمك و جیهانبینیی‌یە میتۆدۆلۆژیکەکان بەدوور لەیەکدی گەشەیان نەکردووە ، بەلّکە لەنێو بەرنامەیەکی ڕۆشنبیری تایبەتدا بەیەکداچوون ، جا لێکۆلّەرەوە ئاگاداری ئەم بەرنامەیە بێت یاخود نە، و ئەم خالّە لەبەرهەمەکەیدا ڕەنگ بداتەوە یان نە، . تەنانەت ئەزمونگەری ئەنگلۆسەکسۆنیش خاوەنی سیستەمێکی‌ناسینە، کەرێك و ڕاست بریتیە لەخۆ بەدوورگرتن لە " وەستان و لەبارکەوتنی تیۆری " بەتایبەتیش کاتێك لەژێر ئالاّی حەقیقەتی ڕاستەوخۆی ئەزمونگەریدا بێت .

شتێکی ئاشکرایە مارکسیزم ناتوانێت جیاوازی بەشەکانی دی قەرزبکات و لەشیکردنەوەکانی خۆیدا بەکاریان بهێنێ ، بەبێ ئەوەی لەپێشاندا بیر لەوە بکاتەوە ئایا فەلسەفەی بنەڕەتی ئەو چەمکە جیاوازانە تا چ ئەندازەیەك لەگەلّ فەلسەفەکەی خۆیدا دەگونجێ . ئەو مارکسیزمەی دەست بۆ ئەم کارە ببات ، خۆی دەخاتە گێژاوی جەمسەرگەری و وڕێنەکردنی شێوە ڕۆشنبیریەوە : ئەو چەمکە بەقەرز وەرگیراوانە نەك تەنیا نابنە هۆی دەولّەمەندبوونی (مارکسیزم) بەلّکە لەناوەوەیدا دەبێتە ڕێگیرێکی زمانی و تۆوی زیانبەخش و هێزە نەگونجاوەکان دەچێنن .

بەلاّم زۆرجاریش بواری گونجاندنی تێڕوانینە تیۆریەکانی دی هەیە لەگەلّ یاسای دەرك پێکردنی ماتەریالیزمی مێژوویی‌دا . ئەم بوارەش دەتوانێت شێوەی جۆراوجۆر بەخۆیەوە بگرێ ، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن :

١) هەندێ لەلێکۆلّینەوەکان تێڕوانینیان بەڕوونی لەگەلّ مارکسیزمدا لەسەر مەسەلە بنەڕەتیەکان یەك دەگرێتەوە ، بۆ نموونە قوتابخانەی مێژوویی فەرانسە ( Annales ) . لەم حالّەتەدا چەند ئەنجام و چەمکێك بەبێ

---

*لەکتێبی ئایدیۆلۆژی لەزانستی کۆمەلاّیەتی‌دا ، بەسەرپەرشتی ( رۆبین بلۆك برن ) .

هیچ جۆرە گومانێك لەدەزگای دەرك پێکردنی ماتەریالیزمی مێژوویی دا جێگەیان دەبێتەوە .

٢) هەندێ لەلێکۆڵەرەوەکان خاوەنی چوارچێوەیەکی دیاریکراوی تیۆری نین و نێروانین و ئەنجامەکانیان تەنیا کاتێك پتەو دەبن و مرۆڤ لێیان تێدەگات کە بە یارمەتی لۆژیکێکی تەبا لەگەڵ مارکسیزمدا شیبکرێنەوە .

٣) هەندێك لە لێکۆڵەرەوەکان بەخۆیان دەڵێن دژ بە مارکسیزم ، لە کاتێکدا ئەمانە تەنیا لەگەڵ ئەو جۆرە کاریکاتیرانەی وەك " ئابووری زانی" ستالینیانەدا نین و فەلسەفەی ڕۆشنبیری زانستیان بەتەواوی لەگەڵجیهانبینی مارکسیانەدا دەگونجێ .

٤) هەندێ لە لێکۆڵەرەوەکان بەرنامەیەکی نامارکسیانەی لاوەکیان هەیە، بەرهەمی ئەمانە لەبنەمادا ڕیشەی لە گریمانە تیۆریەکاندا داکوتاوە و لەنێو باسە ڕاستەوخۆکانیاندا ئەمە بەڕوونی دەبینرێ ، کە لەهەندێ خاڵی بنەماییدا لەگەڵ مارکسیزمدا یەك دەگرنەوە .

.

ئەم دووخاڵەی دوایی ، کەمن لە دوا کتێبمدا : " دەوڵەت،دەسەڵات، سۆسیالیزم "، باسمکردوون ، لەمەڕ کارەکانی "میشێل فۆکۆ" وە ڕاست دێتەوە . لەڕاستیدا هەندێ لە توێژینەوەکانی فۆکۆ ، مارکسیزم زۆر دەوڵەمەند دەکەن ، ئەگەرچی ئەو لەدوا کتێبیدا " مێژووی سێکسوالێتی" ( The history of Sexuality ) بەڕوونی پەنا دەباتە بەر لێکۆڵینەوەیەکی نامارکسیانە و کەچی بەتەنیاش دژی "کاریکاتۆری " مارکسیانەیە. بەهەرحاڵ نامارکسی بوونی " فۆکۆ " بەهیچ جۆرێك پەیوەندی ئۆرگانیکانەی بە ئەنجامە ڕۆشنبیریەکانیەوە نیە ، بەڵکە ئەم خاڵە سەرنج بۆ ئەو شتە ڕادەکێشێ کەوەك پاشکۆی خۆی دەنوێنێ .

کەواتە لەچوارچێوەی ئەم خاڵبەندیانەدا ، دەتوانرێ مارکسیزم بە ڕەگەزی ئەو تیۆریانەی لە خودی خۆی دەکۆڵنەوە دەوڵەمەند بکرێ . لەم کاتەشدا دەست نیشانکردنی کەموکورتیەکان ، جیابونەوەکان ، دژایەتیە دەروونیەکان و تەنگوچەڵەمەی مارکسیزم لەلایەن ئێمەوە ، لەڕاستیدا ئومێد بەخشە و دەتوانێ داهێنەرانە بێت .

هەواڵنامەی کتێب

## تونێکردنەوەی مارکسیزم

ئەم تەنگوچەڵەمەیە تەنیا بە مارکسیزمی لەچوارچێوەگیراوەوە ناوەستێ و مارکسیزمی داهێنەرانەشی خستۆتە ژێر کاریگەری خۆیەوە ، ئەگەرچی تەنگوچەڵەمەکە لەمیانەوە بۆ ئەویان دەگۆڕێ و وەك یەك نین . زانست ناسی هاوچەرخ ئەوە پیشان دەدات هیچ بەشێك پێشکەوتن بەخۆیەوە نابینێت ، ئەگەر لەرێی نەبەرد و لێك پچڕان و تەنگوچەڵەمەوە نەبێت . ئەم خاڵە لەمەڕ مارکسیزمی داهێنەرانەشەوە ڕاستە . **تەنگوچەڵەمەی مارکسیستی ( کە تا ماوەیەك لەمەوبەر تەنیا مارکسیزمی دەسەڵاتداری گرتبووە ) تەنگوچەڵەمەی هەموو مارکسیزمە .** ئێمە بەڕوونی ئەوەمان لەبەرچاوە کە تائێستاش کۆت و پێوەندی چوارچێوەداریمان لەپێدایە ، لەپێی ئێمەیەکدا کە بەسەریدا زاڵ بوین و ماوەیەکی زۆریشە ڕەتمان کردۆتەوە .

کێشەی چوارچێوەداری تەنانەت تا ئەمڕۆکەش خۆی بەشێوە " دواکەوتویی‌یەکان و ناخافڵیەکان " ی هەندێ مەسەلەی سەرەتایی ، دەنوێنێ . ئەو دواکەوتویی و ناخافڵیانەی لە زیندووکردنەوەی ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتداری ئێستادا ـ تا ئەوشوێنەی ئێمە نەمانتوانیوە بەشێکی مەزای تیۆری ـ ئایدیۆلۆژی بهێنینە ژێر دەسەڵاتی خۆمانەوە ـ ڕۆڵی گرنگیان گێڕاوە .

من نامەوێت خۆم لەو ئەنجامە خافڵ بکەم کە دەڵێت تەنگوچەڵەمەی مارکسیزمی چوارچێوەتێگراو هەموومانی بەڕووت وقوتی خستۆتە بەردەم کۆمەڵێ کێشەی بنەڕەتی‌یەوە ... لابردنی ئەم چوارچێوەیە شتێکە و دۆزینەوەی جێگرەوەیەك بۆی ، شتێکی دیکەیە و یەکجار زەحمەتە .

مۆڵەتم بدەنێ باسی هەندێ لەو بوارانە بکەم کە تا ئێستا ئێمە وەڵامێکی پڕاوپڕ و باوەڕدارمان بۆیان نیە . من وا بیردەکەمەوە مارکسیزمی داهێنەر لەمەڕ کێشەی چینە کۆمەڵایەتیەکان و دەوڵەتەوە پێشکەوتنی تەواوی بەدەست هێناوە ، بەڵام ئەم قسەیە لەسەر ئایدیۆلۆژیەت و پێ؟ ،اتووە ئایدیۆلۆژیەکان ڕاست نیە . هەرگیز وا نازانم مارکسیزمی داهێنەر توانیبێتی تیۆرێکی ئایدیۆلۆژی ڕاستەقینە بخاتەڕوو ، ئەگەرچی لەکاتی ڕەخنەگرتنیدا بۆ تێڕوانینی ئایدیۆلۆژی چوارچێوەداری پێشوو ، ئەم ئایدیۆلۆژیە بە " هوشمەندی درۆزنانە " ناودەبات . ئەم درەنگ خستنە رووەش لقێکە لە

کێشەی مارکسیزم لەئاست تێگەیشتنی لایەنە فەرهەنگی و تەنگوچەڵەمەکانی ئەم سەردەمەی ، وەك ( بزووتنەوەی لاوان ، ئافرەتان ، دەوروبەری ژینگە و هەندێ لایەنی دیکە ) . دەکرێ ئەم مەسەلەیە لەمەڕ مافەکانی یەکسانیەوە و بەگشتی " یاسا " خۆی بخرێتەڕوو ، چونکە ئەگەرچی ئێمە نەمانتوانیوە چوارچێوەکان لەماهیەتی " ڕەسمی " ئازادیە دیموکراسیەکان بکەینەوە و توریان هەڵدەین ، نەشمان توانیوە تیۆرێکی ڕاستەقینە لەمەڕ " یەکسانی " بخەینەڕوو . واتە لەئەنجامدا ئێمە توانامان نیە چەمکێکی نەگۆڕ لەمەڕ مافەکانی مروف و ئازادیەکانیەوە بخەینە بەردەست کە بەگشتی جیابێت لە لیبرالیزمی نوێ . . ئێمە هەتا ئێستاش لەڕووی تیۆریەوە پێویستیمان بە قووڵبوونەوە و گۆڕینی دیموکراسی نوێنەرایەتی بۆ بنەما چەسپاوەکانی دیموکراسی ڕاستەوخو لەسەر ئاستی گشتی هەیە .

هەر ئەم مەسەلەیەش لەسەر نەتەوە ڕاستە کە تائێستاش ئەم خاڵە بەلای مارکسیزمەوە وەك مەتەڵێك وایە ، ئەگەرچی ئێمە ئەو شیکردنەوە چوارچێوەدارو ئیکۆنۆمیستیانەمان لەسەر ناسیۆنالیزم، کەشوێنی لەواقیعیەتی کۆمەڵایەتی و تێپەڕبوون بەسۆسیالیزمدا لەبەرچاو نەگیراوە ، ڕەتکردۆتەوە ، بەلاّم تازە دەستمان بەوە کردووە تابزانین ئاخۆ تێڕوانینی مارکسیستانەی باوەڕپێکراو لەم بارەیەوە دەبێت چ سیمایەك بەخۆیەوە بگرێت. خۆ ئەوە هەر باسی ئەو بۆشاییە گەورانە ناکەم کە لەستراتیژیەتی نوێی شۆڕشگێڕیدا بەرچاودەکەون ، کە هەم لە ستالینیەت جیابێت و هەم خۆی لەسۆسیال دیموکراسی بە دوور بگرێت . من زیاتر جەغدم لەسەر کەموکرتیەکانی مارکسیزمی داهێنەرکرد ، دەمەوێت ئەوەش بلێم کە ئەو کەم وکورتیانە دەبێت وەك ئاسۆی نوێ تەماشا بکرێت کە لەمندالانی مارکسیزمی لەچوارچێوەگیراوەوە سەریان هەڵداوە . مارکسیزم لەڕێی پرسیار و ڕەتکردنەوە و سەرکەوتنەکانی خۆیەوە ، دەتوانێت تەنگوچەڵەمەکەی بگۆڕێت بۆ ئەزموونێکی بەسوود و داهێنەر .

کۆپنهاگن

١٩٨٨/١٢/٢

# یەکگرتن

## ئەدەب و هونەر

سەرپەرشتی کۆکردنەوە و ڕێکخستن

**فەرهاد پیربال**

## دیموکراسی یان قرتاندنی تێکست ؟!

موعارەزەی وڵاتە دواکەوتووەکان گەرای دواکەوتن هەڵدەهێنن. سەرەڕای ئەوەی بژاردە ڕۆشنبیری‌یەکان دەیانەوێت بازێک بەسەر ئەم دواکەوتنەدا بنێن و دیموکراسیانە ڕەفتاربکەن و شارستانیانە هەنگاو بنێن ، بەڵام هەر دەبینین لەناو فیسارە دەنگ ـــەدزی خەڵکەوە پاشە قولیك لەدیموکراسی دەدات بەبێ ئەوەی پێی بزانن دەکەونە بەر ڕووناکی و ئەوانیش لەسەر گەرای دواکەوتن کڕ دەکەون .

یەکێك لە مەرجە بنەرەتیەکانی دیموکراسی : هوشیاری‌یە بە بۆچوونە فراوان و قووڵی‌یەکەی ، واتە ڕێزگرتنی دەنگی دووەم ؛ گوێگرتن لە هەڵەی ئەویتر ، دان نان بەهووزە و توانای ئەویتردا .

ئەگەر چاوێك بەو گۆڤارانەدا بخشێنین کە لەدەرەوەی کوردستان لەچاپ دەدرێن و بڵاودەکرێنەوە ، کە زۆرجاریش پڕن لە توانج بۆ فلانە حیزب و بۆ فیسارە ڕێکخراو کە گوایە ئەوان پراکتیکی دیموکراسی ناکەن و لەگەڵ ڕەوڕەوەی پێشکەوتن‌دا نین ، لەکاتێک‌دا خۆیانیش دووچاری هەمان خراپەکاری دەبن و زیرەکانە پاشەقوول لە دیموکراسی دەنێن . ئەم دیاردە دڵتەنگە زۆر گۆڤار و ڕۆژنامە دەگرێتەوە ، ناو نەهێنیان هەمووومان بەرپرس دەکات . ئەوەندە

بەسە هەر لایەنیك بەخۆیا بچێتەوە ، چ گۆڤارێك یارۆژنامەیــەك دەتوانێ پراكتیكی دیموكراسی بكات بەبێ ئەوەی حیسـێبێك بــۆ داهاتووی خۆی نەكات و نەروانێتە ئایندەی شكۆداری خۆی ؟ چ شێوەیەكە لەدیموكراسی ئەگەر هات و تێكستێك بقرتێنین بەبێ ئەوەی پرسیار لەخاوەنەكەی بكەین ؟ لەكاتێكدا تێكستی تر دیموكراسیانــە بلاودەكرێتەوە ، بەلام لەپێناو حیسابی سیاسی كورت بین دا كــە هیچ پێگەیشتنێكی بەخۆیەوە نەبینیوە .

پێش ئەوەی تێكستێك بقرتێنین ، پێویستە دیموكراسی بیــن ، پێش ئەوەی بیر لــە دیموكراسیبكەینەوە پێویستە هوشیاربین .

ئەحمەدی مەلا

* * * *

هەواڵنامەی كتێب

بەنووسەران و خوێنەرانی خۆشەویستی ڕادەگەیەنین ، كـــە ژمارە (١١)ی ئەدەب و هونەری گۆڤارەكمان ، تەرخانكراوە بــۆ تێكست و لێكۆڵینەوەی ( تێرمی دوورەولاتی ) ، واتە ئەزموونـــی تاراوگە و ئاوارەیی و دوورەولاتی ـ لەبواری هونەر و ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی گەلەكەماندا . . .

چاوەڕێی بەرهەمتانین .

# گەنجینەی شیعری و تەنگوچەڵەمە لە تێڕوانینماندا ...

## (چەند سەرنجێك)

ڕێبوار سیوەیلی

لە بنەوتن گەلێ زیاتر بەرۆحم ئاشنای وەڵا
دە ئەی " دەروێش " سکاڵایەك لەگەڵ ڕۆحی کڵۆڵمکە
" عەبدوڵڵا گۆران "

ئەگەر جیهانی خۆرئاوا چەند سەدەیەك لەمەوبەر کاروانێکی بەرەو خۆرهەڵات خستۆتە ڕێ ، سەر قافڵەچی ئەم کاروانە لەهەر مەنزڵێکی حەوانەوەو تاقەت کردندا ، بەیادی گەیشتن بەو " گەنجینە"یەوە سەری ناوەتەوە کە پێی دەڵێن : نەوت .

بەدڵنیایی‌یەوە دەتوانرێت پەنجەنومای ئەوە بکرێ ، هاتنی خۆرئاوا نە بۆ ئەوەبوو کە لە خۆرهەڵات " زنجیرە ون بووەکە "ی ژیار و شارستانیەتی مرۆڤایەتی بدۆزنەوە و پاشماوەکانی ئەم شارستانیەتە بپارێزن ، نەلەبەر خاتری چاوی کاڵی ئەو کۆمەڵگا داکەوتوو پڕ تەنگوچەڵەمانەش بوو کە پاشان لەژێرناوی " جیهانی سێیەم " دا خۆیان بینیەوە .

ئەمڕۆش ، ئەگەر خۆرئاوا لەهەوڵی داتاشینی بەڵگەی دیکەدایە بۆ پاساودانەوەی دەستدرێژیەکەی ، لەبەر ئەوە نیە ئێستا لەو بڕوایەدایە کە دەبێت بەچاوی بەزەیی و " مرۆڤایەتی " یەوە بڕوانێتە ئەو " بەربەر" یانەی خۆرهەڵات . بەڵکە نیمچە ئاگایی‌یەکی پەرش و بڵاوی ئەو خەڵکانەیە خۆرئاوا ناچار دەکات بە نامەی " ئەمال " یدا بچێتەوە !

هەرچەندە سەرقافڵەچی ئەو کاروانە چاوێکی نوقاند بوو تەنیا هەر بە چاوێکی دەیڕوانی و ، ئەمەش وایکرد بو نەتوانێت گەشتێکی ئەوتۆ بکات کە پێویستی نەبێت جارێکی دی بەو خاکەدا گوزەر بکاتەوە ، بەڵکو ئەو مرۆڤە " دواکەوتو " انەی ئەوێش ئەوەندە کارامە و قایمکاربوون ، گەر کاروانچیدوو چاوی دیکەشی فەرز کردبا ، هێشتا دەبو دوای چەندین سەدە بەسەر سەفەری یەکەمیدا " ئاخ " بۆ ئەو سەر زەمینە هەڵبخوازێت .

خۆرئاوا ، لەو کاروانەدا مەستی هالاوی نەوت بوو . گەر جاروباریش دەستی بۆ درەختی بەرداری لاڕێ درێژدەکرد ، لەززەتی لەتام و چێژیان وەرنەدەگرت . ئەو مەستیەش زۆری خایاند ، بۆیە ئەگەر ئێستا بەری دابێتن و بیانەوێت بەری درەختەکانی دیکەی خۆرهەلات بڕنن ، تەماشا دەکەن لەبن قەدی هەر درەختێکدا بەربەستێك هەیە و ، دیارە ئەمەش کارەکەی لێ گران کردوون و خەونە قوڵەکانیان هەروا بە ئاسانی نایەنەدی .

ئەگەر خۆرئاوا لەودیو چاویلکەی خۆبەگەورەتر و پێشکەوتووترزانییەوە نەی دەڕوانیە خۆرهەلات و ، بە هەردووچاویش دەیڕوانی " گەنجینە " ی دووەمیشی بەئاسانی لەگەڵ خۆی دەهێنا . ئەو کاتەش دەبوو ئێمە بۆ هەتاهەتایە منەتبار و برابچووك بوینایە .. ئەوکاتەش وەك ئێستا سەرمان لە ئەفسانە باوەکانی وەك " قژی زەرد وچاوی‌شین "سوور نەدەما . ئەو کاتەش جیهان دەکرا بەدوو بەشی نایەکسان ترەوە : جیهانی بالابەرز و قەد باریکەکانی خۆرئاوا و ، جیهانی مرۆڤە نابووت و گولەکانی نێو " جیهانی سێیەم "!

ئەو گەنجینەیەی ئەوان پەییان بەبوونی نەبرد ، یاخود ئەو کاتە بیریان بۆی نەچوو بوو ، هەمان گەنجینەبوو کە چەند دەیەیەك لەمەوبەر نەهەنگی سەرمایەداری گێژی داو بردی ... ئەم گێژاوە ، ئەم شەپۆلە بێ ئامانە مرۆڤی خۆرئاوای لە خەسلەتە ڕۆحی‌یەکانی ڕووت کردەوە و خستیە چەقی بیابانی هات و نەهاتەوە . ئیدی لەو کاتەوە ئەم مرۆڤە ناسنامەی خۆی لەدەست دا و خۆی دایە دەست لافاوی بێ‌بەزەیی چەمکە " نوێ " کان ، تاکو خۆی لەو بوحران و تەنگوچەڵەمەیە ڕزگاربکات کە بەهۆی هەمان ئەو چەمکانەوە تێی کەوت .

لەخۆرئاوا ، خوا مرد و کەسیش جێگەی نەگرتەوە .هەموو خواوەندەکانی دیکەش کە دروستکراوی زەینی مرۆڤ خۆی بوون ، نەیانتوانی بستێك هەمان مرۆڤ لەو گێژی لافاوە دووربخەنەوە و بیپارێزن کە نازانرێ بەرەو کوێ دەڕوات . . .

گەنجینەی فەرهەنگی و بیرەوەریە سەرەتاییەکانی شارستانیەتی خۆرهەڵات، ئەو گەوهەرەی دی بوو کە خۆرئاواییەکان بۆیان نەکرا لەژێر دەستمانی دەربهێنن . رەنگە لەبەر ئەوەش بوبێت ، ئەو گەنجینەیە بەدەستمانەوە نەبوو ، بەڵکو لە " کولەکەی ڕۆحماندا بوو " .

بەپێچەوانەی هەر گەنجینەیەکی دیکەوە کە مارێك لەسەری پەپکەی خواردۆتەوە و بەنزیکبوونەوەمان لێی ئەو مارە پێمانەوە دەدات ، ماری سەر گەنجینەی فەرهەنگی خۆرهەڵات ، تا پێمانەوە نەدات نازانین چ گەنجێکی لەژێر سەردایە و گرێی نهێنییەکانیمان بۆ ناکرێتەوە . گەنجینەیەك سەراپای پاڵەوانی ئەفسانە زەمینییەکان ئاوی لێدەخۆنەوە. گەنجینەیەك بیرەوەری یە سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتی تێدا یاداشت کراون ، گەنجینەیەك کەدیوارەکانی بەجۆرەها رەنگ و بازنە رازێنراوەتەوە و تیرەگ و کۆڵەکەکانی لەسەر بنچینەی پتەوی کاتیگۆریەکانی خۆرهەڵات و لێکدانەوەکانی مرۆڤی ئەو سەر زەوی یە بۆ بوون و مەرگ و ژیان ، ڕاوەستاوە . . .

لە فەزای ئەو گەنجینەیەدا ، شیعر وەك جوانترین شێوەی دەربڕینی نائاگایی مرۆڤ خۆی دەنوێنێت و لە هەناسەدانێکی هەمیشەیی نەمردایە . بەڵکو هێزی ژیانە و دەکرێ بەدڵی گشت دڵدارێکدا .

شیعری خۆرهەڵات ، فەزای ڕۆحی خۆرهەڵاتی بەهەموو دووریەکانیەوە بۆ پاراستووین . ئەو فەزایەش ئەوەندە پتەو و چڕە ، ئەوەندە گەرم و گوڕو و بەمیهرە ، بە ئاستەم دەتوانرێت لەدەرەوەی ژیانی مرۆڤی خۆرهەڵات تەماشای بکرێت . ئەم مرۆڤە سەرسەختەش هەردەم عەودالّ و شەیدای ئازادی بووە. لەنێوان خۆیی و ئامانجەکانیدا هیچ شتێکی بەربگر نەزانیوە ، بەڵام لەبەر ئەوەی " ڕێگەی ئازادی ، ڕێگەیەکی سەخت و پڕ لە هەوراز و نشێوو هەڵەتە" تەماشا دەکەین ئەو مرۆڤەش هەردەم لە عەزابدابووە . عەزابی ڕۆحی بۆ

گەیشتن و حەوانەوە لەسایەی هێزە بڕیاردەرەکاندا ، بۆ گەیشتن بە "بوونی ئەبەدی " و نۆشکردنی " ئاوی حەیات " .

هەموو ئایین و بیرەوەریە فەرهەنگی یەکانی دیکەی خۆرهەلات ، بەدەوری سەرچاوەی ئەو " ئاوی حەیات " ەدا دەسووڕێنەوە . لە فەرهەنگی ئەو ئایینانەدا ، ژیان " مەنزڵ " یکی کاتیە لە مەسیری ڕێگەی وجودیئەبەدیدا .. " ئاشووری " دەڵێت :" هەموو شاعیرە مەزنەکانی خۆرهەلات یەك شت دەڵێن . ئەمەش تایبەتمەندی گشت شاعیر و موفەکیرە گەورەکانە کە جگە لە ـ شتێك ـ چیدی ناڵێن . لەبەر ئەوەی شاعیر و موفەکیرە گەورەکان لەسەرو بەندی جیهانێکی " یەکتا " دان ، بەڵام زانست و زاناکان نقوومبووی نیـو زۆر شتن " .

جیاوازی گەورەی نێوان خۆرهەلات و خورئاواش لەم خاڵەوە دێتە روو : شوێن لێژکردنی لێخوردبوونەوەی زانستی ڕۆح ، لەلایەن تاقیگە و کلینیکەوە.

وەنەبێ زەینی خۆرهەلاتی ئەو زەینە شاعیرانە ناسك و بەرزەی بە جوانترین شێوە خۆی لەسەر نەخش و نیگاری " دەوری " یە چینی یەکان و میناتۆرەکانی ئێران (١) ، پیشان دەدات ، لەشەپۆلی چەمکە خۆرئاوایی یەکان خۆی پاراستبێ ، یان زەمینەی ئەو خۆپاراستنەی بۆ رەخسابێت . چونکە تەوژمی ئەو شەپۆلانە ئەوەندە بەهێز و کاریگەر بوون ، هەر لەیەکەم بەیەك گەیشتندا شوێن پێی خۆیان قایمکردووە .

ئێمە هەر لەیەکەم بەیەك گەیشتنی زانستی خۆرئاوا و زەینی شاعیری ـ ئەفسانەیی خۆرهەلاتدا ، خۆمان داوە بەدەست چەمکەکانی خۆرئاواوە. ئەو چەمکانەی هەروەك " یۆنگ" دەڵێت ، بەهیچ جۆرێك جێگرەوەی ئەو تێڕوانینە شاعیرانەیی یەی خۆرهەلات نین . بەدبەختی یەکی دیکەی لای ئێمە لێکدانەوەی ئەو تێڕوانینەیە بەهۆی چەمکە عەقلانیەکانی خۆرئاواوە ! بەم کارەش نەك هەر نەتوانراوە بیرەوەریە سەرەتایی یەکانی ژیاری مرۆڤی خۆرهەلاتی و سومبولەکانی شی بکرێنەوە ، بەڵکو زەینی ئەم مرۆڤە بەجۆرێك لەئاستی ڕابووردویدا شێواوە ، کە چارەسەری هەموو مەسەلەکان لەوەدا ببینێتەوە ، لە نێوان ڕابووردووی شاعیرانەیی و " ئێستا " یدا بۆشایی یەکی گەورە دروست بکات و لە هەوڵی خۆ دابڕکردندا بێت .



هەواڵنامەی کتێب

ئێمە بیرەوەریەکانی شارستانیەتمان وەك " شتی بڕوبووج و بێ بناغە " تەماشا دەکەین و چەندین زاراوەی وەك : " دواکەوتوویی ، خورافە پەرستی ... " بەگوزەشتەمانەوە دەنێین .. کە لێشمان دەپرسن لەکوێوە هاتووی " Hvor kommer du fra ? " یەکسەر بەهێماکردن بۆ پارچەیەك زەوی وا دەزانین وەڵامی تەواومان داوەتەوە . لەکاتێکدا ئەو پرسیارە بەرەو ڕووی ڕابووردوویەکی زۆر دوورمان دەکاتەوە ، کە هەریەکەمان لێوەی هاتویین ..

شەپۆلی چەمك و زاراوەکانی خۆرئاوا ، هەر ئەوەندەیان دەستگیرۆیی ئێمە کردووە کە بتوانین ڕابووردوو واقیعی ژیانمان ڕەت بکەینەوە و ئێمەش ببینە خاوەنی چەندەها دەستەڕۆشنبیری " قوتابخانەیی " و جیهان و بوون لەودیو چاویلکەیەکەوە ببینین کەڕەنگی سپیمان لێ بگۆڕێ بەڕەش .

ئەو ڕۆشنبیرانە بوێ بونەوە و تارەیی بان لەهەموو پەڕەیەکی ڕەرددا بە پێشکەوتن و هاوچەرخی بوون دەزانن .. ئەمەش بەتەنیا بەس بوو بۆ ئەوەی هێزە داگیرکەرەکان بەئاسانی " فەتحی سەر زەوی یەکانیان بەناوی پێش کەوتنەوارەوە کەن " ( شایگان ) دەڵێت : هەر لەو سەردەمەشەوە بیری زانستی - تەکنیکی ، جێگە بەڵێخوردبونەوەی عیرفانی چۆل دەکات ، کە زەینی مرۆڤی خۆرهەڵاتی لەسەر بەندە .

ئێمە نەك هەر هەستی زەوق وەرگرتنمان لەجوانی و سرووشت کردوتە قەزاوەگێڕی چەمکە یەکلا بینەکانی خۆرئاوا و ئەم چەمکانەمان وەك ئایەتی ژیان لەزەینی خۆماندا چەسپاندوون ، بەڵکە بەپشتیوانی سەرسەختی هەمان ئەو چەمکانە و چێشتەکردنیان بەخوێی سیاسەت " ژەهراوی ترین خوێ " ،هەموو دیاردەیەکی ڕەسەنیشمان فەلسەفەبارای و " سیاسیاوی " کردووە ، کە لە بیرەوەری یە سەرەتایی یەکانی ژیارمانەوە ، کە لەویژدانی شاعیرانەی فەرهەنگمانەوە سەرچاوەیان هەڵگرتووە ! ئەم خاڵەش خۆی لەخۆیدا بۆتە ڕێگرێکی گەورە لەبەردەم پەروەردەبوونی سرووشتیانەی زەینی ڕۆشنبیریماندا و دووچاری شەل و شکستی کردووین .

شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دیاردەی تازەش بەهۆی زەینی شەل و شکستەوە دوو ئەنجامی هەیە : یان ئەوەتا ئەو دیاردەیەش سرووشتی

شەل و شکستی بەخۆیەوە دەگرێت " ناڵێم دەمێنێت " ، یاخود ئەوەتا هەناسەنادات و دەمرێت . . .

بەرەنگاربوونەوەی نەهەنگی سەرمایەداری و داگیرکەران ، هێزێکی لەوە زیاتری دەوێت ، زەخیرەیەکی زیاتری دەوێت لەوەی کە ئێمە بەزەبێکی شکست خواردووی وەرگیراو ، بەرێزکردن و دووبارەکردنەوەی " یزم " ەکانی خۆرئاوا بچینە مەیدانەوە . بەتایبەتیش لەم سەردەمەدا کە ئەو چەمکانە خۆیان لە بوحرانێکی گەورە و هەمەلایەنیدا ژیان بەسەر دەبەن . ئەگەر بەویژدانێکی راستگۆ و لەدڵسۆزیمانەوە ، چاوێك بەمێژووی پەنجا ساڵەماندا بگێڕینەوە ، راستی ئەو قسەیەمان بەڕوونی بۆ ئاشکرا دەبێت و ئەنجامی ئەو مێژووەش ئەوەتا لەبەردەماندا . . .

لەو مێژووەدا ، راستە گەلێك لایەن و مەسەلەی گرنگ خۆیان دەنوێنن و لەئاستی تاکەکەس یان بەکۆمەڵدا چەند دیاردەیەکی نوێ دێنە گۆڕەپانی بوونەوە ، بەڵام یان ئەوەتا هەر زوو لەناو دەچن و سەردەنێنەوە ، یاخود بەناچاری دەبنە درێژکراوەی پێشووتر و مل بۆ شیکردنەوە و تیڕوانینە قوتابخانەیی یەکان شۆڕدەکەن . هۆی ئەم جۆرە کێشەیەش لەژیانی رۆشنبیریماندا تەنیا لەو خاڵەدا خۆی دەبینێتەوە کە بیری ئەورۆکە ، بیرێکی بێگانەیە ، بێ ریشەیە لەواقیعی ئێمەدا . لەهەمان کاتیشدا سیمای " هاوچەرخی بوون و پێشکەوتنە " . دیارە لەم روانگەیەشەوە شتێکی ئاسایی یە هەر دیاردەیەکی نوێ کە ناسنامەی فەرهەنگی راستەقینەی لەگەڵ خۆی هێناوە ، دەکەوێتە بەر نەشتەری لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ئەو چەمکانەی پێناسی " سەردەمی زانست و تەکنۆلۆژیا " دەکەن . .

ئایین ، نەك هەر تەنیا کاریگەریەکی " دەروونی و فیکری و رۆحی "هەیە لەسەر بونیەتی مرۆڤی خۆرهەڵات ، بەڵکو کاریگەریەکی ئەزەلی و دێرینەی وایشی هەیە کە سومبولەکانی ئەو مرۆڤە ، وەك " کارڵ یۆنگ " دەڵێت بەشێکی زۆریان لە ئەفسانە ئایینی و بوتە ئایینی یەکاندا خۆیان مات داوە . بۆیە مرۆڤی خۆرهەڵات نەك هەر " ناتوانێت ئەو کاریگەریە رۆحی یە لەسەر خۆی نەهێڵێت ، بگرە لەهەر بوحرانێکی دەروونی و رۆحیشدا هەمان کاریگەرە کە وەك یاریدەدەرێکی زیندووی رەسەن خۆی دەنوێنێت و بەهاناتایەوە دێت . . .

ئەگەر ئەو کەسانەش کە لەسایەی درەختی عەقلانیەتی خۆرئاوادا ،واهەست دەکەن سوکنایی بەدڵ و دەروونیاندا هاتووە و لەوە دڵنیان جارێکـــی دی پێ ناخەنەوە سەر ئەو زەوی و زادە ، بەر لەهەموو شتێك باشیعری مەولانا و مەحوی و حافز و نالی نەخوێننەوە ! با مایکڵ جاکسۆن و مۆسیقای ناسازی رۆك شفای دەردی ئەوان بدات . . . (٢)

هەروەك لەپێشانیشدا پەنجەنومای ئەوەمانکرد ، شیعر جوانترین شێوەی دەربڕینی نائاگایی مرۆڤی خۆرهەڵاتیە و لەلایەکی دیکەشەوە ئەم شـــێـوە دەربڕینە لە هەناسەدانێکی هەمیشەیی نەمردایە .

بەزاڵ بوونی چەمکەکانی خۆرئاوا لەفەزای بیرکردنەوەی مرۆڤی خۆرهەڵاتدا ، وردە وردە دیاردە فەرهەنگی و رۆحیەکانمان " لەوانەش شیعر " لەجیاتـــی ئەوەی فەزایەکی کراوە لەتێڕوانین و لێکدانەوەی مەسەلەکاندا بخەنە روو، بەرەو جۆرە خۆخواردنەوە و رۆچوونێك بەناخی دەربردا " شاعیر " شکانەوە . رۆحی شاعیر لەم حاڵەتەدا ، نەك هەرتەنیا بووە گەرمترین تەندوور و ناخی خـۆی سووتاند ، بەڵکو بووە ئاوێنەی رۆحی گشت ناخ سووتاوێکی دیکەش."نالی" دەفەرمووێ :

" نەوعە ئینسانێ همیە غەم قوتییـــە
من غەمی خۆم و غەمی عالەم دەخۆم "

یاخود :

" لەسندوقی بڕی سـینەم بترســـە
کە ئاگر بەربداتە تەخت و تابـوت "

هێماکردنی نالی بە " نەوعی ئینسان " خۆی لەخۆیدا لێدوانێکـــی زۆری دەوێت . بەڵام غەمخواردنی نالی بۆ هەموو "عالەم" ، لەپێناســـە کردنی ئەو ناسنامە فەرهەنگی و بیرەوەریە سەرەتاییانەی شارستانیەتی مرۆڤی خۆرهەڵاتدا ، ئەو مرۆڤەی غەمی خۆیی و غەمی " هەموو عالەم " دەخوات و " من " ی ئەو " من " ی " نەوعی ئینسان " ە ، یارمەتیەکی گەورەمـــان دەدات .

ئەم " نەوعی ئینسانە " بەپێی سروشتی شاعیری۔ئەفسانەیی خۆی ، لە

فەزایەکی ئەوەندە بەوی ڕۆحانیدایە کە چەمکە خۆرئاواییەکان نەک هەر پێناسەیەکیان بۆ نەکردووە ، بەڵکو لەئاستیشیا دۆش داماون . بۆیە گەر لەلای " نالی " قسە لەسەر " نەوعی ئینسانە " و ئەم " نەوعە " غەمی خۆیی و غەمی هەموو هاونەوعەکانی دەخوات ، لە جیهانی چەمکە خۆرئاواییەکاندا هەمان " نەوع " دابەشکراوە بە " ئەنواع " ەوە و لەژێر باری گرانی ئەو چەمکانەدا چۆکی داداوە . بۆیە بەئاشکرا دەردەکەوێت ئێرەدا ، لە " عالەمی نەوعی ئینسان " و " عالەمی نەوعی ئەشیا " دا ، کە نالی غەمی هەردووکیان لەسەری داوە ، تەنیا " عالەمی ئەشیا " دەمێنێتەوەو بیری شاعیرانەی مرۆڤیش وەک شتەکانی دی پۆل پۆل و چین چین دەکرێ . دیارە لەم بارودۆخەشدا بچووکترین بۆشایی بۆ بیری شاعیرانە نامێنێتەوە.

جێگەی سەرسوڕمان نیە کە بیری شاعیرانەی خۆرئاواش لەدوای کەسانێکی وەک بۆدلێر و ریلکە ، وچەند شاعیرێکی دی وردە وردە لە چەمکە ڕۆحانیەکان دووردەکەوێتەوە و بەرەو دنیایی بوون هەنگاو دەنێت و گوێمان لە دەنگی کەسێکی دی نابێت هاواربکات :

" ماڵئاوا ئەی خەون و نمونە بەرزەکان

ماڵئاوا ئەی خەتاکاریەکان " - ڕامبۆ -

هەروەها جێگەی سەرسوڕمانیش نیە کە زۆربەی شاعیرانی هاوچەرخی خۆرهەڵات جگە لەچەند پارچە شیعرێکی بەرز ، هیچی دی نالێن و زۆر جاریش ناوەرۆکی نامێلکە سیاسیەکان دەبێتە " ئیلهام " ی شیعریان ! (٣) ئەمە جگە لەوەی لەژێر کاریگەری هەمان حاڵەتی گۆڕانی چەمکە ڕۆحانیەکاندایە بۆ چەمکی دنیایی و دوورکەوتنەوەی شاعیر لەرۆح و هەوێنی مەسەلەی‌شیعری ، کە بێ‌بەخشینی گەورەترین خەڵاتیش بەو شاعیرە ، هێشتا نایکاتە شاعیرێکی نەمر !.

لەلایەکی دیکەشەوە ڕەخنەی ئەدەبی و " شیکردنەوەی زانستی " بەو شێوە باوەی کە هەیە ، تەنیا لەو حاڵەتەدا مەیسەر دەبێت کە ڕەخنەگر کەرەسەی فیکری ئامادەکراو بۆ شیکردنەوەکانی بەکار نەهێنێت و هەر بەوەندە نەبیرێتەوە کە شاعیر " ئاوێنەی کۆمەڵ بوو " " هەمیشە لایەنی چەوساوەکانی دەگرت " . . . (٤)

شاعیریتی و جیهانبینی شاعیرانە ، نە ئەوەیە کە سنگمان بە گوللەی ڕووداوەکانی ڕۆژانەوە بنێین و شیعر بکەینە بەڵگەی هەڵوێستمان و "هەڵوێست نامە" بنووسین ، نە ئەوەشە بێئاگا بەهۆی مەلی خەیاڵەوە ڕاوی وشە بکەین . جیهانبینی شاعیرانە زەخیرەیەکی ڕۆحی ـ فەرهەنگی پێویستە تاکو شیعر هەڵوێست بێت لەئاست گشت بیرەوەریە فەرهەنگیەکانماندا ،تاکو شیعر جارێکی دی " عالەمی نەوعی ئینسان " و " عالەمی نەوعی ئەشیا " پێکەوە گرێ بداتەوە . دیاردەی شیعریش وەك بەڵگەیەك بۆ بوونی ناسنامەی فەرهەنگی ، وەك شاهیدێك بۆ پەیوەندی ڕۆحیانەی مرۆڤ بە بیرەوەریە ئەفسانەیی‌یەکانیەوە ، دیاردەیەك نیە ڕەگ‌و ڕیشەی نوێی دەرکێشا بێت . بەڵکو هەمان ئەو ڕەگ‌و ڕیشانەن کە لەڕابوردووی جیهانبینی شاعیرانەمانەوە سەر دەردەهێننەوە و ماوەیەکی زۆربوو لەناتاگابی‌ماندا پەردەی لەبیرچوونەوەمان بەسەردا دابوون . ئەمڕۆکەش گەر ئەو ڕەگ‌و ڕیشانە جارێکی دی سەوز دەبنەوە ، دیارە بە ئاسانی ناچنە ژێر باری ئەو چەمك و زاراوانەوە کە ئێمە دەمانەوێت بە بەکارهێنانیان ئەوە بسەلمێنین کە لە سەردەم دوا نەکەوتووین ! ( ٥ )

دیاردەی شیعری ئەو کاتە خەسڵەتی جیهانبینی شاعیرانە لەگەڵ خۆی دەهێنێت کە پشت قایم بێت بە ئاگابوون لە شیعر ، بە تێگەیشتن لە سومبولەکانی مرۆڤ . جیهانبینی شیعری لەلایەکەوە لە سەرچاوەی بیرەوەری فەرهەنگی‌یەوە ئاو دەخواتەوە و ، لەلایەکی دیکەشەوە دژ بەو سەرچاوەیە دەوەستێتەوە : ( بریشت ) گوتەنی ـ شاعیر دەبێت خۆی شتێکی بۆ گوتن هەبێت ـ . تێگەیشتن لەو پەیوەندیەی هەردوو " عالەم " گۆشەنیگای شاعیر دەگۆڕێ بە پەیامی پێغەمبەرانە . نەبوونی ئەم دووریە لەتێڕوانینماندا بۆ شیعر ، وەك بەڵگەیەك بۆ بوونی ناسنامەی فەرهەنگی ، ئاکامەکەی بەو تەنگوچەڵەمەیە دێتەوە کە لەبواری شیعر و لەبیری شاعیرانەماندا سەری‌هەڵداوە

هەروەك پێشتر هێمامان‌کرد تەنیا هەر شاعیر نیە کە دەبێت تێڕوانینی شاعیرانەی لە سەرچاوەی بیرەوەریە فەرهەنگی‌یەکانەوە ئاو بخواتەوە . بەڵکو ڕەخنەگریش دەبێت هەمان ڕەگ‌و ڕیشەی لەبیری خۆیدا پەروەردە کردبێت . دەنا مەسەلەکە بەو جۆرەی لێدێت : ڕەخنەگر لەزەوی بۆ شاعیر دەگەڕێت و

کەچی ئەو لەئاسمانە ! شاعیر و ڕەخنەگر، یان دەبێت هەردوکیان لە زەوی بن ، یاخود بەجوت بفڕن بۆ ئاسمان ...

بەچاوگێڕانێك بە مێژووی ڕەخنەماندا ، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ڕەخنەگرەکانمان هەمیشە تۆڕیان هەڵداوەتە وشکانیەوە بۆ ئەوەی ماسی شاعیر ڕاوبکەن . ئەو پچڕان و دووریەی نێوان بیری ڕەخنەگر و شاعیریش لێرەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە . کار بەوە مەیسەر نابێت ڕەخنەگر تەنیا لە ئاستی سیاسی و ڕووداوەکانی ڕۆژانەدا تەماشای شیعر بکات . بۆدلێر لە سەردەمێکی چڕی ڕووداوەکانی فەرانسەدا ژیا ، سهراب سپهری بەقۆناغێکی جەنجاڵی مێژووی ئێراندا تێپەڕی ، بەڵام ئەمانە بۆنی ڕووداوەکانی ڕۆژانە لەشیعریان نایەت . کەچی جیهانی شیعری لەبەرهەمیاندا ئەوەندە فراوانە هەرگیز " خۆری تێدا ئاوا نابێت " ...

( یانیس ڕیتسۆس ) شاعیری دووربین و دونیادیدەی هاوچەرخی یۆنان ، بەخوڕایی نیە کاتێك دەڵێت : " مەبەستی شیعر، پیاهەڵگوتن‌نیە. ئامانجی شیعر لێکدانەوەی دیاردە جۆراوجۆرەکانی نێو کۆمەڵگا نیە . شیعر لە گۆڕەپانی کەشف کردندا ڕێدەکا " کەشفی وجود .

هەر لەبەر ئەم هۆیەشە ( ئەرستۆ ) ئەرکی شیعر لە ئەرکی مێژوو جیادەکاتەوە و لای وایە " مێژوو ئەو ڕووداوانەمان بۆ دەپارێزێت کە ڕوویان داوە ، بەڵام شیعر باس لەو ڕووداوانە دەکات کە ئیمکانی ڕوودانیان‌هەیە".

شاعیر کۆمەڵێك کەرەسە دەخاتە بەردەمی ڕەخنەگر بۆ ئەوەی شیان‌بکاتەوەو زەینی خوێنەر بە مەسەلە شیعریەکان ئاشنا بکات . واتە **جیهانبینی شاعیرانەی ڕەخنەگر ، دەست نیشانی جیهانبینی شاعیرانەی شاعیر دەکات لەزەینی خوێنەردا ..**

ڕەخنەی ئێمە " جگە لە چەند هەوڵێکی کارامە " بۆنی ئەوەی لێ‌نایەت کە ڕەخنەگرەکانمان خاوەنی جیهانبینی شاعیرانەبن . بۆیە تەماشا دەکەین هەر لەوەدا ماوینەتەوە کە " نالی " ڕاستە ،یان " نالی " یاخود " نالێ"! خۆ ئەگەر زۆریش خۆمان ماندوو کردبێت گوتومانە " شیعر هەڵوێستە"،وە بە چاوێك کەڕۆشنایی لەکتێبە سیاسیە وەرگێڕاوەکانەوە وەردەگرێت ، تەماشای شیعر و جیهانبینی شاعیرانەمان کردووە .

**لێخوورد بوونەوە ( تأمل ) لەجیهانی شیعر ، لە ڕەخنەی ئەدەبیماندا زۆر هەژارە (٦)** .. ئەگەر شتێکی لەو بابەتەش هەبێت زیاتر لێخوورد بوونەوەیەکی سیاسیانەیە بۆ ناخی شاعیر و دەرخستنی سیاسەتی شاعیر . (٧)

ئەو خەسڵەتە چیە لەدەروونی شیعردا کەوا هەست دەکەین بە خوێندنەوەی شیعرێك سوکنایی بەدڵماندا دێت و تازە لەدایك دەبینەوە؟ بۆ لە شیعردا ، نەك هەر مێژووی ژیانی مرۆڤ بەڵکە پەیوەندی ئۆرگانیزمانەی ئەم مرۆڤەش بەجیهانی دەرەوە و تەنانەت جیهانی ڕۆحیشمانەوە هەست پێدەکەین ؟ بۆچی شیعرێك ، یان دێرە شیعرێك بە هەمان ئەزموونـدا دەمانبات کە بەخوێندنەوەی ڕۆمانێکی چەند سەد لاپەرەیی ئەوجا پێی دەگەین ؟ و دەیان مەسەلە و پرسیاری دی کە لە جەوهەری ئەزەلی شیعرمان نزیك دەخەنەوە .

دەمەوێت بەڕاشکاوی بڵێم : ئەگەر ڕەخنەگرەکانمان کەرەسەی شیکردنەوەی شیعریان نەگۆڕن و بەفراوانیەکی دیەوە تەماشای بەرهەمی شیعری نەکەن ، ڕەنگی شیعر لە نیگای خوێنەردا بەرجەستە نەکەن ، ئەوا زەوقی خوێندنەوەی شیعری لەلای خوێنەران دەمرێت . بەتایبەتی ئەم نەوەیەی لەدەرەوەی وڵات چاوی کردۆتەوە و گەرەکیەتی لەدانیشتنی نێو شەمەندەفەر و میترۆ و پاسەکاندا ، دیوانێکی شیعری بخوێنێتەوە . (٨)

دەمەوێت بڵێم و بێ هیچ دوو دڵیەکیش دەڵێم : **ڕوشنبیری " قوتابخانەیی " کە خۆی لەخۆیدا ڕوشنبیرێکی دۆگمایی یە ، لە شیکردنەوەی ئۆرگانیزمانەی جیهانبینی شاعیرانەدا دادمان نادات و ریزکردنی فلانۆف و فیسارۆفەکانیش لەپاڵ کەمەی " یزمزم "دا ، چارەسەری کێشەکانمان ناکەن** . بەهێزش هێنانی " ئەو بیری تەکنۆلۆژیایەی کە ئێمە لە ئاستیدا خۆمان بە هیچ لەبارا نەبوو دەزانین " بۆ سەر زەمینی شاعیرانەمان و شتنەوەی دەروونمان لە چەمکە ڕۆحانیەکان ـ وەك ئەوەی لە ئەورووپا باوە ، و ڕۆژی هەزاران کەس دەبنە خۆراکی سەرشەقام و ئێستگای شەمەندەفەرەکان ـ زەمینەی تەنگوچەڵەمەی فەرهەنگیمان بەجۆرێك خۆش دەبێت کە ئەو کاتە هیچ شتێك بۆ بەربەستیکردنی ئەو هێرشە دادمان نادات ...

تاقە ڕێگەیەك بۆ پاراستنی زەینی شاعیرانەمان لەو هێرشە، زیندووکردنەوە و پاراستنی بیرەوەریە دێرینە فەرهەنگی‌یەکانمانن کە وەك سومبولی وجودێکی ئەبەدی شی‌نەکراوە، تاوەتاوێك سنووری نائاگاییمان دەبڕن و " سکالایەك لەگەڵ ڕۆحی کاڵۆڵماندا " دەکەن . ئەو بیرەوەریانەی بەزیندووبوونەوەیان لە " خود " ی هەر کامێکماندا، برووسکەیەك لەبنی بێمانەوە تا تەوقە سەرمان ڕامان دەچڵەکێنێ ! ( ٩ )

## پەراوێزەکان

سەرەتا دەمویست باسەکەم بەدووربێت لە پەراوێز و تێبینی نووسین، چونکە گەلێك جار پەراوێز ئەگەرچی بۆ ئەوە دەنووسرێ تا باسەکە ڕوونتر بکاتەوە، بەڵام جاری واش هەیە لەباسەکە دەردەچێ و خوێنەر ماندوو دەکات. لەلایەکی دیکەیشەوە پەراوێز نووسین، وەك بەگوێدا چرپاندنی بەرامبەر وایە، لە گفت و گۆکردنیشدا گەر جاروبار بەگوێی یەکدا نەچرپێنین، گفتوگۆکەمان وشك دەبێ !

١ ) ئەگەرچی کۆمەڵێك را دەڵێن " سانتور " هونەرێکی ئێرانی " یە " و ئێرانیەکان وەریان گرتووە .

٢ ) زۆرن ئەوانەی لەنێوان ڕابووردووی فەرهەنگی خۆیان و واقیعی ئەورووپای خۆرئاوادا، شیرازەیان پچڕیوە و بەهۆی پێشکەوتن و سەربەستی‌یەوە دەست دەدەنە جۆرە لاسایی‌کردنەوەیەکی ئەورووپی‌یەکان و بەڵگەی " وەك خۆیان دەڵێن : زانستیش " یان هەیە بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان .. ئەو قسەیەی لەناو کورددا زۆر باوە و زۆرجار بەرگوێ دەکەوێت ئەوەیە کە دەڵێت : " کاکە گیان ! ئەمە ئەورووپایە و ، ئەورووپاش وەدەستی خۆمانە ... " و برایەوە !

٣ ) بەڵام بەشێوەیەکی ئەدەبی : نموونەی ئەم شاعیرانە لای خۆمان زۆرن ، هەروەها لەواری چیرۆکیشدا نموونەی ئەم ڕەنگدانەوە زەقە هەیە . لەلای ئێرانیەکانیش گەلێك شیعر هەیە کە بەم بان ئەو شیوە ڕیسایەی سیاسی و کێشی دووبارە دەکاتەوە . ڕەخنەگرێکی ئێرانی دەڵێت : " گوڵی سوورخی " شاعیر نەبوو ، بەڵام شیعر دۆستێکی سۆزسکتربوو

٤ ) لەو ڕەخنەگرە بێ دەسەڵات تر نیە کە بۆ لێکۆڵینەوە لەشیعری ( مەحوی ) ملێت : " لەمن دەڵێت " !!

٥) ئەگەرچی ئەو چەمکوزاراوانە دوای ماوەیەکی زۆر ئەوجا بەهەزار حاڵ دەگەنە لای ئێمە .. وەك ئەگزیستانسیالیزمی سارتەر و عەبەسیەتی کامۆ ! و... هتد .

٦) لێرەدا بەرێزەوە یادی چەند هەوڵێکی مامۆستا کەمال مراودەلی لەسەر "گۆران" و وتارەکانی کاك ئەحمەدی مەلا و چەند هەڵەیەکی دیکە دەکەمەوە

٧) بۆ نموونە ئەوەی لەسەر کاك شێرکۆ بێکەس ی شاعیر نووسراوە . لەو چوارچێوەیەدا خۆی دەبینێتەوە . ئەو نووسینانە زیاتر مەسەلەی ئیلتیزامی سیاسی شاعیر دەخەنە بەر تیشکی لێکۆڵینەوە . وەك ئەوەی شێرکۆ بێکەس بەکەم شاعیر بێت پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە لایەنێکی سیاسیەوە هەبێت. وەك ئەوەی جیهانبینی شیعری لەشیعری شێرکۆدا نەبێت ! بەڵام بێ بەش نیمە ئەوەندەی شێرکۆی سیاسەتمەدار دەناسین ، ئاگاداری زەینی شاعیرانەی شێرکۆ بێکەس نین..

٨) زۆر لە نووسەران و شاعیرانی دانمارك ئەوە دووپات دەکەنەوە کە دەبێت کتێب و بەرهەمەکانیان کورت بنووسن بۆ ئەوەی " خوێنەرەکانیان " بتوانن لە شەمەندەفەر و پاسەکاندا بیانخوێننەوە !

٩) لەم وتارەدا چەند جارێك " بیرەوەریە سەرەتاییەکان " دووبارە کراوەتەوە . بۆ ئاگاداری خوێنەر لەم چەمکە ، بەپێویستی دەزانم ئەو پێناسەیە بنووسمەوە کە نووسەری بەتوانا " داریوش شایگان " بۆ هەمان چەمك کردویەتی و لە لاپەڕە پەنجاوسێی کتێبەکەیدا ـ پەیکەرەکانی زەین و بیرەوەری سەرەتایی ـ نووسیویەتی : سوونەت بیرەوەریەکی هەیە و ئەم بیرەوەریەش تایبەت نیە بە تاکە کەسێکەوە و لایەنی کۆیەلی هەیە، جیا لەسەر ئەوەی بیرەوەری نەتەوەیی هەر میللەتێك ، بمانەوێت و نەمانەوێت زانستی " ئەسڵ و فەسڵ " ی هەمان میللەتە و پەیوەندی ئەو میللەتە بە ڕووداوە ئەزەلی و ئەفسانەییەکانەوە دەپارێزێت ، دەکرێ بەم بیرەوەریە بگوترێ بیرەوەری سەرەتایی ...". هەروەها بیرەوەری سەرەتایی بە مانای سەرهەڵدانی هەموو ئەو دیاردانە دێت کە لەلایەن مرۆڤەوە داهێنران و ناسنامەی فەرهەنگی و شارستانیەتی خۆی لەسەرەوە بنیاکردوون .

## سەرچاوەکان


١) بتهای ذهنی و خاطره ازلی ـ داریوش شایگان . چاپ اول ٢٥٢٥ تهران ص ٥٣ .

٢) جنگ اصفهان ـ تابستان ٢٥٣٥ (١٩٧٢) ص ١١٠-٢٥٠٠ ٥٥ .

٣) انسان و سمبل‌هایش ـ کارل یونگ، چاپ تهران ص٢٥-٢٧ .

٤) مجله‌نامه شورای نویسندگان و هنرمندان ایران . دفتر اول دوره‌ٔ دوم زمستان ١٣٦٣ . ص ١٥٢ .

* * * *

* ئەم چەشنە شیعرانە ، ئیتر باویان نەماوە و نابێ ئێمە بگەڕێینەوە سەریان و بیانکەینەوە " باو " ، بەڵکو ئەبێ ئیتر ئوسلووبێکی تازە دابنێین و بەشێوەیەکی وا لەنیشتمان بدوێین کە لەگەڵ پێویستیی ئەم چەرخەی کە دێ و شان بە شانی شارستانێتی بڕوا .

رەفیق حیلمی

شیعر و ئەدەبیاتی کوردی ،ب دووەم،

ل ١٢ .

هەواڵنامەی کتێب

# ئەحمەدی مەلا و گفتوگۆیەکی شیعری

موحسین ئەحمەد عومەر

بۆ زیاتر شۆڕبوونەوە بۆ ناو شیعر و شیعری کوردی و ناسینی دەنگ و تاقیکردنەوەکان ، وەك پێویستی‌یەکی ئەدەبی بەتایبەتی و ڕۆشنبیری بەگشتی ، بە هەل و لەبارمان زانی ئەم گفتوگۆیە لەگەڵ شاعیر " ئەحمەدی مەلا " ڕێك بخەین . بەو مەبەستەی پەنجە بخەینە سەر تاقیکردنەوە و ڕوانینی خۆیی و باسکردن لە دیوانی " زەردك " و بەستنەوەی بە تاروپۆی باری ئێستای شیعری کوردی .

**پرسیار : لەدیوانی " زەردك " دا هەست بە چەشنە تایبەتمەندی و جودایی‌یەك دەکرێت ، وادیارە هۆنراوەکانت سەر بە تاقیکردنەوەیەکی ڕۆشنبیری و شیعری جیان . واتە تایبەتمەندی لە جیهانی شیعریت تەواو هەستی پێ دەکرێ . دابڕکاری‌یەکی ئەدەبی هەیە . . . ؟**

ئەحمەد : لە " زەردك " دا هەوڵی تایبەتمەندی دراوە ، بێگومان ئەم تایبەتمەندی‌یەش پێویستە ( ئەویتر ) پەنجەی بۆ ڕابکێشێ . بێگومان من ناتوانم بەشێوەیەکی تر لێ‌ی بدوێم ، هاجیسی نووسینەکەش ئەو نوێخوازی‌یە بوو کە هەوڵمدا بەشێوەیەك بنووسرێتەوە کە ڕێگا خۆشکەرێك بێت بەرەو شیعری نوێ . کۆنم فەرامۆش نەکردووە ، هەروەها داهاتووش بە چەندین شێواز دێتە پێشچاو .

خاڵێك هەیە کە پەیوەندی بەم ئەزموونەوە هەیە ، ئەویش دابڕانێکی

به ئەنقەست بوو ، دابرانێك لەگشت ئەو شتانەی بەکوردی دەرچوون ( لـــە ساڵی ١٩٨١ تا ١٩٨٦ ) ئەمەش لایەنێکی گەلێك سوود بەخش بوو بـــۆ دۆزینەوەی ئەوی‌تر . لەکۆتایی‌دا بۆ دەستگرتنە سەر شتە شاراوەکانی خۆم ، خستنە ژێر تیشك . وەك لەپێشەوە باسمکرد ئەم دابرانە ویستێکی من بوو . چونکە ئەگەر هات و ڕۆشنبیری دەمواز و بەربەرەڵا نەبوو ، گەرای مـــردن دادەنێ . بڕوا ناکەم " زەردك " لەسەر هیچ فەلسەفەیەکی دیاری‌کـــراودا بنیات نرابێت . بەڵام بەگشت سوچێکی زانستی‌دا گەڕاوە ، لەکەلەپـــووری میزوپۆتامیاوە بۆ ئیسلام و ئەو لایەنە بزوێنەرەی کە لەشیعری سۆفیزمدا بـــە شێوەیەکی گەلێ بەهێز دەردەکەوێ ، هەروەها سوود لەقورئان وەرگیـــراوە ، چونکە قورئان خاوەن ئەندێشەیەکی گەلێ بەپیتە ، ئەفسانەیەکی نەمر و مەزنە ، من خۆم بڕوام بە فەلسەفەیەکی دیاریکراو نی‌یە ، ڕەنگبێ ئەمەش خەسڵەتـــی ئەم سەردەمەمان بێت .

**پرسـیار : خوێنەری زیرەك کەسەرنجی پڕ دەداتە هۆنراوەکانت ، بـــە تایبەتی لە دیوانی " زەردك " دا ، کۆمەڵێك هەستی سۆفیزمی و وجودی و نائەقڵانی و هەتا سریالیەتیش دەبینێ ، هەڵبەت ئەم شتانە وەك بیری نوێ‌و دوو وەك : کردەیەکی شیعری داڕێژراوە، لە هەمان کات دا لەگەل ڕەوشـی هۆنراوەکانیش لەپەیوەندی‌دان . واتە ووشەکان هەردەم لەتەقینەوەیەکی ناوەکی دان . چۆن دەڕوانیتە ئەم سەرنجە ...؟**

ئەحمەد : بەڵێ زۆر ڕاستە ، ویستوومە ووشەکان لە تەقینەوەیەکـــی هەمیشەیی‌دابن ، ئەمەش مەبەستی هەموو شیعرێکە . بەبێ ترس و ڕەوینـەوە خۆم دەهاوێژمە ژێر کەپری شیعرێکەوە ، چەشنی منداڵ پێویستیم بـــە ڕەهایی‌یەکی تەواو هەیە . منداڵێك شتەکان دەڕوخێنێ ، شتی نـــوێ ، سەرلەنوێ دروست دەکاتەوە . جیهانێکی تایبەت دروست دەکات . بەرای من شیعر ناخزێتە چوارچێوەیەکی قوتابخانەیی‌یەوە ، وەکو " بروتۆن " دەی ووت : بە تەواوبوونی سوریالیەتیش ، سوریالیەت هەر دەمێنێتەوە ، خـــۆ رامبۆ یش " بروتۆن " و هاوڕێیەکانی شتی سوریالی ووتبوو.. حاجـــی لەمەر ئێمەش هەندێ بەیتی سوریالی هەیە . هەروەها تابلوکانی " پـــۆش "

سەدەی شازدەهەم لە ئاوهەوایەکی سوریالی دەخولێتەوە . سوفیگەری گەنجینەیەکی لەبن نەهاتووە ،وزەیەکی گەلێ گرینگە بۆ کاری خولقاندن ، چونکە گەرانێکی ناخی‌یە ، تێکەڵبوونی شتەکانە ، دۆزینەوەی شتەشاراوەکانە. لەکۆتایی‌دا ویستوومەوە و دەمەوێ ، شیعر نەخرێتە چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە ، هەر ئەمەش بەڕای من فەزای " زەردك " ی فراوان و بەرەڵلا کردووە.

زمان ماددەی یەکەمی شیعرە ، هەر بەزمان ڕادەی ئەندێشەی شاعیر بەدەردەکەوێت ، هەر بەزمان وێنەی شیعری دەگێردرێ . لەکۆتایی‌دا زمان بەردی بناغەی هەموو شیعرێکە . هەموو زمانێکیش خاوەن وزەی لەبن نەهاتووە ، ئەگەر هات و توانرا شێوەی بەکارهێنانی بگۆڕدرێت . شیعر هەوڵ دەدات زمان لەگشتێ‌تی‌یەوە بەرەو تایبەتی وەرچەرخێنێ ، بەرەو زمانی تایبەت ، واتە شێوازی تایبەت ، واتە دۆزینەوەی دووری تری زمان. ئەو تایبەتی‌یە لەڕێگای شاعیرەوە دێتەدی ، دەتوانین‌بڵێین شاعیر خاوەن ڕێزمانێکە تایبەت بەخۆی ، ئەمەش بەشێوەیەکی دژوار لەگەڵ ڕێزمانی‌گشتی‌دا ناوەستێت ، بەڵکو هێز و وزەیەکی زیاتری پێ‌دەبەخشێ . هەر ووشەیەك وەرگرین ، ئەگەر هات و دووبارە و سێ‌بارە و دەبارەمان‌کردەوە ، لەسەر ڕیتمێکی تایبەتی ، ئەوە وزەیەکی تر هەڵدەگرێت ، کاردانەوەیەکی دەروونی دروست دەکات لەلای گوێگر . هەر هەمان ووشە بەتەنیا بیلێێن ، ئەوە مانا فەرهەنگی‌یەکەیمان دەداتێ . شاعیر دەیەوێ لەفەرهەنگی گشتی‌یەوە بەرەو فەرهەنگی تایبەت بەخۆی هەنگاو هەڵنێ .ئەگەر حسێبی ڕێزمان بۆشاعیر بکرێت ، ئەوە یەکەم کەس " نالی " تاوانبار دەکرێت ، یا " ڕامبۆ تاوانبار دەکرێت .

پرسیار : لەهەموو سەردەمێکدا داهێنانی ڕەسەن شتێکە، هونەرمەند ناتوانێ کۆپی و لاسایی ئەو بکاتەوە ، بەڵام هێندە هەیە کە دەتوانێ لە داهێنانی پێش خۆی سوود وەرگرێ و شتی نوێ هەڵنێ ، وەك : قسەی پێغەمبەران ، ناتوانین لاسایی بکەینەوە ، ئەگەر لاساییش بکەینەوە نشووست دەهێنین ، بەڵام ئەم قسەی پێغەمبەرانە ، سۆفیزمێتێکی نوێ و داهێنانێکی نوێی لێ هەڵدەهێنجرێ . جا ئایا ، هەردەم دەبێت شیعر، لەکرداری داهێناندا ، سەر بەهەڵنانەوەیەکی وابێت ..؟

ئەحمەد : ئەگەر باس لەشیعرەوە بکەین ، ئەوە لاسایی هیچ موبەررێکی نی‌یە بۆ باسکردن . شاعیر پێویستە لاسایی کەسی‌تر نەکاتەوە ، بەڵکو ترسناك ترین حاڵەت لای شاعیر لاسایی خۆیەتی ... پێویستە شاعیر عەودالّی ووشەی سفت و سرك بێت . لە ووشەیەکدا ، چەندین لایەن بدۆزێتەوە . وەکو : فۆنیم ، مۆسیقا ، شێوە ، مانا فەرهەنگی‌یەکەی ، دەلالەتە نوێیەکانی کەلەلایەن شاعیرەوە پێ‌ی دەبەخشرێت . ووشە و شاعیر لە گۆڕانکاری‌یەکی بەردەوام و هەمیشەیی‌دابن . کاژی حەسانەوە نەبێت چ بۆ ووشە و چ بۆ شاعیر . ووتەیەکی " پیفۆن " هەیە دەڵێت : شێواز مرۆڤەکە خۆیەتی . گەڕان بەدوای شێوازێکی شیعریدا ، گەڕانە بەدوای ناخدا . گوێگرتن و ڕامانێکە لەناخی شاعیر ، ئەو وولاّتە بەرینەی کەجێ‌ی شیعری ڕاستەقینە ، ڕەگەزەکانی لەوێ‌یەوە پەل دەهاون .

ناخی شاعیر چەشنی ناخی شتەکانی ترە ، هەموویان پێویستیان بە ڕۆچوونە ، گەڕانێکە لەڕۆحی شتەکان .

**پرسیار : دەڵێن شاعیری مەزن قەت بەدوای سۆز و عاتیفە ناکەوێ ، هەمیشە ئاستێکی ئایدیایی بەرز لەهۆنراوەکانی سەرهەڵدەگرێ . ئەمە هەمان ئەو پرسیارەیە کە لەگفتوگۆیێکدا ئاراستەی " ئەزراپاوەند " کراوە... ئایا چۆن دەڕوانیتە ئەم مەسەلەیە ...؟**

ئەحمەد : سۆز و عاتیفە شیعر دەکوژن ، ڕەنگە لەژیانی سروشتی ڕۆژانەماندا بەدەستی سۆز و عاتیفەیەکەوە هەراسانمان لێ هەڵبگیرێ ، بەلاّم ڕەنگدانەوەی ئەمە لەشیعردا ، کاڵ و کرچی‌یەك دەداتە دەستەوە ، سۆز و عاتیفەش دەکوژێ .

**پرسیار : ئەمرۆ لەشیعری کوردی‌دا قالّب و شێوازێکی پەخشان‌نووسی هەیە ، هەڵبەتە ئەمە دەگەرێتەوە بۆ بواری کزی ڕەوش و نیگای شیعری هەندێ جاریش مانایەکی پۆزەتیڤی هەیە ، ئایا ئەمە چوونە بەرەو تەقلیدان و نوێبوونەوەی شیعری و کۆڕەپان خۆشکردنە ...؟**

ئەحمەد : زمانی شیعری گەلێ جوداوازە لەگەڵ زمانی پەخشان .کێش

و سەروا توخمێکن ، تەنیا توخمێکن دەقی ئەدەبی ناکەن بەشیعر. سەدەها بەیتی کوردی هەن چ بەعەروز چ بەکێشی خۆماڵ نووسراونەتەوە، بەڵام نەبوونەتە شیعر، تاکو لەلای گۆرانیش ئەم دیاردەیە بەرچاو دەکەوێت. نەوەکو ئەم دیاردەیە تەنیا لەشیعری کوردیدا بەرچاو دەکەوێت ، بەڵکو لەشیعری عەرەبی و شیعری فەرەنسیشدا بەرچاو دەکەوێت ، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ زاڵبوونی مەسەلەی کێش و سەروا بەسەر شیعردا ،بێ گومان ئەمە بۆچوونێکی گەلێ تەسک و هەژارانەیە بۆ شیعر . بۆدلێر دەیووت : کێ لە ئێمە لەتافی لاویدا خەونی بەپەخشانێکی شیعرییەوە نەبینیوە ، مۆسیقابەخش ، بێ کێش وبێ سەروا ، هەندە نەرم و گرژی تێدابێت ، لەگەڵ جووڵانەوەی (لیریکی) ڕۆحدا بگونجێ . لەگەڵ شەپۆلەکانی خەون و هەڵبەز و دابەزی هۆشیاریدا ڕێک کەوێ ؟

پەخشان زمانی زانست و مەنتیق و هاوتەریبە لەگەڵ عەقڵدا . شیعر زمانی ناهۆشیاری و شەپۆلە شێتەکانی ئەودیو عەقڵە ، گەڕانێکە بەدوای مەنتیقێکی نوێدا ، شاعیر ئەندازیارە ، لەسەر کەلاوەی ووشە ، باڵەخانەی نوێ دروست دەکات .

هەواڵنامەی کتێب

**پرسیار : ئایا بۆ خەیاڵی شاعیری ئەمڕۆی کورد ، خەیاڵێکە بە چەشنێکی گشتی بەلای وەسف بەمانا گشتییەکەی و وەسفی سروشتی ناچیزە دەشکێتەوە ، بەقووڵی سەربە بیری گەل نین ، بیری ڕەسەنی گەل ، واتە کێشە ڕەسەنەکانی گەل نەبۆتە مەسەلەیەکی میتافیزیکی و ئەدەبی پڕ بۆ شیعری کوردی ، یان ئایا هەمان قسەکەی سارتەریش بەسەر ئێمەدا پەیڕەو دەبێت کە دەڵێت " میللەتانی جیهانی سێیەم ئابرسییەتیان لەناودا بێت ، نابنە خاوەن نووسەر و شاعیر "...؟**

ئەحمەد : شیعر مەسەلەیەکە پەیوەندیەکی گەلێ بەهێزی بە گەلەوە هەیە ، بەڵام لەبەر بارودۆخی سیاسی ، ڕۆشنبیری ، گەل هەمیشە ئەو پەیوەندییەی نییە ، وابزانم مەسەلەی ئیلتیزام و نائیلتیزام کێشەیەکی کۆنە ، پێویستە تەجاوزی بکرێت ، ئێمە خۆمان بەشێکین لە گەل ، بەڵام شێوەیەکی تایبەتی خۆمانمان هەیە بۆ ئاخاوتن و نووسین و داهێنان و پەیوەندی

بە زاراوەی " وڵاتانی سێیەمەوە " نییە . ئەم زاراوەیە زیاتر ئابووری - سیاسییە ، مەسەلەی داهێنان و نووسین گەلێ کۆنترە ، بەلام دیکتاتۆریەتی جیهانی سێیەم کارێکی سەلبی بەسەر نووسین و ڕۆشنبیری دا دەسەپێنن ، گارسیا مارکیزیش خەڵکی جیهانی سێیەمە ، بەڵام ڕۆمانەکانی جیهانین و کێشەی مرۆڤی ئەمریکای لاتینی دەخاتە ڕوو لە شێوە و تەکنیکی نوێدا . بێگومان بارودۆخی سیاسی- ڕۆشنبیری ناوچەیی بەشێوەیەکی زەق نەخشەی شیعری کوردی دیاری دەکات . ئەمەش لایەنە سەلبییەکانی بەشێوەیەکی ئاشکرا بە تەونێلی ڕۆشنبیریمانەوە دیارە . پێویستە بەووردی و بە وریایی ئەم خاڵە شیبکەینەوە و لێی بدوێین ، ئامانجمان تریکردنەوەی سیاسەت و ڕۆشنبیرییە ، نەك تێکەڵ کردنی یا لێکتر دوورخستنەوەیان .

**پرسیار : کاتێ شاعیر دەگاتە ئاستێکی ئایدیایی و هونەری باڵا ، ئەو کەسە دەبێتە خاوەن حەشارگە و ڕەوشی خۆی . لەچالاکی داهێناندا بەرەوجۆرە ئەزموون گەریەتێك دەچێت ، هەڵبەتە ئەمەش پەیوەندی بە تازەگەرییەوە ( الحداثة ) هەیە، بەکورتی شاعیر بەسەلیقە شیعر نانووسێ ، بەڵکو دەیان حسێباتی هونەری و ئایدیایی دەکات . ئەمرۆ لەشیعریکوردیدا هەمان حەشارگە و پێچەوانەکەشی زۆرە ، ئایا چۆن دەڕواننە ئەم کێشەیە..؟**

ئەحمەد : بێگومان کەباسی شاعیر دەکەین ، باس لە (رؤية) یەکی نوێ دەکەین ،خەملاندنی ئەم ڕوانگەیە پەیوەندی بەگەلێ توخمی دەرەکی و ناوەکییەوە هەیە ، یەکێ لەو توخمە جەوهەریانە ، ئەوەیە : ئایا تا چ رادەیەك شاعیر عەودالی نوێخوازییە و چۆنیش لە نوێخوازی دەگات . شاعیر شتەکان دەڕوخێنێ و دروستیان دەکاتەوە و ناویان لێدەنێ ، ناویان دەگۆڕێ ، پاشان تێکەڵی ڕەوتی مێژوویی دەبێت . ڕەنگبێ زاراوەی ( تەجریبی ) قوناغێك بێت بۆ هونەرمەند ، گەرانێکی بە جورئەت و سەربەخۆیانە بێت ، تاکو دەست لەچمکی شتێکی گرینگ گیردەکات ، جا قۆناغی دوای ( تەجریبی ) گرینگترە و پێویستە باسی لێوە بکرێت ، بۆ نموونە " باران " کۆمەڵە شیعرییەکەمە لەساڵی ١٩٨٢دا کەوتە ژێر دەستی خوێنەوارێکی زۆر کەمەوە ، ئەزموونی " باران " قوناغێکی تەجریبی گەلێ

بەسوود بوو ، بەلایەنی کەمەوە بۆ ئەزموونی تایبەتی خۆم، بەڵام لەڕووی شیعری‌یەوە تەماشای بکرێت ، لەیاخی‌بوون ، ئازادی ، هەستێکی بەجۆش زیاتر دەستمان لە شتێکی تر نادات ، " باران " نامەیەك بوو بۆ خوم .

شاعیر پێویستە لەگۆڕانکاری‌یەکی بەردەوامدا بێت ، نەنووسین گەلێ گرینگترە لەخۆ دووبارەکردنەوە و خۆلاسایی‌کردنەوە ، بێ‌دەنگی دەبێتە شیعرێکی جوانی نەنووسراو .

**پرسیار : مەرجی تازەگەری ڕەت بوون و بواردنی تەقلیدیەتە، ئایا نەمانی ئەو تەقلیدی‌یەتە و ئەم لێ ڕەت بوونە لەکردەی تازەگەری ئەبێ چۆن و بەچ جۆرێك بێت ... یاخود ، سەردەمەکەمان و بوونمان تاریك و نووتەکە، ئایا نابێت لەبەرهەمی ئەدەبی و ئایدیاییماندا ناوەڕۆك و ڕەوشێکی تاریکیش هەبێت ، مەبەستم لەتاریکی ئاودیو بوونە لەبیروبۆچوونی کەچراووتەقلیدیەت؟**

ئەحمەد : ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین هیچ بوارێك بۆ " بیر "نی‌یە، لەسەردەمێکی نەزۆکدا دەژین ، تەکنۆلۆژیا خودایە و زیندوو بۆتەوە ئەو خودایەی کە " نیتشە " زیندەبەچاڵی‌کرد ، ئیمرۆ سەرلەنوێ لەشێوەی تەکنۆلۆژیادا زیندوبۆتەوە ، چۆن لەدەستی ڕزگارمان دەبێت ؟ ڕەنگیشە سروشتی مرۆڤ پێویستی بەخودایەك هەبێت ؟! چۆن شیعر لەناو ئەو جەشاماتەدا خۆی وون ناکات ؟ چۆن بەدرەوشاوەیی بەروکمان دەگرێت ؟ پێویستە شیعر ئاگاداری بارودۆخی جیهان بێت ، تاکو تەکنۆلۆژیا ڕوحە تاریکەکەی قووت نەدات .

**پرسیار : کەباسی مەسەلەی کۆن و نوێ لەشیعری کوردی‌دا دەکرێ ، هەست دەکەین نیگای شاعیری کورد سەربە پاشەکشێ‌یەکی شیعری‌یە، خۆ ئەگەر ئەم مەسەلەیە بەگشتی بکەین هەست دەکەین لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری کوردی بەتەواوی دیارە ، واتە ڕۆشنبیری کوردی لەنێو گرفتێکی ئایدیایی و خودی ئاڵۆزدا دەژیێت . ئەو پاشەکشێ‌یەی بەئاشکرا هەستی پێ‌دەکرێ (واتە گەڕانەوەیەکی نیگەتیڤانە بۆ ڕابوردوو) جا ئەم مەسەلەیە لەسەر ئاستی جیهانی شتێکە لێی بواردراوە ، وەك : ( ئەفلاتون کۆنە ، بەڵام هەردەم نوێیە ، هەر ڕۆژە بەچەشنێك دەخوێندرێتەوە جیایە و داهێنانە ترە لەوەی دوێنێ ،**

واتە ئەفلاتون هەرچەند لەکۆندا ژیاوە ، بەڵام هەمیشە سەرچاوەی داهێنانی بزوێنەر بووە ). جا کەدەڵێین شاعیری کورد بەرامبەر بە کەلەپووری نەتەوایەتی، بەکورتی داهێنانە شیعرییەکانی ڕابوردووی چەشنە گەڕانەوەیەکی نیگەتیڤانەی هەیە ، واتە تووشی گرفتێکی سایکۆ ڕۆشنبیری هاتووە ، چۆن دەڕوانتە ئەم خوێندنەوەیە ..؟

ئەحمەد : کۆن ونوێ لەشیعردا هەردووکیان گرینگن ، بەڵام ئێمە ئیمڕۆ ناتوانین بە زمانەکەی " نالی " شیعر بنووسین ، هەرچەندە" نالی " شاعیرێکی گەورەی سەدەی نۆزدەهەممانە ، وەکو ئەدۆنیس دەڵێت: ڕامبۆ لەگەڵ متنبیدا لەمەسەلەی داهێنان‌دا یەك دەگرنەوە، بەڵام لە مەسەلەی نەتەوایەتی یاشناسنامەدا لەیەك جوداوازن ، جا کۆن و نوێ لەداهێناندا حسێبی بۆ دەکرێت . شیعری کوردی تووشی پاشەکشێ نەهاتووە ، بەڵکو بەرەو پێشەوە نەچووە . تاکو ئێستا گرێدراوی چەندین بۆچوونی کۆنە ، کە گۆران و هاوسەردەمەکانی هێنایانە کایەوە ، هەرچەندە گۆران خاڵێکی گۆڕانکارییە ، بەڵام لەگەڵ بۆچوونە نوێیەکانی ئێمەدا ناگونجێ ، شیعر پێویستە هێزی خۆ ڕاپسکاندنی هەبێت ، ئەمەش لەشیعری " نالی "دا دیار ترە ، وەکو لەو شیعرانەی ئێمە دەیان نووسین .

ئێمەی کورد کەلەپوورێکی زەرەکی دەوڵەمەندمان هەیە ، بەڵام پێویستە بێ سڵکردنەوە سوود لە کەلەپووری میللەتانی دەورپشت و جیهان وەرگرین. دەبێتە مایەی دەوڵەمەندی ڕۆشنبیریمان . ئێمە لەگەڵ سێ ڕۆشنبیری دەوڵەمەنددا ژیاوین ، وەکو عەرەب و فارس و تورك ، پێویستە بەچاوێکی ڕۆشنبیرییەوە سەیری گرینگی ئەمە بکەین ، نەوەکو بەچاوێکی سیاسیانەی کورت بین . ئەگینا بەدەردی دوورە پەرێزی ووشك هەڵدەگەڕێین .

چۆن لە کەلەپوور دەگەین ؟ دەبێ مەسافەیەك بدۆزینەوە لە نێوان ئێستامان و کەلەپورمان‌دا ، تاکو لەخزمەتی نووسراوە نوێیەکانماندا بێت. زۆرجار نووسراوەکانمان لەناو کەلەپووردا دەژین ، واتە بەمردوویی دێنە جیهانەوە . پێویستە بەچاوێکی نوێیەوە سەیری ڕابوردوومان بکەین ، تاکو بتوانین تەجاوزی ئێستامان بکەین ، ئەگەر هات و بۆچوونەکانمان بەرامبەر

شتەکان نەگۆڕین ، ناتوانین تەنیا بستێکیش بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێین . ئەمەش بەسەر ڕوخساری ڕۆشنبیریمانەوە دیارە . سەرەڕای ئەمانەش دەنگی نوێ لەملا و ئەولاوە سەرهەڵدەدەن و تەکانێکی نوێ بەزمان دەدەن و لەژێر تەپ و تۆزی کۆنایەتی دەتەکێن ، ئەوانە مەبەستی ئێمەن .

پێویستیمان بە ڕەخنەیەکی میتۆدیکانەیە ، تاکو کون و کەلەبەرە تاریکەکانی دەق داگیرسێنێ ، ڕۆشنی کاتەوە ، بۆ ئەوەی ڕەخنەی میتۆدیکیمان هەبێت ، پێویستیمان بەدەقی شیعری پوخت و پێگەیشتووە . کەواتە سەرجەم پەیوەندی بە بارودۆخی ڕۆشنبیریمانەوە هەیە .

دەبێ پەنجە بۆ شتێکی تر ڕابکێشم ئەویش خوێنەرە ، ئەوەی ڕاستی‌بێت خوێنەر پاشایەکە و حوکمی خۆڕایی دەدات ، ئێمە پێویستیمان بە خوێنەری نوێ هەیە بۆ دەقە نوێیەکانمان . کۆمەڵەی ( تەل کەل ) ی فەرەنسی دەیانووت : شیعر سکێچێکە خوێنەر دروست کەرەوەیەتی ، ئێمە پێویستمان بە خوێنەرێك هەیە بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ دەقدا بکات ، نەوەك چەشنی موستەهلیکێکی (بەرخو) ئاسایی .

سێپتەمبەری ١٩٨٩

فەرەنسا

* بەخشان قسەیەکە ڕێگا دەبڕێ! شیعر قسەیەکە سەما دەکا .

**پۆول ڤالێری**

* یەکەمین کەس لەدنیادا ، کەشیعری وت : " ئادەم " بوو .

تذکرة الشعراء

# لانگستۆن هیوز

## و: دانا.ك

لانگستون هیوز ، بەپێوانەی رای جیهانی ، بەناوبانگترین شاعیـــری رەشپێستی ئەمریکایی‌یە . لەساڵی ۱۹۰۲ی زایینی‌دا لە جاپلین ( ولایەتی مەیسووری ) هاتۆتە دنیاوە ، لەساڵی ۱۹٦۷ی زایینی‌دا لەگەرەکی هارلم - کەتایبەتە بە رەشپێستەکانی نیویۆرك ، بۆ دواجار چاوانی لێك ناون .

سەبارەت بەحاڵی خۆی نووسیبەتی: " تا دوازدەساڵەیی لەلای نەنکم بووم ، چونکە دایك و باوکم لێك جیابووبوونەوە ، پاش مردنی نەنکم لەگـــەڵ دایکمدا چوینە ـ ئیلی نویز ـ لە قوتابخانەی ناوەندی ئەوێ دەستم بـــە خویندن‌کرد ، لەساڵی ۱۹۲۱ی زایینی‌دا تەنیا ساڵێك لە زانکـــــــۆی ( کۆلۆمبیا ) خوێندکاربووم ، لەدوای ئەو ساڵە لەبەر گوزەران و بژێـــوی ژیان چەندین کاری جۆربەجۆرم کردۆتە پیشە ، بەتایبەتی لە نیۆیۆرك و دەوروبەری نیویۆرك دا ، هەتاکو لە گەشتە دوور و درێژەکانی خۆمدا ، کـە لە ئوفیانووسی ئەتڵەسی‌یەوە بەرەو ئەفریقا و هۆڵەندە بوو لە کەشتی‌یەکـاندا کارم دەکرد .. ماوەیەك لە یەکێ لە یانەکانی پاریسدا چێشت لێنەر بووم ، لەدوای گەرانەوەم بۆ ئەمریکا ، لەپارکی ئوتێلێکدا پێشخزمەت بووم ، لەهەمان ئوتێل‌دا بوو کە شاعیری گەورەی ئەمریکایی ( ویچل لینشری ) بە هـــۆی خوێندنەوەی سێ‌پارچە شیعری منەوە کە لە تەنیشت قابی خواردنەکەیەوە بـــۆم دانابوو هەستی بزووت و منی لەهۆڵی بچووکی نواندنەکەدا پێشکەش بـــە تەماشاکەرانی کردم و بەوانی ناساندم " .

هیوز لەتەمەنی ۱۹ نوزدە سالیدا یەکەمین هۆنراوەی بلاوکرایەوە ، ئەم هۆنراوە کورتەی کە لەژیر ناوی ( ڕەشێك لەڕووبارەکانەوە قسە دەکات)دا بوو و کاریگەری شێوازی شیعری کارل سندبورگ ( Carl Sandburg ) ی شاعیری مەزنی سپی پێستی هاوولاتی خوی لەسەر بوو ، کە تیایدا بەئاوازێکی ئێجگار بەسۆز هەستی ڕابردووی سالانی دێرینی ڕەشپێستانی خستبووەڕوو.

زەمینەی سەرەکی بەرهەمەکانی هیوز لەمەسەلەی ڕەگەزپەرستی دەدوێن و زۆربەی نووسراوەکانی لە : هارلم .. ناوچەکانی خوارو .. ئاپارتاید و هەستی نامۆیی کردن و لەهەمان کاتیشدا لەسەرکەشی و نەفس بەرزی ڕەش پێستەکان دەدوی ، بەلام ڕاستەقینەترین هەولی ئەو بریتی یە لە لەناوبردنی تێگەی نادروست و هەلس و کەوتی ناڕەوا بەرانبەر ڕەشپێستەکان .

یەکێك لەگرنگترین تایبەتمەندی یەکانی شیعری هیوز، بەکارهێنانی وەزن و ئاوازی موسیقای " ئەمەریکایی- ئەفەریقایی " یە . لەزۆربەی شیعرەکانیدا ئاهەنگی " جاز " ی هیدی .. جازی توند و جازی بەرز هەست پێ دەکری . لەهەندێ لەشیعرەکانیدا چەندین شێوازی تێکەل بە یەك کردووە ، ئاوازی سەرجادە و کولان وەکی جاز و چەردەیك لەگفتوگوی ڕۆژانەی خەلکی لەیەك شوێندا بەکارهێناوە

لەتەمەنی ۹نۆ سالیدا ، کە بۆ یەکەم جار گوێی لەجازی هێمنانەبوو ، ئەوێ دەمێ پەیوەندی نێوان شیعر و موسیقای هەست پێکرد و خۆشی ویست سەرەکی ترین دەفتەرە شیعری ناوی ( جازی گونجاوی ماندوو ) بوو کە لە سالی ۱۹۲۵ی زاینیدا بلاوکرایەوە ، ئەم بەرهەمە چاپکراوی لێوان لیوە لەو ئاهەنگی جازە . سەرەنجامی ئەم شیعرانە شێوەیەکی بەیەکداچووی وەزن و ئاهەنگی بەخۆوە گرتووە : گەرمی و پێك داهاتن .. زەردەخەنە و فرمێسك .

ژیانی ئەدەبی هیوز پڕ لە هەلکێز و داکێز بوو ، سەرەتا بەشیعر هاتەپێشێ و باشان بەچیرۆك و چیرۆکی درێژ و شانۆنامە . گەلێك وتاری ئەدەبی و کۆمەلایەتی نووسی ، چەندین دەقی بۆ ئوپێرا و شانۆگەری بەرادوێ و کێبەرکێی رادیۆیی و تەلەفزیۆنی ئامادەکرد و چەندین کتێبوچکەی بۆ مندال و زارۆکان ئامادەکرد ، مەبەستی گشتی ئەم هەموو



هەواڵنامەی کتێب

بەرهەمانە بریتیە لە بەش بەش کردن و لێکۆڵینەوە و خستنەڕووی چۆنێتی ژیان و چەندین لایەنی جۆراوجۆری گوزەرانی ڕەشپێستەکان . هەر بۆ پەروەردەکردنی ئەم بەرهەمە کەمبایەخترین تیروتانەی خەڵك و هەتا غەزەلی بەرزی بەکارهێناوە ، وەك دەڵێت :

ئەمن نەوەی تۆم ، ئەی سپی پێست !

یان وەکو لەشیعرێکی تردا گووتویە :

**گریانی گیانم نابیستی**

**چون زارم بەخەندە پژاوە**

ڕەخنەی توندی ئەو لەهەڵس وکەوتی سپی‌پێستەکان و هەڵوێستیان بەرانبەر وەزع و حاڵەتی ڕەشەکان ، لەیەکێ لە هۆنراوە بەناوبانگەکانیدا بەناوی ( بابەتی ئینشای وانەی ئینگلیسی - ب - ) ئەم بابەتە دەروشاوە ترە ، لەم هونراوەدا خوێندکارێکی ڕەشپێست کە مامۆستا سپی‌پێستەکەی داوای لێدەکا شتێك دەربارەی خۆی بنووسێ .. شتێك بێ بەپێچەوانەی واقیع و ژیانی تاڵی ڕەشپێستەکان . یاخود دەتوانین شیعری ( خاوەن خانوو ) بەنموونە بهێنینەوە کە نێوەڕۆکی ژیانی ڕەشپێستەکان لەو گەڕەکانەی کە هەزارانی تێدا نیشتەجێن لە شارەگورەکاندا ، هەروەها ئەو ڕەفتارانەی کە لەگەڵیان دەکرێ ، دەخاتەڕوو . ئەم شیعرەی دوایی ( خاوەن خانوو ) چەند ساڵێك لەمەوبەر لەشاری ( بۆستن ) دا بڵاوبۆوە ، هەر بۆیەشە بەرێوەبەرێتی پەروەردە و فێرکردن کەوتنە گیانی دیارترین ماموستایان و ( جاناتان کوزول Janathan Kozol )* یان بەتاوانی ئەوەی لەیەکێ لەدوا ناوەندییەکانی گەڕەکی ڕەشپێستەکاندا ، ئەم شیعرەی لەپۆلدا بۆ خوێندکارەکان خوێندۆتەوە ، لەکار دەرکرا .

لانگستون هیوز ، سەراسەری ژیانی‌خۆی بۆ خزمەت بەرەشپێستەکان و خستنەڕووی ئاھـ و ناڵەکانیان تەرخانکرد ، لەناساندن و پەروەردەکردنی شاعیران و نووسەرانی کۆمەڵی ڕەشپێست دا زۆر تێکۆشا ، لەدیارترین و

---

* جاناتان کوزول : یەکێکە لە ڕەخنەگرە تووندڕەوەکانی یاسای پەروەردە و فێرکردنی ئەمریکا سەبارەت بەمە چەندین کتێبی نووسیوە .

خاوەن پایەترین ڕابەرانی فەرهەنگی ڕەشپێستەکانی ئەمەریکایە . لەرێنسانسی - هارلم - دا نەخشی سەرەکی وینەکێشا و پلەی ( میری شاعیرانیهارلم)ی وەرگرت ، هەرچەندە گەلێك کەس ئەو بەمیری شاعیرانی ڕەشپێستی دنیـــا دەناسن .

* * * *

خوێنەری هێژا .. ئەمە کورتە پێناسێکی شاعیری ڕەشپێستیئەمەریکایی ( لانگستون هیوز ) بوو ، هیوام وایە ئەم کورتە پێناسەیەی ( رامیـــن شەهروەند ) کە بۆ کتێبی ( ڕەش هەروەکو ناخی ئەفریقای خـــۆم ) ی نووسیوە ، کەشاعیری گەورەی پێشکەوتنخوازی ئێران ( ئەحمەد شاملـــۆ ) لەژێر ناوی ( شیعری ڕەش )دا هەندێك لەشیعرەکانی کردۆتە فارســــی بۆ ئەم گۆڤارە بەس بێ .

ئێوە بڵێن لەم سەدەی پڕ تاوان و پڕ بۆگرووزەدا ، کە بێنی نـــــەوت هەستی دەیان و دەیان ڕێکخراوی بەنێو مرۆخواز و ئاشتیخواز و تەنانـەت جیهانخواز و نیۆنەتەوەیی لەکارخستووە و نایەڵێ گازی خەردەل و ژەهـــرە کوشندەکانی دیکە بێن بکەن !؟ ئێوە بڵێن گەڕەکی (هارلم) و گەڕەکەکانـی شاری ئیلی نویز و زۆربەی ڕەشپێستەکان هەست بەشەهید بوونی هەڵەبجـــە نەکەن !؟ ئێوە بڵێن نەتەوەی کورد ڕەشپێستی کۆیلەی خۆرهەڵاتی نەوت و خوێن و گازی ژەهر و بۆمب و بەرژەوەندی تەرازووی هێزە زەبەلاحەکـــان نەبێ ؟! بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە لەگەڵ هیوزدا هاواردەکەین و دەڵێین : " لە ئەم سەرزەوییە ئازادانەیا - بۆ ئێمە هیچ وەخت نە یەکسانی لەکـــاردا بوو نە ئازادی " .

- ئەم نیشتمانە هەرگیز بۆ ئێمە نیشتمان نەبوو !

ئەمەبوو چرکەیەکی دەروونی هیوز بەرانبەر بەهارلم و نیویۆرك لەئەمەریکای سپیپێستەکاندا ، چەند مەردانە گاڵتە بە زاراوەی - سەر زەوی ئازادانە - دەکات ، هەر کوتومت دەڵێی شەهیدێکی بەر بۆمبارانی کیمیاوی کـــوردی زمانە و لەکوردستانی خوارووا لەژێر ستەمی نەتەوایەتی و چینایەتـــی دا دەناڵێنێ .. دەڵێی زارۆیەکی حەوت ساڵانەی فەلەستینە و خرکەبەردێکی لە قووڵی مست دایە و دەیەوێ کۆلۆتیاڵەکان تف و بەردباران کا .

کەواتە با لەگەڵ چرکە دەروونییەکانی هیوزدا بکەوینە رێ ، ئەمەش چەند پارچە شیعرێکی هیوز :

١) وەیلانەکان

ئێمە خێڵی بێهیواکانین
خێڵی بێ بیر و خەم
خێڵی برسییەکان
کە هیچمان نییە زگمانی پێ تێرکەین
جێیەکمان نییە لێی وەرکەوین .
ئێمە
کۆمەڵی بێ فرمێسکانین
کە گریانیشمان لێ نایە .

٢) گەلەکەی مـن

شەو جوانە
روخساری گەلەکەی منیش .
ئەستێرە جوانە
چاوانی گەلەکەی منیش .
رۆژیش هەر جوانە
رۆح و گیانی گەلەکەی منیش .

٣) بارانی بەهار

بهێڵە با باران ماچت بکات
لێگەڕێ باران وەکو دلوپی زیو
بەسەرتا بدلۆپێ
بهێڵە باران لایەلایەت بۆ بکات
• • •
باران لە کنار کوێرە رێیەکان

گوێوچکەی قەتیس ماو دروست دەکات
لە ئاوەڕۆکاندا
شێلەگەی ڕەوان دروست دەکات
کە شەو دادێ لەسەر سەربانەکانمان
لایەلایەی پچڕپچڕ دەڵێت
• • •

ئاشقی بارانم من .

٤ ) کوکلوکس*

ڕایان کێشام و بردیانمە یەك جێگای چۆڵ
وتیان : ( بەرەگەزی والای سپی بڕوات هەیە ؟ )
وتم :(ئاغا گیان .. ئەگەر ڕاستان ئەوێ
هەر بۆ ئەوەی وازم لێ بێنن
ئامادەم بە هەرچی ئێوە بەچاکی دەزانن بڕوا بێنم )
پیاوێکی سپی هەڵیدایە و گوتی : ( ئاخر کوڕی باش
بەچ شێوەیەك شتی وا دەشێ ؟
لەکۆڵت بیمەوە
هەتاکو لێ دەی و بمکوژی ؟! )
ئەودەم ، لەپشتە سەریان دام و
فڕێیان دامە سەر زەوی
پاشان لەسەر خاك و خۆڵ
ناتوانیان بێزاریان کردم
یەکێکیان بەلاقرتێوە گوتی : ( جەناب
بەتەواوی سەیری چاوانی من بکە و
پێم بڵێ کە
بە ڕەگەزی شەریفی ئێمە بڕوات هەیە ! )

* کوکلوکس : مەبەست ئەندامانی کۆمەڵەی کوکلوکس کلانە( Kuklux Klan )
کە لەدژی ڕەشپێستەکان دامەزرابوو .

# ڕۆژە خۆشەکان

## فەرهاد پیربال

ڕۆژەکان
ڕۆژە خۆشەکان
ڕۆژە ئاسوودە ، زێڕەوشانەکان
ڕۆژە بەبۆنی
بن لەیلووک، بازاڕ ، دارمووروك سەوز : لێوانلێوەکان ...

بەسەرچوون
تێپەڕین
تازە چیتر ناگەڕێنەوە
ناگەڕێنەوە !

کە گوێ هەڵدەخەم :
منداڵیم
لایەکی سپی و لایەکەی دیکەی نارنجی بوو
لەسەر گردە تریفەییە ئاپوورەکاندا
وەکو ئاوازێك
هەڵدەبەزیەوە .

تاریکییەکانم
تا سێبارەی نێوەشەوانیش

هەواڵنامەی کتێب

بەیانی بوو
دەمەو عەسران بوون :
پڕ لە گەمە و هەڵات هەڵاتی خەونی ڕەنگاوڕەنگ

گشت سپێدان
لە پەنجەرەی ماڵەکەمانەوە :
پۆلە مامز
وەك واژەیەکی مەرمەڕی
لەسەوزاییی هێمنی کێڵگەکاندا دەلەوەڕان .
حاجی لەقلەقێك
وەك بەختەوەرییەکی سپی
بەسەر چلی ئەندێشاوی درەختێکەوە
بۆنی تاریکاییی شەوی
لەخۆدەتەراند .
خوشکی تازە لەخەو هەڵساوم
دەچوو
سەبەتێك ئاوازی دادەنایە بەر بەرخۆلەکان .

کە گوێ هەڵدەخەم :
گەنجێتیم
لایەکی بێجی و لایەکەی دیکەی ئەرخەوانی بوو
گشت سپێدەیەك
بەدەم جریوەی چۆلەکە شەیدا ، ئەویندارەکانی ناو حەوشە بێدار دەبۆوە . .
ئێوارانیش ، کە دەگەڕایەوە :
سەرشانەکانی
گوڵیلکی زەرد و پەمبە و سووریان لێ سەوز بووبوو !

ئاهـ!
من تاکو ئێستاش ، مێشکم بڕی

هەواڵنامەی کتێب

زرنگەی زەنگیانەیی زەنگی ئەو تەلەفۆنە میهرەبانەیە
کە هەمیشە ، دەمەو ئێواران
مژدەی دووبارە ژیانەوەی
رەز و رەوەز و رووبارەکانی پێم رادەگەیاند . !

.. داخوا چیتر سەروتژی ئەندێشاویی سنۆبەری سەر رێگاکان دەبینمەوە ! ؟
داخوا چیتر گوێم لە هەناسەی سەوزبوونەوەی
دارمووروێك و رێحانەکان
دەبێتەوە ! ؟
داخوا چیتر پەنجە بەزەنگی
دەرگای هیچ ماڵێکی دیکەوە
دەنێم ! ؟
داخوا چیتر هیچ منداڵێك
لەباوەشم
دەگرمەوە ! ؟

بۆنەکان : هەڵوەرین .
سەوزایی گرد و تەپۆلکەکان
لەناو چاوما کاڵ بوونەوە .
شەقامەکان :
لەناو لۆچی سەر روخسارم پێچیان خوارد .
ئاشنا و ئازیز و هاورێکانیشم :
لەناو چەند نامەیکی گرمۆڵەبووی خەوڵێزراودا
ورده ورده
قەوزەی لینجی بۆگەنبوویان گرت .

ئەی رۆژە خۆشەکان !
ئەی رۆژە خۆشە ئاسوودەکان !
ئەی رۆژە پر هەتاو ، پەلکەزێرینە ، زەردەخەنەکان !



هەواڵنامەی کتێب

دەتانبینم ، ئەوەتا :
لەناو چاوی دایکە غەمگین ، ڕەشپۆشەکاندا :
فرمێسکێکی قەتیساون ..
لەژێر ڕەشماڵی ماڵە ئاوارە ، ڕاونراوەکانی سەرسنووران :
چەند باوڵ و بوخچەیەکی ئاڵۆزکاون ..
لەناو قژی دار چواڵە زیز وەستاوەکاندا : هەڵبزرکاو ..
لەژوورە تەنیا ، دەربەدەرە ، پیرەکانیش :
" لە چوارچێوەیەکی دیوارین‌دا " دیل
ئابلووقەدراو !

من دەمزانی !
من لەگەڵ یەکەمین شەپازللەی دەستێکی ڕەشی ناو تاریکی‌دا
" بەدوو چاوی بەستراوەوە " هەستم پێ‌کرد
دەمزانی :
لە ئەنجامدا
هەموو شتێك
هەموو شتێکمان ، لێ
وێران دەکرێ
وێران دەکرێ ...

١٩٨٧

هەواڵنامەی کتێب

# کۆچە تەنیایی

## پشکۆ

چۆن جێت بێڵم
ئەی پاشی تۆ خەندەی کام گوڵ ،
پەپولەی دڵ ببزوێنێ ؟!
نیگای گەرمی چاوت نەبێ ،
چی تەمی رووم برەوێنێ ؟

چۆن دەتوانم جێتبهێڵم ؟
ئەی پاشی تۆ ، بەیاری ژین
بەگاسنی خۆشەویستی کێ بکێڵم ؟!
گەر تۆ نەبەی ،
لەووڵاتی غەریبیدا ، بەرووی کێدا ،
هەڵبێ سۆمای گڕ و لێڵم ؟
هەی بێکەس خۆم !
بەتەنیا خۆم ،
بۆ کوێ بڕۆم ؟
بارگەی ژانی دەربەدەریم ،
لە هەواری کام وڵاتی ئاوارەیی بکەمەوە ؟
لەشەوانی غوربەتیما ،

هەواڵنامەی کتێب

لەزۆنگاوی چارە ڕەشیی و مەینەتیما ،
ئەشکی کۆڤانی چیایی ،
بە دەسرۆکەی چ نازداریٚ بسڕمەوە ؟

• • • •

خۆشەویستم !
تۆ ئەو تاقانە درەختە بەجیٚماوەی
دەم زریانی پاك ڕادانی شارەکەمی ،
نەخەزیوی ، لەرەگەوە دەرنەهاتی ،
تەنیا گوڵیٚ لیٚو بەخەندەی
نیٚو باخچۆکەی ڕەنگا و ڕەنگی زیٚدەکەمی ،
لەبەر چەخماخەی هەوردا ،
لەژیٚر ڕەهیٚڵەی زەهردا ،
نەژاکایت ، ووشك هەڵنەهاتی !
ئاخ پیٚم نالێی . . .
گەر من ڕۆیشتم ، تۆ نەهاتی ،
ئەوسا شەوان ،
پیٚکی ناسور ، بەهەنگوینی شانەی زاری
کیٚ شیرین کەم ؟
من بیٚ گۆمی پیرۆزەی چاوەکانت ،
بیٚ دار چوالەی گوڵ گرتووی بەژن و باڵات ،
من بەبیٚ تو . . . و
بیٚ چاوانی سەوزی ووڵات ،
چی لەژین کەم ؟!
خۆشەویستە نەخشینەکەم .
ئاخ . . گیانەکەم !
ئەوسا لەگەڵ هەنیسکی بینی پەنگاوتەم ،
لە جەنگێکی خویٚناویدا ، دەستە و یەخەم .

زۆر دەترسیم ،
لەم نەبەردە ، سەرنەکەوم ، بشکێم ، هەڵبێم .
لەمپەری ئازارەکانم ،
وەکو گلێنەی دیواری بەر تۆفانێ
هەرەس بێنێ .
ئەوسا ناچار .. ناچارم بڵێم :
" ئاخ چەندە مەیلم لەگریانێکە
دڵ و جگەرمی تیا بتوێتەوە .
تەنیام و تەنیا ، کەس نیە باوەشی
بۆ ئەم ئازارەی من بگرێتەوە " .

* * * *

بریا دەمتوانی
لەنێو پایزی ئاوارەییمدا ،
لەبسکی خاوی ئاوریشمینی تۆ ، و
پرچی ئاڵتونی دارەکەی " گوڵان " ،
تەمەنی پەتی جۆلانەیەکم ،
دەرست بۆ ئۆقرەی زووڕەی کورپەی گیان .

* * * *

یەکەم واگۆنی ئاوارەییە و
لەبەر پەستی دڵ ،
تەنیایی کۆچی زەردی خستووە ،
تەنیایی هەوری بەبروسکەیە و
داخۆ بەر لە من ،
چەند گۆمی سووری ئەشکی ڕژتووە ؟!

دڕکی تەنیایی ،
لەنێو دەماری جەستەم دەگەڕێ ،

هەواڵنامەی کتێب

نازانم تا کەی ؟.
لێوی تۆ نەبێ ،
لێو لەسەر لێوی هەر گوڵێ بنێم ،
دڵ ناڵێ ئۆخەی !.

• • • •

نامۆیی ، گڕەی خۆری بیابانە ،
منی ڕێبواریش ، بێ هێز و ماندوو
سەرم گێژ دەخوا و لاشەم داغانە !.

• • • •

تینویەتی ، کلپەی لێکدابڕانە
جەرگ و هەناوم هەڵدەقرچێنێ ،
دەم نەنێم بەگۆی مەمکی تەزیوی
" کانی شێخ " ەوە
ڕووبارێك نی‌یە
لەم جیهانەدا ، تاسەم بشکێنێ !

گۆنای زیوینی " شنرۆێ " نەمژم ،
دەست نەکەمە مل دووندی " سورێن " و
بە تارای سپی
ئارەقەی شەرمی بەزینم نەسڕم ،
شنەی شەماڵی تاخم هەڵناکا .
پیرە داربەڕووی چاوی هیوای من ،
چرۆ دەرناکا !.

• • • •

دەستم دەستۆکە ..
تا بیمە مومێ و لە شەوەزەنگی دەروون و گیانتا ،

تك تك بسوتێم .
با لەتریفەی شینی نیگاتا ،
دەست لەملانی
شەنگە " هەڵەبجە " ی جاری جاران بم .
لەنێو گوڵجاری مێرگی بەژنتا ،
تێر تێر گوڵاڵەی " شارەزوور " بۆن کەم ،
دەستم دەستۆکە و
با بەس بێ ئیتر ،
دەبا کراسی شیعری ئازار و
دەردی ناموێی لەبەرما کون کەم .

* * * *

دەستم لەمل کە . .
با لە کاروانی تاوێ نەسرەوتی ئەم کۆچەمانا
بەجووت پێکەوە سروودێ بچڕین ،
با بە هاوارێ گوێچکەی ئاسنینی ،
خواکانی سەدەی خەم و تەم بدڕین !

تاران - پایزی ١٩٨٩



هەواڵنامەی کتێب

# میراث

## ت . یونسی

### بانه

وەرن ئەم کۆڵەم لێ بگرن ،
با ڕەوتی قەتاری مێژوو ،
بەوەستانی من نەوەستێ .
با لەقاموسی ڕۆیینا ،
وەستان جێی نەوەستان نەگرێ !
وەرن ئەم کۆڵەم لێ بگرن ،
قاحم ورەیان بەرداوە
لەشم سرە ،
فریام کەون ،
ئەم هاوارەم دوا هاوارە . !
وەرن . . !
وەرن ، ئەم کۆڵەم لێ بگرن .
من ئەم کۆڵەم لەباوکم گرت ،
ئەویش لەباپیرەمی وەرگرت ،
ئەویش لەباپیرە گەورەم ،
هەروا بڕۆ ،
تا سەرچاوەی پەیابونم . . !

با تێبگەی لە ونبونم . . !
من ئەو کۆڵەم لەباوکم گرت
لەکاتێکا . . . ،
بیر و خەرۆ و نوشتاوە بو ،
قاچی چوبونە کۆتەرە
دەستەکانی بە کەوتن و هەستانەوە ،
بڕ زام و گرێ و ڕوشاوی
پەتەکان شانیان بڕیبو . . . !
تاکو سەر مۆخ ،
چاوەکانی کۆ و بڕتەم
پێلاو شڕ و . . .
کەوا لەت و پانتۆڵ شیتاڵ
سەر و لوتی هەتاو گەز و خلێفاوی
من ئەم کۆڵەم لەباوکم گرت
لەکاتێکا . . .
پەتاکان دەستیان نابوە بینەقاقەی ،
ئەویش لێوی ڕەش و شینی . . !



هەواڵنامەی کتێب

گەرووی نووساوی و بریتی
تینوی هەناسەیەکی کورت بوو .
لەوکاتەشدا ،
" لەش و لاری بەساڵاچوی "
جم وجۆڵی لەدەست دابو ... ،
وەك تیرەگی خانوە کۆنەکانی مێژوو ،
خۆراگری تیا نەمابو !
لەوکاتەوە من بەرێوەم ...!
بەم کۆڵەوە ،
بێ‌وچان رێگە ئەبڕێوم .
لەرێگەدا شوێنم دیارە
لە هەورازەکان گلاوم ،
لەسەرەولێژان خزاوم
شوێنم دیارە
لەدەشتەکان حەسامەوە ،
لە زەلکاو و قوڕاوەکان پەڕیومەوە ،
شوێنم دیارە
بەپیرە دارەکانەوە ، پێستی دەستم
بەشاخ و بەردەکانەوە چەرمی قاچم
بەدڕك و داڵەکانەوە
جلەکانم جێ‌هێشتوە
لەهەمو مەنزڵگەکانم ،

ئاگردان و خوڵەمێشم ،
جێ هێشتوە...!
من رەنگی رێگەم گرتوە و رێگەش،
رەنگی ماندوی منی لێ نیشتوە...!
من پێشەنگی قەتارێکم ،
کە باوکان و باپیرانم ،
لەپێشمەوە
یەك لەدوای یەك ،
دوور رێگا و هیلاکی و ستەم و پیری،
چەماندونیە سەر خۆڵی رێ !
یەك لەدوای یەك ، بەناکامی !
پەت گەردن و دەستبەند دەست و
رێگا قاچی بڕیونەوە ،
با هاوار و ...
باران خوێنـــــــی سڕیونەوە ...!
وەك نوسراوە بەردینەکان ،
بونە سەرچاوەی مێژوومان
من یەك ئەڵقەی ئەم زنجیرەم ،
ها .... زۆڵەکەم !
وەرە ئەم کۆڵەم لێ‌بگرە ،
وا نورەت هات ...!
ئەوە میرات ..!!

# پەیکەر*

## حەمە سەعید حەسەن

هەواڵنامەی کتێب

دوێنێ بەپێی کاتی سەددام
سەعات چواری دەمەو عەسر،
سەرۆک سەددام ،
سەرێکی کوتوپڕی دا
لەباژێڕی سەرۆک سەددام .
لەوێ لە گەرەکی سەددام
لە گۆڕەپانی سەددام!
دوای وتارێکی مێژوویی و درێژ و ورد
پەردەی لەسەر
پەیکەرێکی بەرزی سەرۆک سەددام لابرد !

۱۹ی ئایاری ۱۹۸۹

---

* شیعری شاعیرێکی کۆلۆمبی ، هەوێنی ئەم پۆستەرەیە .

# ڕۆنین

## زریان کاکەیی

سەری یەك دوو کاتەی تەڕ
لەگیانی ڕووەکە دیوارەکە زقی دابوو
دەنگیان
خیتی لەژیان دەکێشا
دەرزیلەی ژێر گەڵا تەواو نەکراوەکان
چنگیان بۆ درك دەگرتەوە
وەك من خۆیان هەڵدەواسی
لەخۆیان دەپەڕینەوە
سووچی تاریکی ژوورەکەم
ڕەنگ‌نیە سۆمایم کونی کا
لەجوانی پڕ زۆر پەرۆش تر
گەنمی پرسیاری لێ دەڕژێ و خاڵی نابێ
وەك جلی تەڕ
خۆم بە تەنافی بەردالان هەڵدەواسم
تۆیە قوڕێکی تێر کا
نەزانانە . .
دەپەستمە زاری شارە زەنگە زۆرەی هەنگڵی قوڵنەکەمان

هەولێنامەی کتێب

دەنگی دایکم
باعەباعی بەرخە ئەرخەمی سەر زەنم
دورقە دورقی
کەڵەشێرە سیخنەکەمان
جیرەی ماندووی گرگرەی بیرە تاریکەکەی بەرماڵانمان
هەموو شەوێ
بوخچە ئاسا
لەژوورەکەم دەیکەمەوە و دەمکاتەوە .

زستانی ١٩٨٨
کۆینهاگن

* * * *

هەواڵنامەی کتێب

* خەڵکی ڕۆژهەڵات نازانن کە ڕۆحی مرۆڤ ، بەشێوەیەکی گشتی ؛ ئازادە . ئیتر سەبارەت بەمە ، ئەوان خۆشیان ئازاد نین . واتێدەگەن تەنیا " فەرمانڕەواکان " ئازادن .
بۆیەکەمینجار ، میللەتە ژێرمەنیەکان بوون ، کە لەگەڵ سەرهەڵدانی مەسیحیەت ، هوشیاریی ئەوەیان لەلا پەیدابوو ، کەمرۆڤ : ئازادە ... ئازادیی ڕۆحیش ، خودی ئەو خۆیەتی .

هیگڵ

ئەقڵ لەمێژوودا ، وەرگێڕانە فارسیەکەی (ح ٠ ع) ، ل ٦٩-٧٠

# ڕاگرتن

## خەلیل دهۆکی

له زێبکه .. ڕاسته دەریا تشتەکی بسەهمه ، رزگاربون کارەکی پڕ زەحمەت و سەختە ، لێ مروڤ ژ ئاست نگه و تەنگاڤیا مەزنتره . هەر چەندە بێ ماندی و وەستیایی و تە گەلەك هێز نەمایە ، لێ یا فەرە هەول بدەی .. له زێبکه و دەنگی ژخۆ نە ئینه . هەر چەندە شەڤەکا تاری‌یه و ح نابینن ، لێ هەکە گوهـ لشپ شپا ئاڤێ ببن ، دی وی جهی دەنە بەر شێلکا گوللا و تەهنگێڤن .

هەر وەختێ تە بریار دای خۆ ڤاڤێیه ئاڤێ ، پێنگاڤەکا دجهێ خۆدا بوو . گەر تە وەنەکریا ، دا دەمەکێ بدەمانجێ شەری‌کەی ،دا چەندین کەسا ژ دوژمنی کوژی و بریندارکەی . لێ دا ڤیشەکێن تە خلاسبن و ئێیه کوژتن یان گرتن . لنك تە کوژتن باشتربوو ژ گرتنێ . گەر تۆ گرتبای ، دا تە بسێدارێ ڤەکەن ، لێ پشتی کارێن خۆ دگەل تە بدویماهی دئینان. دگەل هندێژی تە دزانی " کو کارەکێ خرابه مرۆڤ بچیتە دناف شەرەکی‌دا و ئەنجام تێچوون بیت " ،لەورا تە بریارا دەربازبوونێ دا .

گەر تو گرتبای دا تە کرێت کەن و زڤێ زیندانێ بوو یا دی . ژڤێ ئەزیەت و لێدانێ بوو یا دی . ئەڤەژی چنەبوو ، لێ دڤیا تە برسڤا پسیارێن وان ژی دابا . ڕاستە تە دشیا خۆ لبەر چەندین گورز وقامچی‌یا ڕاگری . لێ مرۆڤی تا پلەیەکێ تاقەت و شییان هەنە . وەهەبوو تە نە شیابا !! چنکو تە دزانی دزیندانافە چ دئینه سەرێ شۆرشگێرا !! خو

هەوالنامەی کتێب

لبەر چاڤێن تە بسەدان بێ دەسەلات و ژار دگرتن و بەرزەدکرن. خۆ لبیرا تەبوو دەمێ خوشکا " نازدار " باسی دەست و دارێ زیندانی دکرد.

" دکارخانێدا گرتم و دناڤ ژورەکا پڕ کەل و پەلێن ئەزیەتدانێ، مرۆڤەك لبەر چاڤێن من دانە بەر کاشۆیا و راکرن و دپەنجەرێ دا هاڤتینە خارێ . دڤیان بێژم کاچەند کەس دگەلّ من و ئەم چ پیلانا دگێڕین !! چ کارا دژی هوکمەتێ دکەین ؟! کاغەزا بووکێ دبەین و نارونجۆك و دمانجا بوو کێ دئینین ؟! لێ دەمێ من چ نەدایە دەستێن وان . جلکێن من دڕاندن و ئەز بێ سەر و بەرکرم . من بخۆدێ و قورئانێ دانە سویندێ !!! لێ بمن کەنین و جرتە لمن ڤەدان و بدەستێن خوێین گەنی لەشێ من پیس کرن . تێلەکا کارەبا دوو لایی ئینان ، لایەك ئێخستە تبلا من و لایێ دی ئێخستە جهەکێ دی یێ لەشێ من . هەر جارەکا کارەبا ددانە کاری ، ئاگر دکەتە ناڤ جەرگێ و هناڤێن من و ئاخین و ڤیڕی ژمن دچوون و رۆندك ژچاڤێن من دپەشین. بسەدان ڤستێن کریت و نە ژیهاتی گۆتنە من ، دەمێ من چ نەگۆتی، ئەز هنارتمە ژورا ....!! "

تە گەلەك ژدەریایێ دەربازکرییە . ئەڤ کراس و کاغەز و راپۆرتە گەلەك دگرانن . هەر چەندە نابنە دوو کێلۆ ، لێ بوو ڤێ تەنگاڤیێ و ڤێ رێکی گەلەکن . گەر تو پێڤە وەستیای بەردە ناڤ ئاڤێ . دەمانجە دگەلە دێ بەتە بنێ دەریایێ و دوژمن چ سود و مفایەکێ ژێ وەرناگریت . دیارە تو بێ ئاقەت بوی . بەردە دا پێتر بشێی مەلەڤانیا بکەی . هەر وەختێ تە ئەو تشت کریتە دناڤ کراسیدا و ئێخستییە سەرێ خۆ ژهەمو لایا ئاڤ چوو ناڤ و گران بوو. پشتی بێهنەکا مەلەڤانیا تە ددەستێ خ گرت . بدەستەکێ مەلەڤانی و بێدی کراس ، کارەکی قورس و گرانە. هە نۆکە بەردە . دا پێتر بوو رزگاربوونێ هەول بدەی . بەردە .. هەر وەختێ تە کراس و تشت بەردایە دەریایێ ، هێزەکا دی بووتە پەیدا بوو تە بڤی کاری نەخوشبوو . لێ مەسەلا رزگاربوونێ گرنگترە و " مرۆڤ بهاترین سەرمایە " یە .

لەزێتکە .. ئەڤە داخازە لبەر چاڤێن تە یاری و حەنەکا دکەت . گەر

تو رزگارنەبووی ، بێژتە کێ ژڤی عەسکەری ؟! هەوە هزرا هندێ دکر ، کو مرۆڤێن چەپەل و کرێ گرتیێن دوژمنی پسیارا ژزاروکا ژی دکەن و گەر بزانن تو پێشمەرگەیی ، دێ وێ و دەیکا ویژی گرن . خۆ نهۆ بهزاران ژن و زارۆك و پیرەمێر ـ کەس و کارێن پێشمەرگا ـ یێن دزندانێن فاشیان دا . بدەهان کەس ژکێمێ خارن و نەبوونا ساخلەمیێ دمرن . گاڤا زارۆ بوو دیتنا تە دهاتە دەڤەرێن رزگارکری . دگۆتنێ بابێ تە عەسکەرە! ! وەکو وێژی تو ددیتی دگۆت : ژڤی عەسکەری !! خۆ عەسکەر ڤان جلکا ناکەنە بەرخۆ؟! دزانی تو نە عەسکەری . لێ نە دزانی بێژیت پێشمەرگەیی ..

نێزیکە دێ ژدەریایێ دەربازبی . دەریا " دۆکان " نەهندا مەزن و بەرفرەهە . نەخاسمە ئەڤ ما بەینە . بدەهان جارا گەنجێن ڤان گوندا ژڤێ لای چوینە لایێ دی . چ نەمایە ، تەماشای پشت خۆبکە . تە بەهرا پێتر شەڤاندییە ، هێژتا تە تاقەتا هەی . دڤێت هێژتان هەول بدەی . تە چ رێ نەبوون . سێ لایێن دەریا و لایێ دی بۆسا دوژمنی . دڤیا ڤێ بریاری بدەی ، داکو " ئێکانەبووم . هەر ژبچیکانی دگۆتن ، خۆبپارێزە و چ کارا دژی هوکمەتێ نەکەی . دروندەیە و دێ تە بەرزەکەن . لنك خۆ ئەز دترساندم لنك من پێتر کەرب و کین بەرامبەر هوکمەتێ پەیدادبوو . بدەهان بەلاڤۆك و نامیلکێن شورشێ دناڤ خاندنگە هو کۆلانێن بازێریدا بەلاڤکرن . سیێدەکێ دپەیمانگەهیدا گرتم . ژڤێ زیندانێ بوو یادی قورئان دئینان و دگۆتن پێ سویندبخۆن ، لێ دەمێ مە دەستی خۆ ددانا سەر ، کارەبایێ ئەم دگرتین . بقامچیا لەشێن مە دخوینێ وەردکرن . هەر چ ئەزیەت و لێدان هەبوو بکار ئینان . دەمێ من چ نەدا بە دەستێن وان . ئەفسەرەکێ گوت : گەر تۆ هەڤالێن خۆ بوومە ئاشکرا نەکەی ، چ نەمایە ڤێجا دێ لتە سواربین " !!!

راستە سارە و سەرێ تە دئێشیت ، دەستێن تە باش رانابن ، پێین تە بدرستی نالڤلڤن ، بێهنا تە بزەهمەت دئێت و دچێت . لێ دڤێت هەول بدەی . تە گەلەك ژدەریایێ بڕییە و تو نەشێی پاشڤە بزڤری . خۆ راگرە . یان ژی دێ مینا تشتێن خۆ چییە بنێ دەریایێ و ببیە خارنا جانەوەرێن ئاڤی . گەر خۆراگری ،دێ رزگاربی . مرۆڤێ خودان

بیر و باوەر و ڤینەکا موکم . گشت ئاستەنگ و کوسپا دشکێنیت . هەرچ کارێن زەحمەت هەنە خۆ ژێ قورتال دکەت . خۆ تەرویدانێن وان گرتییێن بدەهان رۆژا خارن نەدخارت بهیستیەنە ! دیسان تە چیرۆکا وی پیشمەرگێ بریندارێ بیست وچار رۆژا ، بێ خارن و دەرمان لچیای مای گوهـ لێ بویە . بسەدان جارا پیشمەرگە کەتینە بۆسێن پر نەخۆش تر . خۆراگرە .. هەر چەندە ئەڤ دەریایە یا راوستایە و بڕێڤە ناچیت و ئاڤ تە بەرەڤ ج لایا نایەت ، لێ تۆ گەلەك رەنگێن مەلەڤانیا دزانی . هەر بگەهیە لایێ دی ،دێ ژگرفتاری‌یا سەرەکی رزگار بی . دێ شێ‌ی بوو چەند دەقیقەکا بێهنا خو قەدەی . دەمێ تو کەتیە بۆسێ ،دەم ژمێر تێزیکی ئێکی‌شەڤێ‌بوو. لێ هێژتا تێرا هندێ مایە ، خۆ ژگراڤی قورتالەکەی و بگەهینیە بنارێ چیایێ بلند و ئاسێ . تەنگاڤی دکورتن . خۆراگرە . هەر دەست و پێن خۆ بلڤلڤینە بنڤە نابی . مەسەلە هەر رزگاربوونا تە نینە ، بەلکو رزگاربوون دەهان نهێنی‌ێن شۆرشێ‌نە . هەر چەندە تە هندەك نهێنی بەردانە بنێ دەریایێ ، لێ هێژتا دەریا مەژیێ تە پڕە ژنهێنی‌یا . گەر تە بگرن وەهەیە نەشێ‌ی بپارێزی !! چنکو ئەو ئەزیەت و لێدانا رژیما گەنی ، تاقەت و شییانا بوو خەلکێ ناهێلیت. راستە تە باوەری بخۆ هەیە کو خۆراگری و بپارێزی ، لێ وەهەیە نەژی. دا ملەتێ مە ژناڤ بەت . شۆرشگێڕ و خەم خۆر و دلسۆزێن مە ، باوەریەکا موکم یا برزگاربوونێ هەی بووهندێ خەبات و بزاڤەکا دیرو درێژ دکەن و دزانن کو " هەمی تاری‌یا جیهانێ نەشێت رۆناهیا فەنەرەکێ بڤەشێریت " ..

رزگاربوونا تە سەرکەفتنەکە . مەبەست لرزگاربوونێ هەر ژیان نینە ، بەلکو بەردەوامبوونە لسەر خەباتێ . دا پێتر سەنگەرێن دوژمنی بشکێنی و چەند ڤۆناغێن دیژی دۆزا خۆ پێشڤە ببەی . راستە پێشمەرگە ژمرنێ ناترسیت ، لی دڤێت خۆ بپارێزیت دا هێژتان زیانێ بگەهینتە دوژمنی و زویتر ملەتێ خۆ بگەهینتە کنارێ سەربلندی یێ . ها تەماشاکە هاچ نەمایە خۆ راگرە دا بشێ‌ی بسەدان رویدانێن هۆسان بکەیە چیرۆك و هۆزان و نڤیسین . دا بشێ‌ی ئالایێ ملەتی خۆ دنەخشەیا جیهانێ‌دا بچکلینی . دا هەزاران سەرهاتی‌ێن مێرانی‌یێ بو زارۆکا ڤەگێڕی . کاڤا ملەت رزگار

دبیت دا بزانین کو بخۆ راگرتن و قوربانی و خوینا هەزاران شەهیــدان رزگاربوون پەیدابوویە .

تو ژدوزنی دوورکەفتی . لێ شەف یا بەرف دویماهیێ دچیت. گــەر تو ژدەریایێ دەرکەفتی ، ژنویکا دێ گەهیە گراڤی ، هەر سپێدێ دێ کوپتەر سیبەرێ لێ کەن . دێ ئێنە خارێ و لتە گەرهێن . لەورا دڤێـــت هەر چ هێز تە هەیە بکار بینی . داکو بزویترین دەم خۆ ژدەریایی‌و گراڤێ قورتال‌کەی و بگەهینیە چیایێ ئاسێ . راستە تو کێژ و برسی و شەپرزەیی ، لێ دێ شێی بوو دەمەکێ دی ژی خۆراگری . چ نەمایە . گەر تە خـــۆ دەربازنەکر ، وەهەیە‌ژیا هاتیە سەرێ هەڤال " زیرەکی " خرابتر ببینـی . تە لبیرە وەك دگۆت : " سیخوران لبەر دکانێ دەستێن من کەلەبچەکرن‌و هەتا ئەز گەهاندیم بدەهان تف و شەق و پێن لمن دان . زانیبوون کـو من شەکر و توف و ئار بوێێن سەری هنارتینە . دڤیان هەڤالێن خـــۆ بدەمە ناسین . نەنێوکین من هلکێشان . کرمە دژوورەکا تاری‌دا و جــاران ژنشکەکێ ڤە ڕۆتاهیەکا مەزن هلدکرن . جگارە لسەر لەشێ من دفەمراندن. هەر چ رەنگێن ئەزیەت و لێدانێ هەبوو بکار ئینان ، لێ نەشیان مـــن بڕۆخێنن ، خۆ ئەو دزانن بکوژتن و ئاگر و ئاسنی نکارن ملەتێ مە ژنــاف ببەن . ئەو دزانن بکوژتنا زارۆك و کالان ، بوێران کرنا گوند و بازێران ، بسۆتاندنا دارستان و بستانان ،بڤەگوهازتنا خەلکێ مە بوو دەڤەر و جهێـن دور و بیابانان ،نکارن وەلاتێ مە چوول کەن و بیر و باوەرێن خەلکـــــێ هەژار و زەحمەتکێش بن ئاخ‌کەن . گەلەك ئێشاندم ،لێ‌دگەل هندێ ژی نەشیان سۆد و مفایەکی ژمن وەرگرن . لدویماهیێ ئەز بسەر تبلی ڤە ژی کــرم .."

ما دەم تە ئەڤ رویدان و برینە لبەر چاڤن یێ دمەزنیێ تەدا خـــۆ دهلاڤێن ، دێ خۆ راگری . چ نەمایە ها . ها. دێ گەهی و ژدەریا یێ رزگاربی .

هەر وەختێ دەستین تە بکەڤرەکێ لایێ دی یێ دەریایێ کەتین تــە بیهنا پاشمەرۆژەکا گەش و نوی هەلکێشا ...

١٩٨٥

# ئەگەر درە ماسیەکان مرۆڤ بوونایە

## برێشت

وەرگێڕانی

## ڕەزا حەمەفەرەج

هەواڵنامەی کتێب

کیژۆڵە ژنە خاوەنماڵەکە لە لالۆ "ک"ی پرسی :

( بڵێی ڕەفتاری دڕەماسیەکان بەرانبەر گچکە ماسیەکان باشتر بوایە ، گەر بێ و دڕە ماسیەکان مرۆڤ بوونایە ؟ )

لالۆ " ک " ووتی :

بێگومان " گەر بێ و دڕەماسیەکان مرۆڤ بوونایە ، ئەوا لەناو دەریادا سندوقی گەورە و پتەویان بۆ کچکەماسیەکان بەدروست کردن دەدا و بۆیان پڕ دەکردن لەهەموو جۆرە خواردەمەنیەك ، هەر لەکژ و گیاوە بگرە هەتا دەگاتە هەموو پێویستیەکی دیکەی گیانلەبەران . دڕەماسیەکان خەمی ئەوەشیان دەخوارد کەوا سندوقەکان هەمیشە ئاوی نوێ و سازگاریان تێدا بووایە ، جگە لەمانەش هەموو شت و مەکێکی پزیشکی و تەندروستیان بۆ ئامادە دەکردن .

بۆ نموونە ، ئەگەر کچکەماسیەکان " پەڕکە " کەی خۆی بریندار بکردایە، دەست بەجێ بەدەمیەوە دەهاتن ، بۆیان دەرمان دەکرد و بۆیان دەپێچا ئەمەش هەر لەبەر ئەوەی نەکا ـ بەر لەکاتی پێویست ـ بمردایە و بەخوت و خۆڕایی و بەفیڕۆ لەدەستی دڕەماسیەکان بچوایە . هەروەها بۆ ئەوەی گچکەماسیەکان مات و دڵ تەنگە و خەمبار نەبووایەن ، جارجار بەزمونا هەنگی

ناو ئاویان بۆ دەگێڕان ، چونکە ئاشکرایە گچکەماسی بەزەوق و دڵخۆش تامو چێژی گەلێك خۆشترە لە گچکەماسی مات و لەڕ و لاواز و خەمبار .

گەر بێ و دڕەماسیەکان مرۆڤ بوونایە ، ئەوسا دەبا لەناو سندوقە گەورەکاندا قوتابخانەش هەبووایە و لەناو ئەم قوتابخانانەدا گچکەماسیەکان فێربکرانایە کە چۆن پیاو لەناو قورگی دڕەماسیەکاندا مەلەبکات. گچکە ماسیەکان پێویستیان بە زانینی گیۆگرافیش دەبوو ، بۆ ئەوەی بیان توانیایە ئەو دڕەماسیە تەمەڵ و تەوەزلانەیان بدۆزیایەتەوە ، کە لەملا و لا و کون و کەلەبەردا گەلحۆیانە پاڵیان لێداوەتەوە . لەهەمووشت گرنگتر و وەمەبەستی سەرەکی ئەم قوتابخانانە بریتی دەبوو لەپەروەردەکردنی ڕەوشتی گچکەماسیەکان.

گچکەماسیەکان وافێردەکران ، کەگوایە جێگەی دڵسۆزی و شانازی‌یە ، ئەگەر گچکەماسیەك بەختەوەرانە گیانی خۆی بەخت بکات . لەسەر هەموو گچکەماسیەکان پێویست دەبوو ، کە بڕوایان بەقسەی دڕەماسیەکان بکردایە و گوێ ڕایەڵی هەموو فەرموودەکانیان بوونایە ، بەتایبەتی کاتێ بیان‌فەرمووایە - گوایە ئەوان هەوڵی دوارۆژێکی ڕووناك دەدەن - لەهەمان کاتیشدا وایان دەخستە مێشکی گچکەماسیەکانەوە ، کە گوایە ئەم دوا ڕۆژە ڕووناکەش تەنیا ئەو کاتە دەهاتەدی ، کە گچکەماسیەکان گوێ ڕایەلانە وانەکانیان وەربگرتایە.

دەبا گچکەماسیەکان خۆیان لەهەموو جۆرە ویست و ئارەزوویەکی پڕوپووچی وەکو مەتریالیستی ، خۆپەرستی ، مارکسی بپارێستایە و توخنی ئەو مەسەلانە نەکەوتنایە ، خۆ ئەگەر یەکێ لەوانیش بەهەڵەدا بچووایە و بۆنی ئەو جۆرە شتانەی بکردایە ، ئەوا دەبووایە بەزووترین کات ئەم هەواڵەیان بە دڕەماسیەکان بگەیاندایە .

گەر بێ و دڕەماسیەکان مرۆڤ بوونایە ، ئەوا ڕوون و ئاشکرایە کە لە پێناوی داگیرکردنی سندوق و گچکەماسی بێگانەدا ، لەناو یەکتردا شەڕیان بەرپا دەکرد و شەڕەکانیشیان هەر بەخودی گچکەماسیەکانی لەمەڕ خۆیان دەکرد . گچکەماسیەکانیان وا فێردەکرد ، کە گوایە جیاوازی‌یەکی یەکجار گەورە لەنێوان ئەمان و گچکەماسی‌ی‌دڕەماسیەکانی تردا هەیە . بۆ نموونە: دڕەماسیەکان وایان ڕادەگەیاند کە گچکەماسیەکان - گەرچی خۆیان وەك ناسراون بێ زوانن - لەچەندەها زمانی جیاوازجیاوازدا مت و بێ‌دەنگن ،

وه هەر لەبەر ئەم بێدەنگ بوونەشە کە بەهیچ جۆرێك ناتوانن لەیەکتـــــری تێبگەن . هەر گچکەماسیەکیش بیتوانیایە لەشەڕدا یەك دوو گچکەماسـی دیکەی لەبەرەی دوژمن ، لەوانەی کە لەزمانێکی تردا بێدەنگن ، بکوژتایە ، ئەوا نازناوی ـ قارەمان ـ ی پێدەبەخشرا و مەدالیایەکی بچکۆلەیان لـــە قەوزە دەکرد بە یەخەوە .

گەر بێ و دڕەماسیەکان مرۆڤ بوونایە ، ئەوا ئەوانیش خاوەنی هونـەری خۆیان دەبوون . پێشانگای هونەریان دەکردەوە و وێنەی جوان و سەرنـج ڕاکێشیان نیشان دەدا ، لەناو وێنەکاندا ددانی دڕەماسیەکان بەڕەنگێکـی دڕەوشاوە دەردەخران و قورگیشیان وەکو باخچەیەکی ئەوتۆ شەنگ و ڕازاوە نیشان دەدران ، وەك بڵێی دڵگیرترین جێگای گەشت و سەیرانکردن بن .

شانۆگەریەکانی بن دەریاش نیشانیان‌دەدا ، کەچۆن گچکەماسیەکان قارەمان و بەجەرگەکان بەوپەڕی خۆشحاڵی و سەرگەرمیەوە لەناو قورگی دڕەماسیەکانـــدا مەلە دەکەن . موزیکیش جۆرێکی ئەوتۆ دڵگیر و خۆش ئاواز دەبوو ، کــە گچکەماسیەکان لەدوای موزیك ژەنەکانەوە لەگەڵ ئاواز و ڕیتمۆسی موزیکەکەدا و بەدەم خەیاڵێکی خۆش و سەرگەرمێکی پڕسۆز و تاسەوە بۆ ناو قورگــی دڕە ماسیەکان هورووژمیان دەبرد .

گەر بێ و دڕەماسیەکان مرۆڤ بوونایە ، ئەوا " دین " ێکیش لـــە گۆڕێدا دەبوو . دڕەماسیەکان گچکەماسیەکانیان وا تێدەگەیاند کە گوایـــە ژیانی ڕاستەقینەی ئەوان لەناو ووڕگی دڕەماسیەکانەوە دەست پێ‌دەکات .

گەر بێ و دڕەماسیەکان مرۆڤ بوونایە ، ئەوا کۆتایش بەوە دەهێنرا کــە گچکەماسیەکان ـ وەك چۆن ئێستا خۆیان یەکسان و بێ‌جیاوازین ـ بـــە یەکسانی و بێ جیاوازی بمێننەوە . هەندێکیان پلە و پایەیان وەردەگرت و لەهۆریان بەسەر ئەوانی تردا دەکرد ، تەنانەت ئەوانەی کە چەند پلەیەکی کەمیش لەسەروترەوە بوونایە ، بۆیان هەبوو کە ئەوانەی خوار خۆیانـــــەوە بخواردایە ، ئەمەش بۆ دڕەماسیەکان کارێکی پەسەند و بەجێ دەبوو ، چونکە بەمجۆرە خۆیان تیکەی چەورتر و قەباڵی زل‌تریان دەگرت . دەبوایە گچکـە ماسیە پلەویایە پێ‌دراوەکان خەمی ئاسایش و ڕێك وپێکی ناو گچکەماسیەکانیان

هەواڵنامەی کتێب

# وون بوون

.. سەرەتابوو " بێچوەکانت " لانەی شاریان جێدەهیشتوو ،ڕەوە .. ڕەوە ڕەوو چاوی بەخوماری ـ یار ـ دەکەوتنە " ڕێ " ! .. شاخ گۆچانی لاویتان و تاجی سەری زۆربەیان بوو! . گوللە کەمەربەند یا گۆبەرۆ ، یاکو ئەڵقەی دەسگیرانی و " ئەڤین "یان بوو! .. شەو ـ خام ـ یان بوو ، شەو خامیان بوو !!

.. ئەمجارەشیان ، سیانزە بەهار بەر لەمڕۆکە کە یاخی بووی ، داگیرسایت و پۆلوی کوانوی ماڵە هەزار پرژایتە نێو چاوی ڕقی " مۆسۆلینی " و " فرانکۆێ " شار .. " لاجلاجەکان " لەرێیسگای تازە چەشنیان ئەسپی چەمووشی دەروونتیان زین دەکرد ! کە گرت گرت بەربویتە گیان زەماوەندی بۆرژواکان ، ئاخور سوورە تەپیوەکان سەرتاپایان هاتە هەژان ، لەگەڵ هاوڕێی ڕێگای خۆیان دایان دەنا نەخشە و پیلان ! کە لافاوی قینی پیرۆزی سەربەستیت نیازی بوو " کێڵگەی کاروان " پاکسازی کا ، زامی دوێنێ بەمەلهەمی زەحمەتکێشی سارێژ بکا .. بەربەستچیە خێڵەکیەکان لە سنورەوە تا دەورەی شار ـ چینەدیوار ـ یان بۆ بەستی !! هەموو پێکرا ـ یەکێ زین بوو خۆشی دەکرد ، جڵەوەکەش بوو بەدەستی ، یەکێ " سنگ " بوو وەکو جاران بۆی داخستی ، یەکێ سنوور لەسەر سنوور بۆی دابەستی ـ بۆ بارەگای " هیروستات " پێشیانخستی " ئەرتمید " یان لێ سووتاندی و ڕەوتی مێژوویان وەستاندی !!

.. سەرەتابوو ـ کڵپەی بورکانی ئەمجارەت مژدەی شادی لەسەر لێوی



هەواڵنامەی کتێب

" بێچوەکانت " دائەنواند .. هاشەی شالاوی ڕزگاریت کۆشك و تەلاری " سەرمایە " و نۆکەرانی دائەتەپاند ! سەری ڕێزی بۆ " هایگێت " و ئالای ماتەر دائەنواند !! - کە یاخیبووی بەرەو دۆڵ و هەرد و چیا کەوتیتە شوێن کڵکۆی سووری سەربازی بوون ، نیازت بوو وەك " ڤیەتنام "فێرگاکانی ژێر زەمین بین بەپێوەری ئەنجام .. " زرمۆڵە مامۆستاکان " ژان دایگرتن ، خەویان زڕا ، بۆ دۆشینی شیلەی تەمەنی بێچووەکانت هەموو ڕۆژێ دەیان پیلان .. سەدان پیلان لەناو مێشکی کرمۆڵ بوویان کلاشەی بوو ، تا لە ئاکام براشا بڕیاریاندا : فێرت بکەن " شاخ " چی دەکا ؟! تەرازووی هێز چۆن لار دەکا ؟! سینگی دوژمن دەقلیشێنێ ، مێشکی بۆرژوا دەپرژێنێ و لە " فاو " ەوە تاکو " زاخۆ " بەزم و ئاهەنگ بۆ بەش مەینەتان ساز دەکا !!.

ئەمە بڕیاری گشتیان بوو ، شوناسنامەی دەربازبوونی هەموویان بوو!.

بەلی - دوای سەرەتا بە ماوەیەك زۆر شت بوو شاخ ! چۆنیویستیان هەر ئاوا بوو ، جلەوی ئەسپی چەمووشت لەدەست شۆڕە سوواری مەیدانەکەی پێکدادانا وەکو ، ئەفسوون بۆ خۆی گیربوو - نەتدەزانی ، ساویلکە بوویت ، ئالچاخە مامۆستاکان ئەمجارەشیان گرەویانە کامیان پێشتر گڕت بدا ، ووزە و گوڕی بێپایانی چینایەتیت کچولانی قوڕەیشئاسا زیندەچاڵ کا !، بێبەرهەمکا . نەتدەزانی زرەمامۆستاکان هەر خۆیانن ، دیسان دوێنیئاسا بەوەستایی پەردەی ڕەشی شانۆی حەزی ڕەشی خۆیان بەسەر " هۆش " و " دید "ت دەخەن .. بەکلۆمێکی پولایینی یاساغەتی لێوەکانت لێکگیر دەکەن !! پەلوپۆشت بزمارڕێژ و زمان حالێشت حەوالەی " تەویلەکان " ی سەرسنوور دەکەن !!.. نەتدەزانی - ئەمە کۆنتراتەکەی دوێکەیە و چەرچیەکان لێهاتووانە ئەمڕۆی بێ ئارایش دەکەن - دەم ڕاستەکان بەسەر لاشەت ڕێچکەی دولاری حەقدەستیان قیرڕێژدەکەن !

.. ئەمجارەشیان " ..... " بەخۆیان کرد ، بەلام دوای چی ؟! هەرچی درەختە لەم ولاتە ماڵئاوایی لەزەمینکرد .. مەل شاپەڕی بنەبڕکرد .. گابەرد سووتا و شاخ یاسینی مەرگی خوێندرا .. ڕووبار لاشەی خۆی وەپێشدا .. " هەلەبجەمان " دڕندانە شەهیدکرا .. کانیاو ئاوی خۆی

خواردەوە .. زەمین قڕی وەسەر نەما !! .. ئاسمان چەند ئەستێرەی ڕژا !؟ تۆف هەڵیکرد ، کەردەلوولی چڵکناوی ڕەش و سپی بەرەو کەوشەن ، ئەودیم کەوشەن ، وەپێش خۆدا .. " خۆر " یش دیسا بەمەلوولی ، ئەسرین چاوی بەرنەدەدا ، لە بەرزەوە سەیری کردین .. ئاخێکی درێژی هەڵکێشا !!

بەڵێ - ئەمە - ڕێك پێری‌یە و ئیمڕۆ لەسەرگۆڕی " دوێنی "ی جوانەمەرگا سەما دەکا !! .... ئەمە " ڕێگا "ی بۆرژوایە و ، سەری " قاترەکان "ی بەرەو ولاتانی بەفر و ( وایت هۆرس ) هێدی .. هێدی لەقە دەکا .. ئەمەش خۆتی لەولاتەکەی " پیاوانی خوا " چیت بەش دەکا ؟؟

کۆتایی‌هات بەکاروانی " .... " ئەمجارەشیان ، تۆش وەك جاران پەشۆکاوی ، سەرت قالە و لەجیهانی " سەرمایە "دا ، تادێ زێتر هەست بەزاڵی ئەوان دەکەیت . هەست بەوێڵی و ساویلکەیی خۆت و"هاورێ"کانت دەکەی .. چاك دەزانی ئەمجارەشیان لەگەڵ " فاو "ی بریندارردا لێکیان کردن !! .. تا ئاواش بێت لێکتان دەکەن .. ڕەوسەی حەزی تیژ پییاڵەتان بەربا دەدەن .. ئەوان لەوێ ، لەگەرمەسێر ، ئەمان لێرە ، لەخاکەکەی مەموزینا ، زادەی - بیر - تان تێرۆر دەکەن ، تالێك دووربین نەك " هەڵەبجە " کێشەکەشتان ، هەموو ساڵێ لەگەڵ وەرزی دولار - زان - ا ، چ لەبۆرسەکانی خۆرئاوا .. چ خۆرهەڵات ، لەکۆڕێکی بەناو ( مافی ئینسان ) ـا ، هەراج دەکەن !!

لەمانگی سەپتەمبەری ١٩٨٩ دا نووسراوە
و پاش مانگێك هەندێ دەستکاری‌کراوە .



هەواڵەی کتێب

# هونەرمەندێك و
# پرۆژەی نوێکردنەوەی
# موزیکی کوردی

( لێدوانێکی فراوان )

یەکگرتن : حەز دەکەین لەمەڕ ژیانی خۆتەوە و چۆن و لەکوێ دەستت کرد بە موزیك قسەمان بۆ بکەیت ؟

ئیقبال : ئەو سەردەمە تەمەنم نۆ ساڵان بوو کە لەشاری (سنە) چەند شوێنێکی تایبەت بە فێربوونی موزیکی لێبوو - واتە ساڵانی ١٩٦٤و١٩٦٥، لەو سەردەمەوە موزیك سەراپای گیانمی داگیرکرد و بەرەو جیهانی بەرینیخۆی کێشیکردم . ئەگەرچی کۆمەڵ بەگشتی و خێزانی ئێمەش بەتایبەتی دژی ئەوە بوون من ببمە موزیك وان - لەبەر ئەوەی لەناو کۆمەڵگای پاشکەوتوودا پیاوی نەدار و خزان ئەگەر ببێتە موزیك وان ، بەچاوێکی سووك تەماشای دەکەن ، گۆران وتەنی : بەڵێ دیارە لەناو قەومی بەسیتا قەدری سەنعەتکار وەکو عەکسی قەمەر وایە لەناو گۆمێکی لیخندا - بەلام من خۆم کۆڵم نەدا و کەوتمە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی کەسێك یان جێگەیەك تا فێری موزیکم بکات .

ئەو دەم لەشاری (سنە)دا فێربوونی موزیك زێتر بۆ دەوڵەمەندەکان لەبار بوو . ئێمەمانان کە بێپارە و بێدەستمایە بوین ، توانای ئەوەمان نەبوو لەقوتابخانە و کەلاسی تایبەتی بخوێنین ، ئەو کەسانەش خاوەن کەلاس و کەمە شارەزاییەك بوون یان بەپارە خەڵکیان فێری موزیك دەکرد یان ئەوەندە خۆبەزل زان بوون وەلامی ئێمەمانانیان قەد نەدەدایەوە .

**یەکگرتن : دەتوانی ناوی ئەو کەسانە بیەیت کە ئەودەم کەلاسی مۆزیکیان هەبوو ؟**

ئیقبال : ئەو کاتە خەڵك زۆر بوون ، من زۆربەیانم تاقیکردەوە و داوای یارمەتیم لێیان کرد ، بەڵام دەتوانم بڵێم کەسیان بەدەنگمەوە نەهاتن. ئەو کەسانە بابی کامگارەکان : میرزاغای کامگار عەباسی رەنگ ئامێز ، حەدادییەکان ، ماڵی عەندەلیبەکان کە چەند برایەك بوون ، ماڵی بەهمەنەکان ، ماڵی فەلسەفییەکان ، یوسف زەمانییەکان ، عەبدولسەمەدی و گریشا و...هتد بوون . لەبیرم دی میرزاغای کامگار پێی گوتم: برۆ دەستێك جل وبەرگی نوێ لەبەرکە ئەوجا وەرەوە... لەبەر ئەوە ئاسان نەبوو، بەڵام کەلاسی دەوڵەتیش هەبوون ، جیاوازی کەلاسەکان لەوەدابوو، ئەوەی لای کامگار بەشەش مانگ فێری دەبووی ، لە کەلاسە دەوڵەتیەکاندا بە پێنج ساڵان ئەوجا وەرت دەگرت. هەر لەو کاتەشدا کەئیدی بێئومێد بووم چوومە لای تیپی مۆزیکی سەربازی کە ئەودەم لەسنە هەبوو ، بەڵام لەوی ئەو ئامێرە لێنەدەدرا کە من حەزم لێ دەکرد . لەبەر ئەوە هەوڵمدا کە لە رووی تیۆریەوە چەند شتێکم فێر بکەن . ئەوەبوو لەنێو سەربازەکاندا چەند کەسانێکم دۆزیەوە کە یارمەتیان دام تۆزێ خۆم بگرم .

باوکم حەمامی هەبوو ، کابرایەکی بەهەرحاڵ زەحمەتکێش بوو، حەزی نەدەکرد لەسەر مۆزیکی من لۆمە بکرێ و تانەی بێتە سەر.. من ئێواران دوای قوتابخانە لەحەمامەکەدا کارم دەکرد و خولیای مۆزیکیش بەردەوام پەرەی دەسەند و نەم دەتوانی ئەو هەستە لەخۆمدا بکوژم .

هێشتا تەمەنم یازدە ساڵان بوو کە باوکم لەسەر ئەو بەزمە لەماڵێ دەریکردم . ساڵێك بەر لەوەی لەماڵ وەدەرنرێم لەلایەن ئەو کەلاسی دەوڵەتیەوە کە منداڵەکانی فێری مۆزیك دەکرد خەریکی مۆزیك بووم، من ئەو کاتە تەپڵی گەورەم لەنێو مۆزیکی سەربازی منداڵاندا لێ دەدا. ئەو ساڵە ئێمەیان هەڵبژارد کە بمان نێرن بۆ " ئۆردوو " . "ئۆردوو" سەیرانێکی ساڵانە بوو لەسەرووی ئێران و بۆ ئەوانە بوو کە جوانترین مۆزیکیان لێدەدا. باوکم ئیمزای نەکرد من سەفەر بکەم ، بۆیە برا گەورەکەمم تێگەیاند و ئەو بە نهێنی ئیمزای بۆکردم .

لەوی ، واتە لە "ئۆردوو" ، هەشت ڕۆژ ماینەوە . لەم ماوەیـــــــەدا کابرایەکم ناسی بەناوی (ئیرجی شاوەردی) . ئەم کابرایە کەلاســـــی سەکسیۆن و ئامێری لولەیی (هەوایی) هەبوو لەتاران . بەهەرحـال دوای دەردەدڵی و سکالاّ و گریانێکی زۆر کابرا زۆر ڕکی پێم سوتا و هەم پـێی سەیر بوو هەم پێی خۆش بوو منداڵێك وا لەسەر موزیك سووربێ ، نۆتێکـــی سەرەتایی دامێ بۆی بژەنم ، منیش بێچاوەڕێکردن بۆم ژەنی . کابـــــرا زۆری پێ خۆش بوو و ناونیشانی خۆی لەتاران دامێ و پێی‌گوتم هەرکـــات ستێکم لێ‌قەوما ئاگاداری بکەمەوە . کابرا زۆر دەوڵەمەند بوو و لەئیسیاتیـــا دیپلۆمی ئامێری هەوایی وەرگرتبوو و لەتاران هەم کەلاسی تایبەتی ئامێـری لولەیی هەبوو و هەم لە کابارەکاندا سەکسیۆنی بۆ گۆرانیبێژەکان لێدەدا .

کاتێك گەڕامەوە ماڵێ ، باوکم پێی گوتم ئەو کارەی من دەستم داوەتـی بەدڵی ئەو نیە و حەز ناکات زورناژەن لەماڵەکەدا هەبێت و دەبێ چارەیەك بۆ خۆم بدۆزمەوە . بەتکا و پاڕانەوەی دایکم ئەم مەسەلەیە ساڵێك درێــــژی کێشا ، بەڵام بەدوای ئەوەدا ئیدی باوکم نەیهێشت لەماڵدابم و دەری‌کردم .

ئەو دەمە لە سنەوە بۆ تاران کرێی ماشێن ئەوەندە نەبوو ، منیـــش بەو پارەیەی لەئەنجامی کارکردنی ئێواران لە حەمامدا پێکەوەم نابوو یەکســـەر سوار بووم و چووم بۆ تاران . لەوێ کابرام لە کەلاسە تایبەتیەکەیدا دۆزیەوە و دەردی خۆمم بۆ باسکرد ، بەڵام ئەو لەوە دەترسا باوکم پێی بزانـێ و شکایەتی لێ بکات - چونکە تەمەنم ١٥-١٦ ساڵ بوو - کاتێك تێم گەیانــد ماڵەوە شوێنی من نازانن و نام دۆزنەوە ، ئیدی بڕوای پێکردم و لـــەوێ جێگیر بووم . کابرا فەراشێکی پیر و نەخۆشی هەبوو پاش ماوەیەك مرد و من جێگەکەیم گرتەوە و چومە ژورەکەیەوە و دەستمکرد بەکارکردن . بەیانیـــان ژووری کەلاسەکەم گەسك دەدا و ڕۆژی دوو سەعاتیش لە ڕستۆرانی ژێـــــر کەلاسەکە کارمدەکرد و هەموو ڕۆژێکیش دەرسێکم وەردەگرت و ئێوارانیش دەچومە قوتابخانەی شەوانە . ئیدی وای لێهات لەماوەی ساڵێك و نۆ مانگدا توانیم هەموو ئەو میتۆد و کتێبانە تەواو بکەم کە لەسەر کلارنێت و فلوت و ئامێــرە لولەییە هەواییەکان لە کەلاسەکەدا بوون ، دیارە ئەبێ بڵێم لەکەلاسەکـــەدا هەموو ئەو ئامێرانە دەست دەکەوتن کەمن بەتاسەیانەوە بووم و هەموو کاتـــی

پشوودانی خۆم بۆ پرۆڤە و خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە دەربارەی موزیك تەرخان کردبوو . دوای ئەم ماوەیە و هەر لەسەر پێشنیاری کابرا ڕۆیشتم لەگەڵ دوو گۆرانی بێژدا بەناوی (ئیلاهە) و ( عارف ) ، کە یەکەمیان ئافرەتێکی گۆرانی بێژی ئێرانی بوو و دووەمیان کابرایەکی ئەرمەنی بوو ،دەستمکرد بە لێدانی سەکسفۆنی ئالتۆ وەتێنۆر . بەم حاڵە دوو ساڵم گوزەراند و هەموو شەوێك نزیکەی دوو سەعاتێك موزیکم لێدەدا و پارەیەکی باشم وەردەگرت .

دوای ئەم ماوەیە ، کابرا پێی گوتم کە دەیەوێت بڕواتە دەرێ بۆ تەواوکردنی خوێندنی بالاَ ، واتە خوێندنی زانستی موزیك و لێکۆڵینەوەی موزیکی بالاَ . ئەم هەواڵە بۆ من ڕووخێنەر بوو ، ماوەی دوو ساڵ بوو پەیوەندیم لەگەڵ ماڵەوە بچڕابوو و نامەم بۆ نەناردبوون ، لەمسەریشەوە ژیانم زۆر باش بوو ، پارەی باشم لەکارەکانم دەست دەکەوت . مامۆستاکەم سەکسیفۆنەکەی خۆی دامێ لەگەڵ کلارنیتێك و فلوتێکیشدا ـ ئەمانە ئەو ئامێرانە بوون کەمن خوێند بوومن .

تاران شاری من نەبوو ، جێگەیەك بوو لەگەڵ هەموو هەستی منـدا جیاوازی هەبوو. لەبەر ئەوە جارێکی دی گەڕامەوە بۆ سنە . دیارە باوکم کە بەڕێك وپێکی و جلوبەرگی جوان و گیرفانی پڕەوە منی دی و بۆی دەرکەوت دەست لەموزیك هەڵناگرم ، کۆڵی دا و گرتمیەوە خۆی . لەسنە جارێکی دی چوومەوە بۆ هەمان شوێنی جاران ، واتە هەمان جێگەی دەوڵەتی کە ئێوە پێی دەڵێن " چالاکی هونەری ـ نشاط فني " ، بینیم ئەو گەنجانەی لەشارەکەدا خولیای فێربوونی موزیك لەسەریاندا بوو گەیشتبوونە حاڵەتێك ڕقیان لەموزیك دەبووە ، چونکە موزیك وانەکان تەنیا دەوڵەمەند و پارەدارەکانیان فێردەکرد ، ئەوانە وایان دەزانی موزیك شتێکە تایبەت بە کوڕە دەوڵەمەند و پارەدارەکان و تەنیا ئەو کەسانە فێری موزیك دەبن کە فیت و فۆز بن و جلوبەرگی جوان و نوێیان لەبەردایە و ووشەی فارسی زۆر لەقسەکانیاندا بەکاردێنن و بەماشێن هاتوچۆدەکەن . . .

هەروەك گوتم جارێکی دی چومەوە بۆ شوێنە دەوڵەتیەکە و بینیم ئەو کەسانەی لەوێ بوون هەروەك خۆیان مابوونەوە . لەوێ هاوڕێیەکی خۆم دیەوە و پارچە موزیکێکم بۆ لێدا کە خۆی نۆتەکەی خستە بەردەست .

کاتێك ماموٚستاکه گوێی لەمە بوو ، هاته لام و پاش یەکدی ناسینەوە گوتی :
تکات لێ دەکەم مەیە بۆ ئێرە ، چونکه تۆ قوتابیەکانم لێ ڕاست دەکەیەوە و ئەو کاتەش کەس گوێم لێناگرێ . . . بەهەرحاڵ ئەو کەسانەی دەیان ویست فێری موزیك ببن و زیاتر پێش بکەون کەم نەبوون ، منیش دەمویست هەموومان کۆبینەوە و یارمەتی یەکتر بدەین ، بەلاّم لەبەر ئەوەی ماموٚستا و بەڕێوەبەری (نشاط فني) خزمی یەکدی بوون و پشتی یەکتریان دەگرت ، ئێمە هیچمان پێنەدەکرا . ناچار من سکاڵای خۆم بردە لای پارێزگاری سنە و لەلایەن ئەوەوە فەرمان دەرکرا هەموو کۆببینەوە و مەسەلەکە لەنێوان من و ماموٚستاکەدا بخرێتە دەنگدانەوە ، لەئەنجامدا من هەڵبژێردرام بەو مەرجەی ماوەی شەش مانگ لەژێر چاودێری و تاقیکردنەوەدا بم ، بەلاّم بەڕێوەبەری گشتی قایل نەبوو بەوەی هەموو ئیمکانیەتەکان بخاتە بەردەستم .
بەکورتیەکەی ، سەرتان نەیەشێنم : ئەودەمە چەند مانگێکی بۆ سەیرانی ساڵانە مابوو لە"ڕامسەر" کە دەبوو ئێمەش بەشداری بکەین ، بەلاّم ماموٚستاکە لەژێرەوە دایك و باوکی منداڵەکانی تێگەیاندبوو کە منداڵەکانیان نەنێرنە لای من . لەگەڵ ئەوەشدا هەرچۆنێك بێت ئەو ساڵە بەشداریمان کرد و بوینە یەکەمی میهرەجانەکە ، بێگومان ئەمەش لەبەر ئەوەی من هەموو تواناى هونەری خۆم خستەکار و توانیم بەرپەرچی هەڵوێستی ڕوخێنەرانەی ئەوان بدەمەوە . کاری هونەریم بەمجۆرە درێژەی کێشا تا ساڵی ١٩٧٥ کە چومە دانیشگای هونەرە جوانەکان لەتاران .
لە دانیشگا ڕووبەڕووی زۆر تەنگوچەڵەمە بوومەوە . مۆسیقای کوردی بەو هۆیەوە کە لەژێر چەپۆکی چوار کولتووری جیاوازدا لەت لەت و بێهێز کرابوو، مۆسیقایەکی یەك دەنگی ( Monophonik ) و سەرگەردان و بەسراو و بێ ناونیشان و بێخاوەن مابووەوە و تا ئەوکاتە دەرەتانی پەرەسەندن و پێگەیشتنیان لێبڕیبوو و تەنانەت بەناوی موزیکی ناوچەیی نەبێ بایەخێکی ئەوتۆی لەئێراندا نەبوو و هەلی ڕازاندنەوە و لق و پۆپ لێبوونەوەشی نەبوو.
منیش یەکێك بووم لەوانەی دەمویست هەر لەسەرەتای کاری هونەریمەوە خۆم لەو چوارچێوەیە ڕزگاربکەم . مەبەستم ئەوەبوو تێبکۆشم شارەزایی خۆم تارادەیەك پێبگەیەنم تا موزیکی کوردی بەرەو جیهانی زانست و سەرکەوتن

هان بدەم . ئەم مەسەلەیە لای من لە حاڵەتی سۆفیەك دەچوو کە بەعەشقی شێخەکەیەوە ڕۆژگار دەگوزەرێنێ. هەرگیز بڕوام بەوە نەدەکرد بتوانم مەسەلەی هارمۆزاسیزاسیون ، وێنەیەکی بەرز لە موزیکی چەند دەنگی (Polyphonik) لەکارەکانمدا پەرە پێبدەم ، بەلاّم ئەم حاڵە هەروا بەئاسانی خۆی بەدەستەوە نەدەدا ، ئەو دەمە لەدانیشگای تاران زۆر گرنگی بەم لایەنە نەدەدرا و بگرە نەشبوو، جێگا نەبووە ، بۆ نموونە فلوت ژەنەکان و ترۆمپیت ژەنەکان پێکەوە لەژوورێکدا پرۆڤەیان دەکرد . . ئەو کاتە لەتاران شوێنێك هەبوو بە ناوی " تیپی سەمفونیکی تاران " ەوە ، ئەندامانی ئەم تیپە ۹۷کەس بوون و تەنیا دوو کەسیان ئێرانی بوون ، سەراپای ئەوانی دی خەڵکی وڵاتانی خۆرهەلاّتی ئەورووپا بوون - وەك چیکوسلۆڤاکیا و ڕۆمانیا - . ئەم زانایانە لەوێ بەپارە موزیکی کلاسیکی جیهانیان بۆ چینە بالاّکان لێدەدا، منیش وەخو کەوتم و ئاشنایەتیم لەگەڵدا دروستکردن ، بانگهێشتنم دەکردن و خواردن و خواردنەوەم دەرخوارد دەدان ، ئەوانیش ئەم میوانداریە کوردانەیەی منیان بەلاوە زۆر خۆش بوو ، حەزیان لەو گەرموگوڕیە دەکرد . بەم ڕێگەیە توانیم سوودێکی زۆریان لێوەربگرم و پرسیاریان لەمەڕ موزیکەوە لێ بکەم و دەرسیان لێ وەربگرم و بەیارمەتیان پەروەردەبم ، لەڕاسیشدا ئەبێ بڵێم کە ئەوانە هەوڵی خۆیان لەگەڵدا دام ، بەڕادەیەك کە بناغەی موزیکی زانستییان لەمێشکمدا دانا و پەنجەرەی جیهانی زانستی موزیکیان لێکردمەوە و بوون بەهۆی ئەوەی هێز و کارکردنی قووڵی لەبن نەهاتوو و بێکۆتایی ئەم هەتوانە دەروونی‌یەی مرۆڤ لەنزیکەوە بناسم و بۆ تێگەیشتنی زیاتر هەوڵدەم.

ئەمە لەلایەکەوە، لەولای دیکەشەوە ، هەر کتێبێکی نوێ لەسەر موزیك دەردەچوو من دەمکڕی و دەمخوێندەوە . ئیدی بەتەواوی لەگەڵ موزیکی کلاسیکی‌دا سەروسەوادم دروستکرد . ئەم موزیکە لەزانستدا گەلێك دەوڵەمەندە ، ئاوازی ئەم موزیکانە ئەگەرچی تایبەتمەندی موزیکی ئەو شوینانەیە کە سەری لێوە هەڵداوە ، بەلاّم ڕازاندنەوە و هارمۆزاسیونی نێوبا شتێك نیە تایبەت بێ بە وولاّتێك یان بە نەتەوەیەك ، بەڵکو ئەو زانستە ، هەروەك چۆن فیزیاش زانستێکە و لەهەموو جێگەیەك سوودی لێ وەردەگیرێت و سەر بە یەك وڵاّت نیە . ئاواز ، ئەو توخمەیە کە سنووری موزیکی گەلان

دەست نیشان دەکات ، بۆیە ڕەنگبێ ئاوازی موزیکی کلاسیکی بە گوێی کورد ئەوەندە خۆش نەبێت ، بەلاّم زانستی هارمۆنیزاسیون و ڕازاندنەوە ، ئەو شتانەبوون کە من دەمویست لە موزیکی کوردیدا بەکاریان بهێنم و موزیکی کوردی پێیان دەوڵەمەند بکەم .

یەکگرتن : دانیشگات تەواوکرد ؟ ئەتروحەی دانیشگات چیبوو؟

ئیقبال : بەر دەست پێکردنی شۆڕشی ئێران من دانیشگام تەواوکرد . ئەتروحەکەم بۆ دیپلۆمی ئارایەدە(کار) ، یان دیپلۆمی پراکتیکی ،میلۆدیەکی کوردی بوو بەناوی ( کاووکێ )وە . دەمویست سەمی سەمفۆنیەك لەم میلۆدیە بێتەدەرێ ، سەمی سەمفۆنی واتە وەك سەمفۆنی، شێوە سەمفۆنی . ئەم کارەش هەروا ئاسان نەبوو و ماوەی شەش سالاّن پێوەی خەریك بووم .

دەمێك بوو دەستم دابویە و لەئاکامدا بۆ دیپلۆمەکەم ئامادەمکرد . دەمویست ئەو ڕەسەنایەتیەی لە موزیکی کوردیدا ، لە ڕۆحیەتی موزیکی کوردیدا هەیە ، بپارێزم . بەلاّم بەداخەوە لەدانیشگا زیاتر لەجارێك ڕێگەم پێ نەدرا پێشکەشی بکەم . تەنیا جارێك بەشێکیم پێشکەشکرد و ئیدی دەرگاکانم بەڕوودا داخران .

یەکگرتن : پاشان چیتان کرد ؟

ئیقبال : پاشان هیچم بۆ نەکرا و گەرامەوە سنە . پێنج ـ شەش مانگێك بەر لە شۆڕش ، سەرۆك وەزیرانی ئێران هاتە سنە و سەریدا لە کۆشکی لاوانی سنە ، منیش ئەندامی ئەوێ بووم . ئەوەبوو پارێزگاری سنە داوای لێکردم پارچە موزیکێك ئامادە بکەم و لەبەردەمی سەرۆك وەزیراندا، کەنێوی ( جەمشیدی ئامۆزگار ) بوو ، پێشکەشی بکەین . هەروەها ئەوەشی پێگوتم کە داواکاریەکانمانی بخەینە بەردەست . بەدوای ئەم سەفەرەی سەروك وەزیران دا و پاش ئەوەی داخوازیەکان و بەرنامەی خۆمم بۆ باسکرد ، توانیمان لەفەرانسەوە ، بەهۆی کابرایەکی ئێرانیەوە ئامێرێکی زۆر وەدەست بهێنین . تاوەکو لەزستانی ساڵی ١٩٧٨دا توانیمان بۆ یەکەمین جار (کاووکێ) لەشاری سنە پێشکەش بکەین ..

**یەكگرتن : وابزانم بەهاوكاری هونەرمەند عەزیزی شاروخی بوو ؟**

ئیقبال : نەخێر ، یەكەمجار كاك نەجمەدینی عولاّمی بوو . ئەوەبوو ماوەی شاردە ڕۆژ لەپێشكەشكردنی بەردەوام بووین و پاشان لەساڵی ۱۹۷۹ شدا لەتارانەوە دەعوەتیان‌كردین ، مامۆستایان ئەحمەد هەردی و هەژار و جەمیل ڕۆژبەیانی و دكتۆر مفتی ئامادەبوون . مامۆستا هەردی پێشنیاری ئەوەی‌كرد لەسەر شیعرە كوردیەكان كاربكەم ، بڕوای وابوو ئەو شیعرانە پێویستیان بە موریكێك هەیە یارمەتیدەریان بێ . مامۆستا هەژاریش گوتی : تۆزیك كار لەسەر " گوڵی خوێناوی " گۆران بكە .

**یەكگرتن : ئەی پاش شۆڕشی ئێران ، توانیت بەردەوام بیت ؟**

ئیقبال : دوای ئەوەی جارێكی دی هێرش بۆ سەر كوردان دەستی پێكرایەوە و شەڕی نێو شارەكان دەستی پێ‌كردەوە ، گەلێك ڕووداوی مەزن و خوێناویم دی ، لەسنە شەڕێك ڕوویدا ، خەڵكەكە دەیانویست سەربازگەی سنە داگیر بكەن ، ئەوەبوو چوارسەد شەهیدیان‌دا ، ئەوانە هەموویان لاوی شارەكە بوون و تەمەنیان لەبیست و پێنج ساڵان تێپەڕی نەكردبوو . . . دیارە ئەم ڕووداوانە كاریگەری خۆیان لەسەر ژیانم هەبوو ، لەیەك ساتدا چوارسەد تابوت لەبەرچاومدا بەرەو گۆڕستان وەڕێ دەخران . دەتوانم بڵێم ئەو شێوە سەمفۆنیەی پێشوو نووسیبومەوە ، لەدوای ئەم ڕووداوە كاملتربوو ، لە نەورۆزی ئەو ساڵەدا بەشێكی‌دیم بۆ (كاووكێ) نووسی بەنێوی (نەورۆزی خوێناوی) یەوە . كاتێكیش نەورۆز هاتە پێشێ ، ئەڵبەتە هەفتەیەك دوای ئەم ڕووداوە ، هاتین لە هەمان جێگەدا كە زۆربەی لاوەكانی تێدا شەهیدكرابوو ، كۆنسێرتەكەمان دامەزراند و دووشەویشمان بەتایبەتی بۆ خێزانی شەهیدەكان تەرخانكرد . لەم جارەدا بوو كە كاك عەزیز شارۆخیشمان بەشداركرد و بەشێك لەوتنی پارچەكانمان پێ‌سپارد .

یەكێك لەو نەریتانەی لەخۆرهەڵاتدا باوە ، ئەوەیە كە وادەزانن ڕۆڵی موریك تەنیا هەر ئەوەندەیە بمانخاتە سەر سەماكردن و یادی دڵدارەكانمان ، دیارە كوردیش ئەم بیروڕایەی هەیە و هۆیەكەیشی دواكەوتوویی موزیك خۆیەتی ، بەڵام ئەو دوو شەوەی بۆ خێزانی شەهیدانمان تەرخانكردبوو ، كار بە

پێچەوانەوە کەوتەوە : خەڵکی بە گوێگرتنیان لەو موزیکە دەستیان بەگریان دەکرد و ئیدی موزیك و گریان بۆ خۆی ببووە میلۆدیەکی دی .

**یەکگرتن : ئەی دوای شەڕی نێو شارەکان توانیتان چی‌بکەن ؟**

ئیقبال : ئەوەی ڕاستی بێت کاتێك شەڕی نێو شارەکان لەکوردستانی ئێران‌دا بەوپەڕی ناخۆشی خۆی گەیشت ، ئەمنیش بەو بۆنەیەوە کە لە پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران‌دا بووم ، هەر لەسەر داواکاری خۆیان و پێشنیاری دکتۆر عەبدولرەحمانی قاسملۆ شارم بەجێ‌هێشت ، تەنات دکتۆر قاسملۆ پەیمانی دامێ کەخۆم و سێ‌کەس لەئەندامانی تیپی موزیکەکەمان بنێرێتە فەرانسە . ئەگەرچی ئەم پەیمانە نەچووە سەر ، بەڵام مانەوەی ئەو چەند ساڵە لەشاخ ، سوودێکی زۆری هەبوو ، تەنانەت لەرووی هونەریەوە توانیم گەلێك بابەتی زیندووی ئەوتۆ فێربم کە هەرگیز کتێبەکان فێریان نەدەکردم .

**یەکگرتن : دەتوانی بەکورتی باسی هەندێك لەو بابەتانە بکەیت ؟**

ئیقبال : ئەڵبەتە بەدەردی سنەیی دەڵێن ، کاری برکەبرکەم کردوون ، وەك دامەزراندنی ئەم تیپ و ڕازاندنەوەی ئەو تیپ ، سەردەمێکیش لای " یەکێتی نیشتمانی کوردستان " میوان بوین و تیپی شەهید کاززانمان ڕازاندەوە ، ئەگەرچی کەسانێك هەبوون تەنیا لەبەر ئەوەی جێگەی خۆیان بکەنەوە ، دژی زانست و تەکنیکی موزیك دەوەستانەوە ، بەداخەوە ئێمەی کورد . . .

**یەکگرتن : پێمان وایێ دوای ئەو قۆناغە بەرەو دەرەوەی وڵات ڕێکەوتی ، ئەی باشە ئامانجتان لەدەرەوەی وڵات ، واتە ئەورووپا ، چیە ؟**

ئیقبال : ئەو شتەی من خەونی پێوە دەبینم ، ئەوەیە کە بتوانین‌تیپێك لە موزیك‌زانەکان دروست بکەین و لەئاستی زانستی‌دا تەعبیر لە موزیکی‌کوردی بکەین .. مەبەستم ئەوەیە بڵێم موزیکی کوردی لە تەرجومەکردنی شیعرەوە بگۆڕینە کەشیکی ڕازاوەی زانستیانە .

**یەکگرتن** : زۆرباشە کاک ئیقبال ، ئێستا بابچینە سەر مەسەلەیەکی دی ئەویش تەنگوچەڵەمەیە لەبواری مۆزیکدا ، واتە مەبەست چیە کە دەگوترێ " تەنگوچەڵەمە لە مۆزیکدا " ؟

**ئیقبال** : نەك هەر لەبواری مۆزیکدا ، بگرە لەساتە وەختی لە دایکبوونی مرۆڤی کوردەوە تەنگوچەڵەمە هەیە . . . تەنگوچەڵەمە لەژیانی کوردەواری‌دا رەگی خستووە ، دیارە مۆزیکیش ناتوانێ بێ مەلامەت دەربچێ. مۆزیکیش وەك چالاکی‌یە هونەریەکانی دی دەکەوێتە ژێر باری کۆمەڵایەتی جۆراوجۆرەوە ، ئێمە زانای مۆزیکمان کەمە و ئەمەش دەست نیشانی ئەو تەنگوچەڵەمەیەمان لەبواری مۆزیکدا بۆ دەکات . واتە بارودۆخە جیاوەزکان رێگەیان نەداوینێ مۆزیك بە شێوەیەکی زانستی ئەزموون بکەین ، کاتێکیش هونەرمەندەکانمان لەم خاڵە بە ئاگا دێنەوە فریای شتێکی ئەوتو ناکەون. ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی تریشەوە هونەرمەندی کورد کاتێك لەو مەسەلەیە بە ئاگا دێتەوە، هەوڵدانێکی وەهای نیە بۆ فێربوون ، بە شوێندا ناڕوات و لە ئاکامیشدا دژ دەوەستێتەوە !

خاڵێکی دی مەسەلەی سیاسی‌یە ، ئەمڕۆ لەکوردستانی سەروودا ، نەك کورد هەر ناتوانێ مۆزیکی کوردی لێدات ، بەڵکە ناشتوانێ گوێی لێ‌بگرێ . ئێمە زۆر شتمان لەلایەن ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بەسەردا بەشکراوە بە تالان براوە . من لێرەدا دەتوانم بلێم مۆزیکی عەرەبی و تورکی و فارسی لە مۆزیکی کوردی بێ‌بەش نین ، لەتورکیا کتێبێکی تیۆری لەسەر مۆزیکی تورکی نووسراوە ، یەکێك لەبەشەکانی بەناوی " مەقامە تورکیەکان " ەوەیە ، لەم بەشەدا نووسراوە : " نەهاوەند مەگامە۔ واتە مەقامی نەهاوەند ، کویرد مەگامە ، سێگا مەگامە ، چارگا مەگامە ، ڕاست مەگامە . . . ". دیارە ئەو کەسەی ئەم کتیبەی نووسیوە مانای " نەهاوەند " و " سێگا " و . . . هتد نازانێت. کاتێك دەڵێت " نەهاوەند مەگامە " و نەهاوەندیش چیایەکە لە ناوەڕاستی کوردستاندا ، ئیدی بۆ دەبێت " تورك مەگامە " بێت؟ سێجار ، یان سێگا ، لەبنەڕەتدا میلۆدی هەڵپەرکێ‌یە و لەگەڵێك شوێن " سێ‌پێ‌یی " و لە هەورامان و سنە و لوڕستان پێی دەگوترێ " سێجار " ، ووشەکە و

میلۆد یەکەش کوردین ، بەلاّم فارسەکان کردویانە بە " سەگاە " و عەرەبەکانیش لەبەر ئەوەی پیتی " گ " یان نیە ، کردوویانە بە " سیکا " ! یاخود " چوارگا " یان چوارجار کە ئەمەش میلۆدی هەلبەرکێیەکی کوردیە ،دەڵێن " جارگا " . جارێکیان من لەبغدا پرسیارم لەمامۆستایەکی عەرەب کرد : " جارگا " مانای چیە ؟ ئەویش ووتی : مانای نیە ، تەنیا ناوێکە و هیچی تر !

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە بالاّدەستی ئەو نەتەوانەی دراوسێی کورد لەڕووی سیاسیەوە زۆر مەسەلەی فەرهەنگی ئێمەی شاردۆتەوە ، لەم حاڵەتەدا جۆرە ئاڕاستەکردنێکی ئەبستراکتی (تجریدی) دەبینرێت ، بەبڕوای من هیچ کامێك لەو دراوسێیانە بۆیان نیە بڵێن " نەهاوەند " مەقامێکی تورکی یان عەرەبی یان فارسی یە ، هەروەك چۆن منیش بۆم نەهاتووە بڵێم"همایون" و " حیجاز " کوردین ...

**یەکگرتن : ئەی پێچەوانەی ئەم حاڵە چۆن دەبینی ؟ مەبەستم سوود وەرگرتنی ئێمەش لە موزیکی ئەو گەلانەیە ؟...**

ئیقبال : زۆر ڕاستە ، موزیکی ئەوانیش تێکەڵ بەهی ئێمە بووە ، پەندێکی کوردی دەڵێت : " دوو گا لەدۆڵێکدا ئەگەر ڕەنگی یەك نەگرن ، بۆنی یەك دەگرن " ، بەلاّم لێرەدا کەمێك جیاوازی هەیە ، مامۆستایانی مەقام زانی ئێمە هاتوون شیعری کوردیان بەو مەقامانە گوتووە کە هی ئێمە نین . بۆ جیاکردنەوە و هەلاّواردنی ئەم لایەنە تەنیا نووسینەوەی موزیك دادمان دەدات ... ئەڵبەتە لێرەدا مەسەلەیەك سەرهەڵدەدات ، ئەویش گۆرانی بێژ و مەقامزانەکانن ، ئەمانە کە هاتوون مەقام و گۆرانیان بەکوردی گوتووە ، لەهەمان کاتیشدا خۆیان داوە بەدەست چوارچێوەی بێگانەوە ، ئەگەرچی گەلێك نموونەی پێچەوانەی ئەوتۆیشمان هەیە ، وەك مامۆستا حەسەن زیرەك و مامۆستا ڕەفیق چالاك بەتایبەتی ، کە هەمیشە موزیکی بێگانەیان ناچارکردووە لەنێو چوارچێوەیەکی کوردانەدا خۆی بگرێ . بۆ نموونە هاتوون مەقامی " همایۆن " کە مەقامێکی فارسیە ، خستویانەتە بەر دەستی مامۆستا حەسەن زیرەك ، ئەویش وەستایانە " هەی نار " ی پێ

گوتووە .. داهێنانی ئەم هونەرمەندە ئالێرەدایە کە هاتووە مۆزیکی بێگانەی لە قاڵبێکی کوردیدا جێگە کردۆتەوە ...

**یەکگرتن : کاک ئیقبال ، دەمانەوێت ڕۆڵی هونەرمەندان و گوێگری کورد لەم بارەیەوە ، واتە مانەوەی تەنگوچەڵەمەکە بزانین ، ئایا ئەوان خۆیان لەدرێژەپێدانیدا چ ڕۆڵێکیان هەیە ؟**

ئیقبال : من بڕوام وایە هەموو بابەتێکی هونەری لە کۆمەڵگاوە سەرچاوە هەڵدەگرێ ، واتە هونەرمەند بابەتی هونەری خۆی لە کۆمەڵگاوە وەردەگرێ و جارێکی دی بە ڕازاندنەوەیەکی زانستی و جوان پێشکەشی کۆمەڵی دەکاتەوە . ئەم هونەرمەندە و ئەو هونەرەش شایانی مانەوە و نەمریین ، بەلاّم ئەی ئەگەر نەتوانرا ئەم کارە هونەرییە نوێیە پێشکەش بکرێتەوە ،واتە جاریکی دی بچێتەوە خزمەتی کۆمەڵ ؟ مەسەلەکە لێرەوە سەرهەڵدەدات : ئایا هونەرمەند چۆن بەوریاییەوە مامەڵە دەکات بۆ ئەوەی بەرهەمەکەی نەچێتە خزمەتی لایەنێکی ترەوە وکەسانی دی سوودی لێوەرنەگرن ؟

لێرەدا دەمەوێت ئاماژەی خاڵێك بکەم ، ئەویش جیاوازی یە لە نێوان کەرەسەی مۆزیك و چۆنێتی بەکارهێنانیان . ئێمە ناتوانین بڵێین " مۆزیکی جازی کوردی " ، لەبەر ئەوەی مۆزیکی جاز لەخاکی ئێمەدا ڕەگ و ڕیشەی نیە وماڵی ئەفەریقییەکانە ، بەلاّم کەرەسەی ئەم مۆزیکە، واتە ئامێرەکان ، کەرەسەیەکی جیهانین ، هەرکات ئێمە توانیمان بەشێوەیەکی ڕاست و دروست بێ‌خەینەگەڕ لە مۆزیکی کوردیدا ، ئەوا چەندە ڕێگرمان بخرێنە بەردەم ئەم بەکارهینان و ڕازاندنەوەیەی مۆزیکی کوردی هەردەگاتەوە کۆمەڵ و کوێگری خۆی دەدۆزێتەوە ؛ بەلاّم بەپێچەوانەی ئەم بەکارهێنانە زوو سەری تێدا دەچێ ! زۆر لەو کەسانەی کە پێشتر گوتمان توانای گەرانیان بەدوای شتی تازەدا نیە و هەوڵی فێربوونی زیاتر نادەن ، هەر لەسەر هێڵی کۆن دەمێننەوە و دیارە مۆزیکی کوردیش درێژە بە تەنگ و چەڵەمەی خۆی دەدات . پاشان هەر ئەم دەستەیە ڕەخنەی ئەوە لە کارە نوێکان دەگرن کە بۆچی کاری فلاّن کەس ئامێری " زورنا "ی تێدا بەکارنەهاتووە ؟ ڕاستیەکەی لەوەدایە ئەگەر ئێمە بمانەوێت بەلایەنی کەمەوە

گشت هەستەکانی مرۆڤ لەکارێکی هونەریدا بەرجەستە بکەیـــن ، پێویستمان بە ٣٦ دەنگی ڕاست و ڕەسەن لە هەر ئامێرێکدا هەیە، بـەڵام ئامێری زوڕنا و باڵەبان و ساز و زۆربەی ئامێرە بەناو ڕۆژهەڵاتیەکان ئـەم ئیمکانیەتەیان نیە . هەر لەبەر ئەوەشە لە کاری هونەری فراوان وسەمفۆنیادا سوودیان لێ وەرناگیردرێت ... ئەمەش بەهیچ جۆرێك لە بەها و نرخـی ئامێرە کوردیەکان کەم ناکاتەوە .

بەڵام بە نیسبەت گوێگری کوردەوە ، کاتێك دەتوانین بڕیار بدەیـن کە بەرهەمی هونەرمەندەکان دەخرێنە بەردەست ، گەر هونەرمەند مامەڵەیەکی ڕاستگۆیانەی لەگەڵ پێکهاتووە هونەریەکاندا کردبێت ، ئەوا خەڵکی پێشوازی لێدەکەن و ڕێزی لێدەگرن . خۆ ئەگەر دارشتنی بەرهەمە هونەریەکـــە لە ئاستی تێگەیشتنی کۆمەڵگا دوور بێت ، ئەوا کۆمەڵیش لێی دووردەکەوێتەوە .. لێرەدا مەبەستم موزیك لێدان نیە ، بەڵکو مەبەستم موزیك داهێنانە ، بۆ ئەم کارەش پێویستیمان بە ناسینی کۆمەڵگا و هەموو دیاردەکانـــی زانست هەیە .

**یەکگرتن : لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ، ئەویش مەســـەلـەی " نوێکردنەوە " یە ، بیروڕایەکی باو هەیە کە دەڵێت :" نوێکردنـەوە " بریتی‌یە لە لێدانەوەی موزیکی کۆن بە ئامێری نوێ و پشت کردنـــە فۆلکلۆر ؟ ئێوە لەم بارەیەوە چی‌دەڵێن ؟**

ئیقبال : نوێکردنەوە بەو مانایە نیە کە فۆلکلۆر بکەینە قوربانـــی ، نوێکردنەوە لەوەدایە کە ئێمە فۆلکلۆر وەك کەرەسەی خاوی نوێکردنەوە تەماشا بکەین . بۆ ئێمە فۆلکلۆر مایە و هەوێنە ، ڕەسەنایەتی ئێمە لە فۆلکلۆردایە . بۆ نموونە شێوەی زمان و داب و نەریتی ناوچەی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ لەگەڵ ناوچەی لوڕستاندا زۆر جیاوازن ، بەڵام حەسەن زیرەك لە هەردوولادا ، هەر حەسەن زیرەکە پڕ بەپێستی خۆی .. هۆی ئەمەش بێگومان ئـــەو ڕەسەنایەتیە کە لە هەوێنی گۆرانیە فۆلکلۆریەکانیدا هەیە ، ئەو هەستەی مرۆڤی کورد . بەبڕوای من نوێخوازی گەر ئەوە بێت ئێمە واز لە فۆلکلۆر بهێنین ،

ئەوە نوێخوازیەکە لە بەرژەوەندی تاکە کەسدایە و سوودی تاکە کەسی تێدایە .

نوێخوازی لەوەدایە کە ئێمە بەچ شێوەیەك دەربڕی کۆمەڵگاکەمان بین لەبەردەم جیهاندا ، چۆن پەیوەندی کولتووری دروست بکەین ؟ واتە مەسەلە ئەوەیە کە چۆن بەهۆی فۆڕمی هونەرەوە بچینە نێو کۆمەڵگاکانی دیکەوە و دۆستی زیاتر بۆ نەتەوەکەمان بدۆزینەوە ؟...

**یەکگرتن : ئەمە لەڕووی ناوەڕۆکەوە ، ئەی لەڕووی ئەنستروێنتەوە،واتە ئامێرەکان ، چۆنی بۆ دەچی ؟ ئایا نوێکردنەوە، لێدانەوەی ئاوازە کۆنەکانە بە ئامێری نوێ ، وەك هەندێ کەس دەڵێن ؟!**

ئیقبال : دەشێت ئەمە وابێت .. بەڵام بەو واتایە نا ئەگەر ئێمە ئامێری خۆرهەڵاتیمان لە بەرهەمەکاندا بەکارنەهێنا ، ئەوە یانی لە فۆلکلۆر دوورکەوتبینەوە . ڕاستە فۆلکلۆر کەرەسەی خۆی هەیە ، بەڵام لێرەدا مەسەلەی میکانیکی ئەو کەرەسە و ئامێرانە دێنە پێشەوە . جاران کابرا ئەگەر هەستی خۆی بەهۆی زوڕناوە دەربڕیبا ، تا ئاستێکی دیاریکراو دەیتوانی سوود لەم ئامێرە وەربگرێت ، چونکە ئیمکانیەتی زوڕنا دیاریکراوە، لەبەر ئەوە پەنای بۆ شتێکی دی دەبر ، بۆ نموونە شیعر ، تا هەستەکانی تری خۆی پێ دەرببڕێت . نوێکردنەوەش ، بەبڕوای من لەهەموو کاتێکدا دەبێ هەوێنی موزیکی کۆنی تێدا بێت . مەبەستم ئەوەیە بلیم ، من نویکردنەوە بەوە نابینم کە ئیمە ئاوازی شیعرێك بە کەرەسەی نوێ لێبدەینەوە و بلێین نوێکاریمان کردووە .

**یەکگرتن : هەندێك لە گەنجە تازە پێگەیشتووەکان کارەکانی مامۆستایان ئەنوەر قەرەداخی و سەلاح ڕەووف ، لەبەر ئەو هۆیەی پێشتر باسکرا، بەتوندی ڕەت دەکەنەوە ، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن ؟**

ئیقبال : بەبڕوای من ئەو دوو مامۆستایە بۆ ڕەتکردنەوە نابن . ئەوان هێندەی لەتوانایاندا بوبێت کردویانە . کاتێك سەلاح ڕەووف کۆمەڵێك منداڵ ڕادەهێنێ بۆ ئەوەی سەمفۆنیەکانی " مۆزارت " لێبدەن ، بەراستی

شتێکی کەم نیە . ئەو کەسەی بتوانێ سەمفۆنی " مۆزارت " لێبدات، واتە دەتوانێت میلۆدیەکی کوردی لەجوانترین شێوەدا برازێنێتەوە . چونکە ئەو یاسایانەی لە سەمفۆنیەکانی " مۆزارت " دا بەکارهاتوون، ئەو یاسایانەن کە موزیکی کلاسیکی ئەوروپییان بەکاملترین پلە گەیاندووە . هەروەها کاتێك ئەنوەر قەرەداخی دێت و " هۆرەی جافی " بە فۆرمێکی زانستی و جوان دەڕازێنێتەوە ، ئیدی ڕەتکردنەوە جێگەی نابێتەوە .

یەکگرتن : دە ئێستە با باسی ئەو خاڵە بکەین کە پێی دەگوترێ ڕۆحیەتی موزیکی کوردی ؟

ئیقبال : موزیکی زانستی دەربڕینی عیلمیبەیانی دەرونە ، کاتێك دەمانەوێت حەپەساوی ئەو منداڵە کوردەی بە بەرچاویەوە دایك و باوکی دەگوژرێ دەربڕین ، پێویستیمان بەو کۆمەڵە ئامێرە هەیە کە بتوانین بە تێکەڵکردنیان و لەیەك نزیك خستنەوەیان ، ئەو حاڵەتە مرۆڤانەیە دەربڕین کە ئەو منداڵەی پیا تێپەر دەبێت ... چۆن ترس و تێڕامان بەیان بکەین ... دیارە بۆ بەیانکردنی ئەم حاڵەتانە پێویستیمان بە ئامێری پێشکەوتوو هەیە . بەڵام مەسەلەی ڕۆحیەتی موزیکی کوردی پەیوەندی بە چۆنێتی نووسینەوەی ئاوازەکانەوە هەیە ، چۆنێتی نووسینەوەی نۆتەکان ... زانستی نووسینی نۆتەکان دەست نیشانی ئەو ڕۆحیەتەمان بۆ دەکات ، نەك لێدان و بەکارهێنانی ئامێرەکان . ئەڵبەتە من بڕوام بەوەیە کە ئامێری پێشکەوتوو دەتوانێت هەموو هەستکردنیکمان دەربڕێت ، لەلای ئیمە ئەم ئامێرانە بێتوانان ، واتە لەسنوورێکدا دەوەستن ، بۆ نموونە مەقامگوتن ئەنجامی بێتوانایی ئەو ئامێرانەیە کە نەیان توانیوە هەستی کابرای شاعیر یان گورانی بێژ دەربڕن ! و لەگەڵیدا برۆن ، کابراش ناچار بووە بە شێوەیەکی ئازاد گورانی بلێت و ریتمی تێدا بەکار نەهێنێت . مەبەستم ئەوەیە بلێم بێ توانایی ئامێرەکان ڕۆلێکی گەورەیان لە پاشکەوتووی دەربڕینماندا گێڕاوە ... لێرەدا مەسەلەکە قالبونەوەیە لەزانستدا ، زانستێك دەبڕی ئەو ڕۆحیەتە بێت کە ئێمەی مرۆڤی کورد دەمانەوێت .

یەکگرتن : لەو بەرهەمەی ئەم دواییەی خۆتدا بەناوی فیلەهارمۆنی

که له ئەڵمانیای ڕۆژئاوا پێشکەشتان کرد ، هونەرمەندێکی ئەڵمانی گۆرانی " نازێ " ی دەگوت ، باشە بڕوات وایە هونەرمەندێکی بێگانە بتوانێت ئەو ئاهەنگ و هەستەی مرۆڤی کورد لەگەڵ " نازێ " داهەیەتی دەربېرێت ؟

ئیقبال : لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم کە من تەنیا جارێك بوارم هەبوو لەگەڵ ئەو هونەرمەندەدا پڕۆڤە بکەم و بەهۆی پیانۆوە ئاوازەکەی بۆ لێبدەم بەلام دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین کە ئەو گۆرانیبێژە ئەڵمانیە هونەرمەندە هەستکردنی تایبەتی هونەرمەندانەی خۆی هەیە ، لەبەر ئەوە دەکرێ کاری وا سەرکەوتوبێت . ئەگەرچی لەو بارودۆخەی مندا کە نەمتوانی هیچ جۆرە ڕوونکردنەوەیەك لەبارەی موزیکی کوردی و گۆرانی نازی و شیعرەکەیەوە بخەمە بەردەست ئەو هونەرمەندە ، نازی لەوە باشتری لێدەرنەدەچوو کە گوێمان لێبوو !

یەکگرتن : باشە نەدەکرا ئەم کارە لەگەڵ هونەرمەندە کوردەکاندا بخەیتە سەر شانۆ ؟

ئیقبال : کارکردن لەگەڵ هونەرمەندی کورددا بەدوو شێوەیە : یەکەم لەبواری موزیك ژەندندا کە دەبێ بڵێم ئەوانەی وا بتوانن لەگەڵ ئۆرکێستریکی سیمفۆنیکدا بژەنن لەناو کورددا زۆر کەمن و ئەوانەی من ئەیانناسم لەژمارەی پەنجەکانی دەست تێپەرناکەن و دەستیشم پێیان ناگات ، یان ئەوەندە لە خۆیان بایین پێیان وایە ئەگەر لەسەر موزیکی کوردی کاربکەن یان لەگەڵ موزیك وانی کورددا هاوکاری بکەن بۆیان سووکییە ، بۆ وێنە : کاك مەسعودی مەسعودی کە دەیان ساڵە بەڕێوەبەری ئۆرکێستری فیل هارمونیك بوو لە فیلادلڤیا ، یان پرۆفیسور ژیان کە ئافرەتێکی کوردی موزیك زانە لە فەرەنسا . دووەم گۆرانیبێژەکانی کە قسەم لەگەڵ زۆربەیاندا کرد بەلام کەسیان ئامادەیی خۆیان نیشان نەدا .

یەکگرتن : هۆی چی بوو ؟

ئیقبال : ئەو هونەرمەندانە هیچیان ئەزموونی ئەوتۆیان نیە کە بتوانن

لەبەردەمی ئۆرکێستریکی مەزندا چالاکی بنوێنن ، مەبەستم گۆرانی گوتنە بە شێوەیەکی زانستی و بەهاوکاری شێوە سەمفۆنیەك .. بۆ نموونە من لەگەڵ " شوان "دا قسەمکرد و داوام لێکرد ماوەیەك بواری ئەوەم بداتێ پرۆڤەی پێبکەم ، واتە لەرووی زانستی موزیکەوە چەند شتێکی بۆ روون بکەمەوە ،بەلاّم ئەو بەمە قایل نەبوو ، هۆکەیشی تەنیا هەر ئەوەندەبوو نەیدەویست ئەو ناوبانگەی هەیەتی لەدەستی دەربچێت ، چونکە توانای شتی زانستی نیە . هەروەها لەگەڵ " مەزهەری خالقی "دا قسەمکرد ، بەلاّم ئەویش قایلنەبوو. پاشان قسەم لەگەڵ " دەلال " و " شیرین " یشدا کرد ، ئەمانیش بەو جۆرە وەلاّمیان نەدایەوە .

یەکگرتن : ئەی رۆڵی ئۆرگانیزاسیونە کوردیەکان چیبوو ؟

ئیقبال : ئەوی راستی بێت ئۆرگانیزاسیونە کوردیەکان دەیان توانی یارمەتیم بدەن ، ئەڵبەتە لەرووی ئابوری و رێکخستنەوە . من لەگەڵ هەموویاندا دانیشتنم سازدا و مەسەلەکەم بۆ باسکردن ، بەلاّم ئەوان بیانوی جۆراوجۆریان لێدەگرتم ، دەیان گوت بۆ زورنای تێدانیە؟ بۆ سازی تێدا نیە ؟ بۆ فلاّن گۆرانیبێژی کوردی تێدا نیە؟ ... کەس پرسیاری ئەوەی نەدەکرد باشە تۆ لەگەڵ ئەم هونەرمەندانەدا قسەت کردووە یان نە ؟ ئۆرگانیزاسیۆنە سیاسیەکانی کورد لەبری ئەم پرسیارە دوور لە لۆژیکیانەوە، باشترە بلێن قۆناغی ئێمە هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو پلەیەی بتوانێت نرخی موزیك لەبوارێکی زانستیدا هەڵسەنگێنێت ...

**یەکگرتن : باشە کاك ئیقبال ، حەزدەکەین بەسەر مەسەلەیەکدا تێپەرنەبین ، ئەویش ئەو خاڵەیە کەخۆتان هیماتان بۆ کرد ، مەسەلەی هونەرمەند و هونەرکەیەتی ، کە لەکۆمەڵگاوە وەری دەگرێت، خوت باسی ئەمەت کرد .. ئەی ئەمە بەسەر هەندێك لەو گۆرانی بێژانەدا ناسەپێنرێ ، بۆ نموونە " شوان " کوێگری تایبەتیخۆی هەیە ...**

ئیقبال : زۆر راستە ، من نکۆڵی لەوە ناکەم ئەوانە خزمەتی خۆیان دەکەن ، کاریگەری خۆیان هەیە لەسەر موزیکی کوردی ، بەلاّم ئەو مەسەلەیەی کە شوان کوێگری تایبەتی خۆی هەیە و خەڵکی لەگەڵە ، بەو

هویەوە نیە کە شوان کاری نوێ پێشکەش دەکات ، ئەو میلۆدیانەی شوان گۆرانیان پێ دەڵێ ، هەمان شتن کە هەشت سەد ساڵ لەمەبەر " فەقێ تەیران " گوتونی : لەباغی من بۆ زڤستان ، وەیان ئەوانەی چەرخەکانی پێشوو کە بە هەڵە ناوی مەقامەکەی دەڵێن ( دەرویش عەبدی ) و لەڕاستیدا مەقامی ( دەرویش عدۆ )ی ناوە و لەبارەگای شێخ عدۆی هەکاریدا بۆ یەزیدیەکان گوتراوە ، یان ئەوانەی هاوچەرخ هەر لە کاووس ئاغا و سەعید ئاغا و جەلال دیاربەکرییەوە بگرە تا دەگاتە محمەدعارف و حسن ئاغای جەزراوی . . . لێرەدا مەسەلەکە نوێکارییە ، خەڵکی ئێمە ئەڵتەرناتیڤی دیکە شك نابەن ، لەبەر ئەوە لەدەورویەری شوان کۆدەبنەوە . دە ئێوە داوای ئەوە لەو هونەرمەندانە بکەن ئەوەی دەیزانن بە نۆتە بینووسنەوە ، وە یان لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و هاوچەرخ لەسەر دینامیـەی هونەر و موزیك بە تایبەتی لەسیمینارێکدا یان شوێنێکی تایبەت بەزانستی موزیکدا یاخود فێرگایەکی زانستیدا پێشکەش بکەن ، نایکەن ، شتی وا ناکەن ، لەبەر ئەوەی ئاگاداری شێوەکانی نین ، بەلام پێتان دەڵێن ، نەخێر ، ئەوا من لەسەر کاسێت تۆماری دەکەم ، ئێوەش هەر گوێی لێبگرن تافێری دەبن . . . ئەو کەسانە بۆ ئاهەنگێك دەتوانن شت بلێن ، بەلام ناتوانن شتی نوێ بخەنە سەر موزیك . . مەسەلەکە ئەمەیە ، خۆبەختکردنە بۆ ئامانجێکی ڕوونی زانستی لەدوا ڕۆژدا ، نەك نان پەیداکردن بە چەپڵە .

**یەکگرتن : کاك ئیقبال ، تۆ لەو بڕوایەدا بویت کە ئەو گۆرانیبێژانە دەتوانن بەشێوەیەکی زانستی دەنگی خۆیان لەو بەرهەمەی دوایی دا کە پێشکەشت کرد ، بەکار بهێنن ، بۆیە پەنات بۆ بردن ؟ ئەگەر بڕوات وانەبوو کە دەتوانن ، بۆچی پەنات بۆ بردن ؟**

ئیقبال : هەروەکو باسم کرد ، دەکرا پاش ماوەیەك دەنگی هێندێك لەو هونەرمەندانە بەشێوەیەکی زانستی بەکاربهێنرێت ، واتە پاش ئەوەی پرۆڤەی لەسەر دەکرا . . .

**یەکگرتن : کاتێك هیوات بەگۆرانیبێژە کوردەکان بڕا ، ئەوجا قسەت لەگەڵ ئەو دوو هونەرمەندە ئەڵمانیەدا کرد ؟**

ئیقبال : بەڵێ ، ئەگەرچی نەمتوانی بەپێی پێویست پڕۆڤەیان پێبکەم، بەڵام ئەو هونەرمەندەی گورانی نازێی گوت بە هەژدە زمان گورانـــــــی گـوتـووە . . .

**یەکگرتن : باشە تۆ هۆی ئەوە لەچیدا دەبینی ، واتە بۆچـــــی هونەرمەندە کوردە گورانیبێژەکان قایل نابن دەنگی خۆیان بەشێوەیەکی زانستی بەکاربهێنن و لە تەرجەمەکردنی شیعرەکان خۆیان ڕزگارکەن ؟**

ئیقبال : گورانیبێژی کورد ، لەبەر ئەوەی زانستی موزیك نازانێت و نەیخوێندوتەوە ، هەر بەو جۆرەش مەبەستی نیە موزیکی کوردی بەرگێکـــــی زانستی بەخۆیەوە بگرێ . ئەو گورانی بێژانە لەبری ئەوەی لەبیری ئـــەوەدا بن کە چۆن موزیکی کوردی بە خەڵکی بێگانە بناسێنن ، هەمیشە لەبیـــری ئەوەدان چۆن خۆیان بە میللەتی کورد بناسێنن . کێشەکە ئالێرەدایە . . .

**یەکگرتن : هێندەی ئێمە ئاگادارین ، دوو ساڵی تەواو خەریکی ئەوە بویت کە چۆن بەرهەمەکەت پێشکەش بکەیت ، تا ئەوەبوو لەمانگـــی نۆڤەمبەری ١٩٨٨دا توانیت بەهاوکاری ئۆرکێسترای شـــــــاری ( دۆسلدۆرف ) لەئەڵمانیای ڕۆژئاوا و لەشاری ( کۆڵن ) لەژێـــــر ناوی " فیلهارمۆنی کوردی " دا بۆ یەکەم جار پێشکەش بکەیـــت ، دەکرێ سەرجەم باسی ئەم کارەت بۆ خوێنەران بکەیت ؟**

ئیقبال : لەم کارەدا مەرزیەخاتونی خێزانی کاك ناسری ڕەزازی وکاك ناسر بۆ خۆی و کاك ( یەدی ) و دوو هونەرمەندی ئەڵمانی بە نـــــاوی ( یۆریچکۆ - و - ماتیرز ) بەشداریان کرد . بۆ ئەم کارە پارەیەکی زۆرم قەرزکرد و لەئاکامیشدا نەمتوانی بەرهەمەکە وەربگرمەوە و قەرزەکان بدەمەوە . هۆی ئەم موغامەرەیە لەلایەن منەوە ئەو کاتە سەری هەڵدا کە هاتمـــە ئەوروپا و ئەوەم بۆ ڕوون بووە کە هونەرمەندانی کورد چەندە کەمتەرخەمیـــان کردووە لە ئاست خزمەتکردنی موزیکی کوردیدا . من وا هەست دەکەم ، کاتێك پێشمەرگەیەك لەو شاخانە شەهید دەکرێ ، شتێکی ئاسایییە منیـــش لێرە تووشی هەزاران دەردەسەری و قەرز و قوڵە ببم . . نیشاندانیموزیکی

کوردی لە ئەوروپا و بەشێوەیەکی زانستی ، مانای خۆشەویستی مرۆڤی کوردە بۆ موزیك ، پەیوەندی خەڵکی کوردە بە مەسەلەی زانستەوە .. لەکاتی پێشکەشکردنی ئەم بەرهەمەدا ، چەندین زانای بەناوبانگم لەگشت لایەکەوە دەعوەت کرد بۆ ئەوەی موزیکی کوردی لەچوارچێوەیەکی زانستیدا ببینن ، بۆ ئەوەی پەیژەی موزیکی کوردی لەریتم و سوللەمی موزیکی گەلانی دی جودا بکەنەوە . ئەڵبەتە بە قسەی ئەو هونەرمەندە جیهانیانە ئێمە کارەکەمان سەرکەوتوو بووە و سەرجەم زۆر جێگەی گرتووە ... دەتوانم بڵێم تەنیا شتێك وەك خاڵێك مایەوە ، ئەویش مەسەلەی ئابوری بوو .

**یەکگرتن : بەڵام تۆ بەناوی کوردەوە داوات لەزۆر لایەنی ئەڵمانی و جیهانی و کوردی کرد یارمەتیت بدەن ، بەڵام وابزانین کەس یارمەتی نەدایت ؟!**

ئیقبال : زۆر ڕاستە ، ئەڵبەتا هەروەکو گوتم ، لەسەرەتاوە پەنام برد بۆ پارت و ڕێکخراوە کوردییەکان ، پاشان پرۆژەکەم خستەبەردەم ئەمنستی ئینتەرناسیونال و خاچی سوور و ئۆرگانیزاسیۆنە ئەڵمانیەکان ، دوو مانگ بەر لەوەی من کۆنسێرتەکە پێشکەش بکەم ، ئەمنستی ناوبراو ، لە ئینگلستان کۆنسێرتێکی دروستکرد بۆ یارمەتیدانی ئەفەریقای خواروو... دیارە من دەمزانی ئەگەر موزیکی کوردی بەدیلێکی زانستی هەبێت ، ئەوا ئەم لایەنانە لایەکی لێدەکەنەوە ، بەڵام ئاگادارنەبووم کە شۆڤێنیزمی تورك و فارس و عەرەب سەر سنووری خەڵکم لێدەگرن و قسەم دەخەنە شوێن ! لەگەڵ ئەوەشدا ، من وەکو هونەرمەندێکی کورد دەبوو کارێکی هونەری پێشکەش بکەم . خۆتان دەزانن لەو کاتەدا گشت لایەنەکانی ڕاگەیاندن باسی کوردیان دەکرد ، باسی بۆمبی کیمیاوی لەهەڵەبجە و سووتاندن داگیرکردنی گوندەکانی کوردستان و ڕاگواستنی کوردەکانی عیراق یاندەکرد هەروەها لەسەر کەمپەکانی تورکیا قسەیان دەکرد .. ڕادیۆکان ، تەلەفزیون ڕۆژنامەکان باسی ئەم بارودۆخەیان دەکرد ، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەو لایەنانە دەیانگوت کورد لەباری کولتووورییەوە هەژارە ، کورد لەچیاکاندا دەژین ، کورد فەرهەنگی نیە . ئەم عەیب دۆزینەوانە لەکورد ، مافیکورد و

تەنگوچەڵەمەکانیان دەشاردنەوە و وەك ئادەمیزادێکیش حسیبی بۆنەدەکرا ..
ئا لەو بارودۆخەدا من بیرمکردەوە بەناوی کوردەوە کارێك بکەم. ڕاستە من کابرایەکی پارەدار نیم ، دەوڵەمەند نیم ... بەڵام من نۆتەم بێیە، موزیکم بەدەستەوەیە ، دەبوو ئەم موزیکە بۆ گەیاندنی دەنگ و هاواری کورد بەکاربهێنم .. ئەوەبوو پەنام بۆ ئەمنستی ئینتەرناسیۆنال برد و باسی ئەو کۆنسێرتەم کرد کە بۆ ئەفەریقای خواروو ڕێکیان خست ، بەڵام لەوەڵامدا کابرای بەرپرسیار بێی گوتم ، مەسەلە مەسەلەیەکی دەوڵەتیە ، ئێوە دەوڵەتتان نیە ... ئەوجا چوومە لای خاچی سوور، خاچی سووریش لەڕوی ئابووریەوە یارمەتیان نەدا ، بەڵام قایل بوون بەوەی نیشانەی خاچی سووری جیهانی لەسەر پۆستەری بەرهەمەکە دابنێن ... دیارە بەو بۆنەیەوە کە خاچی سوور دامەزراوێکی جیهانییە ، من قبولمکرد ، بەڵام نەك وەكئەوەی یارمەتی کوردیان دابێت ، چونکە خاچیسوور گەر یارمەتی کوردی بدابا ، ساڵی ١٩٧٤ یارمەتی کوردی دەدا و وەڵامی مەلا مستەفای دەدایەوە .
بەنیسبەت ئۆرگانیزاسیۆنە ئەڵمانیەکانیشەوە ، کەس یارمەتی نەدا .. بەکورتیەکەی لەلایەن نزیکترین هاوڕێی خۆمەوە تا دوژمنی سەرسەختی نەتەوەکەم ، ئەو کارە بریندارکرا ... بەهەرحاڵ پەنام بۆ گەلێك کەس، بۆ گەلێك کوردی دەوڵەمەند برد ، بەڵام ئەوان یان بڕوایان نەدەکرد ، یاخود دەیان ویست شتێك بێت کەخزمەتی ئەوانی تێدا بێت ، گەلێکیشیان چاوەڕێی زوڕناژەنیان لێدەکردم .

**یەکگرتن** : سەرجەم چەند تەرزاریت ؟

ئیقبال : دووسەد هەزار مارکی ئەڵمانی .. دەبێ ئاگاداری ئەوەش بین ئەگەر کارەکە زانستییانە نەبایە بەهیچ جۆرێك پێشکەش نەدەکرا ،چونکە ئۆرکسێستی سەمفۆنی ( دۆسلدۆرف ) ئەم کارەی پێشکەشکرد و بەر لەوەش سێ مانگی تەواو ئەندامانی ئەم ئۆرکسیسە بەرهەمەکەیان گلدایەوە و دەیان خوێندەوە ، دیارە ئەگەر خاچی سوور دەیویست بەو هۆیەوە کەیارمەتی کورد دەدات و برێ بڕۆپاگەندە بۆ خوی بکات ، ئەو کارە مەیسەر نەدەبوو ، ئەگەر زانستی نەبوایە . کەسانێك بڕیاریان دا کارەکە پێشکەش

بکەن ، هەموویان لەبواری زانستی موزیکدا کاردەکەن و پیشەیان هونەری موزیکە ... ڕاستە مەسەلەی پووڵ بەلایانەوە تا ئەندازەیەك گرنگە، بەڵام گەر بتەوێت زانست بەپووڵ بکڕی ، ئەوا ئەوان نایفرۆشن ...

ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی ترەوە دەبێت ڕۆڵی هەندێ کورد بخرێتە پێشچاو کە لەکاتی پێشکەشکردنی کۆنسێرتەکەی ئێمەدا گێڕایان . بەلای منەوە ئەوانە نەك هەر دژی کارەکەی ئێمە وەستانەوە ، بەڵکو دژی بەرژەوەندیگەلی کوردیش هەڵس وکەوتیانکرد . بۆ نموونە کاك شوان و چەند کەسانێکی تر لە هەمان ڕۆژ و کاتدا ئاهەنگێکیان دروستکرد ، ئەمەش دیارە خەڵکێکی زۆری بەلای خۆیدا ڕاکێشا و لەئەنجامدا ئێمە گوێگرمان کەم بووەوە ...

**یەکگرتن : نەدەکرا ئەوان پێشتر یان دواتر بەرهەمەکەیان پێشکەشکەن؟**

ئیقبال : دیارە ئەمە پەیوەندی بە پلەی چینایەتی و نەفسیەتی ئەو کەسانەوە هەیە ... شوان دەیگوت: دەبێ ئەو کارە بەناوی من وخیزانمەوە پێشکەش بکرێ و من هەرچیەکم گووت ، کۆنسیرتەکەش لەدوامەوە دووبارەی بکاتەوە و... من سەرم سووڕماوە ، یازدە ساڵە شوان لە ئەوروپایە وهێشتا لەوە تێنەگەیشتووە کە موزیك موزیکە و شیعریش شیعرە .. ئەو دەیگوت: من ئامادە نیم لەگەڵ هیچ گۆرانیبێژێکی دی بێمە سەرشانۆ... من پێم خۆش بوو شوان نرخ و جێگەی خۆی بزانێت و بێت لەگەڵ ئۆرکیستیکی سەمفۆنیدا گۆرانی بلێ ، نەك دژی من و کارێکی هونەری کە بۆ کوردە بوەستێتەوە .. منێکی تاقەباڵ و بێ هەڤاڵ ..

**یەکگرتن : کاك ئیقبال زۆر سوپاست دەکەین بۆ ڕوونکردنەوەی پرسیارەکانمان ، ئێستاش دەمانەوێت لەکۆتایی ئەم گفتوگۆیەدا ڕای ئێوە لەسەر دوو شت بزانین : یەکەم/ بەگشتی پێشنیارتان چیە بۆ هونەرمەندانی دەرەوەی وڵات؟ دووەم/ لەڕووی مێژوویەوە چۆن موزیکی کوردی هەڵدەسەنگێنی ؟**

ئیقبال : ئەڵبەتە حەزناکەم ڕێگەپیشاندەری کەس بم و هونەرمەندان ناچار بکەم ، بەڵام حەزدەکەم هونەرمەندی کوردیش بازبدات بەسەر ئەو

جیاوازیيە فیکری و تايبەتيانەدا کە هەيەتی ، خوێندنی موزیکیش بەشێوەيەکی زانستی کارێکی زۆر گرنگە ، هەروەها يەکگرتنی هونەرمەندان بۆ گەياندنی موزیکی کوردی بەشێوەيەکی زانستی ئاواتێکی گەورەيە ، ئەگەرچی کێشەی ئابووری تابلێی کێشەيەکی سەخت و دژوارە ، بەڵام بەهاوکاری هەموو هونەرمەندانی کورد لەگەڵ يەکتردا ئومێدێکی دی سەر هەڵدەدات .

سەبارەت بە موزیکی کوردیش ، من وا دەزانم کەرەسەيەکی زۆر و دەوڵەمەندمان هەيە ، دەکرێ ئەم کەرەسە خاوە لەکاری زانستیدا بەکار بهێنرێ و پەروەردەبکرێ . . بەڵام لەرووی مێژووییەوە دەمەوێت موزیکی کوردی بەم جۆرە لێك بدەمەوە :

يەکەم / موزیکی ئايينی کوردی کە بريتیيە لە : ١) موزیکی سروشت پەرستی ، ٢) موزیکی بت پەرستی ، ٣) موزیکی زەردەشتی ، ٤) موزیکی ئيسلامی کۆڕی خانەقا ، ٥) موزیکی يەزيدی (مەقامی دەروێش عەدۆ) .

دووەم / موزیکی سەرا و بارەگايیکوردی (ئەريستۆکراتی) کەبريتیيەلە موزیکی : پالەيی ،کۆشکی ، کۆفەند ، سەربازی ، پشودان ، نيشتمانی ، دەمەتەقە (ئۆپەريەت) ، سەرکەوتن لەشەردا .

سێيەم / موزیکی کۆن (کلاسيکی) کوردی کەبريتیيە لە : ١) موزیکی ئەڤينداری وەکو مەموزين و خەج وسيامەند و شيرين و فەرهاد و حەيران .
٢) موزیکی تێکۆشانە مێژووييەکانی وەك لاوکی قەڵای دمدم ،٣) موزیکی لوری (لايلايە) ، ٤) موزیکی لاواندنەوە ، ٥) موزیکی شوانی ، ٦) موزیکی سالەبەر (هەوار و زۆزان) و (شيردۆشين) و (خەرمان) ، ٧) موزیکی کۆڵانەباخی (ئەلیسانە) ، ٨) موزیکی لاوازە (بەيت و بالورە) .

چوارەم / موزیکی نوێی کوردی : واتە بەکارهێنانی ئامێری موزیکی ئاسيايی و هێندێك جار ئەوروپايی و دەوڵەمەندبوونەوەی هێزی دەربڕين و دانان . لەم قۆناغەدا زياتر شێوەکانی قۆناغی کلاسيك بە ئامێری نوێ دەژەنرێت .

پێنجەم / موزیکی نۆژەنی (مۆدرێن) کوردی : واتە چاوکردنەوەی هونەرمەندی کورد بەسەر راستيەکانی کۆمەڵگای خۆی و جيهاندا و کەڵك

هەواڵنامەی کتێب

وەرگرتن لەزانست و ئامێری پێشکەوتوو ولە موزیکی زانستی بۆ دەربڕینی باشتر و تێگەیاندنی مرۆڤی جیهان لەڕووی کێشەی کوردی کوردستانەوە ، هەروەهـــا بەزانستی کردنی ئەو بەشە کۆن و کلاسیکەی موزیکی کوردی کەتا ئێستـــاش زیندووە و دەشێ بۆ ژەندن لەسەر شانۆی موزیکی جیهانی .

هەروەها دەشێ موزیکی کوردیش بەمجۆرە دەربڕین :

یەکەم/ موزیکی لوڕی کە ڕۆحیەتێکی کوردانەی هەیە و سـولەمەکـــەی لەتەواوی جیهاندا بەکار دەهێنرێ و لەسەر هەمان سوللەمی موزیکـــــی (ماهور) یان (ماژوور)ە کە لەسەرەتاوە باسمان کرد .

دووەم/ موزیکی هەورامی کە هێشتا تێکەڵ بە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ئەم سەردەمە نەبووە و وەکو خۆی ماوەتەوە و پەیوەندی خۆی بەسروشـــتەوە پاراستووە .

سێیەم/ موزیکی ناوچەی سۆران : چڕی دانیشتوان و پەیوەندی ئەم کۆمەڵگایە بەجیهانی دەوروبەرەوە وای کردووە ئەم شێوە موزیکە ڕووبکاتە لایەنی کۆمەڵایەتی و باوی ئەم سەردەمە . دیارە زیاتر دەوڵەمەند و ڕەنگاورەنـــگ بووە و خاوەنی گەلێک پەیژەی جۆربەجۆرە .

چوارەم/ موزیکی سەرووی کوردستان (کرمانجی) : ئەم شێوە موزیکـــە لەژێر چەپۆک و هێرشی بێگانەدا ، هەر لەشوێنی خۆیدا ماوەتەوە و لەسـەر پەیژەی (سوللەمی) "بیات" ە ، دیارە وەك پێویست سوودی لە تواناکانـــی ناوچەی سوران وەرنەگرتووە و بۆی نەلواوە لەو موزیکە نزیك ببێتەوە . لـــەم بارەیەوە زۆرم بابەت کۆکردوتەوە . بەڵام ئەوەی دەبێ لێرەدا بگوترێ ئەوەیـــە کە ئەم شێوە موزیکە بەرینیەکی دیاری بەخۆوەگرتووە .

• • • •

**پوختەی بەرهەمەکانی کاك ئیقبال :**

١- سیمی سەمفۆنی (کاوکێ) کەساڵی ١٩٧٨ هاتەبەرهەم .
٢- هێندێك سـروود کە لەشاخ پێشکەش پێشمەرگەی کردوون .
٣- کاسێتێك لەگەڵ تیپی شەهید کارزان .

٤- هەندێك سروود بۆ ڕادیوکانی شۆرش ، وەك : بانگەوازی یەگگرتــن - شیعری هەژار ، کوردستان ئەی نیشتمان- شیعری هەژار ، هەندێکـــی تر کە بۆ شەهیدان ئامادەکراون .

٥- کاسێتێك لەساڵی ١٩٨٧دا کە گورانیبێژەکەی کاك ناسری ڕەزازی بوو ، هەموو جۆرەکانی موزیکی کوردی (لوڕی ، کرمانجی ، هەورامی ، سۆرانـــی ) تێدا کۆکراوەتەوە .

٦- کۆنسیرتەکەی ئەڵمانیا کە دووسەعات ونیوی برد .

**پرۆژەکانی داهاتووی کاك ئیقبال :**

١- ئۆپێرای مەموزین ی خانی .
٢- ئۆپێرای قەڵای دمدم .
٣- حەماسەی نەورۆز .
٤- هێندێك میللۆدی کوردی تر وەکو کۆنسیرتەکەی دوایی .

---

*ئەم چاوپێکەوتنە لەهەلومەرجێکی کتوپڕدا و لەلایەن کاك ڕەزا خەمەفەرەج و هەڵکەوت عەبدولاوە لەشاری بون - ئەڵمانیای ڕۆژئاوا سازکراوە .

* * * *

* مۆسیقا ، ئەگەر لەگەڵ شیعر بەراوردی بکەین : چێژی تازەتر و تەلزماویتر ، لەئاکامدا سامناکتر لەلای مرۆڤ دەوروژێنی . بەڵام شیعــر دەیەوێ تەلزماویبوونی چێژ و ئارەزووەکان ، لابات ؛ دەیەوێ بیانگەیەنێتە ئاستی هوشیاری ، بیانپاڵێوێ ، لەم ڕێگایەشەوە گیانێکی مرۆڤایەتیانەیـــان بەبەردا بکا .

**کافکا**
**وتوێژ لەگەل کافکا ، گۆستاف یانۆش**
**وەرگێڕانە فارسییەکەی ، ل ١٨٤**

# دوو هونەرمەند

## هەژار :

- لەشاری کەرکووک ، لەساڵی ١٩٥٤ لەدایکبووە .
- لەساڵی ١٩٧٦ کۆمەڵی هونەرە جوانەکانی بەغدای تەواوکردووە و هەمان ساڵ بەرەو ( ئیتالیا ) ڕۆیشتووە .
- لەساڵی ١٩٨٠ لەئیتالیا ، لەشاری فلۆرەنسا ، خوێندنی لەئەکادیمیای هونەرە جوانەکان تەواوکردووە و چۆتە فەرەنسا .
- لەساڵی ١٩٨٤ ، لەشاری پاریس ، زانکۆی / بەشی هونەرەپلاستیکیەکانی تەواوکردووە . تاکو ئێستاش هەر لەپاریس دەژێت . ئێستا خەریکی ئامادەکردنی تێزێکە بۆ بڕوانامەی ماتریز ـ لەبارەی ( هونەری تەشکیلیی کورد و دووروەڵاتی ) .
- ئەندامە لە ( کۆمەڵەی هونەرمەندانی تەشکیلیی کورد ـ لەپاریس ) .

بەشێك لە چالاکی و پێشانگاکانی :

١ ) لەساڵی ١٩٧٢ ، لەشاری هەولێر ، لەگەڵ کۆمەڵێك هونەرمەند ، کە کۆمەڵەی دەربڕینخوازەکانیان پێكهێنابوو ( بریتی بوون لە هونەرمەندان قەرەنی جەمیل ، فوئاد عەلی ، دارا ، نەجات ، پشتیوان ... هتد . بۆ یەکەمین جار بەشداریی‌کرد لە پێشانگای هاوبەشی ئەو هونەرمەند دەربڕینخوازانە .

٢ ) لەساڵی ١٩٧٣ ، بەشداری‌کردووە لە پێشانگایەکی هاوبەشی ( پۆستەر ) کە لەبەغدا سازکراوە .

٣) لەساڵی ١٩٧٥ ، بەشداریی‌کردووە لە پێشانگایەکی هاوبەشی گرافیك ـ لە شاری بەغدا .
٤) لەساڵی ١٩٧٩ ، لەشاری فلۆرەنسا ، لەئیتاڵیا ، وێڕای کۆمەڵێك هونەرمەندانی دیکەی کورد ـ لەئیتاڵیا ، پیشانگایەکی هاوبەشیان بەبۆنەی نەوروز کردۆتەوە .
٥) لەساڵی ١٩٨٠ ، بەشداری‌کردووە لە پێشانگایەکی هونەرمەندانی ئیتاڵیا ، کە بەبۆنەی سەربەخۆیی‌ی ئیتاڵیا دژی فاشیزم ـ لەفلۆرەنسا سازکرابوو .
٦) لەساڵی ١٩٨١ ، لەشاری ڤیەننا بەشداریی‌کردووە لەپێشانگایەکی هاوبەشی هونەرمەندانی کورد .
٧) لەساڵی ١٩٨٢ ، لەشاری پاریس ، لەگەڵ ( کۆمەڵەی‌هونەرمەندانی عیراقی / رابطة الفنانین العراقیین ) هاوبەشی کردووە لە کردنەوەی پێشانگایەك .
٨) لەساڵی ١٩٨٣ ، لە ( ئەمستردام ) بەشداربووە لەکردنەوەی پێشانگایەکی هاوبەشی هونەرمەندانی کورد ، هەروەها هەمان ساڵ لە ( پاریس ) ، لەگەڵ هونەرمەندانی کورد و بێگانەی ( کۆمەڵەی‌مۆنماخت ) بەشداریی‌کردووە لەپێشانگایەکی فراواندا .
٩) لەساڵی ١٩٨٥ ، لەشاری ڤینیسیا ، لە ئیتاڵیا : بەشداریکردن لە پێشانگایەکی هاوبەشی تر .
١٠) لەساڵی ١٩٨٧ ، لەپاریس : بەشداریکردن لەپێشانگایەکی سەر بە ( کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان ) ، هەروەها لەلەندەن : بەشداریکردن لە پێشانگایەکی‌تر بەبۆنەی جێژنی نەورۆز .
١١) لەساڵی ١٩٨٨ ، لەلەندەن : بەشداریکردن لەپێشانگایەکی هاوبەشی هونەرمەندانی کورد ، بەبۆنەی بۆمبابارانی (هەڵەبجە) ،هەروەها هەمان ساڵ ، بۆ هەمان مەبەست ، بەشداریی‌کردووە لە پێشانگایەکی هاوبەشی تر لەپاریس ، کە ( کۆمەڵەی هونەرمەندانی شێوەکاریی کورد ـ لەپاریس ) لەهۆڵی ( ئەنستیتووی کورد ) سازیان کردبوو .
١٢) لەساڵی ١٩٨٨ ، لەشاری دیمەشق ، لەگەڵ ( کۆمەڵەی

هونەرمەندانی عیراقی ) بەشداریی‌کردووە لەپێشانگایەکی هاوبەشدا .

١٣) لەساڵی ١٩٨٩ ، لەشاری ( ستراسبۆرگ ) : بەشداریکردن وێرای ( کۆمەڵەی هونەرمەندانی تەشکیلی کورد ) لەپێشانگایەکی هاوبەشدا .

هونەرمەندی ناوبراو ( هەژار ) ، لەسەرەتادا لەژێر کاریگەرێتیی هونەرمەندە کلاسیك و ڕیالیستەکان دا بووە ، بەتایبەتی ( ڕامبرانت ) ... هەروەها هونەرمەندە عیراقیەکانی وەکو ( شاکر حسن آل سعید ) و هونەرمەندانی کوردی ئەو قۆناغەش گەلێك کاریان لێکردووە .


بەلام لەساڵی ١٩٨٠ بەولاوە ، لەئیتالیا ، وردە وردە بەرەو دۆزینەوە و دیاریکردنی شێواز و دنیای تایبەتی خۆی هەنگاوی هەڵنا .. زیاتریش بەرەو شێوازێك کە لە ڕێبازی تەجریدیەکانەوە ( ڕێبازی ئەبستراکت ) نزیکە . سوود وەرگرتن لەکەلەپوور و فیگەرە کوردەواریەکان ، هەروەها بەکارهێنانی ڕەنگە کوردەواریەکان و ، دەربڕینی هاوئاهەنگانەی ئەو ڕەنگە کوردەواریانە ( وەکو ئەوەی لەشێوە و ڕەنگی مافوور و بەڕە و دەسرازە کوردیەکاندا دەبینرێ ) : خاسیەتێکی هەرە دیار و گرنگە لەکارەکانی هەژار دا .

## دارۆ:

- ساڵی ١٩٦٥ لەشاری سلیمانی / کوردستانی خواروو لەدایکبووە .
- دەرچووی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی‌یە .
- لەنێوان ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٥ دا بەشداری لەهەموو پێشانگەی قوتابخانەییەکانی شاری سلیمانیێدا کردووە .
- ساڵی ١٩٨٣ لەشاری سلیمانی ، پێشانگەیەکی هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەندێکدا بەناوی " ئاراس حەمەسەعید " کردۆتەوە .
- ساڵی ١٩٨٤ لەشاری هەولێر ، بەشداری کردووە لەپێشانگەیەکی کۆمەڵێك هونەرمەندی " هونەرە جوانەکانی سلێمانی " و " ئەکادیمیای بەغدا" دا .
- ساڵی ١٩٨٨ لەدارمشتاد ـ ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ، بەشداری کردووە لە پێشانگەیەکی هاوبەشی هونەرمەندە ئاوارەکانی کورددا .

- ساڵی ١٩٨٩ لەشاری ڤیین - نەمسا ، بەشداریکردووە لە پێشانگەیەکی هاوبەشی هونەرمەندانی کوردی ئاوارەدا : گارا ، کوردای ، فایەق ، سەڵاح ، حەمەجەزا .


***



هەژار



هرزار



حالتيك



چوار تن

# چەند هەواڵێك

## کوردەکان :
## مافی مرۆڤ و ناسنامەی کولتووری

لەرۆژانی ١٤ و ١٥ ی مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٨٩ ، بەدەسپێشخەری ئەنستیتووی کورد ـ لەپاریس و دەزگای ( فەرەنسا ـ ئازادی - France Liberte کەخێزانی سەرەك کۆماری فەرەنسا ( خاتوو میتران ) بەرێوەی دەبا ، کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتیانەی فراوان ، لەژێر دروشمی ( کوردەکان : مافی مرۆڤ و ناسنامەی کولتووری ) لەپاریس سازکرا . کەناڵی دووەمی تەلەفزیونی فەرەنسی ئەم کۆنگرەیەی بە " یەکەمین " کۆنگرەی نێودەوڵەتیانە ناوزەد کردبوو ـ لەمێژووی کوردستان و پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکاندا .

لەم کۆنگرەیەدا چەندین پیاوماقوولانی سیاسی و رۆشنبیریی کورد ـ لە هەموو پارچەکانی کوردستانەوە ، هەروەها نوێنەرانی هەندێ لەپارت و رێکخراوە جۆراوجۆرەکانی فەرەنسا و دەوڵەتانی تری ئەوروویی ، وەزیری کاروباری دەرەوەی فەرەنسا ، کەسایەتی تری وەکو : Claude Cheysson و Jean- Francois Deniau و Andrei-Sakharov ...هتد ، وێرای نوێنەری حکومەتی داگیرکەری تورکیا ، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەکوردناس و مێژوونووس و رۆژنامەنووسانی بێگانە .. بەشداربیان کرد .

ئاکامی ئەم کۆنگرەیە ، چەند بڕیارنامەیەك بوو ، گرنگترینیان :

- کۆنگرە ، داخوازی ئەوەیە کە چەند نوێنەرێك لەگەلی کورد بانگراهێشت

بکرێن بۆ ( پەرلەمانی ئەورووپی ) و(ئەنجومەنی ئەورووپی ) و هەمـــوو دادوەرییە نێودەوڵەتیە گەورەکانی دیکە .

- کۆنگرە ، ڕایسپارد کە دەستەیەکی نوێنەران لەلایەن گەلی کورد خۆیەوە پێك بێت ، بەنیازی پێداچوونەوە بە هەڵوێستی گشتیی ( یەکیەتـــیی نەتەوە یەکگرتووەکان ) و هەموو داوەرییە نێودەوڵەتیە گەورەکانی دیکە .

- بەدەسپێشخەریی پرۆفیسۆر ( زاخارۆف ) ، داوا لەسکرتاریەتیگشتیی (یەکێتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ) و لە ( ئاستی جیهانی ) کرا کـــە خولێکی خۆیان تەرخان بکەن بۆ کێشەی نەتەوەی کورد .

- بڕیاردرا کە دانیشتنێکی دیکە ، پێش مانگی یۆلیۆی ١٩٩٠ ، لـــە ستۆکهۆلم ، لەژێر چاودێری ( کۆمیتەی مافی مرۆڤی کوردستان )- لە سوێد ، سازبکرێت .

## ژیـان و بەرهەمەکانی دڵـدار : بەزمانی فەرەنسـی

" ژیان و بەرهەمەکانی شاعیری کورد : دڵدار - La vie et L aeuvre du poete kurde DILDAR " ناونیشانی کتێبێکە ، کە چەند مانگێك پێش ئێستا ، لەلایەن نووسەری لاو ، کاك ( کەمال مستەفامەعرووف ) لەپاریس ، بەزمانی فەرەنسی بلاوبۆتەوە و کەوتۆتە بەردەستی خوێنەرانـــی فەرەنســی .

لەم کتێبەدا ، نووسەر ، لەسەرەتادا ، بەشێك لەو بۆچوون و سەرچاوە کوردی و بێگانانەی هەڵسەنگاندووە کە باسی دڵداریان کردووە ، ئینجـــا لاپەرە گرنگەکانی ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیریی شاعیری ناوبراوی هەڵداوەتەوە ، هەروەها پەیوەندیی ئەم لایەنە گرنگە بە کارە ئەدەبیەکانیەوە . ئینجا پاشان هەوڵیداوە ڕۆل و شوێنی " ڕاستەقینەی " دڵدار - لەقۆناغی تازەکردنەوەی شیعری کوردیدا دیاری بکات : لەڕێگای لێکۆڵینەوەی دەستاوەرد و تێرمە جۆراوجۆرە ئەدەبیەکانی ناو شیعری دڵدار خۆیەوە ؛ کە بـە ڕای نووسەر : ڕەخنەگرە کوردەکان کەمتر باسی ئەم خاڵە گرنگەیان لەهەمبـــەر شیعری دڵداردا کردووە . لەکۆتاییشدا ، چەند پارچە شیعرێکـــی هەڵبژاردە و پەخشانێکی شاعیری ناوبراوی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فەرەنسی .

جێی سەرنجە ،ئەم کتێبە ، ناوەڕۆکی بڕوانامەیەکە ( بڕوانامەی Maitrise ) ، کەلەلایەن نووسەرەوە ، لەساڵی ١٩٨٦ - ١٩٨٧ ، پێشکەشی خوێندگای باڵای بەشی زمانە ئێرانیەکان کرابوو ـ لە زانکۆی سۆربۆن .

## شاعیرێکی پێشڕەوی شیعری فارسی : بەزمانی کوردی

" دەنگی پێی ئاو " ، کە یەکێکە لەشاکارەکانی شاعیری نوێخوازی ئێرانی : ( سوهرابی سپەهەری ) ، وێڕای چەند پارچە شیعرێکی تریش و پێشەکیەکی کورت ، لەلایەن نووسەری لاو کاك ( ڕێبوار سیوەیلی ) ، بە وەرگێڕانێکی هونەری و سفتەوە ، لەم ماوەیەدا ، لەکۆپنهاگن ، چاپ و بلاّوکراوەتەوە .

بایەخی ئەم وەرگێڕانە ، تەنیا لەوەدا نیە کە بۆ یەکەمین جارە ، نامیلکەیەك بۆ ئەم شاعیرە رابەر و هونەرمەندەی شیعری فارسی ، بەزمانی کوردی تەرخان‌کراوە ، بەڵکو لە هەڵبژاردنی تێکستەکەشدایە . . .بەبارەت بەوەی ، تێکستەکە : نموونەیەکی زۆر هونەری و سەرکەوتووی شیعری درێژ ( شیعری درامیـیە ) ، کە لەوانەیە نموونە سەرکەوتووەکانی ئەم جۆرە شیعرە ـ لە ئەدەبیاتی تازەی فارسی‌دا ـ تەنیا لای شاعیری ناوبراو و لای ( فرووخی فەروخزاد ) بەدی بکرێ . . . .

## شانۆنامەی " ڕووتبوونەوە "

کۆمەڵی هونەری کوردی ، تیپی شانۆی " ئارارات " لەسوێد ، بۆ ماوەی شەش ڕۆژ شانۆنامەی " ڕووتبوونەوە "ی پێشکەش کرد . شانۆیەکە نووسەری پۆڵۆنی ( سلاڤۆمیر مرۆژیك ) نووسیویەتی و هونەرمەند ( فازیل جاف ) هەستابوو بە وەرگێڕان و ئامادەکردن و دەرهێنانی . هەردوو هونەرمەندی لاو : ( کوردۆ گەلاّلی - پیاوی یەکەم ) و ( پشکۆ ناکام - پیاوی دووەم ) ڕۆڵەکانیان تێدا دەبینی و ئەندامەکانی دیکەی تیپی شانۆی ئاراراتیش هەستابوون بە کارە هونەریەکانی دی .

ئەوەی شایانی باسە شانۆنامەکە بەگشتی سەرکەوتبوو، ئەوەی زیاتریـــش سەرنجی ڕادەکێشا ، مامەڵەکردنی دەرهێنەربوو لەگەڵ لایەنە هونەریەکاندا و بێ بەخشینی ڕوخسارێکی ستاتیکیانەبوو بە شانۆنامەکە .

## فلیمێکـی کوردی لەســوێد

لەمانگی نۆڤەمبەری ١٩٨٩دا فلیمی کوردی " ئاسۆ " چاوی بەدنیـــا هەڵهێنا و بۆ یەکەمین جار لە " ماڵی گەل " لەستۆکهۆڵم و لەبەرواری ١١ی هەمان مانگدا پێشاندرا و نزیکەی ٤٠٠ کەس هاتبوونە سەیرکردنی .

فلیمی " ئاسۆ " باس لە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانە و هەڵوێستـــی قەلاچۆکردنی کورد لەلایەن ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە دەکات و پەیوەندی پتەوی ڕۆڵەکانی کورد بەخاك و نیشتمانەوە دەردەخات و ئـــەوە دەسەلمێنێ کە هەموو کوردێکی مێشك پاك خۆی لەخۆیدا پێشمەرگەیە و لـــە کاتی تەنگانەدا سڵ لەهیچ ناکاتەوە و دەتوانێ لەهەموو چالاکیەدا بەشدار بێت .

ئەوەی شایانی باسە فلیمی " ئاسۆ" بەری ڕەنجی کۆمەڵێك هونەرمەندو کوردی ئاوارەی سوێدە ، لەوانە : سەلمان فایەق کە دەرهێنەری فلیمەکەیە و بەشداری کردووە لەسیناریۆکەیدا ، فەهمی کاکەیی کە بەشداری کردووە لـــە سیناریۆکەیدا ، ئەو کوردانەی هیچ ڕابردوویەکی هونەریان نەبووە و لەماوەی سێ مانگدا و لەڕێگەی کۆرسێکی کاری سینەماییەوە کە لەلایەن سەلـــمان فایەقەوە بەڕێوەبراوە ، بەهرەی هونەریان بەدەست هێناوە . بۆ ئەنجامدانـــی کارەکانی فلیمەکەش ( ABF ) ی شاری (سودەرهامن Sodrhamn )( فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکانی سوێد هاوکاری زۆریان کردووە .

لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە هونەرمەندەکانی فلیمــی " ئاسۆ " بڕیاریان داوە فلیمەکە بە هەموو کۆمۆنەکانی سوێددا بگێڕن و بە پێی دەرفەت و توانائش لە وڵاتە ئەوروپاییەکانی تر نیشانیبدەن . هەروەهـــا لەسەر ئەوە ڕێك کەوتوون قازانج و دەستکەوتەکانی فلیمەکە بنێرن بۆ کـــوردە ئاوارەکانی ئۆردوگاکانی تورکیا .



# لەیادی «نوشابەرسەر»دا

هیوا.م

... "بەپێشوازی مەرگ خوم ناکوتم ، چونکە پەروای مەرگ نیم" *
چیرۆکی مرۆڤێکی ئازادیخواز و مرۆڤ دۆستە کە سەلماندی "ئەوەی گیانی بەخت نەکات بە گیانی بەرز ناگات" . ئەگەرچی چەمکی گیانی نەمر لای ئەم مرۆڤە ڕاستگۆیە لەچوارچێوەی ئارەزووگەیشتن بەئامانجێکی خودی نی یە ، بەڵکو تەنیا سەرمایەیەکە کە دەبێت لەپێناوی ئازادی و مرۆڤایەتی دا بەخت بکرێت .

"خوێنی من لەخوێنی گەلی کورد یان ئەو ئافرەتە سکپڕانەی کە لەسێدارە دراون و ئەو کیژۆلانەی بەدزێوترین شێوە ئەشکەنجە دەدرێن ، ئاڵترِ نی یە" هاوارێکی هەقخوازانەی مرۆڤێکی شۆڕشگێڕە کە لە هەنگاونان

بەرەو ئاستانەی مەرگی ناچاریشدا هەرگیز ئەم گەلە چەوساوە و ژێردەستەیەی لەبیرنەکردووە و ئێش و ئازارەکانی فەرامۆش نەکردووە .

" هەرگیز ئەوە لەیاد ناکەم کە ژیان چەند جوانە، هەرچەندە کە لە ئێران ، باشووری ئەفەریقا ، کوردستان ، فەلەستین ، شیللی ، سلڤادور. . . . ڕووباری خوێن هەڵساوە " * هەلوێستی بیرێکی ڕاستگۆیانەی مرۆڤێکی مارکسیستی شۆڕشگێڕ بوو کە بەبلێسەی لەشی دژی بەتاریکی شەوەزەنگی ئاسمانی میللەتانی چەوساوە و ماف خوراو دا و ئەوەی سەلماند کە چەوساندنەوە و تالانکردنی مافی مرۆڤ لەکوردستان یان هەر شوێنێکی دی ئەم جیهانە لە بنچینەدا هەریەکن و پێکەوە بەستراون .

ئەم مرۆڤە ئازادیخواز و مرۆڤ دۆستە ناوی " نوشای فەرهی" یە کە لە ڕۆژی ٢٠ی سەپتەمبەری ١٩٨٧دا بۆ نارەزایی دەربڕین بەرامبەر بە بەشداربوونی (عەلی خامنەیی) سەرەك كۆماری ئێران لەكۆبوونەوەی ساڵانەی ڕێكخراوی نەتەوەكان بۆ بەرگری لەمافی مرۆڤ ، لەبەردەم مەڵبەندی ڕێكخراوەكەدا بەدەم هاواری " بمرێ جمهوری ئیسلامی ، بمرێ جەنگ، بژی ئازادی " خۆی سووتاند و پاش دە ڕۆژ ململانێی لەگەڵ ژیاندا بۆ یەکجاری چاوی لێك نا .

" نوشا " ئەندامێکی چریکی فیداییانی خەلقی ئێران بوو. دۆستێکی ڕاستەقینەی گەلی کورد و ڕەخنەگر و نووسەر و سیناریۆ نووسێکی هوشیاریش بوو کە لەزۆربەی نووسینەکانیدا لەگۆڤار و ڕۆژنامەکاندا پشتگیری مەسەلەی ڕەوای گەلی کوردی کردووە ، لایەنگرێکی دڵسۆزی بوژاندنەوە وبەرچاوخستنی کەلتووری کورد بووە و هەمیشە لەو بڕوایەدا بووە ئەدەب و هونەری کوردی وەك تفەنگی پێشمەرگە لە دوو سەنگەری جەنگ و ڕۆشنبیریدایە بەرامبەر بە دوژمنان .

---

* ئەو وتانەی ناو کەوانەکان هی ناوبراون و لەنامەیەکدا بەر لە خۆکوشتنی نووسیویەتی .

# پەندی پێشینان لەناو میللەتاندا

وەرگێڕانی

## ڕەزا حەمە فەرەج

پێم بڵێ لەگەڵ کێ هەڵسوکەوت دەکەیت ، پێت دەڵێم تۆ کێیت .

ئەڵمان

ڕێوی هەتا دانێکی مابێ ناچێتە خەڵوەتەوە .

بولگاریا

کاتێ مرۆڤ ناچار دەبێ ، بە بەراز دەڵێ مامە .

فەرەنسا

ئەگەر گورگ لەباران بترسایە ، پاڵتویەکی لەبەر دەکرد .

یۆنان

میوان و ماسی دوای سێ ڕۆژ بۆگەن دەکەن .

ئینگلستان

جوانی ئافرەت مەنجەڵ ناهێنێتە کوڵ .

ئیرلەندا

هەموو سەگێک لەکۆڵانەکەی خۆیدا شێرە .

ئیتالیا

سەر هەتا زل بێ ، سەرئێشەی زۆرە .

یۆگۆسلافیا

شیر بەشەویش هەر سپییە .

خوارووی ئەفەریقا

گورگی نووستوو مەڕ ناخوات .

ئاسکیمۆ

هەرکەسێ بێخاوس بێ ، بۆی نیە درك بچێنێ .

هۆلەندا

زامی ووشە لەزامی خەنجەر قوڵترە .

پورتوگال

بێشوان مەڕان نابن بەڕان .

ڕوسیا

ڕۆژ چاوی هەیە و شەویش گوێ .

سوێد

ئەوەی هێلکەیەك بدزێ حوشتریش دەدزێ .

عەرەب

گەڵا بەسەر ڕەگی دارەکەی خۆیدا دەوەرێ .

چین

مردن یاری منداڵان نییە .

سویسرا

کشمیر بەهاوین خۆشە .

هیندستان

پارەدزان لەسێدارە دەدرێن و وڵات دزانیش دەکرێنە پاشا .

پایان .

هەواڵنامەی کتێب

# ماڵمان لەکوێیە؟

## ئەحمەدی مەلا

پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە ، بابزانین ماڵ چ بۆچوونێکمان بەدەستەوە دەدات . لەلای " گاستۆن باشلار " ماڵ بەو شوێنە گەرم و گورە دەڵێن کە خەون و واقیع بەجۆرێ تێکەڵ دەبن کە لە تواناماندا نییە بەئاسانی لەیەکتریان جودا بکەینەوە ، یا رەنگە بە زیندێک بلێێن کە نەخشێکی لەسەر ئاوێنەی یاداشت دا هەڵکۆڵیوە تاکو زەمەن ماوە خۆی دەپارێزێت . یا ئەو پارچە خاکەیە کە میللەتێک یا کۆمەڵگایەک دەگرێتە خۆ ، جۆرە پەیوەندییەک لەنێوانیان دا دروست دەبێت ، بەئاسانی ناتوانرێت هەموو دوورییەکانی بەشێوەیەکی ئەندازیارانە دیاری بکرێت .

ئیمڕۆ خەڵکی سەر زەمین گەلێ زیاترن لەدوێنێ ، هەربۆیە جیهان سیمای گوندێکی گەورەی بەخۆیەوە گرتووە ، گوندێکی غەریب لەم گەردوونەدا . بێگومان لەبەرژەوەندی مرۆڤ دایە ئەم تێکهەڵکێشییە و ئەم بەجیهانیبوونەی مرۆڤە . ئەو گۆرانییانەی قولەڕەشەکانی نیویۆرک دەیچڕن ، لە کوچەکانی پاریسی پایتەختێکی وەکو پاریسدا گوێی بۆ رادەهێڵن ، یا لەلایەن هیندییەکی بەرەچەڵەک ، کتێبی بە ئینگلیزی دەردەچێت ، دەماری ملیۆنان موسڵمانی بێ‌کرژ دەکات ، ئەمەش ئەنجامی ئاسانی هات و چۆ و بەهێزبوونی ئەلە پەیوەندییە ، کە لەکۆتاییدا هەوڵێکە بۆ بەگشتیکردنی رۆشنبیری ، ئەمەش رۆڵێکی گرنگی شارستانییەتی خەڵکی سەر زەمینە و رێگا خۆشکەرێکە بۆ داهاتوویەکی رووناک .

لەم ململانێ و رەوتە تێزڕەوەی تەکنۆلۆژیایە ، مرۆڤایەتی لەدووریانی چارەنووسدایە ، یا گوێ لەدەنگی عەقڵ دەگرێ بۆ هێشتنەوەی رەچەڵەکی مرۆڤ ، یا ئەوەتا پاش ملیۆنان ساڵی تر زیندەوەری لەئێمە عاقڵتر دێتە سەر کەلاوەی ژیانمان و بەگەوجی ئێمە پێدەکەنن .

ئەی لەنێو ئەم زۆرانبازییەدا ، بەشی میللەتانی بچووک ، یا بێ‌قەوارە چۆن دیاری دەکرێت ؟ چۆن دەتوانرێت لەم گوندە قەڵەبالغەدا ، شەرعیەتی ئەوە بەخۆ شک بەرین لەدووی ماڵی خۆمان بگەڕێین ؟

# YEKGIRTIN

هەواڵنامەی کتێب

KOVAREKÎ RÛŞENBÎRÎ TEORÎYE